# ڕامان

314

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی چوارەم/ ساڵی بیست و شەش/٥ی ١٢ی ٢٠٢٣

- **خاوەنی ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرترێت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

**ناونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر**

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net**

**ژمارە مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / 07504494662**

**(دەرەوە) / 009647504494662**

**پۆستی ڕامان: sarkautwali@yahoo.com**

**چاپخانەی ڕۆکسانا/ هەولێر**

**نرخ/ ٧٥٠ دینار**

# ناوەرۆکی ڕامان


• **دەق**
- دوعایەک، مەستانە.. مەستانە/ بەرزان هەستیار/ ٣
- لە زمانی خۆم ناچمە دەرەوە/ غەمگین خدر/ ٦
- ژوولیا/ عەلی حەسەن/ ٩
- پالداریَ گۆپالی/ مەریڤان تەها/ ١١
- سەما بە پاسپۆرتی ساختەوە/ شەمس لەنگروودی، لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی/ ١٢
- شەوێکی زستان/ بەکر دەروێش/ ١٤
- بەهای تۆ.. هەموو جیهانە/ قانع هولان/ ١٦
- دەنکە هەنارە/ سەلمان شێخ بزێنی/ ٢٠
- کوورەگرێیا ئەویَ نهێنییێ/ ئەحمەد قەرەنی/ ٢٤
- ماسی و جووتەکەی/ ئیبراهیم گوڵستان، لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی/ ٢٨

• **هەڤپەیڤین**
- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەند (نەوزاد مەجید)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ ٣٠

• **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**
- نەسەقی نێرینەیی/ حسێن لەتیف/ ٥٥
- ڕەخنە لە ژەهری کولتووری/ جەواد خەلیل/ ٦٨
- ڕۆڵ و گرنگیی شیعر لە ئەدەبی منداڵاندا/ ڕۆستەم خامۆش/ ٨١

• **هزر و فەلسەفە**
- جەماڵەددینی ئەفغانی/ پ. د. حەمید عەزیز/ ٩١

• **وتار**
- دورجەکەی نالی و چەپکێک وێنەی شیعری/ د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود/ ١٠١
- لە بارەی زمانی شیعریی (ناری)یەوە/ نێچیروان جاسم/ ١٠٤
- ((ڕابان بار ساوما)) مارکۆپۆلۆی چینییان/ لە فەڕەنسییەوە: هیوا شەمسی بورهان/ ١٠٧

• **زمانزانی**
- لە بارەی وشەی {چیرۆک}ـەوە/ ناسح حوسێن سلێمان/ ١١٠

• **مێژوو**
- ڕەوشی سەربازە خۆبەخشەکانی ئەیالەتی شارەزوور لە سەدەی شانزەهەم/ د. محەمەد گەلاڵەیی/ ١٢٢

• **هونەر**
- فرەدەنگیی (پۆلیفۆنی) ئێپسۆدەکان لە دراماتورگی مییرهولددا/ د. فازڵ جاف/ ١٣٠
- ئاواز و گۆرانی هەورامان، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە/ دارا هەورامی/ ١٣٥
- تیپی هونەرە میللییەکان، خاوەن مێژوویەکی پڕشنگدارە/ محەمەد سەعید کوردە/ ١٤٢

• **خوێندنەوەی کتێب**
- (ژنێکی قژ سوور)، ئەفسانە، یان مەعریفە/ کارزان عەلی/ ١٤٤

• **نامە**
- چەپکێک نامە... / ئا: سەرنووسەر/ ١٤٩
- نامەیەکی م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی بۆ قوتابیانی تەق تەق/ ئا: مستەفا چاوشین/ ١٥٥

• **بە باڵابڕین**
- ڕامان.. وەک سەرچاوەی هۆشیاریی کولتووری/ حەمە هاشم/ ١٥٧

• **سووکە لەنگەر**
- نەتەوەیەکی ئەنفالکراو، ڕۆڵەکانیان لە خزمەتی زمانی کوردیدا بێ مەیلن/ زریان کاکەیی/ ١٦٠

# دوعایەک، مەستانە.. مەستانە

بەرزان هەستیار
(ئەڵمانیا)

مەست ئەبم و
کەیفخۆشتر لەگەڵ پشیلەکەمدا یاریی ئەکەم
هێند بە دەنگی بەرز ئەمیاوێنم
دراوسێکەمان بە هەموو هێزی ئەکێشێت بە دیوارەکەدا
من خراپتر هەڵدەبەزمەوە و
ئەو توندتر دیوارەکەی نێوانمان ئەکوتێت
چاوی دەرێ، با بەیانی درەنگتر بچێتە سەرکار،
«بێللا» حەزی لە یارییە

**

یەک بتڵ شەراب فڕ ئەکەم و
وەک کۆترێکی کۆستکەوتە شەقەی باڵی گریانم دێت
ئاخر هەر خۆم ئەزانم.
چیم لە کۆڵانە پیسوپۆخڵەکانی منداڵیمدا جێ
هێشتووە

**


هەڵدەستم و
ژوورەکە وەک هەراسانیی خۆم ئەخولێتەوە
غەڵبە غەڵب گۆرانی ئەڵێم و
تەمی مۆری غەمگینییەک وەک دیوارێکی کۆن
سواغم ئەدات

**

پرمەی گریانێک، خۆشتر لە قاقای بیستنی
نوکتەیەکی تازە،
قورپێوانێک، بەلەزەتتر لە ڕامووسانی ژنێکی
زەوقلی ؛
ئەم سەرخۆشییە بۆ ئەوەندە سەخی تەبیعەتە، بۆ!؟

**

هەنسکێک، بە تامی زەردەخەنەی هەڵوەریو



قاقایەک، لە پشکۆی کۆستکەوتن گەرمتر
لەنێوانی هەردووکیانا، بە میهری خۆی
دارشەقی مەستبوونێک لەسەر پێ ڕایگرتووم
**
باوکم کە دەیبینی هێندە خومارم
ئەیوت چییە، دیسان قوززەڵقورتەکەت
خواردۆتەوە ؟
خودایە بیبەخشە،
نەیدەزانی، گوڵاوە ئەم شەرابە بێناموسە
**
دایکم دەیزانی بۆچی دەمم گۆ ناکات
کەچی دڵی نەیدەهێنا دەنگ بەرزکاتەوە و
کریستاڵی مەستبوونم بکات بە هەزار پارچەوە
هەر لەبەر خۆیەوە ئەیوت دایکت بمرێ ئەوە
نەخۆشیت؟
**
بەرپێی خۆم نابینم و
بست بە بستی ئەو نیشتیمانە سەراسیمەیەی ناخم
شارەزام
چاویش بنووقێنم تیا بزر نابم
ئاخر لەهەر شوێنێکەوە تێپەڕم دەمباتەوە سەر
شەقامی بەرائەت
**
لە خۆمەوە ئەبم بە حەوزێکی پڕ ماسیی نوکتەباز
لە پرپیش ئەدەمە پرمەی مردن
دێمەوە سەرخۆم،
پەیتا پەیتا وەک منداڵ ئەتریقێمەوە و
هێور هێوریش قورگم تژی ئەبێت لە قەوزەی
بێهودەیی
**
خەیاڵم لە دڵم خێراتر ورد ئەبێ و
لە ئاسن خراپتر ژەنگ ئەیخوات،
کە پڕ بە هەموو دنیا بێدەنگیی هەڵبزڕکاوی تۆ
ئەبیستم
**
لارە لار ئەڕژێمە بەرهەیوانی زامێکی ڕیش سپی خۆم
هێشتاکە تەڕ تەڕە و
بۆنخوێنی یەکەمین حەسرەتم هەر بەری نەداوە
لۆژە لۆژ دەست ئەگرم بە شانی کەنەفتی
خەمێکی ترەوە و
بێعار.. بێعار دواهەمین پێکم فڕ دەکەم
**
من زووتر مەست ئەبم،
یان ئەو ژنە تەنیایەی،
کرێوەی دووریی وەک ژیشک گرمۆڵەی کردووە؟
کێ زووتر ئەبێتە چرای خامۆشی گوندێکی خەواڵوو
تۆیەکی چۆڵوهۆڵ،
یان منێک کە هێندەی سەرکردەی شەڕێکی
ناکاو و شپرزە
تەلی دڕکاوی سەرقاڵیی لە کەللەم ئاڵاوە؟
**
خیزەی سنگی تەپڵەکی جگەرەیەک و
وەنەوزی دوو شووشەی بەتاڵ
داچۆڕانی من و
گرمۆڵەبوونی خەیاڵێک،
تارمایی بەجێماوی تۆ
**
پێکێک بۆ ڕەشکردنەوەی تاڵەسپییەکانی مەراق و
یەکێکی تر بۆ سپیکردنەوەی تاڵە ڕەشەکانی خۆشنوودی
**
ساقی بۆم تێکە شەرابی کۆنە و نوێ
بەڵکوو بە مەستی فریای سەفەری
گوندە تەماوییەکانی منداڵی و
شارە زوقماوییەکانی هەرزەیی و
وڵاتە وشکوبرنگەکانی ئێستام، بکەوم
**

ئەم چۆک لەرزینەی مەستیی،
ڕاستەوڕاست ئەمباتەوە سەر
درەوشانەوەی یەکەم چرکەساتی بینین و
یەکەم چرکەساتی ورشەداری ژوان
وای، یەکەم چرکەساتی تەڵخ و تۆزاوی ماڵئاوایی
**
سەر ئەنێم بە دڵی خۆمەوە،
لێوم، خەواڵوو بە لێواری پەرداخەکەوە جێ دێڵم و
چاوانم لەسەر مێزەکە، وەک دوو پەرەسێلکەی
کوژراو،
دەستەکانیشم، بە کڵپەی شینی دووعایەکەوە ڕوو
لە ئاسمان:
خودایە من دۆڕام و
لەمێژە بۆنی زێرابی مردن گێژی داوم
لێم گەڕێ تا ئەبەد مەدهۆش و مەست بم
هیچم لێ قبووڵ مەکە، ئەم دوعا نەفرەتییە نەبێت
مەدهۆش و مەست، خودایە، مەست و مەدهۆش

**تەمووز و ئەیلوولی ٢٠٢٣**
**کۆلن**

**ئەم شیعرە چەند مانگێک پێش ئێستا بۆ فیستیڤاڵی ڕامان ناردرابوو.**

**(ڕامان)**

# لە زمانی خۆم ناچمە دەرەوە

غەمگین خدر



**حەیرانێک لە دەشتی هەولێر گوێی لێ گرتووم**

ڕوخسارەکان
گیرۆدەی ماسکی ڕۆژگارێکی ڕەشن
ڕەنگەکان بەبێ بسمیلکردن لە هەنیە دەسوون
بەدوای سێبەری دۆلار
کات بەسەر بەرژەوەندی قلْپ دەکەنەوە
بە قوونەخشکە سابوون لە ڕێیەکان دەدەن
کەفێکی شەرمەزار، گوتراوی شەرمەزار جێ دەمێنێت
ڕێبواران جمکی دەدۆزنەوە، تفی لێ دەگرن
لە مەزرەعەکان و هۆتێلەکان و بارەکان و
دیسکۆکان شەوەکان خوێنی شەهیدانیان لێ دەچۆڕێت
سوور سوور دەچنەوە، لە دوورەوەش
بە دۆلار ڕاوی چێژی ناڕەسەن دەکەن
حەزی مەمکە خەپانەکانی ئەو ئافرەتە
ڕووکەشکەرانە دەدۆشن
ئەوانەی سمتیان گیرۆدەی مۆدەی زەقە
دڵیان گووفەک و
چاویان تەنیا گوێشین و سەرکەچەڵ دەناسێت
ئەوانەی نەقورچە لە ڕوومەتی جوانی دەگرن
بە خەتی ڕەشوشینی تێکەڵ
ڕستەی ئاسەوار بەسەر پێست جێ دەهێڵن
لەگەڵ مقەبا سەری قسان دادەمەزرێنن
لەگەڵ تراویلکە دەچنە گەشت
بەسەر شۆستەکانەوە کەرامەتیان لێ دەچۆڕێت
بە پێی بێ پێڵاوی ڕەشەبا، وەک با تێدەپەڕن

قاچی ڕاکردن لە دارستان قەرز دەکەن
کافتریایەکی لاچەپ
وەک ڕەزاگرانێکی خوێن قووزەڵقورت
چایەکی پێ هەڵدەقوڕێنێت
جغارەیەک نایەوێت قلە خەمێکیشی بەبا بدات
حەیرانێکی دەشتی هەولێریش گوێی بۆ ڕاناخات
وەک سفر یەک بە دەست
لە پاش هەر فاریزەیەک دەکەوێتە بۆشاییەکی
گەورە
هەرچەند بجووڵێت، ڕابکات
زیاتر  جێپێی هەنگاوەکان ون دەبن
چارەنووسی لە پێش چاوی ڕەشکەوپێشکە
خۆی بزر دەکاتەوە
لەناو حەشاماتی گەمژەکان
سەرەدیقە لەگەڵ خۆی دەکات
هەڵمێکی ڕەساسی لە دڵی بەرز دەبێتەوە
لەوێ هەنگوینی شەکراو دەدۆزێتەوە
دڵ پڕ ختووکە دەژین
قاقاکانی وەک کۆتری تار،
لەسەر پشتی هەورەکان پیاسە دەکەن
بەبێ ئەوەی بزانن، بزانێت
پەنجەرەکانیان چڵکێکی ڕەش دەگرێ
بە هیچ ئاوێکی ناو ئاوەدانی
بە هیچ فرمێسکێکی دوای پەشیمانی
پاگژ نابێتەوە
قافڵەی هیچ بەهایەکی ڕەسەن
تاکوو سەری هیچ ساڵێک ناگاتە وێستگەیەک
ئێستانەکینێش هیچ شتێکی تازە، تازە نییە
ئەوەی هەیە و نییە
ئەوەی هەمە و نیمە
ئەڤینی تۆیە.

## ڕەشنووسی ناو تێنووسی ناو ئارامگەیەک

ڕۆژەکان بەسەر پشتی شەودا تێدەپەڕن
مرۆڤەکانیش بەسەر پشتی تەوەزەلی یەکتر
کاژێر غلۆرمان دەکاتەوە ناو مێرگی ئارامگەکان
لە ئارامگەکان کەس پرخە پرخ ناکات
کەس بە مۆبایل خۆی مژوول ناکات
هاتوهاوار قەدەغەیە
گەردەلوول ناخەینە دارستانی برژانگی یەکتر
بە یەک زمانی هاوبەش بێدەنگی بە فۆنتێکی
درشت دەنووسینەوە.

من دەستم لە نێو پیتان نەرم دەبێت
من ڕوانینم بە نێو کتێبان قەتارە دەبەستێت
بە ڕووناکایی پشتی چیرۆکەکان
زمانم هەقرێژ،
ڕەقبێژ
وەک کوچکەبەرد بەستەڵەکی قۆرخکاری دەشکێنێت
چەندە پتر و زێتر پەیڤەکان بەدوای یەک دەخوێنمەوە،
دەمخوێننەوە
چێژم چەورتر دەبێت
لە نێو فەزاکان، ڕووداوەکان، ڕستەکان، ... تاد.
بوونم ڕەسەنانە لەباوەشی زمان فێنک دەبێتەوە
دەرەوە هێندە تاریک و تاریکتر
هەتا ئەو ڕووناکییە ساختە و قەشمەرجاڕانەش ون
دەبن
دەبنە دەرزیی بزربووی ناو کای کادێنان
ڕوخسارم نامۆتر
بە قەرەباڵغی شۆستەکان
سیماکان گرژ و مۆن دەنوێنن
زمانم نامۆتر
بە گوتووێژی نێو چاخانەکان

گازاندەکان ئەوکم دەگرن
چاوم نامۆیانە لەودیوی حەوشە ڕەشکەوپێشکە
دەکات
بە ناسیاوەکانی ئەو دیوی فەقەراتی پشتی باوکم
بە دۆستەکانی نزیک لە خوێنی سگی دایکم
حەوسەلەم وەک پرچی بەیانیان تێک دەچرژێت
جەوم دەبێتە سفر یەک بە دەست
دەرەوە وەک بێگانەیەکی هێڕوهوڕ
لە گلێنەم دەچەقێت
ئازار هەتا سەر کەپووم قەتماغە دەگرێت
ڕوانینم چاتی ئەزیەتدان بۆ دڵ دەنێرێت
پێیەکانم بە پەلە سوپاسی پێڵاوەکانیان دەکەن
خێرا دەگەڕێنەوە ماڵ
ماڵ واتە، ژوورێکی گواستراوە لە بەهەشت
دڵنەرمانە، ڕەق ڕەق وەک کیسەڵ دەچمەوە ناو
قاوغی خۆم
ئێستانەکینێ زەمەنی چوونە دەرەوە نییە
لە خۆت بترازێت چارەنووست غێم دەبێت
وەک بەردێک لە هیکرا فرێت دەدەن
ئاییندەت دەکەوێتە بن گۆمێکی لێڵ
لە پێستی خۆت دەرچی، جلوبەرگی کەس
داتناپۆشێت
لە ناوی خۆت دەرچی، هیچ هاوارێک ناتگرێتە زمان
لە زمانی خۆت دەرچی، کەس نابێتە گێسک و
کۆت ناکاتەوە
لە دەستی خۆت دەرچی، دەستی کەس دەستت
ناگرێت.

# ژوولیا

عەلی حەسەن
(کەلار)

ژوولیا ئازیزم؛
ئەی عیشقی پاک، لە حەوزی لیخنی چاوە کەسکەکانتدا
سا فریشتەی خولیا پەنهانییەکان
پێ دەچێ کۆتا گەڵاکان، خەونی هەڵوەرینیان نەبێ
لێرەوەیە هەنسکەکانی تەنیایی
پێ دەچێ پەڵەهەورە ڕەشە چڵکنەکان
خەونی داباریینیان نەبێ
سا بۆ بەسەر منی وشکوبرینگدا نابارن؟
یان خودا ویستی بە گریان ئاشنامان بکات؟
ئەی ئادەمییەکان، هەر بەتەنها ئێوە شیوەن ناکەن

ژوولیا ئازیزم؛
پێ دەچێ یەکەم ماچی پەپوولە، بۆ لێوی گوڵ نەبێ
ئەدی بۆ ئەم هەموو ماچە، هیچی لێ سەوز نەبوو؟
پێ دەچێ یەکەم هەنگاو،
پێت بەسەر تەنیایی مندا نابێت و ڕۆیشتبی
یان بەسەر ماڵە گڵینەکەی ڕۆحمدا
ئەدی بۆ بەوێدا نەهاتییەوە؟
وا من لە دوا مەقامی خۆشویستنەوە دابەزیوم
خاکم بەسەر ژوولیا
ئەی باڵندەی تاریکی ژووری تەنیاییم
ئەی دێڕە جاویدانییەکان
ئەی ئالیهە: خواوەند نێو ئەم گەردوونە
تۆ سەرگوزەشتەی چیرۆکە دوانەهاتووەکان
ئەی عیشقی خودا
ئەی تابووتسازی خەونەکانی من
تۆ گۆڕە تەنگ و تارەکانی ڕۆحی ئادەمیزاد
ئەی گوڵی ڕەعنا،
تۆ بە تەنها وشەیەکت بەس بوو بۆ کوشتنم
ئەی پەرجووی زیندانەکان
ئەم هەموو کوشتنە لە پای چی؟



ئەی پەژمووردەی دێڕە ئاڵۆزەکانی ئاقیبەت
خودا وای ویست؟ یانی چی ژوولیا؟
پێ دەچێ ماڵئاوایی بێ نیهایەت بێ
ئەی دواهەمین ئاوابوونی سەرکێوەکان
ئەی نوای ڕۆح
ئەی کانیلەی کاکی بەکاکی تەنیاییم
ئەی هەستێرە دوورەپەرێزەکانی تاریکی
ئەی گەردە نەبینراوەکانی ڕۆژ
ئەی خواوەندی جوانی و پاکیزەیی
ناو لەسەر زاران ماومەتەوە

ژوولیا ئازیزم؛ ئەی بای ڕامکراو
ئەی چڵە درەختی سووتاوی لەبەر دڵان
وا پەڕ لە وشە و شیعرەکانم ڕوواوە و بۆ لای تۆ دێن
تۆ لە چ قوژبنێکی ئەم جیهانە فریودەرەدای
لە چ بازاڕێکی ساختەدا؟ لە قوماری چ هەتیوێکدا؟
شەوەکانت لە چ یانەیەکی نەفرەتیدا بەسەردەبەی؟
بەدەستی چ ئازارێکەوە دەناڵێنی ئەی شیفا؟
ڕۆژ لە چ کووخێکی بێسەروبەردا ئەکەیتەوە؟
کۆڵانی کوێرەوەری؟ ژمارە حەژمەت؟
ژووری نەفرەت لێکراوەکان؟
پێ دەچێ کۆتا سپێدە،
کۆتا شەوی بەسەردا نەهاتبێت
کۆتا کوپ قاوە، سارد نەبووبێتەوە
کۆتا دێڕ، نەخوێنرابێتەوە
کۆتا شەو، ڕۆژ نەبووبێتەوە
ئەوە منم کۆتا کۆچم لەگەڵ خۆمدا
ئەی کازیوەی قافڵەچییەکانی ڕۆحی من
تۆ ئافرەتی سوجدەگای قاوە گەرمەکانی تەنیایی
کۆتا دێڕەکانی پەرتووکی عیشقی پاک
ئەی داگیرکەری جەنگە ڕۆحییەکان
شەوە ڕۆشنەکانی من، ژوولیا
درێغ چی بوو دەرهەق بە من؟
خودا، یان چی؟


ژوولیا ئازیزم؛
ئەی ڕەسەنترین ئافرەتی خودا کردە
ئەی سەرگوڵی ڕۆژە تاریکەکانی وەک پرچت
کام باران؟ بەفری کام زۆزان؟ کام باهۆز؟
تراویلکەی کام ئاران؟ لمی کوێ؟
ئەی پەڕەسێلکەی غەریبی،
سەر تەلی کارەبای تەنیاییم
ئەی تەنها نمەی سەدەفەکانی ڕۆحی من
چی بوو؟ کێ ونی کردی؟
ژوولیا ئازیزم؛ ئەی کچی ئاوێزان بە ژوورەکەم
ئەی دیوە شاراوەکانی ڕۆح
ئەی دێڕە ناکۆتاکانی دەقی پیرۆز
تۆ ئافرێنەری قەسیدە ناسکەکانی تەنیایی
لە خەڵوەتی کێدا؟
بە نزای کێ؟ جادووی کام ساحیر؟
کام خواپەرست؟ قوربانی کام ئایین؟
ئەی بتی شکێنراو بە باوەڕ
گوڵی ژاکاو بە دەستی گومان، تازە خۆشەویست
پێت بەسەر چ درزێکی ئێرەدا نا سەرنگووم بووی؟

ژوولیا؛
پێ دەچێ ڕۆحی عیشق لە بنی پێیەکانتا بێ
پێ دەچێ ئاوڕە گەزیزەکانت پەشێو مابن
ئەی دێڕە لاسارەکانی شیعر
ئەی هەناسە عەجوولەکانی سەبای ساڵحان
کە دەستم وەبەر پرچت کەوت
عیشق دەچووە نێو دڵتەوە
کە دڵم وەبەر دڵت کەوت،
عیشق دەچووە نێو لێوتەوە
کە لێوم وەبەر لێوت کەوت،
عیشق دەچووە نێو سنگتەوە
کە سنگم وەبەر سنگت کەوت،
عیشق دەچووە نێو ڕۆحتەوە
کە ڕۆحیشم وەبەرت کەوت، ئیتر ڕۆحت
وەک خەونی کرێکارێک و
وەک تۆزی بەر پەنجەرەکانی تەنیایی
ئەی پەڕوباڵ سووتاو، ژوولیا
وەک بای بێ دالدە هەڵفڕی و نەهاتەوە.

**سێیەمین خەڵاتی ساڵی ٢٠٢٢ی ڕوانگەی بردووەتەوە.**

# پالدارێ گۆپالی

مەریڤان تەها
(زاخۆ)




دار گۆڤانە و
گوهداریا بازەکێ دۆمداریا
هێزا بهیزتنێ یە
ل زەندۆرا فرینێ ژی

گاڤا گڤێنا گاڤێن وی
مارەک گەڤزاندی!
و پالدارێ گۆپالی
ب گەزا ترسێ
ژ گەهێن خودێ بازدای
و ئەز پێ حەساندیم.
وەکو حەزکرنێ،
گاڤا دەنگێ خوە دگوهارت
و ژ پێ حەسیانێ
پێ دهەسم و بەنی
ژ ترسا بەنیاتیێ پچاندی
و چەپ د دەم دەما
ئاخ ل دەم ئاخینکەک
سستووخاڤە و
نکارم خوە بئاخڤینم.
ترس ژ خوەیە،
من بئاخڤینە ژ دەمی
ئەو دەمەک بوو
خودێ خوە نەدئاخڤاند
و دزانی
ئەزمان دایەندەیە!
و دا ددە
د ڕستا دا دێ دا دەم
و نها ئەو دەمەیە
دانپێدانێ دکە،
نەڤەکرنا گرێکا ئەزمانێ مووسای
ڤەکۆلینا گۆڕەکێ یە
بۆ پالدارێ گۆپالی.

٢٠٢١

# سەما بە پاسپۆرتی ساختەوە

شەمس لەنگروودی
لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی
(سلێمانی)



١

هاوڕێم نازم
وتت بەهارێک بەڕێگاوەیە
لەناو بەفردا گیرمان خواردووە.

بەفر تا کەمەرمان هاتووە
چرای ڕووناکیمان چاوی گورگەکانە
با، نییە کە لە هەموو لایەکمان دەدات
ئاهی منداڵانی ونبووی سەرزەوییە
دڵپڕبوونی گەنجێتیمانە لە دەرەوەی میوانخانەکانی سەرڕێگاکان.

ئایا ڕێگا گیراوەکان دەکرێنەوە؟
پۆلیس سەری ڕێز دادەنەوێنێت؟
گورگەکان بە بۆینباخەوە دەبنە گیاخۆر؟

نازم شاعیری میهرەبان چی بڵێین
ئێسکەکانم دەلەرزێت
ئیتر وشە کێشەی سفرەکانی ئێمە چارە ناکات
ئێمە سکپڕین بە گورگ
خۆزگە مانگەکەی تۆ
پەردەی ئاسمانە دووکەڵاوییەکەمان بدڕێنێت و
تەنیا شەوێک شتێک ببینین کە تۆ بەڵێنت دابوو.

مەرگیش ئێستا بە قەرزاری خۆیمان دەزانێت
بەیانی زەنگی ماڵەکەمان لێ دەدات دەڵێت بۆچی درەنگ کەوتووین
ئازاریش بە قەرزاری خۆیمان دەزانێت.

بانکەکان  لەبری قازانجی مانگانە لەفاف دەنێرن بۆ حیسابەکانمان
دزەکان بەڵێنیان داوە

خۆشبەختی لە دەرەوەیە و
کۆدی تێپەڕین دەفرۆشن.

ئای نازم نازم
ڕۆژێک وەڵامی پرسیارەکانمان دەدەیتەوە
ئەو ڕۆژەی لە دەنگی ئێسکەکانت
نەی دروست دەکەین
نەی ئامێری ئێمەیە و دەکرێت کەمێک لەگەڵیدا
بگرین.

نازم نازم
هیدایەتی ئێمە سادق بوو
بۆ گوێمان نەدا بە کۆدی هیدایەتەکەمان.

٢

ئای! هاوڕێم نازم
ئێمە سەربازی تۆ بووین
تۆ گوللەی پلاستیکیت پێدابووین
دوژمنەکەمان بۆمبای دەنگیی لەناو قوپچەکانی
هێلەکەکەیدا شاردبووەوە
قەڵەمەکەمان پڕ لە مرەکەبی شیعر بوو
مرەکەبی ئەو
غوباری مردووە لەبیرکراوەکان بوو
پێیەکانمان
لە مایپچە و ئاشتی بوون و
ئەو پێی نەبوو، بە سەر ڕای دەکرد.

هاوڕێی ئازیزم نازم
وەرە و گوللە کاغەزینەکەت دەربهێنە
تەقە لە پەیکەرەکان بکە
سەیری دەوروبەرت بکە و بە ئەسپایی هەڵبێ
مرۆڤی بە بەردبوو لە کاغەز ناترسێت.

نازم، نازمی میهرەبان
مەرگ گوێیە ئازیزەکانی تۆی داخستووە
گوێت لە ئازارەکانمان نییە
ئێمە لە پەناتداین و
مردوو ئاگای لە مردوو نییە.

٣

نازم
تۆ سەرۆککۆماری قەڵەم
ئێمە سەربازی نیشتیمان
تۆ ڕفێنەری مەشقی زێڕ کۆکەرەوەکانی..
دراوسێی ڕێوییەکانی بۆ ئەوەی نەخشەی ڕێگاکە
بزانی
ئێمە کرێکاری سادەی ڕێگاوبان
پێمان بڵێ چۆن ڕزگارمان دەبێ لەم خاکە ڕۆچووە.


نازم
تۆ هەڵۆ و ئێمە کۆتری چیاکانین
پێستت لە چەشنی پێستی هەتاوە
پێستی ئێمەش لە چەشنی گەڵای ئەستێرەکانە
تۆ ژەنەڕاڵی لاپەڕە سپییەکان
ئەوەتا مەرگ سەرتاپای تەنیوین
ماڵەکەشمان نغرۆ بووە لە گۆماوی خراپەدا.

پێڵاوەکانی تۆ لە با بوو
پێڵاوە ناسک و پەڕپەڕەکانی ئێمە
لە کاغەزی پەپوولەکانە.

کە لە شەقامەکانەوە دێینەوە بۆ ماڵەوە
قفڵی دەرگاکەمانیان گۆڕیوە.
دەبێ شەو لەژێر بای خەیاڵەکانماندا بخەوین.

تۆ سەرۆککۆماری ئێمە بوویت نازم
فەرمانت چییە
ئێمە هەمیشە موریدی تۆین و
خۆمان خاوەنی هیچ نین.

**سەما بە پاسپۆرتی ساختەوە، دوایین کۆشیعری شاعیر و ڕەخنەگری گەورەی فارس، شەمس لەنگروودییە. هێشتا بە زمانی فارسی بڵاوی نەکردووەتەوە و بەرهەمەکانی داوە بە وەرگێڕی کورد، مەریوان هەڵەبجەیی وەریان بگێڕێ، ئەم شیعرە یەکەم جارە بە زمانی کوردی بڵاودەبێتەوە.**



# شەوێکی زستان..

بەکر دەروێش
(کەرکووک)

شەوێکی ساردوسڕی زستان، هەموو شتێکی بەمن سپارد و بەرەو هەندەران کۆچی کرد، ماوەیەک بوو هەستم بە کزەبایەکی ساردی جەستە تەزێن ئەکرد لە هەناوییەوە ئەهاتەدەر، کاتێک قسەی ئەکرد وتەکانی تاموبۆنی بەفریان ئەدا، دەستوپلی دایم ڕچابوو، لێوی گۆی نەئەکرد، بابەتی ناو قسەکانی هەمووی باسی شەختە و ساردوسڕی بوو، بە جۆرێک دەروونی بەستبووی چیتر هەتاوی نیشتمان نەیئەتوانی گەرمی کاتەوە، لەناو کوورەی ئاگرت دانابایە، چەقەی ددانی ئەهات، ناخی پڕبووبوو لە ڕەهێڵە و کرێوەی بەفر، سیما سپی سپی لە زوقم ئەچوو، بەحاڵ تۆژاڵێک سوورایی بەسەر لێوە شەقار شەقارەکانییەوە مابوو، ئەو شەوە وتی چیتر ناتوانم لەم سەرماوسۆڵەیەدا بژیم، حیکایەتەکانی ئەم وڵاتە گەرمم ناکەنەوە، ئێرە چلەی هاوینەکەشی بەستەڵەکی باکوورە بۆ منی سەرمابردوو، چەن هەوڵم دا، چەندم کۆشا، سوودی نەبوو، چەند باسی خۆشەویستی خاک و گەل و وڵاتم بۆ کرد، باسی خێزان و ماڵ و منداڵ و کەسوکارم بۆ کرد، بێ سوود بوو، هیچی هەناوی ڕچاوی گەرم نەکردەوە، سەرەنجام جانتاکەی هەڵگرت و ڕۆیشت، لە دوای خۆیەوە من و ژوورێکی ساردوسڕ و کۆمەڵێ یادگاری گەرمی جێ هێڵا، لەو شەوەوە تا ئێستا منی ڕچیوی تاک و تەنیا خۆمی پێ گەرمەکەمەوە.

## بەخت یاوەرم بوو...

لەپڕ لە گۆشەنیگایەکی تـرەوە سـەرم دەرهێنـا و کەوتمـە شـیکردنەوەی ئـەو بارودۆخـە نەخـوازراوەی تێـی کەوتبـووم، خۆمـم بـۆ هەڵسـەنگاندنێکی تێروتەسـەل ئامـادە کـرد، تـا بـۆ بەرانبەرەکەمـی بسـەلمێنم مـن پارووپەکـی ئاسـان نیـم، بەڵکـوو کێوێکـم لـە عیلـم و فـەن، سـەرەتا چەنـد جارێـک سـەرم بـۆ لەقانـد و چەند بزەیەکم کرد، وەک ئەوەی گاڵتـەم بـە قسـەکانی بێت، کابـرای بەرانبـەرم زوو کەوتـە داوەکەمـەوە شـڵەژا و پەشـۆکا، هەرچەنـدە ئـەو لـە بابەتەکـەدا شـارەزایی لەمـن زیاتـر بـوو، بـەڵام مـن بـەم شـێوەیە سـەرم لـێ شـێواند، وام لـێ کـرد خۆیشـی نەزانـێ ئێـژێ چـی، ئەمـە حیکایەتەکـەی لوقمانـی حەکیمـی بیرهێنامـەوە کاتێـک فەڕاشـەکەی پێـی وت:

- گەرمی کە.

لوقمانـی حەکیـم پزیشـکێکی شـارەزا و نـاودار بـوو، ڕۆژێکیـان خەریکـی نەشـتەرگەری مێشـکی کابرایـەک بـوو، کـە (هـەزار پایلکەیـەک) لـە گوێچکەیـەوە چووبـووە نـاو سـەریەوە و گازی لـە مێشـکی گرتبـوو، لوقمانی حەکیم چەند دەیویست لێـی بکاتـەوە بـۆی نەدەکـرا، چونکـە هـەزار پایلکەکـە توند قەپـی لـە مێشـکی کابـرا گرتبـوو، هەرچەنـدە ڕای دەکێشـا زیاتـر مێشـکەکەی برینـدار دەکرد و بـەری نەئـەدا، فەڕاشـەکەی کـە لـە کونێکـەوە بـە دزییـەوە سـەیری دەکـرد وتـی:

- گەرمی کە.

ئـەوکات لوقمانـی حەکیـم مەقاشـەکەی گـەرم کرد و هەزارپایلکەکـەی پـێ گـرت، ئەویـش لـە تـاوا دەمـی کـردەوە و مێشـکەکەی بـەردا، بـەم شـێوەیە توانـی کابـرا ڕزگارکات، ئـەم کارەی فەڕاشـەکە، لوقمانی حەکیمـی زۆر تووڕەکـرد و وتـی:

- لەمـڕۆ بـەدواوە دەبـێ یەکێکمـان لـەم شـارەدا بمێنینـەوە، یـان مـن، یـان تـۆ.


بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بڕیاریـان دا هـەر کەسـێ بتوانـێ دەرمانـێ دروسـت کات مـردوو، زینـدوو کاتـەوە، ئەویـان دەمێنێتـەوە و ئـەوی تریـان دەبـێ بـڕوات، کابـرای فـەڕاش شـتێکی ئەوتـۆی لـە پزیشـکیی نەدەزانی، تەنیـا ئـەوە نەبێـت کـە لەبەردەسـتی لوقمانـی حەکیمـدا فێـری بووبـوو، بۆیـە نەیزانـی چـی بکات، ناچار بڕیاری دا دەس بە (نـەوو) کوتـان بـکات، ئـەو شـەوە تـا بەیانـی هـەر خەریکـی کوتانـی نـەوو بـوو، لەولاشـەوە لوقمانـی حەکیـم دەرمانێکـی دروسـت کـرد هـەر مردوویـەک کەوچکێکـی ئاشـخۆری لـێ بخواتـەوە زینـدوو دەبێتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا هـەر دڵـی لـەلای کوتەکوتـی فەڕاشـەکەی بـوو، دەیـوت:

- تـۆ بڵێـی چ دەرمانێکـی دروسـت کردبێـت؟

هێنـدە بیـری لـێ کـردەوە، دەمـەو شـەبەق دڵـی وەسـتاو مـرد، کاتێـک ویسـتیان کەوچکێـک لـە دەرمانەکـەی خـۆی بکـەن بەدەمییـەوە، بایەکـی بەهێـز هەڵـی کرد و دەرمانەکـەی ڕشـاند، تەنیـا قەترەیـەک کەوتـە دەمـی لوقمانـی حەکیمـەوە، هۆشـی کـردەوە وتـی:

- کەمێ تر.

بـەڵام چونکـە ئیـرادەی خـوا وایـە مـردوو زینـدوو نەبێتـەوە، دەرمانەکـە ڕژاو هیچـی لـێ نەمایـەوە تـا زیاتـری بدەنـێ، بۆیـە لوقمانـی حەکیـم سـەرەڕای شـارەزای و حەکیمییەکـەی دۆڕانـی و مـرد، کابـرای فەڕاشـیش بردییـەوە، جـا براینـە مـەرج نییـە هەمیشـە زانـاکان سـەرکەوتوو و بـراوە بـن، زۆرجـار کـەم زانـەکان بەخـت یاوەریـان دەبێـت و لـە سـەت زانـا و دانـای دەبەنـەوە، منیـش بـەم شـێوەیە بەخـت یـاوەرم بـوو دیبەیتەکـەم بـردەوە، لـە کاتێکـدا مـن چارەکـی کابـرام لـە بابەتەکـە نەدەزانـی.



# بەهای تۆ.. هەموو جیهانە

**قانع هولان**
**(سلێمانی)**

دە ڕۆژ بوو گەشتبووینە تورکیا، لە شاری ئیستەنبوڵ، لە شوقەیەک چاوەڕێ بووین قاچاخچی بۆ دوورگەیەکمان ببات لە (یۆنان)، زۆرمان پێچوو، منیش زۆر بێزار و بێ تاقەت بووم، بۆیە دەیەمین ڕۆژ بە زۆر قەناعەتم بە قاچاخییەکە کرد کە لەگەڵ خۆی بۆ ناو بازاڕی (ئیستەنبوڵ)م ببات، ئەو ڕۆژە چووین بۆ (قوم قاپی)، تا شەو پێکەوەبووین، بەڵام قاچاخچییەکە کە ناوی کامیل بوو گوتی: ڕۆژە گیان من دەچم بۆ دوورگەکە، دەبێت لەوێ کەسێک ببینم... تۆ دەتوانیت بە تەکسییەک بۆ شوقەکە بگەڕێیتەوە.

منیش گوتم: باشە خەمت نەبێت، لێرەوە نزیکە، بەپێ دەڕۆمەوە.

بەڕێ کەوتم، بێ خەم بووم، چونکە کاتێک هاتین جوان سەرنجی ڕێگەکەم دابوو، دەمزانی بڕۆمەوە، بێ ئەوەی ڕێ بزربکەم و سەرم لێ بشێوێت.

کاتژمێر یازدەی شەو بوو، نزیک بوو دەگەیشتمە شوقەکە، لە شەقامێکی بەرین پەڕیمەوە، خۆم بە کۆڵانێکدا کرد، لە گۆشەی شەقام و کۆڵانەکە کەسێکم دی بە پێوە وەستابوو، شانی بەسەر ڕیکلامێکی بۆندا دابوو، جگەرەی دەکێشا، بە نزیکیدا تێپەڕیم، سەرنجم دا بینیم ئافرەتە، شان و ملی ڕووتە بنێشتی دەجوو، جار جاریش مژی لە جگەرەکە دەدا، چاوی بڕییە چاوم، چاوی مەست و کاری لە ڕوحم کرد، لە شەرماندا چاوم داخست و ڕۆیشتم، هەرکە لێی تێپەڕیم زەنگی مۆبایلەکەی لێی دا، بە کوردی قسەی کرد و بە شێوەزارێک، بە دەنگی بەرز وەڵامی دایەوە،

گوێم لێ بوو دەیگوت: نا تۆ درۆزنیت پارەی من نادەیت.

من دوورکەوتمەوە گەیشتمە شوقەکە کە چەند کەسێکی وەک منی لێ بوو، گوتم: براینە خەوم دێت، ماندووم و دەنووم، ڕاکشام، بەڵام نەمتوانی بخەوم، بیر و هۆشم هەر لای چاو و نیگای ئەو ئافرەتە بوو.

کە ڕۆژ بووەوە، هەستام و چوومە دەرەوە، بە پەلە خۆم گەیاندە شوێنی دوێنێ شەو کە ئەو ئافرەتەی لێ وەستابوو، بەڵام لەوێ نەبوو.

زۆر بێ تاقەت و تامەزرۆبووم دووبارە ئەو ئافرەتە لەو شوێنە ببینمەوە، بۆیە ئەو ڕۆژە تا تاریک داهات، چەند جارێک بۆ ئەو شوێنە چوومەوە، بەڵام ئەوی لێ نەبوو، دواجار درەنگانی شەو چوومەوە، لە دوورەوە ڕۆشنایی جگەرەکەیم بینی، بۆ من هەستێکی زۆر خۆش بوو، ڕۆشنایی جگەرەکەیم بینی، ئەوە لە ڕووناکی مانگ و تیشکی خۆر گەشاوەتربوو، بۆیە بە خۆشحاڵی و ترسەوە بە بەردەمیدا تێپەڕیم، گەیشتمە بەردەمی بێ ئەوەی ڕاوەستم وتم: شەو باش.

ئەویش بێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە لێوێکی هەڵقورتاند و سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە.

من تێپەڕیم، تۆزێک خۆم خەریک کرد و بۆ شوێنەکەی گەڕامەوە، بەڵام پێش ئەوەی دووبارە بیگەمێ ئۆتۆمبێلێکی دوڵمش ڕاوەستا و ئەویش سوار بوو، بە بۆڵە بوڵ دەنگی دەهات و ڕۆیشت.

من مامەوە و خەمی ڕۆیشتنی ئەو ئافرەتەم خوارد. بەخۆمم گوت: خوایە ئەو ئافرەتە چی دەکات، بۆ شەوانە لێرە دەوەستێت؟ بۆ لە خۆمەوە خۆشم دەوێت...!؟

هیچ لە خۆم و ئەو ئافرەتە تێنەگەیشتم گرنگ ئەوەبوو، بۆم ڕوون بووەوە ئەو ئافرەتە شەوان لەو شوێنە دەوەستێت، کەواتە منیش شەوی داهاتوو دەیبینم و هەستی خۆشەویستی خۆمی بۆ دەردەبڕم، ئەم شەویش بە یاد و ئاواتی بینینی ئەو ئافرەتەوە خەو نەچووە چاوم. بەڵێ ئەو خاتوونە دڵی بردبووم، خۆشەویستی لە ناخمدا دروست بووە، لە ڕوخسارمدا بەرجەستە بووە.

کامیل پێی گوتم: ڕۆژە ئەوە چییە..؟ لە دوێنێوە زۆر گوڕاویت، هەست دەکەم شتێک ڕووی دابێت، یان کەرە، بیری شاری سلێمانی دەکەیت..

گوتم: کاک کامیل من هەست دەکەم عاشق بووم.

کامیل: پێکەنی و گوتی هەموومان عاشق بووین، تۆیش عاشقیت، چاوت دەربێت و ملت بشکێت.

گوتم: لاو گاڵتە نەبێت من لێرە، لەم شارە عاشقی کەسێک بووم.

کامیل چووە لای یەخچاڵەکە و بیرەیەکی دەرهێنا و گوتی: ڕۆژە تۆ پێم ڕادەبوێریت، بەخوا لە ڕێگە دەتخەمە ناو ئاوەکەوە، با قرش بتخوات.

گوتم: بەخوا بەڕاستمە.

کامیل هاتە سەر سەرم و گوتی: چۆن عاشق بوویت، خۆ لەم بیست کەسەی لێرەن، یەک ئافرەتی تێدا نییە.

گوتم: ئەو کەسەی من عاشقی بووم. ئافرەتێکە لەسەر ئەو شەقامەی خوارەوە دەوەستێت.

کامیل ڕاچەڵەکی و شەقازللەیەکی تێ سرەواندم و گوتی: تۆ باسی ئافرەتێکی سەر شەقام و بەرەڵڵا دەکەیت، بێ مێشک ئەو ئافرەتە دەناسم، خەڵکی (ئەلبانیا)یە، لەشفرۆشە، ماوەیەک لەگەڵ

گەنجێکی کورد بوو بە هاوڕێ و کوڕەکەیش تا توانی چێژی لێ وەرگرت، پاشان ئیشی پێ نەما، بەجێی هێشت، هەر بۆیە ئەو ئافرەتە سەگ بابە کوردییش فێربووە و وەک خۆمان قسەدەکات .

گوتم: ڕاستەکەی تۆزێک شێوەزاری هەیە… کەواتە باوەڕت پێ کردم.

کامیل گوتی: زۆڵ تۆ دەتەوێت ماوەیەک لەگەڵی ڕابوێریت و دوایی وێڵی بکەیت، بەڵام بە داخەوە فریا ناکەویت، ئەم شەو وەجبە دەردەکەم و تۆیشی تێدایت، هەهەهەهەهەهەهە.

گوتم: کاک کامیل من هەرچۆنێک بێت ئەم شەو عیشقی خۆمی بۆ دەردەبڕم .

کامیل گوتی: ڕۆژە گیان ئاگات لە خۆت بێت پارەکانت سەرف نەکەیت، ئەم شەو گەیشتینە سەر (دەریاکە) من باقی پارەکەم دەوێت.

سەیری کاتژمێرەکەم کرد، دەی شەو بوو، گوێم بە قسەکانی کامیل نەداو گوتم: دەڕۆم و زوو دەگەڕێمەوە، کاتژمێرێکم پێ دەچێت.

گەیشتمە کۆڵانەکە و ئافرەتەکەم بینی.

ئەم جارەیان ڕێک چوومە بەردەمی و گوتم: سڵاو خاتوون ، ئەم کاتەت باش.

ئافرەتەکە مژی لە جگەرەکەی داو دووکەڵەکەی بە دەم و چاودا کردم، وێنەیەکی جوان لە نێوانماندا دروست بوو، بۆ من دووکەڵەکە وەک تەمومژێکی خەیاڵی هاتە پێش چاوم، وردە وردە ڕوخساری دووبارە دەرکەوتەوە، لەلام وێنەیەکی زۆر جوان و هەست بزوێن بوو.

گوتی: تۆ کوردیت؟.

گوتم: بەڵێ… بەڵێ…

بە توڕەییەوە گوتی: خوێڕی… هیچوپووچ.

گوتم: بۆچی جوێن دەدەیت؟ خۆ من هەڵەیەکم بەرانبەرت نەکردووە؟

پێکەنی و گوتی: تۆ ناڵێم ئەو کوڕە درۆزنە دەڵێم کە درۆی لەگەڵ کردم و پشتگوێی خستم، ئەویش کورد بوو.

گوتم: بەداخەوە، کەسی خراپ و بێ وەفا زۆرن.

بە ئەستوونی ڕیکلامەکە جگەرەکەی کوژاندەوە.

گوتی: قسە بکە چیت دەوێت؟.

گوتم: ئەوەی ڕاستی بێت، خۆشم دەوێیت.

پێکەنی و گوتی: من ئاژەڵم خۆش دەوێت، مرۆڤم تەنیا بۆ ڕابواردن دەوێت.

گوتم: من عاشقت بوومە و زۆرم خۆش دەوێیت.

گوتی: پارەم بەرێ، پارە.

منیش جزدانەکەم دەرکرد و هەرچی پارەی تێدابوو خستمە دەستییەوە، ئەویش پێی سەیر بوو، وەک مژدەیەکی خۆشی بۆ هاتبێت لە جێی خۆی بەرز دەبووەوە، پارەکە دوو هەزار لیرەی تورکی و چوار سەد دۆلاریش بوو. ئافرەتەکە خۆشحاڵ بوو، گەشایەوە.

منیش زۆر خۆشحاڵ بووم کە بینیم ئەو کەسەی خۆشم دەوێت خۆشحاڵ دەیبینم، بۆیە قایشی پانتۆڵەکەم دەرکرد، ئافرەتەکە ترساو هەنگاوێک چووە دواوە.

گوتم: مەترسە، تکایە مەترسە.

قایشەکەم یەکالاکردەوە و پازدە گەڵای تێدابوو ئەویشم دایە.

باوەڕی نەدەکرد، ڕێز و میهرەبانی لە چاویدا دروست بوو. پارەکانی وەرگرت و خستنیە ناو جانتاکەی شانییەوە، هەردوو دەستی گرتم و گوتی:


ـ تۆ کەسێکی زۆر باش و میهرەبانیت، پیاوی وەک تۆ نییە.

بە شەرمەوە خۆشحاڵ بووم.

گوتم: نا تۆ کەسێکی شایستە و باشیت، لە فریشتە دەچیت.

گوتی: خۆشەویستم ناوت چییە؟
گوتم: ناوم (ڕۆژە)، ئەی تۆ ناوت چییە؟
گوتی: ڕۆژە گیان من ناوم (ئەلینا)یە.
گوتـم: مـن دەمەوێـت بـۆ هەمیشـە بـۆ تـۆ بژیـم، زۆرم خـۆش دەوێـت.
ئەلینـا هـەردوو دەسـتی بەرزکردمـەوە و ماچـی کـردن منیـش ناوچاوانیـم مـاچ کـرد.
گوتـم: مـن پەلەمـە، دەبێـت بـڕۆم ژمـارەی مۆبایلەکەتـم بـەرێ بـا پێوەندیـت پێـوە بکـەم.
ئەویش ژمارەکەی دامێ و قۆڵی گرتم.
گوتـم: دەڕۆم، بـەڵام پێوەندیـت پێـوە دەکـەم، بـێ خـەم بـە، لەبیـرت ناکـەم.
ئەلینـا گوتـی: ئـەی نەچیـن بـۆ شـوێنێک لـە باوەشـتدا بـم و لـە جەسـتەم تێـرت کـەم.
گوتـم: مـن نامەوێـت خۆتـم ڕادەسـت کەیـت، تـا کاتێـک دەبینـە هاوسـەری یەکـدی.
ئەلینـا بەسەرسـوڕماوییەوە گوتـی: ئـەی نابێـت لەبـری پارەکـە ئـەم شـەوە خۆمـت ڕادەسـت کـەم، چێـژت پـێ ببەخشـم، تـا ڕۆژ دەبێتـەوە لـە باوەشـت بـم.
چاوەکانـم پـڕ بـوو لـە فرمێسـک، هەناسـەیەکم هەڵکێشـاو پێـم گـوت: ئەلینـا گیـان بەهـای جەسـتەی تـۆ ئەنـدازە و سـنووری نییـە، بەهـای تـۆ سـامان و ڕێـزی هەمـوو جیهانـە، تـۆ بۆچـی لەبـەر پـارە خـۆت ڕادەسـتی خەڵکـی گەنـدەڵ و بەدڕەوشـت دەکەیـت.
بێتاقـەت بـوو، گوتـی: مـن ئـاوا دەژیـم، ئـەو خەڵکـە بـەو شـێوەیە منیـان دەوێـت.
گوتـم: مـن وەک خـۆر و مانـگ و ژیـان تـۆم دەوێـت، تـۆ دەکـەم بـە تاجـی سـەربەرزی و دەتخەمـە سـەر سـەرم.
هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:
ـ تـۆ باشـترین کەسـی کـە لـە ژیانـدا هاتبێتـە سـەر ڕێگـەم، سـپاس بـۆ خـوای گـەورە.
منیـش خۆشـحاڵ ڕۆیشـتم و بەجێـم هێشـت، پـارەی قاچاخچییەکـەم پـێ نەبـوو، بۆیـە بـۆ یۆنانیـان نەبردم و تەنیا و بێ پەنا بەجێ مـام، بـێ پـارە لـە ئیسـتەنبوڵ مامـەوە.
لـەو شـەوەوە ئـەو ئافرەتـەم نەدییـەوە و ئیـدی لـەو شـوێنە ڕانەدەوەسـتا، زوو زوو دەچـووم بـۆ شـوێنەکەی، بـەڵام بێهـوودە بـوو، هەرگیـز نەمدییـەوە، ئـەو ژمارەیـەی کـە پێـی دابـووم بـە هیـچ جۆرێـک کاری نەکـرد، بۆیـە ناچـار و شـەرمەزار داوای پـارەم لـە ماڵـەوە کـرد، پـارەی گەڕانەوەیـان بـۆ نـاردم، زۆر بـە زەحمـەت گەیشـتمەوە سـلێمانی.
پـاش سـاڵێک کامیـل بـە ڤایبەرەکـەی وێنەیەکـی ئـەو ئافرەتـەی بـۆ نـاردم کـە لـە باوەشـی کوڕێکـی گەنجدا بـوو، لـە هەمـان کاتـدا دەسـتی پیاوێکـی پیـری مـاچ دەکـرد.
کامیـل نووسـیبووی: دەبخـۆ دەردت بـێ ڕۆژە گەمـژە، بـۆ ئـەو عیشـقە ئەوروپـات لـە کیـس خـوت دا.هەهەهەهەهەهەهەهەهـە.
منیـش بـۆم نووسـی: کاک کامیـل دەسـت خـۆش بـۆ بەسـەرکردنەوەت، بـەڵام ئێسـتەیش دەڵێـم ئـەوە ئـەو ئافرەتەیـە کـە بەهـای خـۆی نازانێت!؟
چونکـە شـکۆی ئافـرەت بەهـای هەمـوو سامانی جیهانـە، نـەک مشـتێک پـارەی پیـس و چێـژ و ئـارەزووی کاتـی.

ئەو باوەشە
پیرۆز و شایستەیە
عیشق و خۆشەویستی
ڕاستی بەرهەمی بێنێت،
نەک... ئسووڵ و عادەت و پارە...



# دەنکە هەنارە

سەلمان شێخ بزێنی
(کەرکووک)

یەکەو لە سەر بەرمارێک نوێژی بەیانییان کرد، لیمۆ.. ڕووی لە عوزێر بوو گوتی: لەو کاتەی دەستنوێژم هەڵگرت و خۆم بسمیل کرد، لە سەر شۆرکە کە.. گوێم لە تەقەبوو، چوومە سەر سەکۆکە و گوێم هەڵخست، دەنگی تەقەکان لە سەر کەلەوە دەهات.. تەقەیەکی زۆر کرا.

عوزێر پشتە ملی خوراند و گوتی: لە ئێوارەوە هەواڵ هەیە (حەرەس قەومی)یەکان ئەمڕۆ دێنە خوارەوە.

لیمۆ: ئەی چی بکەین پیاوەکە؟

عوزێر: ئێمەش وەک خەڵکی ئاوایی.. پیاوان و کوڕ و کچانی عازەب دەچینە ناو چەم.. ژن و منداڵیش لە ماڵ دەمێننەوە، با بزانین خوا چی دەکات. لیمۆ.. ڕەنگێکی هێناو برد، مچوڕکی ترس بە گیانیدا هات، خێرا خێرا خۆی کۆکردەوە.. بەرمارەکانی دەق کرد و لە سەر هەرزارەکەی دانا، کەواکەی هەڵکرد و بەرامپیلەکەی لەبەرکرد، کچە گەورەکەی لە خەو هەڵساند و چوو ئاردی لە کەندوو دەرهێنا، کەوتە هەویر شێلان.

- «دایکم لە خەو هەڵمیساند زۆر لە گیانم گران بوو، بۆ دەرەوەم ڕوانی تاریک و ڕوون بوو، گوتم: دایکە بۆ بەم سبەی ساڵحانە هەڵمدەستێنی؟. دایکم دەستی لە شێلانی هەویر هەڵگرت و نایلۆنێکی بە سەرا دا، دەستی شووشت و هات پرچمی لە پشتەوە هۆنییەوە و گوتی: دەڵێن ئەمڕۆ حەرەس قەومییەکان بە ئاواییەکاندا دێن، ئەوان چەکداری میرین، دێن.. ماڵان تاڵان دەکەن و دەیسووتێنن، پیاو دەکوژن و غەدر و دەستدرێژی دەکەن. تۆش لەگەڵ باوکت بڕۆ.. گۆشتت

دەخورێت.

(گۆشتت دەخورێت!). یەکەم جارم بوو گوێم لە گوتەی وا بێت، لە دایکم تێگەیشتم، تەماشای قەد و باڵای خۆم کرد.. هێشتا خۆم بە منداڵ دەزانی، تەمەنم لە سێزدە بۆ چواردە ساڵە هەڵدەکشا، هەر ئەم شەوی ڕابوردوو لەگەڵ هاوتەمەنەکانم و خوارتر.. گوێمان بۆ پوورە مینا هەڵخستبوو، گێڕانەوەی چیرۆکی (دەنکە هەنارە)ی لەو شوێنە وەستاند کە شوانی ماڵی دەنکە هەنارە، ڕانەکەی بە بەر ئەشکەوتێکا بردووە کە ماڵی دێوەکە بووە، دەنکە هەنارەش.. چمکێکی فۆتەکەی بە بەردە تیژکە لێ دەکاتەوە و لە شاخی بزنە قولەی دەبەستێت، ئەو بزنەی لە پێش ڕانەوە دەڕوات و لە کاتی دۆشینا سەر لە کۆشی دایکی دەنکە هەنارە دەنێت.. کە دوو مانگ زیاترە دەنکە هەنارە ون بووە.. شوێن نەماوە لە دوای نەگەڕێن، دێوێک بردوویەتی جادووی لێ کردووە و هەردوو ئەژنۆی سست کردووە و لە ئەشکەوتێکی داناوە و خۆشەویستی لەگەڵدا دەکات.

دوای گوتەکانی دایکم، دڵم توند بوو.. لە بەرخۆمەوە گوتم: ئەگەر پوورە مینا شتێکی بەسەر بێت، کێ چیرۆکی دەنکە هەنارەمان بۆ تەواو بکات؟.

دایکم بە پەڕۆیەک پرچمی بەستا.. گوتی: گوندکم خڕکردووە، وەرە بۆم بکە نیونان. ئەمەی گوت ڕۆیشتە ئاشخانەکە چەقۆیەکی گەورەی هەڵگرت، دەستە چیلەیەکی بردە تەندوورخانەکەوە.. تەندوورەکەی داخست، چەقۆکەی لە تەک خۆی دانا، هەردوو لەپی لە خۆڵەمێشی کوربێنەکە ناو ڕوخساری خۆی پێ ڕەش کرد، بانگی (نەشمیل)ی کرد، (کچە یازدە ساڵانەکەی): کچم نەشمیل.. براکەت لە لانک دەرکە و بۆمی بێنە با مەمکی بدەمێ.

نەشمیلی خوشکم.. (سمکۆ)ی بۆ دایکم برد و بەو ڕەنگەی بینی گوتی: دایە ئەوە بۆ دەموچاوت لە خۆڵەمێش ناوە؟.

– هیچ نییە کچم.. تەندوورەکە گڕپەی کرد.

ئەی ئەو چەقۆیەت بۆ لای خۆت داناوە؟.

– بۆهیچ.. هەروا بە دەستمەوە بوو. تۆ بۆ ئەوەندە دەپرسیت؟ تا خوشکت لە نیو نان دەبێتەوە.. بڕۆ دوو هێلکە لە شوقەلەتەکە بەرە، کەوچکێک ڕۆن لە هیزەکە دەرکە، شقارتەیەک لە گیرفانی پەردەکە بەرە.. مەقرییەکە لە ئاگردانەکەیە خوشکت دێت دەیخاتە سەر سێکوچکەکە و هێلکەکان بکەنە ڕۆنەوە، دوایە وەرە دوو نانی گەرم بەرە، خۆت و خوشکت بیخۆن، ئەو لەگەڵ باوکت دەڕوات، لە بیرت نەچێت.. لەگەڵ خۆتا جامێک دۆم لە مەشکەکە بۆبێنە بە نانێ گەرمەوە دەیخۆم، کوندەکەش لە سەر کوندەڵانەکەیە، کە مەتارەکەی باوکت لێ پڕکرد، کورتە حەسیرەکەی بە سەرا بدە با خۆر لێی نەدات.

ئاخر و ئۆخری وەرزی بەهار بوو، عەمباری جۆ و گەنم بەتاڵ بوون، ڕان هاتبۆوە سەر ماڵ، مەڕو بزن بڕابوونەوە.. تەنها کاوڕ مابوو، خوری و موو فرۆشرابوون. باوکم گفتی بیست لووای پێدابووم کە فرۆشتی، پارەکەیم بۆ بداتە گوارە.

دایکم جامە ئاوێکی لە کووپەکە بۆ باوکم برد، لەو کاتەی فیشەکدانەکەی لە پشتی دەبەست و تفەنگەکەی لە شان دەکرد، باوکم جامە ئاوەکەی لێ وەرگرت و پێی گوت: بڕۆ هێسترە بۆزم بۆ کورتان بکەو پار و بن زگی باش ببەستە، دەچم ڕانەکە بەرەو خوار دەکەمەوە بۆ دەم زێ، با دەستی تاڵانی نەیگاتێ، ئێوەش ئاگاداری خۆتان بن، زوو کارەکانی ماڵ تەواو بکەن و بچنە ماڵی میمکم نارین، ژنان لەوێ خۆیان پەنا دەدەن!.

منیش هێستره سوورم کورتان کرد و پار و بنزگیم بەستا، هەگبە دووتاییەکەم لێ نا و نان و پێخۆرم کردە هەگبەوە، مەتارە ئاوەکەم بە قەدییەوە کرد، دوای باوکم، منیش خۆم هەڵدایە سەر پشتی هێستره سوور و لە حەوشە دەرچووین، دایکم و نەشمیل و سمکۆمان جێ هێشت، ئەوان بۆ ئێمە، ئێمە بۆ ئەوان، گەرووممان پڕ لە گریان و چاومان گۆمی فرمێسک بوون، نەماندەزانی لە پایچی ناچاری ئەم دۆخە کراوین!».

– «من زۆر باشم لە بیرە، ئەو ساڵە تەمەنم دە بۆ یازدە ساڵان دەچوو، باوکم و خاڵە سەرحەد دوا پیاوی ئاوایی بوون، لەگەڵ کچ و کوڕە گەنجەکانیان ڕۆیشتن، ئاوایی تەنها ژن و منداڵی تیا مایەوە، لە دوای ڕۆیشتنی خوشکەکەم و باوکم، چووم جووتە نەعلەکەم لە سندووق دەرهێنا، هەرچی دەستەوانە و ملوانکەی مۆروو و مەرجانی خۆم و خوشکم هەبوون، لەگەڵ کلدانەکەی دایکم بە کل و کلچووکەوە لە ژێر خۆڵم نان، دایکیشم سیوسیوەی قەنتەرەکەی ترازاند و بە پێوەدراوی، کلیلە دارینە دوو پشک و نیوەکەی لە ناو........ گڕدا، زمانەکەی شکاند و گوتی: بۆ ئەوەی پێیان نەکرێتەوە!.

دایکم ڕەژووەکە هەر بە ڕوخسارییەوە بوو کە باوکم پێی گوتبوو بیشوات، چەقۆکەش هەر بە دەستییەوە بوو، بە سەر خانووا چووینە ماڵی خاڵم، لەوێوە بۆ ماڵی میمکە نارین ڕۆیشتین، پڕبوو لە ژن و منداڵ، دایکم چەقۆکەی بە ژنەکان نیشان دا و گوتی: ئێوەش یەکەو چەقۆیەک هەڵگرن!.

نارین.. کاتی خۆی شووی بە عارەب کردبوو، لە گوتوبێژا نەتدەزانی کوردە، ڕەنگی ئەوانشی گرتبوو، خاڵ و خەتی عارەبی لە سەر دەموچاو و دەست و پەنجەکانی کوتابوو، پیاوەکەی لە شەڕی هۆزەکەیان لەگەڵ هۆزێکی تر، دەکوژرێت.

نارین منداڵی لێی نەبووە، هاتۆتەوە ماڵە باوان، لە گوندەکە پێی دەڵێن: نارینە عارەب. ماڵی نارین هەمان ماڵ.. ماڵی نەریمانی برایەتی، لە باوکیانەوە بۆیان ماوەتەوە. حەوشێکی بەرین، کوپلخەکە لە ناوەڕاستی حەوشەیە، لای ڕاستی دیوارێکی گوێسوانە دارە و قەنتەرەکەی بەسەر بەستەکەیا دەکرێتەوە، دوولای خوار و چەپی، کادین و گەوڕی ئاژەڵانە، دەرگایەکی لاوەکی، ژن و منداڵ لێوەی دەهاتنە ژوورەوە، لای ژووروو، دوو هۆدەی گەورەی یەک دەری، هەیوانێکی بە سەرەوەیە، پلیکانەیەکی دارین لای دیوارەوە بۆ سەربان بە کاریتەوە بەستراوە، جارجارە نارین پێیا سەردەکەوێ و دێتە خوارەوە بۆ بینین و زانینی پێشهاتەکان!.

نارین.. بۆیمەیەکی زەنگیانەداری لە سەربوو، گورینگی گەورەگەورەی بەردابۆوە، چارۆکەیەکی نیلی گوڵگوڵی لێوار زەردی لە کۆڵ بوو، پێڵاوێکی لاستیکی ڕەشی ناوکەفداری لە پێ کردبوو، دارێکی درێژی گرتبووە دەستەوە، پێیەکی لە ژوورەوە و پێیەکی لە دەرەوە بوو، بە ژنەکانی دەگوت: متمانەم پێ بکەن، ناهێڵم سەرباز و چەکداری هۆزی عارەب بە ناو ئاوایی بکەون، لە پیرخاڵە پێشیان لێ دەگرم و دەیانگەڕێنمەوە!.

نارین.. دوو ژنی بەتەمەنی بە دووی خۆیادا: مینا و مەنیج.. ئەم سێیانە کوندەیەک ئاو و مەشکەیەک دۆیان خستە سەر عارەبانە، سەماوەرێک و قۆرییەکی گەورە چای، لەگەڵ شەکردانێکی گەورە شەکر و ڕیزە پیاڵەیەکی زێڕلی و ژێر پیاڵەی پەنجە بە خەنە، سەبەتەیەک نانی تەندوور، لەگەڵ ماست و کەرە و ژاژی و پەنیر، جێی هەمووی لەسەر عارەبانەکە کردەوە، عارەبانەکەیان بە گوێ درێژەوە بەستا، کەر و عارەبانەیان دایەپێش بۆ کەل پیرخاڵە، لەوێ ژنەکان کەرەکەیان لە عارەبانەکە کردەوە و لە دوور بەستایانەوە،


وتاخەکەیان لە لێوار ڕێگاکە بە تەک چاکی پیرخاڵەوە دامەزراند. کات درەنگ بوو، دوو فڕۆکە بە بڵندی بە ئاسمانەوە دەسووڕانەوە، جارجارە دووکەڵێکی سپی دووردرێژیان لە دوای خۆیانەوە بەجێ دەهێشت. لەئاواییەکانی خوارەوە ناوەناوە دەنگی تەقە دەهات و دووکەڵ بەرز دەبۆوە، زۆری نەبرد، ڕیزێک ئۆتۆمبێل بەرەو ئاوایی هاتن، نزیک بوونەوە و ڕاوەستان، حەرەس قەومییەکان بوون.. لە ئۆتۆمبێلەکان هاتنە خوارەوە، بە پیادە بە ڕێگا و ئەم بەر و ئەوبەری ڕێگا کەیا.. بەربڵاو هاتن، کە گەیشتنە لای ژنەکان.. ئاماژەیان بە ئۆتۆمبێلەکان کرد بێن. تۆبەدارێکیان لەسەر شاخە ڕماوە دانا، تۆبەدارێکی تر لەسەر گردی هەنجیرە. هێزێکی تێکەڵ لە سەرباز و پیاوی خێڵە عارەبەکان و چەند چەکدارێکی کورد، ماندوو و تۆزاوی، چاویان بە نان و دۆ و چای کەوت.. ماست و کەرێ و ژاژی و پەنیر دانرابوو، کەوتنە ستاییش و دەستخۆشی.

تێر بە سکیان خواردیان و خواردیانەوە و چایان هەڵقوڕاند. نارین لە گەڵیان کەوتە دووان.. جارێک وەک بێوەژنێکی عارەب و براژنی ئەوان.. جارێکیش وەک ژنە کوردێک و خەڵکی ئاوایی.. داوای لێیان کرد نەچنە ناو ئاوایی، تێیانی گەیاند کە ئاوایی چۆڵ و هۆڵە و تەنها منداڵ و ژنانی بە تەمەن ماون، ئەو دوای ژن و پیاو.. کچ و کوڕ لە ئاوایی ڕۆییشتوون و ئاژەڵ و وڵاخیان لەگەڵ خۆیان بردووە، ئێستا لە زێش پەڕیونەتەوە ئەوبەر.

ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە ڕووی لە نارین بوو.. ئاماژەی بە فڕۆکەکان کرد و گوتی: چەند سەربازێک دەنێرم بچنە ئاوایی ، لە سێ چوار جێگا ئاگر لە کۆنە خانوو بەردەن تا فڕۆکەکان دەیبینن، لێرەش چەند فیشەکێک بە ئاسمانا دە تەقێنین و دەڕۆین. نارین و مینا و مەنیج.. سەری ڕازیبوونیان لەقاند و بە زەردە خەنەیەک دڵخۆشی خۆیان بۆ ئەفسەرەکە دەربڕی.

دە دوازدە سەرباز لەگەڵ عەریفێک، شۆڕبوونەوە ناو ئاوایی.. لەسێ لاوە ئاگریان لە خانوو بەردا و دووکەڵ بەرزبۆوە. سەربازەکان گەڕانەوە.. فەرمان بۆ هێزەکە درا دەگەڕێنەوە، ئەفسەرە سێ ئەستێرەکە لە نارین نزیک بۆوە گوتی: ئێوەش خۆتان کۆکەنەوە و بڕۆن ئاگرەکان بکوژێننەوە.

حەرەس قەومییەکان سواری ئۆتۆمبێلەکانیان بوون و چەند فیشەکێکیان بە ئاسماندا تەقاند.. بە شوێن خۆیاندا گەڕانەوە، بە درێژایی ڕۆیشتنیان بە ڕێگاکەیا.. تۆز نانیشتەوە. حەرەس قەومییەکان لە سنووری ئاوایی تێنەپەڕیبوون.. نارین و مینا و مەنیج، کەر و عارەبانەیان دایە پێش بۆ ئاوایی، بە دڵخۆشی هەنگاوی خێرایان دەهاویشت، بێئاگا لەوەی هەر ئێستا حەرەس قەومییەکان کەوتبوونە بۆسەی دەستەیەکی هێزی بەرگری ناوچەکە و شەڕێکی خەست بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام بوو، ئۆتۆمبێلی دواوە ئاگری تێبەربووبوو، بە تەواوی سووتابوو، سەرنشینەکانی هەموو کوژرابوون. ژنەکان دەنگی تەقەکانیان گوێ لێ بوو، تەماشایان کرد دووکەڵ بەرزدەبێتەوە و فڕۆکەکان بە نزمی دەسووڕێنەوە، ترس و لەرزیان لێ نیشت! سەد هەنگاوێکیان مابوو بگەنە ناو ئاوایی، چاویان هەر بە ئاسمانەوە بوو، بینییان فڕۆکەکان لە بەرزییەوە بە ئاراستەی ئاوایی دەهاتن. بۆمبەکانیان بە سەر ئاواییدا هەڵڕشت، یەکێک لە بۆمبەکان بەر کەر و عارەبانە و ژنەکان کەوت.. نارین و مینا هەر لەوێ گیانیان دەرچوو، مەنیج بریندار بوو، کەری بەستەزمان دوولاقی پەڕیبوو، کەوتبووە سەر زەوییەکە و دەیلووشکاند.



# کوورەگرێیا ئەوێ نهێنییێ

ئەحمەد قەرەنی

ئەڤێ ئێڤاریێ ژی، چوو سیپەی و ل لاتا ژووری کو هندەکا ڤەدەر بوو، ل بن دارهنارەکێ بەرانبەر تاڤگەهێ ڕوونشتەخوارێ. دنیا بهارەکا درەنگە. ئەو تیشکێن زراڤێن هەتاڤێ یێن د ناڤا بەلگێن داران ڕا ڤەدرسیانە سەر مێزا ل بەر سینگێ وی و ژبەر بایێ سارێ فەراشینا سویلاڤێ ڤەدلەرزین و سەقایەکێ هەڤسەنگ درستدکر. دەما مرۆڤ د سروشتەکێ هەڤسەنگ دا دژیت، پتر هەست ب ڕاییێکییا ئالییێن ژینێ دکەت و هەولددەت هزرێن خوە ژی هەڤسەنگ بکەت.

شڤانێ بیست و سێ سالی، دزانی هەر گەنجەکێ ژ تەمەنێ وی، پێدڤی ب سەرڕاستکرنا تەرازوویا ئەڤینیێ یە. د ئاشۆپێن خوە دا نخرۆ بوو. ئەڤرۆ پتر هەر ڕۆژەکێ ئەڤینی ل دۆر وی دزڤڕی. ئەو ژی کویر و دویر د هزرێن خوە دا چوو خوارێ. قالا ئەوێ ڕۆژێ، ب وێنەگرییەکا زیندی ڤە، هاتە پێش چاڤێن وی، دەما نەرمین ل گۆڕەپانا سۆپەر مارکێتێ دیتی و ب لایێ وی ڤە هاتی:

– ڕۆژباش شڤان.

– ڕۆژباش، چەوانی نەرمین.

– ئەز باشم. هەلبەت تۆ ژی باشی. من خەبەرێ دەرچوونا تە ژ کۆلیژێ بهیست. پیرۆزە.

– سوپاس.

– ئومێدا پاشەڕۆژەکا گەش و سەرفراز. ب خاترا تە.

ئەرێ نەرمینێ ب دوو گۆتنان پیرۆزباهی ل من کر، لێ چاڤێن وێ تشتەکێ دیکە دگۆت. من گوهـ ل ئاخفتنا وێ بوو. دلێ من ژی ڕامانەکا دی وەرگرت. ئەڤە ژ وێ ڕۆژێ وەرە، دلێ منێ ژ

ئەڤینییا وێ تێر نابیت. چەوا بسەلمینم کو ئەو ڤالا ئەز هزر لێ دکەم ڕاستە؟..

ئەگەر بۆچوونا من ڕاست بیت، نها دلێ وێ ژی د دۆخ دا یە و ڕەوشا وێ ژی ئالۆزترە، چونکە ژ ئالیێ وێ ڤە دەستپێکرییە. ئەگەر بۆچوونا من ژی شاش و چەوت بیت، ئەڤە تەرازوویا کار و کاردانەڤەیێن ئەز دکێشم و دپیڤم؛ خراب لاسەنگ بوویە.

د ناڤبەرا ئەڤان هەر دوو حالەتان دا تووشی ئاریشەکا ئەنتیکە بوویمە. هندی دهینم و دبەم؛ وەردگێڕم و دادگێڕم چو سەران لێ دەرناکەم. ئەڤە ژی هەڤکێشەیەکە، ب ساناهی سەرڕاست نابیت. نزانم؛ نها بۆچی وەسا هەست دکەم، کو ئەوێ پتر ئەز ڤیایمە؟ یا فەر بوو هێشتا زوی من ئەو ڕاستی پەژراندبا یە، کو بۆچی ڤیانا وێ پترە؟

من باوەڕە، کو دەما دوو ئەڤینی ژ قەوارا خوە ڤە وەکیەک بن، یان ژی ڕادەیا وان هندی یەک بیت، ل سەر دوو هێلێن هەڤتەریب پێشڤەدچن، یەکودوو باش ناسدکەن. هندی من گوهـ لێ بووی، خەلک هۆسا ئەڤینیێ دکەت. د هەر لاسەنگییەکا وێ دا، چ ژ ئەگەرا شاشییەکا وان هەر دوو ئەڤینداران بیت، یان ل ژێر گڤاشتۆکێن جڤاکێ بیت، ئەڤە باندۆرەکا ڕاستەوخوە ل سەر ئەوێ هەڤبەندیێ هەیە و لەنگ دکەت.

ل دویڤ ئەزموونا من یا کردارییا کێم د ئەڤی تەمەنی دا. یان ژی ئەو شارەزاییا من هەیە کو تنێ ژ سەربۆرێن مێژوویی و ڕۆمانێن ئەدەبی و فلمێن سینەمایی وەرگرتییە. مسۆگەر دزانم کو نە ئەو ئەزموون و نە ئەو شارەزایی تێرا وەرگرتنا بڕیارەکا هۆسا ناکەن.

ئەوا هێشتا ئەز لێ کەشکم و شارەزا نەبوویمە، ئەوە، کو دەما ئەڤینییەک ژ یا دیکە پتر بیت، ئەو ڕووبەرێ زێدە یێ چەوا یە؟ د ئەڤێ خالێ دا حەیران مایمە!. هزر دکەم، ئەو ڕووبەرێ زێدە دێ یێ نهێنی هەلگر و تاڕپپارێز بیت. ئەڤە ژی گومانەکە و نەگەهشتییە ڕادەیا ئاریشەیێ. ئەگەر بوو ئاریشە دێ ژ دەستێ من دەرچیت. دەبیت هنگی ب هەلکەهەلک ل دویڤ چارەسەرییا وێ بگەڕێم.

ئەڤێ هەستپێکرنا د نیڤا ڕێیێ دا، دێ من ژ گومانان دویرئێخیت و ژ ئەنجامان نێزیک کەت. ئەو نێزیکبوون ژی ل سەر بازەبەرا پرسیاران پێشڤەدچیت. هۆسا باشە هەر ئەڤیندارەک د پێشڤەچوونا خوە دا، بێهنا مەترسییان بکەت بەری کو ئەو مەترسی ڕوی بدەن. ئەگەر ڕویدا، ئەڤە بوو ئاریشە.

ئەز ژ ئاریشەیان ناترسم، بەلکو حەژێ ناکەم. بەردەوام من و وان هەڤڕکییە. من بۆ هەر هەڤڕکییەکێ پلانا خوە هەیە. هەر پلانەکێ ژی ل سەر بنەماییێن قوتابخانەیا بابکالکێ خوە دادنێم. ئەو یێ هزر هویر و ئاسۆ دویر بوو. چەپ و چویرێن تشتان لێکدانەڤە و پاشی هەر تشتەک ل جهێ خوە دادنا، وەکو یارییا شەشرەنگێ دئینان و دبرن و هێلکارییا پلانەکێ ڤێکدئێخست. ئەوێ ڕۆژێ پلانا پاراستنا خلێفکێن مێشێن هەنگڤینی ژ ستێنگان بۆ مە شرۆڤەدکر. پێنگاڤێن وێ یەک ل دویڤ یەکێ ڕۆندکرنەڤە. دەما ب سەرێکڤە ئینای، ب تیقتیقا کەنیەکا دلتەڕ ڤە گۆتی: (ئەڤە هێلکارییا من بۆ ژینێ، خوەشترە ژ هنگڤین و کاکلە گویزێن شەڤینێ).

من کەنی لێ کرە گرنژین. ئەو کارێن ل پێش چاڤێن مە دهێنەکرن، ئەم تێدگەهین، لێ ئەو هێزا ئەوان کاران دلڤلڤینیت، گرێیەکا کوورەیە. ئەز بخوە چو سەران لێ دەرناکەم، لەوما ب دوودلی ڤە گۆتێ:

- باپیرۆ، تۆ سەرکەفتنا پلانێن خوە یێن کارێ خودانکرنا مێشێن هنگڤینی، د چ نهێنی

دا دبینــی؟..

- چو ئاریشە وەکو یـەک نینـە، لەوما پلاندانانا وان ژی ب یـەک ناچـن، وەک ڤەدیتنـا نێچیری نـە، هـەر جارەکـێ ب هونـەرەکا نـوی و ب ڕەنگەکـێ جودا دهێنـە هنگافتـن.

- ڕاسـتە دوو تشـت وەکیـەک دووبـارە نابنەڤـە، لـێ مەبەسـتا مـن نـە ڤەدیتنـا نێچیری یـە، بەلکو سـەگڤانییا تەیـە. هنێریـا مـەزن نیشـان شـکێنی و هنگافتنـە.

- گەلـەک نیشـان شـکێن هەنـە، لـێ ناچنـە نێچیری، هەروەکو ژن جوان مشـەنە، لـێ ژ کارێ شـەڤێ بێـزارن. هاهاهاهـا...

ئـەو تیقتیقـا کەنـێ وی، هەچوەکو دگۆتـە مـن: غەشـیم دێ کەنگـی فێربـی، ئەگـەر فێـر ژی نەبـی، دێ کەنگـی تێگەهـی!؟..

- ئـەرێ، ئـەرێ تێگەهشـتم. (ب شـەرم ڤـە مـن گۆتـێ).

- بابکۆ... ئەڤـێ نهێنیـێ ژ کالـێ خـوە وەربگرە. دەمـا تـۆ هێلکارییـا پلانـا خـوە دنەخشـینی، د نێـڤ ئاریشـەیێ دا کار نەکـە، ژبـۆ کـو دیـل نەبـی و نەکەڤیـە دەسـتێن خـوە. ئاریشـەیا خـوە دۆرپێچ بکـە، هەتـا دەلیڤەییێـن زالبوونـێ مسـۆگەر بکـەی.

د ئـەوێ بەرسـڤێ دا، مـن زانـی کـو ئەڤـە نهێنییا داویـێ یـە باپیـرێ مـن بەلـی دکـەت. ب ڕاسـتی ئـەو د دانانـا پلانـان دا شـارەزایە، لـێ هەمـوو جـارێ شـیانێن جێبجێکرنـا وان نیـە. دایـکا مـن د هونەرێـن بکارهینانـا پلانـان دا شـارەزاتربوو. ئـەوێ ب جوانـی جێبجـێ دکـرن. گەلـەک جـاران خالێـن لاوازێـن پلانێـن باپیـرێ مـن ژی دەستنیشـان دکرن. باپیـرۆی زوی ب زوی ئـەو کێماسـی نەدپەژراندن، لـێ ئەڤـێ جـارێ ڕاسـتییا ئـەوێ ئاریشـەیێ بـۆ مـە هەموویـان ئاشـکرا بـوو و ئەنجامـا وێ ژی هاتـە سـەر بەرکـێ. باپیـرۆی ب نیڤـا دلـێ خـوە کـرە کەنـی و د گـەل تیقتیقـا کەنییـا خـوە، ب سـەرێ دایـکا مـن ڤـە ماچـی کـر و گۆتـێ: ((بویـکا مـن گـولا مالباتـێ یـە، مـالا مـە ب تـە یـا ئاڤایـە خاتوونـێ)). ئەڤـی دیمەنـی خوەشـییەکا مـەزن ئێخسـتە دلـێ مـە هەمیـان. نازانـم هـەر یەکـی ژ ئەڤێـن حـازر، ئـەو دیمـەن چـەوا دهەلسـەنگاند و هزرێـن خـوە چـەوا لێکدداناڤـە. د کاودانێـن هۆسـا دا، دزانـم هزرێـن مـن چ تەڤـن دچنـن. ئـەرێ وێنەیـێ دایـکا مـن ژی سـەر دیمەنـێ ئـەوی تەڤنـی نەخشـەکێ پـڕ هێـژا یـە.

ئەڤـێ جـارێ ژی مـن هەسـت ب مەزنییـا دایـکا خـوە کـر. پـڕ ژ دل خـوەش ڤیـا. مـن دزانـی کـو ئـەوێ ژی ئـەز گەلـەک خـوەش دڤێـم. خوەشـییا مـن دۆم نەکـر. دیسـان هەڤکێشـەیا ڤیانـا دوو لایەنـی بەرچاڤێـن مـن تاریکـرن. مـن هـەردوو لایەنێـن وێ ڤیانـێ لێکدانەڤـە، کـو مـن پتـر دایـکا خـوە خـوەش دڤێـت، یـان ژی ئـەوێ پتـر ئـەز خـوەش دڤێـم. ئەڤـە یەکـەم جارە یەکسـەر ئەنجامـا وێ لێکدانەڤەیـێ بزانـم. هیچ ڤیان نەشـێن رکابەرییـا ڤیانـا دایکـێ بکـەن. چەنـد دلخـوەش دبـووم، دەمـا هنـدەک جـاران ئـەوێ کێماسـیێن بابـێ مـن و بابـێ بابـێ مـن دەستنیشـان دکـرن و شاشـییێن وان ژی سەرڕاسـت دکرنەڤـە. گەلـەک هونەرێـن کـرداری ژێ فێربـووم، لەومـا شـیرەتێن وێ گوهـارن د گوهـێ مـن دا. شـیرەتێن دایکان ژی د ئاسـتێ نهێنییـان دا نـە و ناهێنـە گۆتـن. ئـەز بـاوەڕم سـەرکەفتنا هـەر کەسـەکی د هەلگرتـن و پاراسـتنا شـیرەتێن دایـکا وی دا یـە.

ئیـرۆ مـن پێدڤـی ب شـۆپا پلانێـن باپیـرێ خـوە و نهێنییێـن دایـکا خـوە هەیـە، ژبـۆ کـو ئەزموونـا خـوە یـا سـەرەتایی پـێ دەولەمەنـد بکـەم. بنەماییێـن ئـەوێ ئەزموونـێ ژی ل سـەر ئەڤینییا خـوە و نەرمینـێ جێبجـێ بکـەم.

شـڤانی موبایـلا خـوە دەرهینـا. دەسـت ب تۆمارکرنـا پلانـێ کـر. دۆسـیەک ڤەکـر، شـوین و سـەعەت و بـەروارا ڕۆژێ ڕێکخسـتن. وێنەیەکـێ تاڤگەهـێ و دەردۆرا وێ گـرت. د وێنـەی دا دیـت،

کو نەرمین ژی ل خوارێ نێزیک برێما تاڤگەهێ ڕوونشتی یە. سەرێ خوە بلندکر و ب هویری لێ نێڕی و ب دەستێ چەپێ چاڤێن خوە پەرخاندن. پشتڕاست بوو، ئەو نەرمینە.

دەستێ خوە بۆ هەژاند و ئەوێ ژی ب نازکی بەرسڤا وی ب دەست بلندکرن و تپل هەژاندنێ داڤە.

شڤانی هزرا خوە د پێنگاڤێن داڕشتن و جێبجێکرنا پلانێ دا کر. گەهشتە ئەوی ئەنجامی: (بۆچی هند دویر بچم و شوینپێیا شۆپا باپیرێ خوە بکەڤم؟.. هەما ئەڤە نەرمین ل ڤێرەیە. بۆچی مینا دایکا خوە ئەزموونێن هۆسا ب کرداری جێبجێ ناکەم). رابوو و هاتەخوارێ و چوو نک نەرمینێ:

– ڕۆژباش، دەستویریە چایەکێ بهەڤرا ڤەخووین.

– ب خوەشحالی ڤە، فەرمۆ دانیشە.

– سوپاس. من وەختێ وە نەگرت بیت، نەکو هەوە ژڤانەک هەبیت؟

– نەخێر ئاساییە. تە ڕاستی بڤێت. ئەڤە هەیامەکە تۆ یێ بوویە پشکەک ژ ژیانا من. هەردەم حەز دکەم نێزیکی تە بم.

– تە چەوا زانی ئەز ل ڤێرەمە.

– من نەزانیبوو. دگەڕێم. ئەو جهێ تە لێ دبینم، ڤەدهۆسییێم.

– ئەڤە جارا دوویێ یە، هۆسا نێزیک تە دبینم. جارا یەکێ ل سۆپەر مارکێتێ بوو، دیدار دوو هەڤۆک بوون، لێ ئەوا دلێ من ژ چاڤێن تە دا خوەندی تشتەکێ دیکە بوو. ئەز حەیرانی ئەوی زمانێ بێ گۆتن بم. نها ژی هاتیمە هەر ب ئەوی زمانی تە باخێڤم...

– کولەکێن دلان بەرانبەرن.

– بەری تە ل ڤێرە ببینم. مژویلی دانانا پلانەکێ بووم، کو دێ چەوا بابەتێ ئەڤینییا خوە بۆ تە بەلیکەم؟!..

– پێدڤی پلانێ ناکەت. هەموو تشت بەرهەڤن، د خزمەتا مە دا نە. نها یا فەرە پلانێ بۆ ئازادییا هەموو ئەڤینداران دانێین.

– ئەرکەکێ نوی بۆ مە پەیدابوو، کارەکێ نوی ل پێشییا مەیە. هەستە با بچینە جیهانەکا نوی. وەلاتەکێ ئازاد بۆ ئەڤینییێ چێکەین...

شڤان ڕابوو، کورسیکا خوە هندەک ڤەدەرکر، دا کو جهێ نەرمینێ بکەت. ملێ خوە دا ملێ وێ و هناڤێن خوە ژ هەناسەکا گولاڤی یا خوەش پڕکرن. ژنوی زانی کو دەما یار ب ڕەخ یارێ ڤە بیت، جیهان چ بهەشتەکا ڕەنگینە. ئەو تەمەنێ بێ ئەڤینییا نەرمینێ بۆری زەعێر چوویە. ئەو چەند پێنگاڤێن ژ ڕەخ تاڤگەها سپەی هەتا مێزا بن دارتوییا کاشییێری، کو ب سەرێک ڤە نەدبوونە سیه مێتر، لێ ل دویڤ هزرا شڤانی قۆناغەکا دویر و پڕ ڕویدان و سەرهاتیێن خوەش بوو.

دەما ل بەر مێزێ ڕاوەستیای، ژ هەموو جارەکێ سەربلندتر و خوەڕازیتر بوو. دەست دا بەریکا خوە و گۆتی:

– حەقێ مە هەردوویان چەندە؟

– تە و کێ؟

– من و ئەڤێ خاتوونێ !..


– خاتوون کی یە؟

– نەرمین، دێ...

د گەل ناڤێ نەرمینێ دەستێ خوە ژی دانا سەر ملێ وێ، لێ دەستێ وی شۆڕبووڤە و کەس ل وێرێ نەبوو.

کاشییێر ژ سەروبەرێ شڤانی تێگەهشت و پارەیێن چایا وی هەلگرتن و ئەوا مایی بۆ زڤڕاند. د دل دا گۆتی: مخابن چارەنڤیسێ گەنجەکێ دەرچوویێ زانینگەهێ ئەڤە بیت!!.

شڤانی ژی ئەو خوردە خستە بەریکا خوە و پاکێت هینادەرێ و جگارەیەک بەردایێ و د یەکەم قۆم دا، دویکێلا وێ سەرئەڤراز بەردا و ڕێیا خوە گرت و چوو...



# ماسی و جووتەکەی


**ئیبراهیم گوڵستان**

**لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی**

**(یەزد)**


پیاو سەیری ماسییەکانی دەکرد. ماسییەکان لە پشت شووشەوە هێدی و دالەقاو بوون. لەو دیوی شووشەوە ئەستێرێکی گەورەیان لە تاشەبەرد بۆ سازکردبوون کە دیوارەکەی درێژ دەبووەوە و درێژاییەکەشی بۆ نێو تاریکایی هەڵدەکشا. دیواری بەرانبەر پیاوەکە، لە شووشە چێ بووبوو. لە بەشە تاریکەکەی کە وەک دالانی ئەشکەوت دەچوو، لە هەر دوو لا لەم چەشنە دیوارانە دەبینرا کە هەر کام ئەستێرێک بوون؛ پێشانگەیەک بۆ ماسیگەلی جۆراوجۆر و ڕەنگامە. هەر ئەستێرێک بە تیشکێک لە سەرەوە ڕووناک دەبوو، ئەگەرچی تیشکەکە نەدەبینرا، بەڵام ڕووناکایی ئەستێر، پێشاندەری شوێنەکەی بوو. ئێستا پیاوەکە بەدانیشتنەوە، لە ڕووناکایی سارد و بێ دەنگدا، سەیری ماسییەکانی دەکرد.

ماسییەکان لە پشت شووشەوە هێدی و دالەقاو بوون. دەتگوت باڵندەن، بەڵام باڵیان لێ نەدەدا؛ وێدەچوو لە حەوادا لەنگەریان گرتبێ. ئەگەر جاروبار بڵقێ بەرەو سەر نەچووبا، هەست پێ نەدەکرا لە ئاودا بن. بەتەنیا بڵق و جووڵەی کەم و خاوی باڵەکانیان دەبینرا. پیاوەکە لە ڕووبەڕووی خۆی لە بنجی دوورەوە، چاوی بە دوو ماسی کەوت کە لەتەک یەکدا بوون.

دوو ماسییەکە زۆر زل نەبوون؛ هەمیشە لەگەڵ یەک بوون. ئێستا سەریان پێکەوە نابوو و کلکیان لەیەکتر جودا بوو. دووریان دەنواند. لەپڕدا جووڵانەوە و ڕوو بەرەو سەرێ ڕۆیشتن، لە بەینی ڕێ خولیان خوارد و دووبارە سەرەوشۆڕ بوونەوە و دیسان لەلای یەک گیرسانەوە. دەتکوت دەیانەوێ یەکتر ڕاموسن، کەچی دیسان لەپڕ لە یەک جودا بوونەوە، لوولیان خوارد و هەندێ خولانەوە و هاتنەوە.

پیاوەکە دانیشت. بیری کردەوە کە قەت ئەوەندەی هاوڕێیەتی لەوەوپێش نەدیوە. چون هەمیشە

ماسـییەکان سـەربەخۆ مەلێیـان کـردووە و سـەیرانی ساکاری تایبـەت بـە خۆیـان هەبـووە. لـە ئەسـتێرانی تـر و لـە دەرەوەی ئەسـتێرانی دنیـا، لـە بێشـە و کۆڵانـدا، ماسـی و باڵنـدە و مـرۆی دیبـوو؛ هەروەهـا لە ئاسمانیش هەسارەکانی دیبـوو کـە لـە گـەڕدا بـوون، بـەڵام هەرگیـز بـەم جـۆرە یەکگرتـوو نـا. هەرچەنـد پاییـزان گـەڵا پێکـەوە نـاوەڕێ و سـەوزەی نـەورۆز لەسـەر گـۆزەکان هـاوکات شـین نابـێ و زریـوەی هەسـارەکانیش ئـەو هەمـووە ناتوانـن لەگـەڵ یـەک هاوئاهەنـگ بـن، بـەڵام بـاران، ڕەنگـە بـاران جیـاواز بـێ. ڕەنگـە هـەودای دارژاوی پێکـەوە داباریبـێ، لەوانەیە هەڵمی سـەر دەریـا لـە مـاوەی هەناسـەیەکدا هەڵسا بێ، بـەڵام ئـەو نەیدیبـوو. قـەت چـاوی پـێ نەکەوتبـوو.

ڕەنگـە ئـەو دوو ماسـییە چـون زۆر پێکـەوە ژیابوون لەیـەک دەچـوون، یـان لەوانەیـە چۆن لێـک دەچـوون، بووبوونـە هـاودەم. هاونەزمـی بووبـووە هـۆی هاودەمییـان، یـان هاودەمـی بووبـووە هـۆی هاونەزمییـان؟ پـێ دەچێـت هـەر ئـاواڵ دوانـە بووبێـن. داخـۆم ماسـی ئـاواڵ دوانـەی هەیـە؟

پیاوەکـە ئاهەنگێکـی نەدەبیسـت، بـەڵام وای بـە چاک زانی بیر بکاتـەوە کە ماسی خـاوەن دەنگـە، یان گوێیەکی بیسیاری هەیە کە ئاهەنگی یەکڕەنگی وەردەگرێ، بـەڵام بـۆ ماسییەکانی تـر وا نیـن؟

دوو ماسـییەکە ناسـیاو بـوون؛ ژیانیـان لـە ئەسـتێرێکی تەنگەبـەر، بـە سـەمایەکی ڕێکوپێـک ڕازاندبـووەوە.

بـەڵام چۆن ئـاوا بـەردەوام دەتوانـن سـەما بکـەن؟ لێرەوە تـا کوێ بـەم چەشـنە سـەما دەکـەن؟

پیرێژنـێ کـە دەسـتی منداڵێکـی گرتبـوو، بـۆ سـەیران هاتـە پێـش ئەسـتێر و بەرچاوی پیاوەکـەی گرت. بـە ئەنگوسـتی ماسییەکانی پێشـان منداڵەکە دەدا. پیاوەکـە هەسـتا و بـۆ لای ئەسـتێرەکە ڕۆیـی. ماسییە خنـج و خۆڵـەکان، ڕەوان و هێـدی هاتوچۆیان دەکـرد، ئەسـتێرەکەش ڕووناکییەکـی دڵگـری هەبـوو. هەمـوو شـت سـوکناییەکی سـووک دایگرتبـوو. ژنەکـە بـە ئەنگوسـت ماسـییەکانی پێشـان منداڵەکـە دەدا، پاشـان ویسـتی منداڵەکـە هەڵێنـێ تـا چاتـر بیانبینـێ، قـەوەی پـێ نەشـکا. پیاوەکە ژێـر باخەڵـی منداڵەکـەی گـرت و هەڵیهێنـا. پیرێژنەکـە کوتـی: «سـپاس بەڕێـز.»

ماوەیـەک کـە تێپـەڕی، پیاوەکـە بـە منداڵەکـەی کوت: «چـاو لێکە ئـەم دووانـە چـەن جـوان لەگـەڵ یـەک ڕێـک کەوتـوون.»

دوو ماسـییەکە ئێسـتا سـنگیان بـە سـنگی یەکـەوە نابـوو، باڵەکانیـان نـەرم و چیندار پێکـەوە دەجووڵاوە. تیشـکی بـە ئاسـتەمی بنجـی ئەسـتێرەکە، چەشـنی خـەوی شـەوەکی وابـوو کـە تاشـەبەردەکەی وەک بڵقێـک پێشـان دەدا؛ خاوێـن و زوڵاڵ و ئاسـوودە و هێدی. دوو ماسییەکە ئێستا پێکەوە لـە یـەک دوور دەکەوتنـەوە تـا لەپـڕ لێـک نزیـک ببنـەوە و لەپـاڵ یـەک دابخزێن. پیاوەکـە بـە منداڵەکـەی کوت: «چاو لێکـە ئـەم دووانـە چـەن جـوان لەگـەڵ یـەک ڕێـک کەوتـوون.»

منداڵەکە دوای ماوەیەک پرسی: «کامە دووان؟»

پیاوەکە کوتـی: «ئـەو دووانـە. ئـەو دووانـە دەڵێـم. ئـەو دووانـە چـاو لـێ بکـە.» جـا بـە ئەنگوسـت لـە دیـواری شووشـەیی ئەسـتێرەکەی دا. لەسـەر شووشـەکە کەسـێک بـە دەرزی، یـان بزمـار، یادگاریی نووسـیبوو.

منداڵەکە دوای ماوەیەک کوتی: «دوو دانە نین.»

پیاوەکـە کوتـی: «ئەوانـە، ئەهـا، ئـەو، ئـەو دووانـە.»

منداڵەکـە کوتـی: «هـەر ئەوانـە دەڵێـم، دوو دانـە نیـن. یەکیـان وێنەیـە وا کەوتووەتە سـەر شووشـەکەی ئەوبـەر.»

پیاوەکـە دوای ماوەیـەک منداڵەکـەی دانـا زەوی، پاشـان ڕۆیـی بـۆ سـەیری ئەسـتێرەکانی تـر.

**سەرچاوە:**

**گلستان، ابراهیم (۱۳۷۲)، جوی و دیوار و تشنه، چ پنجم، تهران، انتشارات روزن.**



## نەوزاد مەجید:

## یەکەم بەڕێوەبەری هونەریی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بووم.. بەهۆی بڕوانامەکەشمەوە لە دامەزرێنەرانی زۆربەی تیپەکانی کوردستانم.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٢ - ٤)

* نەوزاد مەجید کەریم، کە لە ناوەندی هونەریدا بە نەوزاد مەجید ناسراوە و ناوی ڕۆیشتووە، هونەرمەندێکی پڕ بەخششی ساڵانێکی دوورودرێژی بواری شانۆ و دراما و سینەمایە، ناوەکەی بەهەموو ئەوانە ئاشنایە کە هەواداری هونەرن و حەزیان لە بەدواداچوون و بینینی ئەم جۆرە هونەرانەیە. ئەو هونەرمەندە کەسێکی فرەبەهرەیە، لە زۆر بواردا بەهرەکەی خۆی تاقی کردووەتەوە، لەوانە: دەرهێنانی دراما و شانۆ، یاریدەدەری دەرهێنەر، نواندن، سیناریست، دیکۆرساز، ڕووناکی، سکرێپت، وێنەگری سینەمایی و تەلەڤزیۆنی، بەڕێوەبەری هونەری، بەڕێوەبەری بەرهەم، هونەری فۆتۆگراف و زۆر کاری هونەری دی، کە لە هەموو ئەو بوارە هونەری و کارگێڕیانەدا زۆر بە بێدەنگی و دوور لە ژاوەژاو کاری خۆی کردووە و بەرهەمی جوانی هەبووە و جێ پەنجەی بەسەر هونەری کوردییەوە دیارە.

* ئەم هونەرمەندە، ساڵی ١٩٤١ لە گەڕەکی سەرشەقام لە دایک بووە، تا تەمەنی بووەتە ٤ — ٥ ساڵ لە سەرشەقام لە ماڵی خۆیان و ماڵی باپیری ساڵح لەرزانە ژیاوە، دواتر ماڵیان بۆ گەڕەکی قەزازەکان گوستراوەتەوە، کە تەمەنی گەییوەتە (٧) ساڵ، هەر لەو گەڕەکەدا چووەتە بەر خوێندن و لە قوتابخانەی (گویژە) وەرگیراوە، تا پۆلی چواری سەرەتایی لەوێ خوێندوویەتی. لە قوتابخانەدا، هەر لە سەرەتاوە تا دەرچووە، مامۆستاکانی خۆی خۆش ویستووە، ئەوانیش ئەویان خۆش ویستووە، وەک خۆی دەڵێ دوو

لەو مامۆستایانە لە یادەوەری ئەودا بە زیندوویی ماون، یەکیان م. هاشم ئەحمەد کە مامۆستای عەرەبی بووە، ئەوی دیکەیان م. مستەفا بەرزنجی بووە کە مامۆستای وانەی هونەر بووە، قەتیش غەفووری مەلا عەلی، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان بووە لەبیر ناکات. کە لە پۆلی پێنجی سەرەتایی دەرچووە، بۆ قوتابخانەی مەڵکەندی، گەڕەکی گاوران گوێزراوەتەوە، لەوێ م. ڕەشید کەریم بەڕێوەبەریان بووە، م. ساڵح قەزازیش مامۆستای زمانی ئینگلیزییان بووە، لەبەر زیرەکی لە زمانی ئینگلیزی زۆر خۆشی ویستووە.

* لە تەمەنی ١٢ – ١٣ ساڵی لەگەڵ هونەرمەند سەلاح فەرەج (سەلاح باڵا بەرز) کە ماڵیان لە گەڕەکی قەزازەکان بووە بەو هونەرمەندە ئاشنا دەبێ، ڕیکلامی فیلمی سینەماکانیان وەک ئارەزوویەک، کۆکردووەتەوە کە لەو ڕۆژگارەدا باو بووە. هەر ئەو سەردەمە بۆ هەر فیلمێک بە عەرەبانەی دوو ئەسپی (پەیتوون)، بە دەهۆڵ و زوڕناوە بەناو شاری سلێمانیدا گەڕاون و ڕیکلامیان بۆ فیلمەکانیان بڵاوکردووەتەوە، یان کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ڕیکلامی فیلمەکان بڵاو دەکرانەوە، زۆر کەس هەبوون وەک یادگاری ئەو ڕیکلامانەیان کۆ کردووەتەوە.

* بێجگە لە سینەما، ناو بەناو کە شانۆگەری پێشکەش کراوە، سەردانی کردووە، لەوانە چووەتە شانۆگەری (عوتەیل) کە لە ناو هۆڵی پەروەردەی سلێمانی نمایش کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی چەند کورسییەکی کەم لای تەختەی شانۆکەوە هەبووە، بۆیە کاتێ بینیویەتی خەڵکەکە بە پێوە وەستاون، لەبەر قەرەباڵغی زۆر، بە زەحمەت شانۆگەرییەکەو ئەکتەرەکانی بینیوە، دواتر ئەوە کاردانەوەی نەرێنی لەلا خولقاندووە، بۆیە کاتێ لە سانەوی سلێمانی و قوتابخانەکانی دی چەند شانۆگەرییەک نمایش



ئازاد عەبدولواحید– نەوزاد مەجید

کراون، ئەو بۆ بینینیان نەچووە، لەبەر ئەوەی لە شانۆگەرییەکەی ناو پەروەردە (کە ئێستا کاسەمۆڵە) هیچی وای نەدیوە، ئەوکاتە کە کۆتایی پەنجاکانە، هەر کارێکی هونەری بکرایە، بینەری زۆری هەبووە و خەڵکی بە پەرۆشەوە بۆی چوون.

* هەر لەو ساڵانەدا لە ڕادیۆی کرماشان، سەعات (٥)ی ئێوارە تەمسیلی کوردی هەبووە و هەموو چایخانەکانی شار ڕادیۆکەیان کردووەتەوە و خەڵکی زۆری شارەکەی لێ کۆبوونەتەوە و هیچ جێگەیەک نەماوە، بۆیە خەڵکەکە ناچار لە دەرەوەی چایخانەکە گوێیان لێ گرتووە، ئەوانە هەمووی هاندەر بوون بۆ ئەوەی زیاتر حەز لە هونەر بکات، تا ئەو ڕۆژەی لە پۆلی سێی ناوەندی، لەوانەی وێنەکێشاندا م. ئازاد شەوقی پێی وتوون وێنە بکێشن، بەڵام ئەو لەچاوی ڕەحلەکەی کتێبی (دەرهێنانی سینەمایی- الاخراج السینمائي) بە سڵ کردنەوە و شڵەژانەوە خوێندووەتەوە، مامۆستاش کە هەستی کردووە وێنە ناکێشێ و خەریکی شتێکی ترە، هاتووەتە سەری و کتێبەکەی دەرهێناوە، زۆر لەسەرخۆ پێی وتووە ئەمەش هەر هونەرە، بۆ ناچی بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا بخوێنی؟ بەڵێنیشی پێ داوە لە سێی ناوەندی دەرچێ یارمەتی بدات، ئیدی ئەو قسەیەی م. ئازاد شەوقی وەرچەرخانێکی لە ژیانیدا

دروست کردووە تا زیاتر حەز لە هونەری نواندن و سینەما بکات، هەر بە هاوکاری ئەو هونەرمەندە پێشکەشی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدای کردووە و لە پاش چاوپێکەوتن، دوای دوو ڕۆژ ناوی دەرچووە و لەوێ ڕێکەوتی هونەرمەند (تەها خەلیل) ی کردووە.

* هونەرمەند نەوزاد مەجید ئەزموونی پتر لە (٦٠) ساڵی لە کایەی هونەردا هەیە، لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٦٠ – ١٩٦١، تا ساڵی ١٩٦٤-١٩٦٥ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، بەشی شانۆی تەواو کردووە، لەسەر دەستی مامۆستایانی پەیمانگە و هونەرمەندە پێشەنگەکان، بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە شانۆی خوێندووە و زۆر زانیاری زانستی بە کەڵکی بە دەست هێناوە، هەروەها بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەر هونەری شانۆ کاری کردووە، لەبەر ئەوەی خۆی لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندییەوە حەزی بە هونەر کردووە، بۆیە هەموو ساڵەکانی خوێندنی پەیمانگەی بە سەرکەوتوویی بڕیوە. لە پەیمانگە زۆربەی لقەکانی هونەری شانۆی لە نواندن، دیکۆر، ڕووناکی سەرکەوتووانە تاقی کردووەتەوە، تەنانەت لەو ساڵانەی ئەو لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان خوێندوویەتی، هیچ کارێکی هونەریی نەبووە کە ئەو ڕووناکی بۆ دانەنابێ.

* لەبەر شارەزایی و جیددی بوونی لەو کارانەی پێیان سپاردووە، لە زۆربەی بوارە هونەرییەکاندا، گەلێک ئیشی دەرەوەی پەیمانگەشیان پێ سپاردووە ڕاپەڕێنێ، لەوانە دروستکردنی شانۆی سانەوی (حەریری) لە ناوچەی ئەعزەمییەی بەغدا، هەروەها دروستکردنی شانۆی ئامادەیی (قورەیش) لە کازمییە، تەنانەت شانۆی پۆلەکەشیان، ئەو دیکۆر و ڕووناکی و پەردەی بۆ داناوە، بەهۆی ئەو کار و چالاکییانەیەوە، ساڵی ١٩٦٤- ١٩٦٥، کە ساڵی دەرچوونیەتی لە پەیمانگە، تێزی دەرچوونەکەی لە کۆتا ساڵی خوێندن، کە دەبوو بەرهەمێک پێشکەش بکا، ئەویان لەو ئەرکە بەخشیوە و نمرەیەکی باشی دەرچوونیان داوەتێ، کە پەیمانگەی تەواو کردووە، گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و دوای چەند مانگێک لە پەروەردەی هەولێر وەک مامۆستا فەرمانی دامەزراندنەکەی بۆ دەردەکەن و دەست بەکاربوونی بۆ دەنووسرێ.

* کە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان تەواو دەکا، سەرەتای گەشتی وەزیفەی دەست پێ دەکات، یەکەم جار لە پەروەردەی هەولێر فەرمانی دامەزراندنی لە ١٩٦٥/١١/١٣ بۆ دەردەچێ و لە باتاس دەبێتە مامۆستا، لەو ڕۆژەوە لە قوتابخانەی (باتاس)ی سەرەتایی دەست بە وانە گوتنەوە دەکات، بەڵام لە هەریر ژیاوە و ژوورێکی لە ماڵی (مەلا غەفار)، کە پیاوێکی ناسراوی دەڤەرەکە بووە گرتووە، بۆیە هەموو ڕۆژێک لە هەریرەوە بەپێ دەچێتە باتاس و ماوەی (٣) ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، هەر لە سەرەتای چوونی بۆ ئەو شارۆچکەیە، لە پۆلەکاندا، یان لە کۆبوونەوەی باوکاندا، یان لە بۆنەکاندا بە گوێرەی توانایی خۆی بۆ پێشکەشکردنی کاری هونەری، هاوکاریی قوتابییەکانی کردووە و بۆ برەودان بە خۆشەویستی هونەر لەو شارەدا هانی داون.

* ساڵی ١٩٦٨ گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و لە قوتابخانەی نارنجەلەی سەر بە شارۆچکەی بیارە دەست بەکار دەبێ، دوای کەمتر لە ساڵێک، بەهۆی پشووی نیوەی ساڵەوە، کاتێ دەگەڕێتەوە سلێمانی، لە یانەی فەرمانبەرانی سلێمانی پێوەندی پێوە دەکرێ و داوای لێ دەکەن ڕووناکی بۆ ئەو تابلۆیانە دابنێ کە لەسەر دیوارەکانی هۆڵەکەدا بە دەرپەڕیوی (بارز) دروست کرابوون، تابلۆکانیش بریتی بوون لە چەند وێنەیەکی گەورەی چوارینەکانی خەیام کە لەسەر تەختەی مەعاکس،

بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دروست کرابوون، ئەمانە پارچە پارچە لەسەر دیواری هۆڵەکەدا بە شێوەیەکی جوان، بە بەرزی و نزمی دانراون، لە دەرەوەی هۆڵەکەش، لەناو ئەو حەوزی ئاوەی کە لە باخی یانەکەدا هەبووە، پەیکەری شاخ و ئەشکەوتێک دروست کراوە، دەڵێن دەستکردی هونەرمەند ئەنوەر تووفی بووە، داوایان لێ کردووە ڕووناکییەکی هونەری بۆ ئەو حەوزی ئاو و شاخ و ئەشکەوتە دابنێ، هەرچەندە ئەو ڕۆژگارە کەرستەی پێویست لەبەر دەستدا نەبووە، یان زۆر کەم بووە، بەڵام بڕیار دەدا ئەو کارە دروست بکات، هەرچەندە دانانی ڕووناکی لە ناو ئاوی ئەشکەوتەکەدا کە پێیدا هاتووەتە خوارێ، کارێکی زەحمەت بووە، بەڵام ئەو هونەرمەندە بەهرەدار و دەستڕەنگینە دوای عەزیەت و ماندووبوونێکی زۆر ئیشەکانی تەواو کردووە، کە ڕووناکییەکەی داناوە و بەدڵی هەمووان بووە، لەوەوە یەکسەر بۆ قوتابخانەی (بادینان)ی سەرەتایی کوڕان لە سلێمانی دەیگوێزنەوە.

* ساڵی ١٩٦٩ کۆمەڵێک هونەرمەندی سلێمانی کە بە نیاز بوون تیپێکی هونەری دابمەزرێنن، پێوەندی پێوە دەکەن، بۆ ئەوەی لە دامەزرانەکەیدا لەگەڵیان بەشدار بێ، هونەرمەندەکان ئەمانە بوون: نووری وەشتی، تەها خەلیل، ڕەئووف یەحیا، ئەمینی میرزا کەریم، مەحموود زێوەر، جیهان عومەر، محەمەدسدیق مەحموود محامی، پێکەوە مۆڵەتی ئەو تیپە وەردەگرن، دوای ئەوەی داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتی تیپەکە دەدەنە لایەنی پێوەندیدار کە موتەسەریفیەتی سلێمانی بووە، ڕەزامەندی تیپەکە وەردەگرن کە ناویان ناوە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)، مۆڵەتەکە لە ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/٣١ وەردەگیرێ، لەو ڕۆژەوە ئەم هونەرمەندە دەست بە کار و چالاکییەکانی خۆی دەکات، یەکەم کاری بەناوی (کێچ) وەک دەقێکی کوردی لە نووسینی حەمەسدیق مەحموود محامی بووە، ئەمیش وەک دەرهێنەر و ڕاییکردنی ڕووناکی کاری کردووە، ئەم شانۆگەرییە لە هۆڵی سانەوی سلێمانی و لە هەولێر پێشکەش کراوە، دواتر وەک درامایەک لە تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆمار کراوە، ماوەی (٢٠) ڕۆژ لە سلێمانی بینەرێکی زۆر سەردانیان کردووە و بینیویانە.

* لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندە گەورەکانی بواری شانۆ و دراما و سینەما کاری کردووە، لە (٤٧) بەرهەمی جۆراوجۆری هونەریدا بەشدار بووە، بەشێک لەو کارانەی شانۆ و فیلمی سینەمایی و درامای تەلەڤزیۆنی بوون، بەشی زۆری بەرهەمەکانی دەقی خۆماڵین، بەشەکەی دیکەشیان وەرگێڕان و ئامادەکردن و بە کوردی کردنی دەقی بێگانە بوون، زۆربەی بەرهەمەکانیشی بۆ کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بوون.

* کارەکانی دیکەی بۆ تەلەڤزیۆنەکان بوون وەک تەلەڤزیۆنەکانی: بەغدا، کەرکووک، کوردستان، گەلی کوردستان، خاک، دەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕش لە شاخ، ئینستووتی کورد لە فەڕەنسا، ڕادیۆی کوردی بەغدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بزاڤی ڕۆشنبیرانی سلێمانی، کۆمپانیای بابیلۆن، کۆمپانیای جوان، کۆمپانیای کوردستان، یەکێتیی لاوان، تا ئێستاش لە کار و چالاکییەکانی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، شان بە شانی ئەندامەکانی و دەستەی بەڕێوەبەر، بەردەوام خەریکی کار و چالاکییە، کارەکانیشی هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ لە کۆمەڵ، بوارەکانی (دەرهێنان، نواندن، دیکۆر، ڕووناکی) بووە، بەپێی قسەی هاوەڵەکانی لە هیچ کارێکدا کە پێیان سپاردبێ، کەمتەرخەمی نەنواندووە و زۆر دڵسۆزانە و بە ڕێکوپێکی جێبەجێی کردوون، بۆیە ئەویش شانازی بە هەموو کارەکانییەوە دەکات و لە هیچیشیان پەشیمان نییە.

* هەر لە سەرەتای ژیانییەوە، نەخاسمە کە لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووە، حەزی لە هونەر، بە تایبەتیش شەیدای هونەری سینەما و فۆتۆگراف بووە، زۆربەی فیلمەکانی ئەو سەردەمەی بینیوە، لەناویاندا فیلمە ئینگلیزییەکان، هەر لەو کاتەشەوە کامێرای فۆتۆگرافی هەبووە و وێنەی زۆری پێ گرتووە، ئەم وێنانەی لە ستۆدیۆی نووری شێخ فەرەج چاپ کردووە، لە کاتی شووشتنەوەی وێنەکانی، زۆر خاتری گرتووە، کەمتر لە خەڵکی دی پارەی لێ وەرگیراوە، سەرەڕای ئەوەش خاوەنی ستۆدتۆکە زۆر هانی داوە و هەموو جارێک پێی وتووە وێنەکانت زۆر جوانن و بە نایاب وەسفی کردوون.

* بۆ چوونە سینەما و کڕینی کامێرا، هەر لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و ئیشی کردووە، بە تایبەتی لە پشووی سەری ساڵاندا، کە شاگرد دەلاکی و دارتاشی و کرێکاری کردووە، لە کاتی دەوامی قوتابخانەشدا، بەیانیان زوو، لە سەعات چوار و پێنجەوە چووە بۆ ئیش و تا نزیکی کاتی چوونە قوتابخانە، بە تایبەتی لەو کاتانەی لە کارگەی شەهلا بۆ دروستکردنی ساردەمەنی (سۆدە و سیفۆن) ئیشی کردووە، بۆیە توانیویەتی بەو پارەیەی بە دەستی کەوتووە بچێتە سینەما، یان کامێرای فۆتۆگرافی و پاسکیلی پێ بکڕێ، تا ئەمڕۆش کە تەمەنی گەیشتووەتە ٨٣ ساڵ، هەموو بەیانییەک سەعات چوار بۆ پێنجی بەیانی خەبەری دەبێتەوە.

* نەوزاد مەجید، هەندێ ئیشی کردووە کە پێشتر لە شانۆ و درامای کوردیدا نەکراوە، دەتوانین بڵێین یەکەم جار بووە لە شانۆی کوردیدا بکرێن، لەوانە: دەست پێشخەر بووە لە دەرهێنانی شانۆی شیعری، ئەویش شانۆنامەی (کاوەی ئاسنگەر)ـە کە شێرکۆ بێکەس نووسیویەتی، نمایشی ئەم شانۆگەرییە ماوەی پتر لە (٢) سەعاتی خایاندووە، هەروەها یەکەم کەس بووە سینەمای تێکەڵی شانۆ کردووە، کە شانۆگەری (هەڵەی دوکتۆر) و (مرۆڤ و زەوی) و (کاوەی ئاسنگەر) نموونەی بەرجەستەی ئەو کارانەن. یەکەم هونەرمەندە کامێرای ڤیدیۆیی V.H.S ی بەکارهێناوە. چەندان شانۆگەری، لەوانە: (دوژمنی گەل) و (پەتا سپیکە) و شانۆگەرییەکانی تیپی سالار و چەندان شانۆگەری دیکەی تۆمار کردووە، بێجگە لەو بوارانە، لە هونەری فۆتۆگرافیشدا دەستێکی باڵای هەبووە، بۆیە کە لە زووەوە کامێرای هەبووە و بە وێنەگرتنەوە خەریک بووە، یەکەم کەسە لە شاری سلێمانی و بەغدا و دیوانیە پێشانگەی کردووەتەوە، سەرەتا لە ١٩٧٧/١١/٢٨ بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ لە سلێمانی پێشانگەی فۆتۆگرافی کردووەتەوە، ساڵی دواتر (١٩٧٨)، لە بەغدا، هەر لەو ساڵەشدا لە دیوانیە پێشانگەی کردووەتەوە.

* بۆ مۆڵەت وەرگرتن، هاوکاری چەندان تیپی هونەری شانۆیی کردووە، لەبەر ئەوەی خۆی و هونەرمەند تەها خەلیل بڕوانامەی ئەکادیمییان هەبووە، بۆیە بە دامەزرێنەری ئەو تیپانە دەژمێردرێ، وێڕای ئەوەش جار بە جار ئیشیشی لەگەڵ کردوون، لەوانە تیپەکانی: کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، پێشڕەو، ئەزموونگەری، ئاشتی، سەندیکای کرێکاران.

* دەبوو زۆر زووتر ئەو هونەرمەندە پڕ بەخشش و فرە بەهرەیە بەسەر بکەینەوە و بیدوێنین، بەڵام درەنگ کەوتنەکە بەخێر گەڕا، دواجار توانیمان لە ماڵەکەی خۆیدا لە سلێمانی بەسەری بکەینەوە و هەڤپەیڤینێکی بەرفراوانی لەگەڵ ساز بکەین و لەسەر هەموو وێستگەکانی ژیان و ئەزموونی بوەستین، تکایە خوێنەری ئەو هەڤپەیڤینە بن تا بزانن ئەو هونەرمەندە ماندووە چی پێیە و چی لە هەگبەکەیدایە.

**ڕامان:** کە جار جار هونەرمەند نەجاتی عەبدە دێتەوە سلێمانی، سەردانت دەکات؟

**نەوزاد مەجید:** دەمێکە نەهاتووەتەوە، بەڵام براکەی زوو زوو دێتەوە، من هەواڵی ئەو، لە براکەی دەپرسم، دەڵێ ئەویش پەکی کەوتووە، ئاخر تەمەنی هەیە، تەمەنی لە منیش گەورەترە، من کە هەشتا و سێ ساڵ دەبم، ئەو بۆ دەوری نەوەد ساڵ دەڕوا.

**ڕامان:** لەگەڵ نەجاتی عەبدە هیچ پێوەندییەکی هونەریتان هەبووە، لە هیچ کارێکی هونەریدا بە یەکەوە کارتان کردووە؟

**نەوزاد مەجید:** لەگەڵ نەجاتی عەبدە، لەم ژوورەدا پێوەندیی هونەریی زۆرمان بووە، ئەویش بە ڕێکەوت، دیارە نووری وەشتی ئەگەر ناوت بیستبێ؟

**ڕامان:** چۆن ناویم نەبیستووە؟ لە شارەوانی سلێمانی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بوو، زۆر برادەرمان بوو، ئێمە کە لە مووزەی ئیتنۆگرافی لەگەڵ م. عەبدولڕەقیب یووسف فەرمانبەر بووین، ئەو هاوکارێکی باشی ئێمە بوو.

**نەوزاد مەجید:** نووری وەشتی، بەهۆی ئەوەی پێکەوە ئەو تیپەمان دامەزراند، تێکەڵیمان لەگەڵ یەکدی زۆر بوو، ولیەم یۆحەننا و حاتەمی کارەبا، یان بڵێین حاتەمە ڕەش.

**ڕامان:** مەبەستت حاتەم سەعیدە.. باشە ئەو تیپەی یەکەم جار لە ژیانتدا لەگەڵ هاوڕێکانت دروستتان کرد، ناوی چ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ناوی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بوو.

**ڕامان:** ئەوە لە ساڵی چەند دامەزرا؟

**نەوزاد مەجید:** دوا ڕۆژی ساڵی ١٩٦٩ بوو.

**ڕامان:** پێشتر لە هیچ تیپێک، گرووپێکی دی هاوکار و بەشدار نەبووی؟

**نەوزاد مەجید:** نا، بەڵام سەردانم دەکردن.

**ڕامان:** سەردانی کام تیپەیان، سەردانی کێت دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** سەردانی سەلاح باڵا بەرز و ئەوانی دیم دەکرد کە لە تیپی شانۆ بوون، بەردەوام دەچووم بۆ لایان.

**ڕامان:** تیپی نواندنی سلێمانی دەڵێی، بەڵام ئەوە ساڵانی دوای حەفتاکانە، وا نییە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بەڵێ.

**ڕامان:** کاوەی ئەحمەد میرزا دەڵێ، ساڵی ١٩٥٧ تیپێکمان بە ناوی تیپی شانۆی شۆڕش دروست کرد.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەوە لە دەرەوە بووە.

**ڕامان:** دەرەوەی کوێ؟ لە سلێمانی بووە، ئەو تیپەیان بەناوی شۆڕش داناوە، لەگەڵ ڕەفیق چالاک لەو تیپەدا ئیشیان کردووە، دواتر کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانیان دروست کردووە و لەوێ پێکەوە ئیشیان کردووە، تۆ یەکەم تیپ کە ئیشت تێدا کردبێ کۆمەڵی وێژەی کوردی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بوو.

**ڕامان:** لەگەڵ کێ و کێ بوون، ئەوانەی کارت لەگەڵ کردن، کێ بوون؟

**نەوزاد مەجید:** نووری وەشتی، تەها خەلیل، جەمال بەختیار، مەحموود زێوەر و من بووین، ئەمانە وەکوو لیژنەی کارگێڕی بوون، ناوی ئەوانی دیکەم لەبیر چووەتەوە.

**ڕامان:** تۆش لەو دەستەی بەڕێوەبردنە، یان بڵێین لە دەستەی کارگێڕییەکەی بووی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، منیش لە لیژنەی کارگێڕی بووم، یەکەم بەڕێوەبەری هونەریی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بووم، یەکەم ئیشی هونەریی

(کۆمەڵ)یش من کردم، کە شانۆگەرییەک بوو بەناوی «کێچ»، لە نووسینی حەمەسدیقی محامی بوو، لە ساڵی ١٩٧٠ پێشکەشمان کرد.

**ڕامان:** شانۆنامەی کێچ کە دەقێکی خۆماڵییە، حەمەسدیقی محامی نووسیبووی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، لە دەرهێنانی من بوو، دوای ئەوە کارم لەسەر شانۆگەری «شایی خوێناوی» کرد، کە شێرکۆ بێکەس تەکریدی کردبوو.

**ڕامان:** ئەو شانۆنامەیەی لۆرکای شاعیری کورداندبوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، شایی خوێناوی هی لۆرکا بوو، یەکێکە لەو ئیشانەی کە شانازی پێوە دەکەم.

**ڕامان:** بۆ بەبیرهێنانەوە، پێش ئەو کارەی لۆرکا، وەک یاریدەدەری دەرهێنەر، ئیشت لە شانۆیی (شێخی تەپلە ڕەش)دا کردووە.

**نەوزاد مەجید:** ڕاستە، لەوەش گرنگتر، هەر لە حەفتاکاندا، وا بزانم لە ساڵی ١٩٧٣ بوو، ئیشێکی دیکەی (شێرکۆ بێکەس)م کرد.

**ڕامان:** ئەو کارەی کردت شانۆنامەی کاوەی ئاسنگەر بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، کاوەی ئاسنگەر بوو، لێرە حەز دەکەم یەک شت بڵێم، من شانازی بەوەوە دەکەم، کۆمەڵێک کارم کردووە، کەم کەس پێش من کردوویەتی، یەکێک لەوانە لە بواری دەرهێنان بوو، من یەکەم کەس بووم شانۆگەریی شیعریم دەرهێنابێ، لەوانەیە پێشتر شانۆگەریی شیعری، هی گۆران و کەسانی دی هەبووبێ، وەکوو باخچەی پاشا و ئەمانە، بەڵام شانۆنامەکەی شێرکۆ بێکەس، بەرانبەر شانۆنامەکانی شەکسپیر دەوەستێ، بەداخەوە دەیڵێم و لەوەشدا هەڵە نیم، بڕوا ناکەم پێنج



سلێمانی، ١٩٧٣، ستافی شانۆگەریی کاوەی ئاسنگەر، بەرهەمی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، ئەوانەی بەپێوە وەستاون، ڕیزی یەکەم لە ڕاستەوە: بەشارەت جەمال موختار، ئازاد جەلال، عەبدولی حەمەجوان. ڕیزی دووەم لە ڕاستەوە: فوئاد محەمەدئەمین ئاغا، ماجیدی خەیات، نەوزاد مەجید، عومەر عەلی ئەمین. ڕیزی سێیەم لە ڕاستەوە: ماجیدی حەمەجوان، کامەران ئەحۆل، یاسین قادر بەرزنجی، حەمەعەلی برووسک، خاڵە عەزیز، سالار قەرەداخی، جەمال عەبە نازێ، شێخ تالیب بەرزنجی، لە ڕیزی پێشەوە: تەها خەلیل.

سەد کەس کاوەی ئاسنگەری خوێندبێتەوە.

**ڕامان:** بۆچی ئەو بڕوایەت لەلا دروست بووە کە پێنج سەد کەس ئەو شانۆنامەیەیان نەخوێندووەتەوە؟

**نەوزاد مەجید:** چونکە خوێنەری کورد حەزی لە خوێندنەوەی دەقی شانۆنامە نییە، زیاتر حەزی لە چیرۆکەکانە، چونکە خوێندنەوەی شانۆنامە زەحمەتە، خوێنەر وریا نەبێ کەسایەتییەکانی لێ تێکەڵ دەبێت، من کارم لەسەر ئەوەی شێرکۆ بێکەس کرد، ماوەی نمایشەکەی دوو سەعات و قسوور بوو، زۆر سوودمان لێ کرد، حەزیش دەکەم ئەوەی ئەو بیروڕایانەم دەخوێنێتەوە، بەدوای شانۆیی کاوەی ئاسنگەردا بگەڕێ و بیخوێنێتەوە، ئەوسا دەزانێ چی نووسراوە.

**ڕامان:** ئەو شانۆنامەیەم هەر زوو خوێندووەتەوە، کاتی خۆی، مەبەستم ساڵانی حەفتایە کە چاپ

و بڵاوکرایـــەوە، بیرمــە لــە ڕۆژنامــەی هــاوکاری گفتوگۆی دروست کرد و لـە بارەیـەوە نووسرا.

**نـــەوزاد مەجیـــد:** تـــا ئێســـتاش مـــن چارەکـــی شـــانۆنامەکەم لەبـــەرە.

**ڕامـان:** لـە کاتـی نمایشـکردنی ئـەو شـانۆنامەیە، بینـــەران بێـــزار نەبـــوون، پتـــر لـــە دوو ســـەعات، کاتێکـی زۆرە بـۆ بینینـی شـانۆگەرییەک؟

**نـــەوزاد مەجیـــد:** ئـــەوەی لـــە دەرهێنـــان و جلوبـەرگ و ئـەو شـتانەی کردبوومـان، سـەرنجی بینەرانـی بـەلای خۆیـدا ڕادەکێشـا، ئەگـەر تووشـی بێـــزاری بوونایـــە، بیســـت، بیســـت و یـــەک ڕۆژ نمایـش نەدەکـرا.

**ڕامان:** چوونە ژوورەوە بە بلیت بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ.

**ڕامـــان:** بـــە پـــارە بـــۆ بینینـــی شـــانۆگەرییەکە دەهاتـــن؟

**نـــەوزاد مەجیـــد:** بەڵـــێ، بـــەڵام بلیتـــی ئەوســـا بـــە چەنـد بـوو؟

**ڕامان:** پێم خۆشە بزانم بە چەند بوو؟

**نـــەوزاد مەجیـــد:** ڕیزەکانـــی پێشـــەوە بـــە ١٥٠ فلـــس، تۆزێـــک دواوە، بـــە ١٠٠ فلـــس بـــوو.

**ڕامـــان:** تێچـــووی نمایشـــە شـــانۆییەکە و ئـــەو پارەیـەی لێتـان سـەرف کردبـوو، دەرتـان هێنایەوە، خـۆ زەرەرتـان نەکـرد؟

**نـــەوزاد مەجیـــد:** نـــەک هـــەر تێچووکـــەی خـــۆی دەرهێنایـــەوە، بگـــرە قازانجیشـــی کـــرد، دەتوانـــم بڵێـــم کۆمەڵـــی هونـــەر و وێـــژەی کـــوردی کـــە وەکـــوو تیپێـــک مایـــەوە و تـــا ئێســـتاش مـــاوە و خـۆی ڕاگـرت، لـە ڕوحـی ئـەو چیرۆکانـەوە بـوو، دوابـەدوای ئـەوە، لەلایـەن وەزارەتی ڕۆشـنبیرییەوە بودجـەی ســاڵانەیان بـــۆ دەرچـــوو.

**ڕامـــان:** وەک ئـــاگادارم ئەوســـا ئەمیندارێتیـــی گشـــتیی ڕۆشـــنبیری و لاوان، دوای ڕاپەڕینیـــش وەزارەتـی ڕۆشـنبیری سـاڵانە پـارەی بـۆ تیپـەکان تەرخـــان دەکـــرد، بەوەیـــان دەگـــوت مینحـــە.

**نـــەوزاد مەجیـــد:** بەڵـــێ، ســـاڵانە بودجەیـــان هەبـوو، بـەڵام بـە مەرجێـک بەرهەمیـان هەبێـت، دەبـــوو تیپەکـــە لـــە ســـاڵێکدا بەلانـــی کەمـــەوە بەرهەمێکـی هونـەری هەبێـت، مینحەیەکیـان بـۆ کرێـــی خانـــوو و خەرجـــی ئـــەو کارانـــە دەدانـــێ.

**ڕامـان:** وەرەوە سـەر باسـەکەت، گوتـت یەکـەم کـەس بـووی شـانۆی شـیعریت دەرهێنابـێ، چـی دیکـەت کـردووە جێـی شـانازیت بـێ.

**نـەوزاد مەجید:** یەکەم کەسیش بووم پێشانگەی فۆتۆگرافیم کردووەتەوە.

**ڕامـان:** ئـەو پێشـانگە فۆتۆگرافییـەت کـەی و لـە کـوێ کردووەتـەوە، سـاڵی چەنـد بـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** هـەر لـە سـاڵانی حەفتاکاندایـە، سـێ جـار پێشـانگەی فۆتۆگرافیـم کردووەتـەوە، لێـرە لـە سـلێمانی، لـە سـاڵی ١٩٧٧ پێشـانگەم کردووەتـــەوە، لـــە بەغـــدا و دیوانیـــە، لـــە ســـاڵی ١٩٧٨ پێشـانگەم کردووەتـەوە. یەکـەم کەسـیش بـووم کـە سـینەمام تێکەڵـی دراما کـرد، پێشـتر شـانۆگەرییەکان کـە دەکـران و لـە تەلەڤزیۆنـەکان تۆمـــار دەکـــران، وەکـــوو شـــانۆگەرییەک لـــەوێ وێنەیـان دەگـرت و دەیانگوێزایـەوە.

**ڕامـــان:** مەبەســـتت درامـــای (ژیان)ـــە، یـــان (تاوانێـک لـە ئاسـمانەوە) کـە هونەرمەنـد تەهـا بابـــان وەک ئەکتـــەر نمایشـــی تێـــدا کـــرد؟

**نـــەوزاد مەجیـــد:** بێجگـــە لـــەوەی تەهـــا بابـــان، کـــە مـــن وەک یاریـــدەدەری وێنەگـــری تەلەڤزیۆنـــی کەرکـــووک کارم تێـــدا کـــردووە، ئەکتەرێکمـــان هەبـوو کـە بەسـەر دیوارەکـە، بەسـەر محەجـەرەی نەخۆشـــخانەکەدا ســـەر دەکـــەوێ و دەچێتـــە لای نەخـۆش، کـە ئـەوە (ساڵح دڵخۆش)ی نـاو بـوو، ئەمـە لەگـەڵ ئـەوەی تەهـا بابـان جیـاواز بـوو،

ئەوەیـان نـاوی (هەڵـەی دوکتـۆر) بـوو، گرتـە سـینەماییەکان مـن وێنـەم گرتـوون، دەرهێنانـی تەهـا خەلیـل بـوو.

**ڕامان:** ئەی بۆ (مرۆڤ و زەوی) چی دەڵێی؟

**نـەوزاد مەجیـد:** لە (مرۆڤ و زەوی)شدا هونەری سینەمام تێکەڵ کردبوو، کە لە نووسینی تەهـا بابـان بـوو، بـەڵام گەورەتریـن کاری سـینەمام لـە ئیشـی شـانۆییدا تێکـەڵ کردبـێ، لـە کاوەی ئاسنگەر بوو، بە داخەوە ڕەزامەندی پێشکەش کردنـی نـەدرا، تەنانـەت لەگـەڵ ئیشـەکە زیاتـر لـە بیسـت دەققـە سـینەمای تێـدا بـوو، کـە لـە سـەرچنار تۆمارمـان کـرد.

**ڕامـان:** ئـەو تێهەڵکێـش کردنـی سـینەمایەت لـە شـانۆگەری کاوەی ئاسـنگەردا کـردووە، بـەڵام کـە قەدەغـە کـراوە و بینـەران نەیاندیـوە، دەستپێشـخەرییە مێژووییەکـەت بـۆ تۆمـار دەکـرێ؟

**نـەوزاد مەجیـد:** ئەگـەر هاوڕێکانـم تۆزێـک لەبیریـان مابێـت، دەزانـن ئـەو کاوەی ئاسـنگەرەم بۆچـی کـرد؟ لـەو ماوەیـەدا کاوەی ئاسـنگەر زۆر نمایـش دەکـرا، ئەژدەهـاک، یـان زوحـاک کەوتـووە، کاوە بـە خـۆی و چەکوشـێکی مقەببـاوە دێ، دەکێشـێ بـە سـەریدا و دەکـەوێ، مـن زۆر لـەوە بێتاقـەت دەبـووم.

**ڕامان:** بەڵام لای شێرکۆ بێکەس بە تێڕوانینێکی نوێـوە مامەڵـە لەگـەڵ کاوەی ئاسـنگەر کـراوە و نووسراوە.

**نـەوزاد مەجیـد:** مـن کـە ئـەوەی (شـێرکۆ بێکـەس)م خوێنـدەوە گوتـم ئەمەیـە دەق، چەنـدی ئیشـی تێـدا بکـرێ هێشـتا کەمە، ئەوەنـدە بەهێزە، کـە ئیشـەکە کـرا، خەڵکـی خسـتە گومانـەوە، ئایـا کاوە، یـان زوحـاک ڕاسـتە؟ ئەژدەهـاک کـە زوحاکـی پـێ دەڵێـن، ئـەو کەسـایەتییە ئەوەنـدە زەلیـل نییـە، ئـەو کۆتـرە چەکوشـێکی پێـدا بکێشـێ و بمـرێ و ئـەم سـەر کـەوێ.

**ڕامـان:** هیـچ بڕگەیەکـت لـە شـانۆنامەکە لەبیـر مـاوە ئـەو قسـەیەی خۆتـی پـێ بسـەلمێنی؟

**نـەوزاد مەجیـد:** ئەو بڕگەیەت بۆ دەگێڕمەوە، کە پـاش ئـەوەی کاوە سـەردەکەوێ، دێتـە ژوورەکـەی ئەژدەهـاک، چەکوشـەکەی بـە دەسـتەوەیە و بـە خـۆی و چەکوشـەکەیەوە دێتـە بەردەمـی و پێـی دەڵـێ، مەبـزوو، دەسـت هەڵبـڕە، چـوار دەوری قەڵاکـەت ئاگرە! سـەیری ئـەم وەڵامـەی زوحـاک، دەڵـێ ئەژدەهـاک و دەسـتهەڵبڕین؟ ئەگـەر ئاسـمان و زەمیـن لـە یـەک بـدەن، مـن نابینـن دەستبەسـەر بـم، کڕنـۆش بـۆ عەبـدی خـۆم بـەرم، دەبـێ بـە شـەڕیان.

## یەکەم ئیشی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، کە شانۆگەری کێچ بوو، من کردم.

**ڕامـان:** وەک دەرهێنان خوێندنەوەی نوێـی تـۆ بـۆ دەقەکە چـی بوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** لـە شـەڕەکەدا هونـەرم لـە دەرهێنانەکـەدا نواندبـوو، کاوە شمشـێرەکەی لـێ دەکـەوێ، زوحـاک شمشـێرەکەی دەداتـەوە، بـەڵام کـە زوحـاک شمشـێرەکەی لـێ دەکـەوێ، لەگـەڵ دادێتـەوە، کاوە لـە دواوە دەیکـوژێ، واتـە کاوە بـە غـەدر زوحاکـی کوشـت، مـن وام لـێ کردبوو.

**ڕامـان:** شـێرکۆ بێکـەس بـەو دەسـتکاری کردنـە ڕازی بـوو، پێـی ناخـۆش نەبوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** شـێرکۆ بێکـەس تۆزێـک بـەو دەسـتکاری کردنـە عاجـز بـوو، گوتـی یەکجـار بـەو شـێوەیە نـا.

**ڕامـان:** بـۆ دەرخسـتنی هێـزی زوحـاک چیـت کـرد؟

**نـەوزاد مەجیـد:** حـەز دەکـەم لەو بڕگەیـەدا بڵێم، کـە جەماعەتـی کاوە تـا ڕادەیـەک لـە دژی زوحـاک

بەکرێگیراو بوون، چونکە زوحاک شۆڕشی بەسەر جەماعەتی شا فەرەیدوون و ئەواندا کردبوو، شا فەرەیدوون و ئەوانیش پیلانیان لە دژی دەکرد، لێرەدا زوحاک پێی دەزانێ، دەڵێ دوای هەواڵی نهێنیزان، مەبەستی سیخوڕە، وای ڕاگەیاند کە فەرەیدوون، مەبەستی شا فەرەیدوونە، وا لە ناوچەی پیرەمەگروونە، چاوەڕوانین دڵنیا بین، ئەوسا خۆمان ئامادە دەکەین، لەناکاو بەسەریدا دەدەین، بەڵام کە گرتم، نایکوژم، دەیکەم بە پەند، بە دنیادا دەیگەڕێنم، ئا لێرە، لەم شوێنەدا، شا فەرەیدوون وەکوو مەیموون بۆ گاڵتە هەڵدەپەڕێنم، ئەمە بەهێزییە، لەبەر ئەوەی زوحاک ئەوە نییە تۆ بە چەکوشێک لێی بدەی و بمرێ، دەبێ بەرگرییەکی بەهێزی هەبێت.

**ڕامان:** بەهێزیی مرۆڤ لەوکاتەدا دەردەکەوێ کە بەسەر دوژمن و ناحەزێکی بەهێزدا سەرکەوێت، نەک کەسێکی لاواز.. باسێکی «کێچ»مان بۆ بکە، لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردیدا، ئەوە یەکەم ئیشت بووە کردبێتت؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەو ئیشە لە نووسینی حەمەسدیقی محامی بوو.

**ڕامان:** ساڵی چەند ئەو دەرهێنانەی خۆتان، پێشکەش کرد؟


**نەوزاد مەجید:** ئەوە ساڵی ١٩٧٠ پێشکەش کرا.

**ڕامان:** ئەکتەرەکانی بەشدارییان تێدا کرد، کێ بوون؟

**نەوزاد مەجید:** ئەکتەرەکان تەها خەلیل، ڕەئووف یەحیا، ماجدی خەیات، تا ڕادەیەک عەبدولی حەمەجوان بوون.

**ڕامان:** چەند ڕۆژ نمایش کرا؟

**نەوزاد مەجید:** هیچ ئیشێکی من لە بیست



**سلێمانی (نزیک هەڵەبجە)، ١٩٧٥، وێنەگرتنی دیمەنێکی دەرەوەی ستۆدیۆ.**

ڕۆژ کەمتر نمایش نەکراوە، هەموو هۆڵەکەش قەپات بووە، حەز دەکەم یەک شت بڵێم، «شایی خوێناوی»یەکەی لۆرکا کە پێشکەشم کرد، وەرزی بەهار بوو، ئەکتەرەکانم برد بۆ دووکان، وەکوو سەیرانێکی سادە نانێکمان پێ بوو، خواردمان و هاتینەوە، کە هاتینەوە سەیری بەردەرگای سانەوی سلێمانی دەکەین چۆڵوهۆڵە، کەسی لێ نییە، وامزانی کەس نەهاتووە، بیتاقەبڕ و ئەوانی دیکە لەوێ نین، وەختێک دەرگا دەکەمەوە، دەبینم دەرگایان داخستووە، هۆڵەکە ئەوەندە پڕە، جێگای یەک کەس نەماوە کە بە پێوەش ڕاوەستێت.

**ڕامان:** مەبەستت ئەوەیە بڵێی ئەو کاتە بینەری زۆرتان هەبووە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بینەری زۆرمان هەبوو، سەعات چوار پێشکەش دەکرا، دەبینین لە سەعات دووەوە هۆڵەکە داخراوە، سەعات یەک لە دووکان دەرچووین، ئێمە دوو هاتینەوە، دوو لە بەردەمی سانەوی سلێمانیدا بووین کە بچین

لە پشتەوە خۆمان بگۆڕین.

**ڕامان:** بۆ بینینی شانۆگەرییەکە لە سەعات چوار، ئەوان هەموویان لە سەعات دووەوە لە هۆڵەکە دانیشتبوون؟

**نەوزاد مەجید:** لە سەعات دووەوە دانیشتبوون.

**ڕامان:** بەڕاستی ئەوە شتێکی جوانە، ئەو گەرموگوڕییەی بینەری ئەوسا لە کوێ و بینەری ئێستا لە کوێ.

**نەوزاد مەجید:** ئیتر بزانە، بیست و یەک، بیست و دوو ڕۆژ زیاتر نمایشمان هەبوو.

**ڕامان:** من دەقی ئەو شانۆگەرییە و ئەوانی دیکەی لۆرکام بە زمانی عەرەبی خوێندووەتەوە.

**نەوزاد مەجید:** لۆرکا نووسەرێکی ئیسپانییە.

**ڕامان:** بەڵێ، ناوی تەواوی فردریکۆ گارسیا لۆرکایە، شاعیرێکی گەورە و بە هەڵوێست بوو، بە شاعیری قەرەجەکان ناسراوە، فرانکۆ تیربارانی کرد.. ئەوانەی مۆڵەتەکەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردییان وەرگرت چەند کەس بوون؟ بە ناوی چەند کەسەوە دەرچوو؟

**نەوزاد مەجید:** هەر پێنج کەس بووین، لە سەرەتاوە پێنج کەس ناوی هاتەوە، دوایی زۆر بووین.

**ڕامان:** هەمووتان دەرچووی ئەکادیمیا و پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوون؟

**نەوزاد مەجید:** نەخێر، ئەو کاتە ئەگەر ویستبات تیپی هونەری دابنێیت، مۆڵەت بە هیچ تیپێک نەدەدرا، ئەگەر دوو کەسی دەرچووی ئەکادیمیا و پەیمانگەی لەگەڵ نەبوایە.

**ڕامان:** ڕاستە، ئەمەم لەبیرە، ئەم مەرجەیان بۆ مۆڵەتدان بە تیپە هونەرییەکان هەبوو.

**نەوزاد مەجید:** بۆیە وەک دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، ئەوسا هەر تیپێک کە دادەمەزرا، منی تێدا بووم، چونکە بڕوانامەم هەبوو، تیپی ئاشتی، تیپی کرێکاران، تیپی ئەزموونگەری، یەک دوو تیپی دیکەش من ئەندامی دەستەی دامەزرێنەریان بووم، ئەگەر دوو کەسی وەک منی تێدا نەبوایە کە بڕوانامەمان هەبوو، مۆڵەتیان نەدەدانێ.

**ڕامان:** تۆش کە ئەو تیپانە داوایان لێ دەکردی، بەبێ مەرج هاوکاریت دەکردن؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، کە داوایان لێ دەکردم، حەزم دەکرد هاوکارییان بکەم، بۆ ئەوەی تیپی هونەری زۆر بن و هونەرەکە زیاتر پێش بکەوێ.

**ڕامان:** بۆ ئەوەی هونەر پتر لەناو خەڵکی ئێمە و لە کوردستاندا ڕەواجی هەبێت.

**نەوزاد مەجید:** دەنا خۆ هیچ شتێکی بۆ من تێدا نەبووە، جاروبار بەشداریم لە کارەکانیشیان دەکرد، تەنیا بۆ مۆڵەت وەرگرتنەکە ناوم لە پێنج تیپدا هەبووە.

**ڕامان:** تیپەکانی هاوکاریت کردوون، ناوی سێیانت گوت، بە کۆمەڵی هونەر و وێژەوە چوار، ئەی پێنجەمەکە، دیارە هەموویت لەبیر نەماوە؟

**نەوزاد مەجید:** بێجگە لە کۆمەڵی هونەری وێژەی کوردی، تیپەکانی: پێشڕەو، سەندیکای کرێکاران، ئاشتی، تیپێکی عەباس ژاژڵەیی بەناوی ئاشتی بوو، ئەزموونگەری، ئەو تیپانە داوایان لێ دەکردم یارمەتییان بدەم، بۆ ئەوەی بڵێم منیش ئەندامی ئەو تیپەم، بۆیە کە داواکەیان پێشکەشی ئاسایش دەکرد و دەیانزانی دوو کەسی دەرچووی ئەکادیمیا و پەیمانگەیان تێدایە، مۆڵەتەکەیان دەدا، من و تەها خەلیل هەردووکمان دەرچووی پەیمانگە بووین، بە یەکیشەوە دەرچووین، گرفتمان نەبوو، ئەوانەی دیکەشمان ڕەئووف یەحیا، نووری وەشتی، قادر نووری، لەگەڵ ئەوانی دی

کە ئەزموونیان هەبوو، قادر نووری دوایی بۆ خوێندنی سینەما چووە مۆسکۆ.

**ڕامان:** ئێمە باسی قۆناغی سەرەتاییمان کرد، دوو ساڵ لە قوتابخانەی مەڵکەندی ١٩٥٥ - ١٩٥٦ مایتەوە، ئەوجا چوویتە تاقیکردنەوەی بەکالۆریا و شەشی سەرەتاییت تەواو کرد، ئەو قۆناغەمان بە تێری باس کرد، ساڵی چەند چوویتە ناوەندی؟ ناوەندییەکەت ناوی چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئەوسا ناوەندی نەبوو، هەر بە سانەوی ناو دەبرا، سانەویی سلێمانی، ناوەندی و سانەویش بوو.

**ڕامان:** بەڵێ، قۆناغی سانەوی، ناوەندی و ئامادەیی پێکەوە پێنج ساڵ بوون.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، من چوومە ناوەندییەکەی سلێمانی، هەر سانەویشیان پێ دەگوت، کە دەیانگوت لە کوێی، دەمگوت لە سانەویی سلێمانیم.

**ڕامان:** بەڵێ، ئەوە ڕاستە، من ئەوەم لەبیرە.

**نەوزاد مەجید:** بەڵام خۆم لە ناوەندی بووم، لەوێ بووم بە قوتابی قۆناغی ناوەندی، سێ ساڵەکەی ناوەندیم هەر لەوێ تەواو کرد، دوای تەواوبوونەکە، ئەوە بوو لە وانەیەکی هونەریدا کە م. ئازاد شەوقی هات بەسەردا کتێبێکم بەناوی دەرهێنانی سینەما دەخوێندەوە، ئەو کە بینی من خەریکی شتێکی ترم، هات کتێبەکەی لە چاوی ڕەحلەکە دەرهێنا و زۆر لەسەرخۆ پێی وتم ئەمەش هەر هونەرە، ئەگەر دەرچووی، منیش یارمەتیت دەدەم. ئەوە بوو هانی دام بچم بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکان.

**ڕامان:** ئەو پشتیوانی و هاندانەی م. ئازاد شەوقی زۆر گرنگە.

**نەوزاد مەجید:** نەک هەر گرنگ، بگرە وەرچەرخانێکی لە ژیانمدا دروست کرد.

**ڕامان:** ئێستا ئێمە لەسەر قۆناغی ناوەندی، یان ئەوەی پێی دەوترا سانەوی دەوەستین، کە چوویتە سانەویی سلێمانی، لەوێش هۆڵێکی شانۆیی باشی لێیە، وا نییە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەو سانەوییە هۆڵێکی شانۆیی لێیە.

**ڕامان:** وەک ئاگادارم، زۆر لە شانۆکاران ستایشی ئەو هۆڵە دەکەن، منیش بۆ بینینی ئەو شانۆییانەی لەوێ نمایش دەکران زۆر سەردانی ئەو هۆڵەم کردووە.. تۆ لەوێ لەسەر شانۆ کاری شانۆییت نەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** ئەو کاتە لەبەر ئەوەی من قوتابی بووم، وەکوو خۆم کارم نەکردووە، بەڵام کە ئیشی هونەریی لێ دەکرا، هۆڵەکەی نمایشی تێدا دەکرا و لەبەر دەستماندا بوو، بۆیە بۆی دەچووم.

**شانۆگەری شایی خوێناوی، یەکێکە لەو ئیشانەی کە شانازی پێوە دەکەم.**

**ڕامان:** چ شانۆگەرییەکت لەوێ بینی ؟

**نەوزاد مەجید:** ئەوەی کە لەوێ بینیم ئەوەی ئەنوەر تووفی بوو، (هاملێت)ی (حەمە فەرەج)م هەر لەوێ بینی، وا بزانم یەک دوو ئیشی دیکەشم بینی کە نایەنەوە خەیاڵم، چونکە هەروەک گوتم ئەوسا لە ماوەی چەند ساڵێکدا ئیشێک دەکرا، بۆیە ئەو دوو ئیشەم لەوێ دیوە.

**ڕامان:** تۆ شانۆیی (عوتەیل)ت بینی، یان (هاملێت)ت لەوێ بینیوە؟

**نەوزاد مەجید:** هەردوو شانۆییەکەم بینی.

**ڕامان:** عوتەیڵ دەرهێنانی ئەنوەر تووفی بوو.

**نەوزاد مەجید:** وایە، (عوتەیڵ) هی ئەنوەر تووفی بوو، (هاملێت)یش هی حەمەفەرەج بوو.

**ڕامان:** لە کاتی خوێندنت لەو سانەوییە، لە

ڕووی هونەرییـەوە چ سـوودێکت وەرگـرت؟

**نـەوزاد مەجیـد:** ناتوانـم بڵێـم زۆر سـوودم وەرگـرت، بـەڵام وەکـوو هەوێنێـک وابـوو بـۆم، وەکوو هاندەرێک، حەزکردنێک بوو، کە حەزەکانم زیاتـر بـکا، ئـەوەی پـێ بەخشـیم.

**ڕامـان:** لـەو سـەردەمەی تـۆ خوێنـدت، ئـەو قوتابییانـەی دواتـر بوونـە کەسـانی بەناوبانـگ و ناسـراو لـە بـواری هونـەر، هونـەری موزیـک، گۆرانـی، شـێوەکاری، شـانۆ، کێـت لـەو ناوانـە لەبیـرە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** پرسـیارەکە بـە دوو لـق دێتـە بەرچـاوم، ئایا خـۆی بەخۆڕسک، یـان لـە بەغـدا دەرچوویـێ؟

**ڕامـان:** نـا، لەو سانەوییەی سلێمانی دەرچووبێت، لـەوێ پێکـەوە قوتابـی بووبـن، دواتـر لـە کایـەی هونەریـدا ئیشـی کردبـێ و ناوبانگـی بەنـاو خەڵکدا بـڵاو بووبێتـەوە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** لـەوێ بەهرەی هونەریم نەبینی، بـەڵام لـە بـواری فیزیـا و کیمیـا و زانسـت هەنـدێ هاوڕێـم وەکـوو نـووری عـارف و کوڕێکـی دیکەمـان هەبـوو (جەمـال)ی نـاو بـوو.

**ڕامان:** جەمال کێ، ناوی باوکی چ بوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** جەمـال، چاوێکیشـی نەختێـک خێـل بـوو، ئـەو دووانـە، زۆر زیـرەک بـوون، ئەوانـەم دێنـە بەرچـاو، بـەڵام بەهـرەی هونەریمـان لەگـەڵ نەبـوو، لەوانەیـە جەمـال سـاڵێک دەوامـی کردبـێ و لێـی دابڕابـم، چونکـە هـەر زوو خەبـەری نەمـا.

**ڕامـان:** ئـەو کاتـە لـە وانـەی هونـەر، سـروود، یـان هونـەری نیگارکێشـانتان دەخوێنـد؟

**نـەوزاد مەجیـد:** نا، تەنیا هونەری وێنەکێشـانمان هەبـوو کـە پێمان دەگوت ڕەسـم.

**ڕامـان:** کـێ هونـەری نیگارکێشـانی بـە ئێـوە دەگوتـەوە؟ مامۆسـتاکەتان نـاوی چ بـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** هـەر م. ئـازاد شـەوقی بـوو، ئەگـەر خەیاڵـم، یـان مێشـکم یارمەتیـم بـدات، وابزانـم یـەک سـاڵیش م. ئەنـوەر تووفـی دەرسـی پـێ گوتیـن.

**ڕامان:** هەر لەو قوتابخانەیە بوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** ئـا، هـەر لەوێش بـوو م. ئەنوەر تووفـی منـی ناسـی، کـە لـەلای قوتابـی بـووم، ئەوکاتـە هەمیشـە کامێـرام پـێ بـوو.

**ڕامـان:** لـەو کاتـەوە حەزت لـە کامێـرا و وێنەگرتن بووە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** کامێـرای فۆتۆگرافـی، نـەک سینەمایی، هەمـوو کات کامێرای فۆتۆگرافیـم پـێ بـووە، هەمیشـە حـەزم کـردووە وێنـە بگـرم.

**ڕامـان:** ئـەوە گرنگـە، ئـاگام لێیە لەمێژە عاشـقی کامێـرای و وەک هونـەر بایەخـت بـە فۆتۆگـراف داوە، تـۆ فۆتۆگرافەرێکـی باشـی.

**نـەوزاد مەجیـد:** لـەوەوە م. ئەنـوەر تووفـی دەیزانـی، دوای ئـەوە چوومـە چالاکیـی هونـەری، پاشـان چوومـە هۆیەکانـی پـەروەردە — الوسـائل التعلیمیـة، وێنـەی هەواڵەکانـی سـلێمانیم دەگـرت.

**ڕامـان:** دوایـی دێینـەوە سـەر ئـەم لایەنـە و زیاتر باسـی دەکەیـن.. لـە قۆناغـی سانەوی، لـەو کاتەی کـە لـەوێ لـە ناوەنـدی بـووی، چەنـد سـوودت لـە هونەرمەنـدان م. ئـازاد شـەوقی و ئەنـوەر تووفـی وەرگـرت؟ هـەر تەنیـا هاندانەکـە بـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، هاندانەکـە زۆر بـوو، بەتاییـەت ئـەوەی م. ئـازاد شـەوقی و م. (ئەنـوەر تووفـی)ش، هەردووکیـان بـۆ هاندانەکـە وەک یـەک بـوون، هەردووکیـان هانـدەرم بـوون، بـەڵام هانـدان و پشـتیوانییەکەی م. ئـازاد شـەوقی زۆرتـر بـوو.

**ڕامـان:** کـە ناوەندیـت تـەواو کـرد، ئیـدی بـەرەو خوێندنـی پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکانـی بەغـدا

چووی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بۆ هونەرە جوانەکانی ئەوێ پێشکەشم کرد.

**ڕامان:** باسێکی ئەوەم بۆ بکە، چۆن پێشکەشی پەیمانگەت کرد، چۆن چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردی؟

**نەوزاد مەجید:** ئەو چاوپێکەوتنە زۆر گرنگ بوو، لەو کاتەدا لە یەک دوو وانە کەوتبووم، کە نمرەکەی سێی ناوەندیم وەرگرتەوە و دەرچووم، نمرەکە و ڕەگەزنامەی عێراقی و چەند شتێکی دیکەی وەک بەڵگەنامەی پشتیوانی کە ئەو کەسە نەخۆش نەبێت، یان بەند نەکرابێت (عدم محكومية)، ئەوانەم هەموو کرد بە فایلێک و بردمن بۆ بەغدا، لەوێ پێشکەشی پەیمانگەم کرد، ئیدی هەموو ڕۆژێ تەماشای ڕۆژنامەکانمان دەکرد و گوێمان لە هەواڵەکان دەگرت تاکوو ناوەکان دەرچوون، خۆشبەختانە سێیەم کەس ناوم دەرچووبوو، ڕۆژی چاوپێکەوتن دانرابوو، بەلای منەوە ئەوە زەحمەتترین شت بوو.

**ڕامان:** زەحمەتەکەی چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** کە چوومە چاوپێکەوتنەکە، دوای دوو کەس نۆرەم هات، شانۆیەکی بچکۆلە بوو، زیاد لە دە پانزدە مامۆستا بەرانبەرم دانیشتبوون، دەبینم هەر یەکەیان پرسیارێکم لێ دەکات، منیش یەکەم جارە لە بەغدام و عەرەبییەکەم باش نییە، دە وەرە وەڵامی ئەو هەموو شارەزایە بدەرەوە.

**ڕامان:** نەتزانی ئەو مامۆستایانە کێ بوون؟

**نەوزاد مەجید:** ناوی هەموویانم لەبەرە.

**ڕامان:** زۆرم پێ خۆشە یەکە یەکە باسیان بکەی و ناویان بێنی.

**نەوزاد مەجید:** لەوانەی کە زۆر پرسیاری لێ کردم، ئەسعەد عەبدولڕەزاق بوو.

**ڕامان:** هونەرمەند حەقی شبلی لەناو مامۆستاکان بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەی (بەهنام میخائیل)ی تێدا بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، لەو چاوپێکەوتنەوە ئیتر بەهنام میخائیل لە ژیانی مندا بوو بە کەسایەتییەکی تایبەت، سەعدوون عوبەیدی و ئافرەتێک ناوی عالییە فەتاح تورک بوو، هەروەها جاسم عەبوودی بوو.

**ڕامان:** ئەو ژنە کە ناوی عالییە فەتاح تورک بوو، شێوەکار و پەیکەرسازێکیش لە بەغدا هەیە ناوی ئیسماعیل فەتاح تورک بوو.

**نەوزاد مەجید:** ئاخر ئەویش هەر لەوانە بوو.

**ڕامان:** دیارە خزمی یەکترن.

**نەوزاد مەجید:** جەعفەر سەعدی و جەعفەر عەلی بوون. ئەوانەی ناوم هێنان لە پەیمانگە مامۆستای ناسراو بوون، ئیتر پرسیارەکان زۆر و هەمەڕەنگ بوون، پرسیارەکان زیاتر هیی خەیاڵ، پرسیاری «سرعة البديهة» بوون، یەکێک لە پرسیارەکان گوتیان کراسەکەت چەند قۆپچەی پێوەیە، تۆ دەبێ یەکسەر بیڵێی، بڵێ دە قۆپچەی پێوەیە، گرنگ ئەوەیە نەوەستی، ئەگەر قۆپچەکانیش بژمێری ئەوە باشترە، ئەوە یەکێک لە پرسیارەکان بوو.

**ڕامان:** ئەگەر لەبیرت مابێ، پرسیارەکانی دیکە چی بوون؟

**نەوزاد مەجید:** لەبیرمە یەکێک لەو مامۆستایانە بەهنام میخائیل بوو، بە کوردی قسەی لەگەڵ کردم، پرسیاری زۆری لێ کردم، منیش خێرا و بەبێ شڵەژان وەڵامم دەدایەوە. کەمانچەیەکی هێنا و گوتی وەرە دەقەیەک کەمانچەمان بۆ بژەنە. گوتم مامۆستا ئەگەر بمزانیایە پێشکەشی بەشی مۆسیقام دەکرد، ئەو وەڵامەی پێ خۆش

بوو، یان وتی دوا فیلم لە سینەما بینیبێتت چی بوو؟

**ڕامان:** نەتزانی مەبەستی لەو پرسیارانە چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** هەموو پرسیارەکان پێوەندی بەوەوە بوو کە تۆ پەکت ناکەوێ، یەکسەر وەڵام بدەرەوە، با هەڵەش بێ.

**ڕامان:** بۆ شانۆ، ئامانجیان لەو جۆرە پرسیارانە چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** دواتر زانیم پرسیارەکانیان بۆ ئەوەیە ئەگەر تۆ لەسەر شانۆ دەورەکەت لەبیر چووەوە، دەبێ خۆت شت بڵێی، لەو دەرفەتە کورتەدا تا دەچیتەوە سەر بابەتەکە، خۆ ئەگەر ئەکتەرەکەی بەرانبەرت زیرەک بێ، ئەو دەتوانێ زیاتر یارمەتیت بدا.

**ڕامان:** گوتت هونەرمەند ئەسعەد عەبدولڕەزاق پرسیاری زۆری لێ کردی؟

**نەوزاد مەجید:** ئەو و بەهنام میخائیل زۆر پرسیاریان لێ کردم، یەکێک لەو شتانەی کە لێی پرسیم، گوتی وابزانە لە بیابانێکدای گەرمە و زۆرت تینووە، دەگەیتە شوێنێک، لە پەنایەک شەربەیەک دانراوە ئاوی تێدایە، نەختێک ئاو بخۆرەوە، بزانم چۆن دەیخۆیتەوە. نواندنەکەم بۆ کرد، بەڵام کە چوومە سەر ئاو خواردنەوەکە، دنیایەک ڕەخنەی لێ گرتم، گوتی جارێ ئەوەی پێت خواردەوە پەرداخ نەبوو، پیاڵە بوو، دیارە بەو شێوەیەی گرتوومە، شێوەی گرتنی پەرداخ نەبووە، هی پیاڵە بووە، دوو تینووت نەبووە، زۆر ئاسایی ئاوەکەت خواردەوە، کۆمەڵێک ڕەخنەی لەو بابەتەی لێم هەبوو.

**ڕامان:** بۆ ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووت کرانەوە، کامەیان پتر ڕەخنەی لێ گرتی؟

**نەوزاد مەجید:** زیاتر بەهنام میخائیل بوو. یەک شتی بەهنام میخائیل دەگێڕمەوە، حەز دەکەم هەموو قوتابییەکی هونەر بیزانێ. لە بەغدا هەموو ساڵێک مامۆستاکان ئیشێکی هونەرییان دەکرد، من لە ئیشێکی (بەهنام میخائیل)دا بەڕێوەبەری شانۆکەی بووم، دیارە دوای هەموو بەرهەمێک، کە ئەو شەوەی نمایشەکە دەکرێ، مامۆستا کە دەرهێنەریشە کۆی دەکردینەوە. بەهنام میخائیل و من کە بەڕێوەبەری شانۆکەی بووم، دەیگوت هەڵەکانت ئەمەیە و ئەوەیە، سبەینێ ئەمانە دووپات نەبنەوە.

**ڕامان:** ئەو قوتابیانەی بەهنام میخائیل کە زۆریان لە نزیکەوە ناسیومن زۆر باسی ئەو مامۆستایەیان بۆ دەکردم کە زۆری لێوە فێربوون.

**نەوزاد مەجید:** منیش زۆری لێوە فێربووم، بۆ نموونە دەیگوت بۆ بەیانی ڕاپۆرتێکم لەسەر دەرهێنانی شانۆیی، ڕووناکی شانۆیی، دەقی شانۆیی دەوێ، چیت هەیە ڕاپۆرتێکم لە بارەیەوە دەوێ، ئەو ڕاپۆرتەی کە دەیویست بە لانی کەمەوە دە پەڕە بوو، حەوت پەڕ بۆ دە پەڕی داوا دەکرد، دەبێ بینووسن، هەموو قوتابیان دەمانگوت، زستانە، سەرمایە، مامۆستا تا ئێستا نانمان نەخواردووە. دەیگوت وایە، ڕاستە. دەمانگوت تا نان دەخۆین دەبێ بە سەعات دوازدە. دەیگوت وایە. دەمانگوت لە بەشە ناوخۆیی سەعات دوازدە کارەبامان لێ دەکوژێننەوە. دەیگوت وایە. ئێستا پاس نەماوە دەبێ بە پێ بڕۆین، درەنگ دەگەینە ئەوێ. بۆ هەمووی دەیگوت وایە. دوا شت دەیگوت کێشەی من نییە، دەبێ خۆتان بیکەن.

**ڕامان:** دواجار ئەو ئەرکەی پێی دەسپاردن پێتان جێبەجێ دەکرا؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، وای لێ دەکردین لەبەر

گڵۆپـی سـەر شـەقامەکان، لـەلای پاسـەوانەکان، لەبـەر مـۆم، ئـەو ڕاپۆرتـەی بۆ بنووسـین، بەیانیش یەکـەم وانـە ئەوەمـان هەیـە، ئەمـە یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی بەهنـام میخائیـل بـوو.

**ڕامـان:** خەسـڵەتی دیکەی ئـەو مامۆسـتا تایبەتییە چـی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** یەکێک لە شتە سەیروسـەمەرەکانی ئـەوە بـوو، بڵێیـن مامۆسـتا کاتێکـی بـۆ دانابوویـن، پێـی دەگوتیـن سـبەینێ، یـان فڵانـە ڕۆژ تاقیکردنـەوەی دەرهێنانـی شـانۆتان هەیـە، هەمـوو کۆششـمان لـەو فەسـڵەدا دەکـرد کـە داییووینـێ، دەسـتمان بـە سـەعی دەکـرد، پێـش ئـەوەی ئـەو بـێ، وەرەقەکانمـان ئامـادە کـردووە و نـاوی خۆمـان نووسـیوە و چاوەڕێـی پرسـیاری بەهنـام میخائیـل دەکەیـن، کـە دەهـات چـی بڵـێ باشـە، دەیگـوت تاقیـم کردوونەتـەوە، وەرەقەکانتـان هەڵگـرن. ئـێ مامۆسـتا لـە کـوێ تاقیمانـت کردووەتـەوە، ئـەوە تاقیکردنـەوەی ئەمڕۆیـە! دەیگـوت نـەء تاقیـم کردوونەتـەوە.

**ڕامـان:** ڕاستە ئەرکی خستووەتە سـەر شانتان و مانـدووی کـردوون، بـەڵام زۆر شـتی چاکـی لێـوە فێربوون.

**نـەوزاد مەجیـد:** سـەیری ئـەم زەلامـە بکـە، چۆنـە! هەمـوو شـانۆیەک لـە سـەرەوە پردێـک هەیـە لەمبـەرەوە بـۆ ئەوبـەر بـە گوتـەی مەسـیح پێـی دەڵێـن «پـردی پشـیلە»، واتـە پردێکـی باریکـە. ئـەم (د. بەهنـام میخائیل)ـە پێـش ئـەوەی قوتابـی بچێتـە ئـەوێ و دیکـۆر ئامـادە بکا، یان بۆ کاتی پێشکەشکردنی شانۆییەکەی کارێ بـکا، شـانۆ پـاک بکاتـەوە، ئـەو چووەتـە ئـەوێ و لـە پەنـاوە بۆخـۆی دانیشـتووە، تاریکـە و کـەس نایبینـێ، چاودێریـی هەموومانـی کـردووە، چـۆن بەسـەر شـانۆ دەکەویـن، چـۆن دەنگـە دەنـگ دەکەیـن، چـۆن جنێـو دەدەیـن، چـۆن تـووڕە دەبیـن، لـەوەوە ئەوەنـدە نمـرەی دەداینـێ.

**ڕامـان:** نمرەکـەی خۆتـان بـەدڵ نەبوایـە، هەڵـەکانی بـۆ ڕوون دەکردنـەوە، تێبینـی و ڕەخنـە و کەموکوورییەکانـی پـێ دەگوتـن؟

**نـەوزاد مەجید:** هەمـووی پـێ دەگوتیـن، تـۆ وا هاتییـە سـەر شـانۆ، تـۆ وا، تـۆ وا، یەکێـک لـە فەلسەفەکانیشـی کـە فەلسـەفە نییـە و ڕاسـتییە، نابـێ تـۆ هیـچ شـتێک دابنێـی دەنگی لێـوە بێـت، یـان تەپڵەکێـک ڕاکێشـی، ئـەوە نییـە تەپڵـەک ڕابکێشـی دەنگـی دێـت، نابـێ دەنگـی بـێ، دەڵـێ ئـەوە هـاوار دەکات، ئـازاری پـێ گەیشـتووە، سـووک هەڵیگـرە، بـە ئەسـپایی داینێـی هـاوار نـاکا! قسـەکانی وەکـوو فەلسـەفەیەک بـوو، لەپێشـدا ئێمـە گاڵتەمـان پێـی دەهـات و لێـی تـووڕە دەبوویـن، بـەڵام دوایـی زانیمـان ئـەو هەمـوو شـتەکانی ڕاسـتە و سـوودمان لـێ بینـی، ئـەو کەسـێکی ئـاوا بـوو.

**ڕامـان:** کـە چوویتـە بەغـدا بـۆ ئـەوەی ئـەم لیژنەیـە تاقیـت بکەنـەوە، لـە سلێمانییەوە چەنـد کەسـی دی بـوون چـوون بـۆ ئـەوێ؟

**نـەوزاد مەجیـد:** ئـەم پرسیارەشـم پـێ خۆشـە، ئێمـە ژمارەمـان زۆر بـوو، دەتوانـم بڵێـم یەکـەم شـار کـە زۆرتریـن کەسـی هەبووبێـت، سـلێمانی بـوو، چونکـە لـە هەمـوو شـارێک یـەک، یـان دوو کـەس هەڵدەبژێـردران، ئـەو سـاڵەی مـن چـووم، چـوار کـەس بوویـن.

**ڕامان:** دەتوانی ناوەکانیان بڵێی؟

**نـەوزاد مەجیـد:** یەکـەم مـن بـووم، جەمـال سـەعید مـاوزەر بـوو، کچێـک لـە هەڵەبجـەوە هاتبـوو نـاوی شـەوبۆ بـوو، کوڕێکـی دیکـەش هـەر لـە هەڵەبجـەوە هاتبـوو نـاوی جەمـال قـادر بـوو.

**ڕامان:** ئەی ناوی باوکی شەوبۆ چ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** باوکی ناوی محەمەد بوو، بەڵام ئەوەی بەلامەوە سەیرە ئەوەیە کە دەرچووین، نە شەوبۆ، نە جەمال قادرم نەدی، تەنیا تەها خەلیل و جەمال سەعید لەوێ بووین.

**ڕامان:** تەها خەلیل پێش ئێوە لەوێ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** تەها خەلیل بەهۆی سیاسەتەوە تۆزێک لەوێ تووشی ئەزیەت بووبوو، جێگری بەڕێوەبەرێکمان هەبوو، شوکری موفتی ناو بوو، دوژمنایەتی لەگەڵی هەبوو، تەها خەلیل کە دەهات بۆ دەوام، ئەگەر شوکری مفتی لە بەردەرگا بوایە، ئەو ڕۆژە دەوامی نەدەکرد. تەها خەلیل پێی گوتم هەموو ساڵەکان کە کەوتووم بەهۆی ئەو (شوکری موفتی)یەوە بووە.

**ڕامان:** بۆچی تەها خەلیل لە پەیمانگە ساڵ هەبووە دەرنەچووبێ؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، تەها خەلیل لەبەر سیاسەت و ئەم لا و ئەو لا، بە شەش ساڵ، یان بە حەوت ساڵ پەیمانگەی تەواو کرد، بەڵام بۆ دەرچوونەکەمان من بووم، تەها خەلیل و جەمال سەعید بووین، جەمال سەعید ساڵێک لە قەڵادزێ مامۆستا بوو، دوایی لە زەمانی تاهیر یەحیای سەرەکوەزیران و کەریم قەرەنی موتەسەڕیفی سلێمانی زەمالەیەکی دەست کەوت و چوو بۆ ئەمریکا، تا ئێستا لە ئەمریکایە، ئەوە زیاتر لە پەنجا ساڵە لەوێیە.

**ڕامان:** دیارە لە هونەر دابڕاوە، بۆیە ناوی نییە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەی ئەوانەی لە سلێمانییەوە هاتبوون، ئەو چوار کەسە، هەموویان حەزیان لە هونەری شانۆ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، حەزیان لێ بوو، هەموویان لە بەشی شانۆ بوون.

**ڕامان:** بۆ بەشەکانی شێوەکاری و موزیک، کەسی دیکەتان لەگەڵ نەبوو؟

**نەوزاد مەجید:** لە بەشی مۆسیقا کوردمان هەبوو، بەڵام ئەوانە لە بەشێکی تایبەت بوون.

**ڕامان:** ئەوانەی کە لەو بەشەدا وەرگیرابوون، ناویان چ بوو، هەموویان کورد بوون؟

**نەوزاد مەجید:** بۆ مۆسیقاکە، مەلا ئەنوەرم لەبیرە، ئەوەی لە تیپی باواجی کۆیە بوو.

**ڕامان:** مەبەستت ئەنوەر تاهیرە کە ئامێری قانوونی دەژەنی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، زاهیر بوو.

**ڕامان:** زاهیر محەمەد دەڵێی، کە سەروکاری تیپی باواجی کۆیەی دەکرد.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، کوڕێکی دیکە بوو عەمری خوای کرد، (کاکە مەم)ی ناو بوو، هەر ئەو کاتەی قوتابی بوو، شەوێکیان زۆری خواردبووەوە مرد.

**ڕامان:** ئەویش هەر خەڵکی کۆیە بوو؟

**نەوزاد مەجید:** خەڵکی کۆیە بوو.

**ڕامان:** باوکی ناوی چ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** (کاکە مەم)یان پێ دەگوت، ناوکی باوکی نازانم.

**ڕامان:** دوایی چۆنت زانی لە تاقیکردنەوەکە دەرچووی؟

**نەوزاد مەجید:** دوای دوو ڕۆژ، بەهۆی ڕادیۆ و بە ڕۆژنامە و ئەوانە زانیم.

**ڕامان:** ئەی لە پەیمانگە، تابلۆی ئاگاداری (ئیعلانات) هەبوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ هەبوو، بە ڕۆژنامە و بە ڕادیۆ زانیمان و بیستمان، خەبەریشیان بۆ پەروەردەی ئێرە (سلێمانی) ناردبوو. ئەوانەی ناوم بردن بەشی موزیک بوون. با

پێت بڵێم خەڵکی سلێمانی کێی دیکەمان لەگەڵ بوو، بۆ بەشی شێوەکارییەکە، (سەردار عەبدوڵڵا جودی)مان لەگەڵدا بوو، کوڕێکی دیکە (حەمەعەلی محێدین)ی ناو بوو، دوای دەرچوون ئەویش چوو بۆ ئەمریکا، خەڵکی کەرکووک بوو، ئەوانە لە خولەکەی مندا بوون، بۆیە دەڵێم ئەو ساڵەی من زۆرترین قوتابیی کورد، بەتایبەتی لە سلێمانییەوە بەشداری ئەو چاوپێکەوتنەیان کردو وەریش گیران.

**ڕامان:** بەرنامەی خوێندنەکەتان، (منهج)ت لەبیر ماوە، ناوەرۆکی وانەکان باسی چییان دەکرد؟ ئەو ساڵانە چیتان خوێند؟

**نەوزاد مەجید:** بەرنامەی خوێندنەکەمان دوو جۆر بوون، بەرنامەکەمان زیاتر لەسەر شانۆ و دەرهێنانی شانۆ و مێژووی شانۆ بوو، ئەوانەمان بە تیۆری هەبوو، بە عەمەلییش نمایشەکە لەسەر شانۆ دەکرا، ئەگەر ئەوەش نەبوایە دەرهێنانی دیمەنەکانمان لە پۆلی خۆماندا هەبوو، واتە فەسڵێکمان لە شانۆنامەیەک هەڵدەبژارد، دەقمان دەخوێندەوە، نەک دەقەکە هەمووی، فەسڵێکی دە دەققە بۆ چارەگ، هەشبووە پێنج دەققە، لە پێنج دەققە بۆ چارەگێک، بیست دەققە، چەند کەسێک هەر بۆخۆمان لە پۆلدا مەشقمان دەکرد، پۆلەکەشمان دیارە نیوەی شانۆ و نیوەی شوێنی دانیشتن بوو، دەچووین بەرانبەر مامۆستا و قوتابییەکان پێشکەشمان دەکرد.

**ڕامان:** مامۆستاکەتان هەر بەهنام میخائیل بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەهنام میخائیل، جەعفەر عەلی، جەعفەر سەعدی بوون، تەنانەت ئەوەی کالیگۆلای ئەلبێر کاموی کرد، ئێستا ناوەکەیم بیر چووەتەوە، ئەو مامۆستایەش ئەو شانۆییەی لە دەرەوە کرد، بەڵام هیچیان وەکوو بەهنام میخائیل نەبوون.

**ڕامان:** هیچ یەکێک لەو دیمەنانەتان لەبیرە کە لەپۆلدا نمایشتان کردووە؟

**نەوزاد مەجید:** یەکێک لەو دیمەنانەی کردمان، گوایە من دەچمە بەر دەستشۆر (مەغسەلە) دەستم دەشۆم، بەڵام دەستشۆرەکە بوونی نییە، بە پانتۆمایم، هەر بە جووڵە، دوو وانە، واتە دوو چل و پێنج دەقەیی کە دەکاتە سەعات و نیوێک، ئەو (بەهنام میخائیل)ە پرسیاری ئەو سابوونەی لێ کردووم، لەوانەیە ئەقڵ نەیبڕێ، لە کوێوە هات، دەستت پیس بوو، بە چی پیس بوو، چەور بوو، خۆڵاوی بوو، ئەو سابوونەی بەکارت هێناوە، لەوەپێش بەکارت هێناوە، بۆنی خۆشە، حەزت لەو سابوونە بووە، ئەو ئاوەی کە دەستی پێ دەشۆی، گەرم بوو، گەرم نەبوو.

**ڕامان:** سەرسامم بەو هەموو وردی و دیقەتکارییەی ئەو مامۆستایەتان.

**نەوزاد مەجید:** دەبوایە وەڵامەکانم لەگەڵ قسەکانی ئەودا وەک یەک بوونایە، بمگوتایە گەرم بووە، دەیگوت پێشانت نەداوە دەستت ئاوی گەرمی بەرکەوتووە، بمگوتایە بۆنی خۆش بوو، دەیگوت پێشانت نەداوم بۆنی خۆش بووە، یانی ورد وردی دەکردەوە، ئەگەر بڵێم یەک وشەی دەکرد بە هەزار وشە درۆم نەکردووە.

**ڕامان:** دەبێ تۆ زۆر سوودت لەم وردەکارییانەی ئەو مامۆستایە وەرگرتبێ، ئێستا کوا مامۆستای وا ماوە؟

**نەوزاد مەجید:** زۆر سوودم لێ وەرگرت، بەڵام خەسڵەتەکانی لەلام بووە بە گرێ، شەو بڵێین ئەم دەرگایانەی ماڵ، کە دڵنیام دامخستوون، کەچی دەڵێم نا، جارێکی دیکە دێمەوە سەیریان

دەکەمەوە، جارێکی دیکە دەچمەوە سەربان، ئەم گڵۆپەم نەکوژاندووەتەوە، ئەو هیتەرەم نەکوژاندووەتەوە، وای لێ کردووم من تا سەت لە سەت دڵنیا نەبم، واز ناهێنم، ئیتر لەناو جێگادا بم، سەرما بێ، گەرما بێ، هەر ئەوە دەکەم، تا ڕادەیەکی زۆر ئەو لەلای قورس کردووم. ئێستا ئەگەر من لەو ماڵەدا بم، یەکێک لێرەیە، برایەکم، یان منداڵەکان لێرەن، دەڵێم دا ئەو دەرگایە داخەن، بەڵام دوایی هەر دەبێ خۆم بچم سەیری ئەو دەرگایە بکەم، بزانم داخراوە، یان دانەخراوە، بەهنام میخائیل تۆزێک ئەو شتانەی لای من قورس و ئاڵۆز کردووە.

**ڕامان:** بێجگە لە ماڵەوە، لە ئیشی شانۆییش هەمان ئەو وردکارییەی فێر کردی؟

**نەوزاد مەجید:** خۆی ئەم ئیشانە کە قورس کراون، بۆ ئەوە وای لێ کراوە تا لە ئیشی شانۆییدا شتەکان ورد بکەیتەوە، نەیەڵی هەڵەت بەسەردا تێپەڕێت، تەنانەت دەبێت ئەوە بۆ ئەو ئەکتەرە ڕوون بکەیتەوە و تێی بگەیەنی کە ئەم کارەکتەرە حاڵەتە دەروونییەکەی چۆنە، باری دەروونی پێشووتری چۆن بووە، دوایی چی ڕوودەدا، دەبێ تێبگات، تەنانەت دەبێ بزانێ کە ئەو بەشێکە لەوەی دروست بووە، تۆ ئەگەر ئەم واقیعە نەزانی، ناتوانی نواندن بکەی.

**ڕامان:** دەرهێنەر کە دەقێک بۆ دەرهێنان هەڵدەبژێرێ، دەبێ کارەکتەرەکانی ناو دەقەکە بۆ ئەکتەرەکان شی بکاتەوە و هەموو ڕەهەندەکانی بۆیان لێک بداتەوە، ئەگینا تەنیا دەبێتە لەبەرکردنی دەقەکە بە شێوەیەکی میکانیکی و هیچی دی.

**نەوزاد مەجید:** ئێستا من کە قسە لەگەڵ تۆدا دەکەم، دەست دەجووڵێنمەوە، دەنگ بەرز و نزم دەکەمەوە، بۆچی وا دەکەم؟ خۆی ئەمە هەر نواندنەکەیە، بەڵام جووڵە و دەنگەکە خۆی خۆی دروست دەکات، دەزانم بۆچی ئەمە دەڵێم، نواندنیش ئاوایە، نەک ئەوەی هەر لەبەری بکەیت و لەسەر شانۆ وەک تووتی بیڵێیتەوە.

**ڕامان:** ئەو شانۆییانەی هەر جارێ دیمەنێکتان لێ هەڵبژاردووە و لەناو پۆلدا کردووتانە، ڕۆژانە، یان حەفتانە بوو، ئەمە چۆن بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئەوە کاری ڕۆژانەمان بوو.

**ڕامان:** هەموو ڕۆژێ دەبوایە وەک لایەنی پراکتیکی ئەو دیمەنە شانۆییانەتان هەبێ؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، دەبوایە ڕۆژانە بێ، هەموو قوتابییەک دەبوایە سێ چوار دیمەنی لەناو پۆلدا هەبوایە، وەکوو پێشتر پێم گوتی من بۆ دەست شتنێک سەعات و نیوێک مامۆستا پرسیاری لێ کردم، قوتابیانی دیکەش هەر وا بوون، ئەوجا ئەو هەموو قوتابییە کە پرسیاری لێ دەکرا، دیارە یەک یەک نەبوو، دوو کەس، چوار کەس، ئەوپەڕەکەی پێنج کەس پرسیاری لێ دەکرا، ئیتر ساڵەکە بەوە دەڕۆیی، کە تەواو دەبوو، سەرلەنوێ فەسڵی دیکەمان دەهێنا، بۆ کۆتایی ساڵیش دەبوایە بەرهەمێکت هەبێ.

**ڕامان:** بۆ کۆتایی ساڵ تێزەکەی تۆ چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** تێزەکە دەبوو دەقی شانۆنامەیەک هەڵدەبژێری، دوو کەس، سێ کەست لەگەڵدا بێت، یان بەگوێرەی دەقەکە چەند کەسایەتی تێدایە، لەبەر دەمیدا پێشکەشی دەکەی، ئیتر ئەویش یەکسەر خۆی نمرەکەت بۆ دادەنێ، دەزانێ چی دەکەیت و مەبەستت چییە، چونکە پێش

ئـەم کارە، پـار و پێـرار لەگـەڵ تـۆ بـووە، دەزانـێ پاشخانەکەت چییـە، پێویسـت نـاکات دوو سـەعاتی دیکـە پرسـیارت لـێ بکا.

**رامان:** پسـپۆڕییەکەت لـە ئەکتـەری، یـان دەرهێنان بوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** لـە هەردووکیـان بـوو، نوانـدن و دەرهێنـان بـوو.

**رامـان:** ئـەو کاتـە وابـوو، پسـپۆڕی وەرگرتـن لـە یەکێکیـان نەبـوو.

**نـەوزاد مەجیـد:** ئەوسـا خوێنـدن وابـوو، دیبلـۆم لـە دەرهێنـان و نوانـدن وەردەگیـرا.

**رامـان:** میتـودی دەرهێنانتـان دەخوێنـد، بـە چ میتودێـک کار بکـەن، یـان بەشـێوەیەکی گشـتی هەمـوو میتودەکانتـان دەخوێنـد؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، بەڵـێ، هەموویمـان دەخوێنـد.

**رامـان:** بـە چ میتودێـک خەریکـی دەرهێنـان بـوون؟ مەلحەمـی، برێختـی، یـان کلاسـیکی، ستانیسلاڤسـکی، یـان چ جـۆرە میتودێکـی دی بـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** ئەهـا، شـێوازەکانی ئیـش کـردن دەڵێـی، ئێمـە زیاتـر کلاسـیک کارمـان دەکـرد، شـێوازی ستانیسلاڤسـکی بـوو، لـە سـەدا نـەوەد و پێنـج و بـەرەو ژووریش وا بـوو، بـەڵام هەندێـک قوتابـی هەبـوون حەزیـان لـە شـێوازی برێختـی دەکرد، یـان هەبـوو حـەزی لـە وجـوودی دەکـرد، لای ئێمـە زیاتـر برێختییەکـە دەوری هەبـوو.

**رامـان:** وجـوودی میتـودی دەرهێنـان نییـە، ئـەوە زیاتـر ڕێبازێکـی فیکـری و فەلسـەفییە.

**نـەوزاد مەجیـد:** ئاخـر دەق و فیکرەکـەم مەبەسـتە، وەکـوو ئەوانـەی سـارتر و کامـو و.. و...

**رامـان:** ئێسـتا بـۆ نموونـە میتـودی مایەرهۆلـد، ئارتـۆ هـەن، کاری ئەوانـە بەشـێکن لـە ڕێبازەکانـی دەرهێنان.

**نـەوزاد مەجیـد:** بـەڵام لای ئێمـە لـە هەمـووی زیاتـر ستانیسلاڤسـکییەکە بـاو بـوو.

**رامـان:** ئـەو کاتـە زیاتـر لـەلای ئێـوە ئـەو میتـودە پەیـڕەو دەکـرا؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، کلاسـیکی پـێ دەگوتـرا، مێـژووی شـانۆی هەمـوو وڵاتانیشـمان دەخوێنـد، بەتایبەتـی ڕۆمانییـەکان و یۆنانییەکان، سۆفۆکلیس و ئەریسـتۆڤان و...

**رامان:** سێ کەسن، (ئەسخیلۆس)ت لەبیرچوو.. ئەو مێـژووە کێ پێـی دەگوتنەوە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** ئـەو وانەیـە، عەبدولجەبـار وەلـی پێـی دەگوتین.

**رامـان:** ئـەوە دوکتـۆر بـوو، یـان ماسـتەری هەبـوو؟

**نەوزاد مەجیـد:** وابزانم دوکتۆر بوو.

**رامـان:** هیـچ مامۆسـتایەکیان لـە دەرەوەی عێراق بـۆ هێنابوون؟

**نـەوزاد مەجیـد:** هەرچـی لێـی بـوو، دەرچـووی دەرەوە بـوو.

**رامـان:** دەزانـم، هەندێکیـان عـەرەب بـوون، لـە دەرەوە خوێندنیـان تـەواو کردبـوو، بـەڵام لەوانەیـە تێیانـدا هەبووبـێ بیانـی و بـۆ وانەوتنـەوە بانگیـان کردبـن.

**نـەوزاد مەجیـد:** ئەوکاتـە ئەوانـەی لای ئێمـە وانەیـان پـێ دەوتینـەوە، هەمـووی عـەرەب بـوون.

**رامـان:** دیـارە لەوکاتـەدا بـۆ بەشـی شـانۆ وابـووە، بـەڵام بـۆ بەشـی شـێوەکاری دەڵێـن لـە ڕۆمانیـاوە مامۆسـتایان هێنـاوە، بیانـی بـووە و وانـەی وتووەتـەوە.

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، ئـەوە هەیـە، ئـەوەی لەبیـرم بێـت لـە دەرەوە بـۆ ئێمەیـان هێنابێـت،

یەک مامۆستایان هێنا.

**ڕامان:** ناوی چ بوو، پسپۆڕییەکەی چ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** وابزانم ناوی لەندۆفسکی بوو.

**ڕامان:** لەندۆفسکی؟

**نەوزاد مەجید:** لەندۆفسکی، بەڵام بۆ وتنەوەی وانەی ڕووناکی هێنابوویان.

**ڕامان:** ناوەکەی هەر ئەوەندە بوو، بە تەواوی ناوەکە نازانی؟

**نەوزاد مەجید:** تەنیا ناوی لەندۆفسکی بوو، من ئەو تاقە قوتابییە بووم کە بەردەوام لەگەڵی بووم، چونکە تۆزێک ئینگلیزیم دەزانی، لە قوتابییەکانی دیکە باشتر بووم، لێک تێدەگەیشتین، ئەرکی ڕووناکی پەیمانگەی بە من سپاردبوو.

**ڕامان:** واتە لەندۆفسکی لە ڕووناکی پسپۆڕ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، لە ڕووناکی پسپۆڕێکی باش بوو.

**ڕامان:** لە بارەی ڕووناکییەوە زۆری لێ فێربووی، ئەوەی پێویست بوو لێیەوە فێر بووی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، هەر زۆری لێ فێر بووم، بڕیار بوو کە لە پەیمانگە دەرچووم، وەک مامۆستای ڕووناکی لە پەیمانگە بمێنمەوە.

**ڕامان:** هەر لە سەرەتاوە ئەو پسپۆڕییە گرنگە، بۆ ئێمە زۆر پێویست بووە، زەمانێک لە شانۆی کوردیدا ئەو بۆشاییە گەورەیەمان هەبوو.

**نەوزاد مەجید:** ئیتر ئەوە ڕێک نەکەوت، بەڵام ئێستاش ئەگەر سەیری دەلیلە کۆنەکانی شانۆ بکەی، ئەو شانۆگەرییانەی کە لە پەیمانگە پێشکەش کراون، هەموویان بۆ ڕووناکییەکەیان، لێیان نووسراوە دیزاین و ڕووناکی نەوزاد مەجید، جێبەجێ کردنی من و چەند کەسێکی دیکە.

**ڕامان:** لەلای ئێمە، ئەو شارەزایی و پسپۆڕییە لە ڕووناکی زۆر دەگمەنە.

**نەوزاد مەجید:** دیارە ڕووناکیش زانستێکە، ئەوە نییە کە ئێمە کردوومانە، بەڵام بەداخەوە لێرە هیچ تاقەتم نییە، چونکە نە کەرەستە، نە پرۆژکتۆر هەیە.

**ڕامان:** جاران ڕووناکی بە قووتووی دۆشاوی تەماتە و کەرستەی زۆر سادە و سەرەتایی دەکران!

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، دوو گڵۆپ دادەنێ و شتێکی دەداتە بەر.

**ڕامان:** ئێستا دۆخی ڕووناکی باشترە، خەریکە ئەو کەرستانە باشتر دەبن.

**نەوزاد مەجید:** بۆ ڕووناکی نا، ڕووناکی جارێ ماویەتی.

**ڕامان:** ئاگام لێیە لە هەولێر هەندێک کەرستەی باشیان هێناوە.

**نەوزاد مەجید:** ئەوە نازانم، پرۆژکتۆر دەور دەبینێ، ئەمە زۆر جۆری هەیە، فەیزە، فۆڵۆ هەیە، نازانم ئەوەی کە دوای ئەکتەر دەکەوێت و...

**ڕامان:** بێجگە لە ڕووناکی، ئەی دیکۆر لە خوێندنەکەی بەغدات وانەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان کرابوو؟

**نەوزاد مەجید:** دیکۆر و میکیاجیش وانەی تایبەتیان بۆ تەرخان کرابوو.

**ڕامان:** هەردووکی بە یەکەوە دەخوێنران؟

**نەوزاد مەجید:** نا، لە یەکدی جیا بوون، دیکۆرەکە حامید ئەلئەترەقچی پێمانی دەوتەوە.

**ڕامان:** حامید ئەلئەترەقچی ناوێکی دیارە.

**نەوزاد مەجید:** ئەو دیکۆری پێ دەگوتین، میکیاجیش حاجی ناجی ڕاوی پێی دەگوتینەوە.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە حەجی کردبوو، یان ناوی حاجی بوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** حاجـی نەبـوو، قسـەخۆش و سـوعبەتچییەک بـوو، بـەڵام زانـا بـوو، یەکێـک لەوانـەی کاتێـک پرسـیاریان لـێ دەکـرد، میللییانـە و بـە جنێویشـەوە وەڵامـی دەداوە! باسـی ئـەوەی دەکـرد کـە لـە ئیتاڵیـا، لـە ڕۆمـا، ئاخـر دەرچـووی ڕۆمـا بـوو، گوتـی ڕۆژێکیـان سـەیرم کـرد لـەوماڵـەی تێیـدام ئافرەتێکـی لـێ بـوو، دەوری چـل و پێنـج بـۆ پەنجـا سـاڵ دەبـوو، خـۆی ئامـادە دەکـرد بـۆ ئاهەنـگ بچـێ، داوام لـێ کـرد و پێـم گـوت بـا مـن میکیاجـت بکـەم.. گوتـی میکیاجـم کـرد، بـەڵام مـن تەمەنیـم کـرد بـە سـی سـاڵ.

**ڕامـان:** ئاخـر ئەرکەکـەی هونـەری میکیـاج ئەوەیـە.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ.

**ڕامـان:** بـە مکیـاج گەنـج پیـر دەکـەی، پیـر گەنـج دەکـەی، ئیشـەکە ئەوەیـە ئیتـر.

**نـەوزاد مەجیـد:** مکیـاج هەمـووی دەکات، هونەرمەنـد تەهـا خەلیـل، زۆر ئـارەزووی لـە کاری مکیـاج بـوو، هەمیشـە لەگـەڵ حاجـی ناجـی بـوو، ئـەو شـتی پـێ دەگـوت، داوای لـێ دەکـرا بچـێ مکیاجـی هەنـدێ شـت بـکا، بـە تایبەتـی میکیاجی ئـەوەی شـتی ئاڵـۆزی تێـدا نەبـێ.

**ڕامـان:** باشـە بۆچـی کوردێـک هەوڵـی نـەدا بـۆ فێربوونـی دیکـۆر، بـە شـێوەیەکی ئەکادیمـی بخوێنـێ، دەبینیـن ئەوانـەی ئیشـی هونـەری شـێوەکارییان کـردووە، وەکـوو ئەنـوەر تووڤـی و جەمـال بەختیـار و ئەمانـە ئیشـی دیکۆریـان کـردووە.

**نـەوزاد مەجیـد:** خالیـد سەعیدیشـمان هەبـوو، ئیشـی دیکـۆری دەکـرد.

**ڕامـان:** زۆر ڕاسـتە، خالیـد سـەعیدیش بـوو، تەنانـەت ئـەو نـەک هـەر لـە سلێمانی، بگـرە لـە تەلەڤزیۆنـی بەغـداش کاری دیکـۆری دەکـرد، بەڵام کەسـمان نەبـوو پسـپۆڕیی لـە دیکـۆردا وەرگـرێ.

**نـەوزاد مەجیـد:** زۆر بایەخـی پـێ نـەدەدرا، شـتەکە هـەر دەرنەدەکـەوت، بـەڵام زیاتـر شـێوەکارەکان ئـەم کارەیـان دەکـرد، ئێسـتا مـن هەرچـی ئیشـێکم لێـرە کـردووە، زیاتـر عەلـی جـۆڵا دیکـۆری بـۆ کـردووم، پێـم گوتـووە لێـرە ژوورێـک، لێـرە قاڵدرمەیەکـم دەوێ، ئـەو تـا وەک خـۆی بۆی هێنـاوم، گوتوویەتـی ئـەو وێنەیـە هەیـە، بەدڵتـە؟ یـان گوتوومـە ئـا، یـان گوتوومـە ئـەوە و ئەمـەی هەبـێ، کەرسـتەمان کڕیـوە و دروسـتی کـردووە.

**ڕامـان:** وێنەکـە عەلـی جـۆڵا کردوویەتـی، ئـەی جێبەجـێ کردنەکـەی کـێ بـووە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** جێبەجـێ کردنەکـەی هەمـوو ئەندامانـی سـتافی ئیشـەکە، بەتایبەتـی ئەوانـەی تۆزێـک دارتاشـییان دەزانـی، ئەگەر نەشیانزانیبایە ناچـار لـە دەرەوە دارتاشـێکمان دەهێنـا.

**ڕامـان:** ئاخـر ئەوانـە پێیـان دەگوتـرێ «کرێکارانی شانۆ- عمـال المسـرح»، ئەوانـە لـە پاککردنـەوەی هۆڵـەوە، تـا سازکردنی دیکـۆر و گۆڕینـی دیکۆریـان دەکرد.

**نـەوزاد مەجیـد:** ڕاسـتە، کرێکارانـی شـانۆ ئیشـەکەیان هـەر ئـەوە نییـە دیکـۆر دروسـت بکـەن، دەبـوو لـە دیمەنێکـەوە بـۆ دیمەنێـک کـە دیکـۆر دەگـۆڕا، کـە پـەردە دادەرایـەوە دیکۆرەکـە بگـۆڕن، بـەڵام دەبـوو لـە ماوەیەکـی زۆر کەمـدا ئـەو دیکۆرەیـان لاببردبایـە و دیکۆرێکـی دیکـەی دیمەنەکـەی تریـان دابنایـە.

**ڕامـان:** ئـەی کاریگەرییەکانـی دەنـگ (المؤثـرات الصوتیة)، مۆسـیقا و مۆسـیقای وێنەیی (تەسـویری) و ئەمانـە، ئەوکاتـە لـەوێ بایەخـی پـێ دەدرا، ئەوانـەش وەک وانـە دەخوێنـران؟

**نەوزاد مەجید:** لە بەغدا؟

**ڕامان:** بەڵێ، لە کاتی خوێندنی تۆ لە بەغدا.

**نـەوزاد مەجید:** هەمـوو شـتەکان بایەخـی زۆریـان پــێ دەدرا، چونکــە ئــەو بەرهەمــەی کــە لــەوێ پێشـکەش دەکـرا، لەنێـوان هەمـوو مامۆسـتاکاندا کێبڕکـێ بـوو، بەرهەمـی قوتابییـەکان نـا، مـن باسـی پەیمانگـە دەکـەم، کـە هەمـوو مامۆستایەک دەبوایـە سـاڵانە ئیشـێکی بکردایـە، جاروبـار ڕێـک دەکـەوت مامۆسـتاکە ئیشـی لـە دەقێکـی جیهانیـدا دەکـرد.

**ڕامـان:** مامۆسـتاکە، قوتابییەکانیشـی دەخسـتە نـاو ئـەو ئیشـەی خۆیـەوە؟

**نــەوزاد مەجیــد:** بەڵــێ، قوتابییــەکان لــە ئیشـەکەدا بـوون، ئیـدی لـە بلیـت بڕینـەوە، لـە گسـکدانەوە، لـە دیکـۆرەوە، لـە دیکۆرگۆڕینـەوە، لــە ڕووناکییــەوە، تەنانــەت ئــەوەی پــەردە دادەداتـەوە، کـە بەهنـام میخائیـل وای لـێ کردبـوو پەردەدادانــەوە لــە هەمــوو شــتێک گرنگتــر بــێ. دەیگـوت دەبـێ کرێـکاری پەردەدادانـەوە (عامـل السـتار) لـە پێـش هەموویانـەوە بـێ، ئەڵقـەکان چـەور بـکات، شـەش حـەوت جـار ئەمـە بـکا، سـەیری پەتەکـە بـکات، بزانـێ لـە شـوێنێکدا نەڕووشـاوە، نـەکا بقرتـێ.

**ڕامـان:** ئـەی ئەرکـی ئـەو کەسـەی وا ئیشـی مۆسـیقا و کاریگەرییەکانـی دەنـگ و مۆسـیقای وێنەیـی دەکـرد، چـی بـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** زیاتر دەنگـەکان هەڵدەبژێردران، کۆمەڵێـک شـریتیان هەبـوو، شـریتی ڕەشـەبا، دەنگـی ئـاژەڵ، خـوڕەی ئـاو و ئەوانـە هەبـوون، زیاتـر ئـەو شـتانەیان دەهێنـا کە بۆ شـانۆگەرییەکە پێویسـتی بکردایـە.

**ڕامـان:** ئـەو مامۆسـتایەی ئـەو شـتانەی پـێ دەگوتـن نـاوی چ بـوو؟

**نــەوزاد مەجیــد:** پسـپۆڕی تایبەتیمـان نەبـوو، بـەڵام هەمـوو مامۆسـتایەک لـە دەرهێنانەکـەی، خـۆی ئـەو شـتانەی ڕێـک دەخسـت، ئەگـەر نەشـبایە دەچـوو لـە ئێزگـە دەسـتی دەخسـت.

**ڕامـان:** مامۆسـتا فێـری نەدەکـردن ئێـوە چـی بکـەن باشـە، چـی نەکـەن؟

**نـەوزاد مەجیـد:** نـا، دەبوو لە دەقەکە دەریبهێنین، ئەگـەر دەقەکـە لـە ژوورێکدایـە و گوێـی لـە دەنگـی چۆلەکەیـە، خـوڕەی ئـاو لـەو لاوە، ئۆتۆمبێلێـک لـەولاوە دێـت و دەنگـی هـۆڕن هەیـە، ئـەوە عایـدی دەرهێنەرەکەیـە، دەرهێنەرەکـە دەبـێ هەسـتی پـێ بـکات و لـە ئیشـەکەیدا دابنـێ، ئیتـر بیسـپێرێ بـە یەکێـک کـە وریـا بێـت، لەوانەشـە یەکسـەر پەنجـە بـە تۆمارەکەرەکـەدا بنـێ و لـێ بدرێـت.

**ڕامـان:** هیـچ ڕێـک نەکەوتـووە بـۆ کاری شـانۆیی سـوود لـە بەشـەکانی دی وەربگـرن، بـۆ نموونـە لــە بەشــی مۆسـیقا یەکێـک بێنـن، لــە بەشـی شـێوەکاری بـۆ بۆیاخکردنـی دیکۆرەکەتـان، یـان بـۆ هــەر شـتێکی دی سـوود لــە قوتابییەکـی بەشـەکانی دی بکـەن؟

**نــەوزاد مەجیــد:** بەڵــێ، بــۆ بەشــی دیکــۆر ویسـتوومانە و سـوودیان لـێ کـراوە، بەڵام مۆسـیقا ئەگــەر تاک(سـۆڵۆ) بووبــێ، پێویســتی بــەوە کردبـێ کەمانچەیـەک هەبـێ، ئەوکاتـی قوتابییەکـی بەشـی مۆسـیقامان هێنـاوە.

**ڕامـان:** تـۆ کـە لـەوێ بـووی، پەیمانگـە چەنـد بەشـی هەبـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** مـن کـە لـەوێ بـووم، سـێ بـەش لـە پەیمانگەکەمـان هەبـوون، پەیمانگەکەمـان لـە گەڕەکێـک بـوو پێـی دەڵێـن گەڕەکـی کەسـرە، لـە پشـت یاریگای (شـەعب)ی نێودەوڵەتـی بـوو، ئێمە لەسـەر شـەقامە سـەرەکییەکە بوویـن، ئێسـتاش بیناکـە هـەر مـاوە.

**ڕامـان:** کام بەشـەیان لـە هەموویـان گـەورە و بەهەڕمێنتـر بـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەشـی شـێوەکارییەکە لـە هەمووی

گەورەتر بوو، چونکە ئەو بەشە پەیکەرتاشیشی لەگەڵدا بوو، ئەو بەشە کە پەیکەریان دەکرد، یەکێک لەو قوتابیانەی کە وەک من ساڵی خوێندنی ١٩٦١- ١٩٦٢ تا ساڵی ١٩٦٤- ١٩٦٥ لەوێ بوو، دارا حەمەسەعید بوو، ئاخر ئەو یەکێک لە پەیکەرتاشە هەرە باش و بەناوبانگەکانە.

**ڕامان:** سەردانی بەشەکانت دەکرد، ئاگات لێیان بوو، سەیری کار و بەرهەمی قوتابییەکانت دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** گرنگترین شتێک کە من لەو بەشەدا دیبێتم ئەوە بوو، هەموو پەیکەرەکان کە زۆر بوون، ساڵانە دەیانشکاندن و گەلابەیەکیان دەهێنا فرێیان دەدایە ناوی، بەڵام کارەکانی دارا حەمەسەعیدیان نەدەشکاند، یەکێک بۆ خۆی دەیبردەوە، من لە خۆیم بیستووە دەیگوت ئیشەکانی تا ئێستاش لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا ماون.

**ڕامان:** ئەوە شتێکی جوانە، لەناو هەموو پەیکەرسازەکانی ئەو بەشە، کارەکانی دارا حەمەسەعیدیان نەشکاندووە و پاراستوویانە، یان بردوویانەتەماڵەوە، وا بزانم لە ئیتاڵیاش کارەکانی لە مووزەدا هەڵگیراون.. بێجگە لەو چەند وانەیەی باسمان کردن، ڕووناکی، موزیک، مکیاج، دیکۆر، مێژووی شانۆ، وانەی دیکەتان هەبوو؟ جلوبەرگ (ازیاء)تان هەبوو؟

**نەوزاد مەجید:** جلوبەرگ، وەرزشی شانۆییشمان هەبوو.

**ڕامان:** ئەی لەوێ دەمودوو (ئیلقا) و دەنگ دەخوێنرا؟

**نەوزاد مەجید:** دەنگ و ئیلقامان هەبوو، دەنگ و ئیلقاکە بڵێ چۆن بوو، بەردەوام فێر دەکراین کە چۆن قورگمان ساف بێت، مامۆستا، پیانۆیەکی پێ بوو، دەبوو قوتابی لەگەڵ دەنگی پیانۆکە و بە چینەکانی پیانۆکە، دەنگی بەرز بکردایەتەوە، دۆۆۆۆۆ، ڕێێێێێێ، مۆسیقا، مامۆستای تایبەتی خۆی هەبوو، ئەو دەنگانەی پێ دەگوتین. بۆ جلوبەرگیش ئێستا شتێکی خۆشم بیر کەوتەوە ، «ترروودی متلمان» ئەو ئافرەتەی کە وێنەکانی ئەلفبێی کوردی پۆلی یەکی داناوە.

**ڕامان:** نازانی ئەو ژنە بە ڕەچەڵەک خەڵکی کوێیە؟

**نەوزاد مەجید:** نەوەڵڵا نازانم، ئەوەندە دەزانم بیانییە.

**ڕامان:** ئەوەی وێنەکانی ئەلفبێی ئیبراهیم ئەمین باڵداری کێشاوە، وانەی جلوبەرگی پێ دەگوتنەوە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەگەر سەیر بکەی وێنەکان هی (ترروودی متلمان)ـە، بۆ جلوبەرگیش ئەو وانەکەی پێ دەگوتین.

**ڕامان:** دڵنیای هەر ئەو مامۆستا وێنەکێشە بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، زۆریش دڵنیام، هەر ئەویش مامۆستای جلوبەرگ بوو، وەرزشی شانۆیی.

**ڕامان:** بە چ زمانێک قسەی دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** زیاتر بۆ ئەوە دەچم بریتانی بێ، چونکە بە ئینگلیزی قسەی دەکرد، بەڵام هەر ئەو وێنەکانی دەهێنا، شانۆی شەکسپیری هەڵدەبژارد، دەیگوت جلەکەی وایە و ئەمە جلەکەی وایە، ئیتر دەیدا بە دیزاینەرێک و جێبەجێ دەکرا.

**ڕامان:** دەگوترێ دوور نییە ئەرمەنی بێ، هەندێ بە ئەڵمانیی دەزانن.. ویستت لە بارەی وەرزشی شانۆیی قسە بکەی؟

**نەوزاد مەجید:** لە وەرزشی شانۆییش موبارەزەمان

هەبوو، شمشێرێکی تەل هەیە، دەنووشتێتەوە، ئەوەیان پێ دەکردین، بیرم دێ وەرزشی سەر شانۆیان پێ دەکردین، وەکوو یاری سویدی و شتی وابوو، ئەمە وەرزشی شانۆیی بوو.

**ڕامان:** هەر تروودی متلمان وەرزشی شانۆیی پێ دەکردن؟

**نەوزاد مەجید:** نا، مامۆستای دیکەمان هەبوو.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایەتان ناوی چ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** وابزانم بۆ وەرزشەکە عالیە بوو، کە پێشتر پێم گوتی.

**ڕامان:** عالیە فەتاح تورک بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بەڵێ، وەرزش و چی و چی دیکەمان هەبوو؟

**ڕامان:** دەنگ و دەمودوو (ئیلقا) کێ پێی دەگوتن، سامی عەبدولحەمید بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، سامی عەبدولحەمید کە دەرچووی لەندەن بوو ، ئەویش بۆ ئەو شانۆنامانەی زیاتر خیتابەی تێدا بێ دەیداینێ و ئێمە دەمانگوتەوە، یان ئەو دەیگوتەوە، ئەوەیان پێویستی بە کوڕ بوو، کوڕێک دەنگی لەرەی تێدابێ، یەک کوڕمان هەبوو، لەوەدا لە هەمووەمان سەرکەوتووتر بوو، ناوی سامی سەڕاج بوو، ئەو (سامی سەڕاج)ـە کە لە تیپەکانی بەغدا و ئیزگە و تەلەفزیۆن ئیشی دەکرد، دەوری کەسایەتییە عەرەبییە کۆنەکانی وەک قەعقاع و خالیدی کوڕی وەلید و ئەو جۆرە کەسانەی دەبینی و تێیدا سەرکەوتووش بوو، بەداخەوە زوو عەمری خوای کرد.

**ڕامان:** ئەوانەی لەگەڵتدا لە بەشی شانۆ قوتابی بوون، چ کورد، چ عەرەب، دواتر لەسەر ئیشکردن بەردەوام بوون و ناوبانگیان پەیدا کرد، ناوەکانی ئەوانەت لەبیرە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەوانەی ناوبانگیان پەیدا کرد، یەکێکیان ئەوەی ئێستا گوتم سامی سەڕاج بوو، یەکی دیکەشمان لەگەڵ بوو، ئەوەی لە بەغدا تەمسیلی کۆمیدی دەکات.

**ڕامان:** مەبەستت حەموودی (ئەلحارسی)یە؟

**نەوزاد مەجید:** حەموودی ئەلحارسی وەکوو هاوڕێ، هاوڕێمە، هاتووە بۆ لام و لەم ماڵەش میوانم بووە.

**ڕامان:** ئەو کاتە لەگەڵتان دەیخوێند؟

**نەوزاد مەجید:** ئەو پێشتر خوێندبووی، لە خوێندن بووبووەوە.

**ڕامان:** قاسم ئەلمەللاک نەبوو؟

**نەوزاد مەجید:** حەموودی ئەلحارسی، لەگەڵ سەلیم ئەلبەسری «تحت موس الحلاق»ی کرد.

**ڕامان:** ئەوەم لە تەلەفزیۆن بینیوە، درامایەکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو.

**نەوزاد مەجید:** سامی سەڕاج و قاسم ئەلمەللاک بوون.

**ڕامان:** قاسم ئەلمەللاک، پێموایە ئەویش مرد.

**نەوزاد مەجید:** نا، نەمردووە، نازانم، یان من نەمبیستووە، یان نەمردووە.

**ڕامان:** ئەو هەواڵە لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاو کرایەوە، هیوادارم ڕاست نەبێ و نەمردبێ.

**نەوزاد مەجید:** قاسم ئەلمەلاک یەکێکە لەو ئەکتەرانەی زۆر گرنگە، لە بەسرەش دووانمان هەبوو، یەکێک ناوی قوسەی ئەلبەسری بوو، لەگەڵ محەمەد وەهەیب، ئەو دووانەش لە ئیشەکانیان بەردەوام بوون. ئەو کچەم دەوەن نەوزاد لە بەسرە ئیشی هونەریی هەبوو، قسەی لەگەڵدا کردم. گوتی ئەوانەم لەگەڵە. گوتم لێیان پرسە، ئەم دووانە بۆ کوێ چوون. گوتی دەڵێن هەردووکیان، محەمەد وەهەیب و قوسەی ئەلبەسری چوون بۆ ئەمریکا.

# نەسەقی نێرینەیی

## نموونەیەک لە شیعری کۆن و نوێی کوردیدا

**حسێن لەتیف**
**(دەربەندیخان)**

(١)

شیعر بوارێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگە، چونکە شیعر هەڵگری ئەو نەسەقانەیە کە کولتوور بەرهەمی هێناون، وەک نەسەقی نێرینەیی، مێینەیی، تێکشکان، عەشق، ڕەشبینی. لە ئامادەنەبوونی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، شیعر دەبێت بە کایەی زاڵ و باڵادەستی ناو ڕۆشنبیریی کوردی، بەو شێوەیە کە عەرەب دەڵێن شیعر دیوانی عەرەبە، شیعر دیوانی کوردیشە، ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت بڵێین، شیعر دیوانی زۆربەی نەتەوەکانی ناوچەکەی ئێمەیە.

هەر گوتارێک لە شیعردا هەبێت بەشدارە لە ڕەنگرێژکردنی کەسێتی ئێمە و ڕەفتاری ئێمە و ئاراستەکردنی ئێمە، هەر گۆڕانکارییەکیش لە شیعردا کاریگەری لە ڕوانین و بیرکردنەوەی ئێمەدا دروست دەکات. ڕەخنەگرتن لە کەلەپووری شیعریمان بە پلەی یەکەم دەبێتە ڕەخنەگرتن لە کایەیەکی گرنگی بیرکردنەوەمان کە ئەویش کایەی شیعرە.

مرۆڤی کورد بیرکردنەوەیەکی شیعرییانەی هەیە، شیعرییانە بە مانای ناسکی و تەڕوبڕی نا، بەڵکوو بەو مانایەی کە بە شیعر و کەرەستەی شیعری بیردەکاتەوە. نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت بۆ ڕەخنەگرتن لە دەقە شیعرییەکان و ئاشکراکردنی پەنهانییەکانیان، تیۆری ڕەخنەی کولتووری کۆمەکی زۆرمان دەکات. ڕەخنەی کولتووری، شیعر لەو تێگەیشتنە رزگار دەکات، گوایە شیعر سۆز و هەڵچوون و داچوونی ناخی شاعیرە، بەڵکوو شیعر وەک کولتوور و زمان و شێوازی دەربڕین، وەک هەڵگری گوتار و جیهانبینی دەبینێتەوە. شیعر لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە بە تەنیا جەستەیەکی زمانی و نەخشونیگاری زمانەوانی نییە، بەڵکوو کێڵگەیەکی شینکراوە و پێویستی بە بژارکردن هەیە.


تیۆری ڕەخنەی کولتووری، بۆ تێگەیشتن لە دەق، وەک تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی چەمک و دەستەواژەی تایبەت بە خۆی هەیە. عەبدوڵڵا غەزامی لە ناو نووسەرانی عەرەبدا لە دیارترین ئەو نووسەرانەیە بۆ خوێندنەوەی کەلەپووری شیعری عەرەبی لە (موتەنەبی)یەوە تا دەگات

بە ئەدۆنیس و نزار قەبانی، سوود لە تیۆری "ڕەخنەی کولتووری" دەبینێت. هاوکات لەو خوێندنەوانەشیدا چەمکی "نەسەقی پەنهان" و "نووسەری دووانەیی/ مؤلف مزدوج"ی بەکارهێناوە. وشەی نەسەق لە زمانی عەرەبیدا هاوتای نیزامە، مامۆستا فازیل نیزامەددین لە (فەرهەنگی شیرین)دا وشەی نەسەقی لە بەرانبەر وشەی (ڕێکخستن) (١) داناوە، هەروەها مامۆستا (گیوی موکریانی)ش وشەی نەسەقی لە بەرانبەر(ڕێک و پوختەکردن، وشە ڕێک هۆنینەوە، هۆنینەوە، پێوەکردن) (٢) بەکارهێناوە و لە زمانی ئینگلیزیشدا هاوتای سیستەمە. چ لە زمانی عەرەبی و چ لە زمانی ئینگلیزیشدا وشەکە واتای ڕێکخستن دەگەیەنێت. سیستەم، یان نیزام هەردووکیان زۆرترین بەکاربردنی سیاسییانەیان هەیە، هەر بۆیەشە ڕەخنەگران و نووسەرانی عەرەب خۆیان لە بەکارهێنانی وشەی نیزام لە باسی ڕەخنەی کولتووریدا بە دوور گرتووە، بەڵکوو لە بریتیدا وشەی نەسەق بەکاردەهێنن. لە زمانی کوردیدا وشەی نەستەق کە نزیکە لە نەسەقەوە، بەمانای ڕێکوپێک لە لای نالی بەکار هاتووە:

**چییە گوارە گوناهی، وا بە نەستەق**
**بە گوێ هەڵتاوەسیوە، سەر موعەلەق؟! (٣)**

مانای فەرهەنگی وشەی نەسەق لەو نموونانەی سەرەوەدا واتا قسەی ڕێکوپێک. دەشکرێت بەکاربردنی جیاوازی هەبێت و مانای جیاوازتریش بدات، بۆ نموونە هەمان وشە بە واتای جۆر، یان چەشن بەکار هاتووە، مەلای جزیری دەڵێت:

**"لەو یەک نەسەق، من تین سەبەق، نوورا بە حەق دڵ دا شەفەق**
**شیرین لەبێ، دیم کەوکەبێ، لێ بەندە بێ دەستوور بوو" (٤).**



عەبدوڵڵا غەزامی

لەو دێڕە شیعرەدا بەواتای جۆر، یان چەشن ڕاڤە کراوە، دێڕەکە واتا:" بەیەک جۆر و لەسەر یەک بۆ من دێن نوور، بە ڕاستی ڕێی ڕووناک کردووە. ئەمانە هەموو هینی لێو جوانێکی ئەستێرەیەک بوو، بەڵام ئەم بەندەیە هیچ دەستوور و فەرمانێکی نەبوو" (٥).

کاتێک ڕەخنەگرێکی وەک عەبدوڵڵا غەزامی ئەو وشەیە بەکار دەهێنێت، لە پرۆژەکەی خۆیدا ڕەخنەی چەشن، یان جۆر و مۆد، یان شێوازی بیرکردنەوە لەناو کولتووری عەرەبیدا پێڕەو دەکات، ئەو شێوازانەی بیرکردنەوە بوون بە سیستەم و شێوازی ژیانکردنی مرۆڤی عەرەبییان دیاری کردووە. لەناو کەلەپووری زیاتر لە هەزار ساڵەی شیعری عەرەبیدا نەسەقە کولتوورییەکانی وەک نێرینەیی و کەڵێتی و مێینەیی دەدۆزێتەوە، کە بە حوکمی پەرینەوەی ئەو چەشنانەی بیرکردنەوە لە ئاستی دەقێکی ئیستێتیکییەوە بۆ کولتوور و شارستانێتی، بوون بە مۆد و چەشن و شێوازی ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا. کاتێک

چەمکێکی وەک نەسەقی پەنهان بەکار دەهێنێت، ئەوە بۆ چەشنێکی پەنهانی بیرکردنەوە لە دەقدا دەگەڕێت. هەر بۆیەشە من لە هەر کوێدا پێویست بکات ئەو چەمکە بەکاربهێنم (چەشنی پەنهان/ نەسەقی پەنهان/ سیستمی پەنهان) پێکەوە بەکار دەهێنم، هەتا کاتێک هاوڕێ زمانەوان و ئەکادیمیستەکان وەرگێڕانی ئەو چەمکە بۆ سەر زمانی کوردی ساغ دەکەنەوە.

مەبەست لە (چەشنی پەنهان/ نەسەقی پەنهان/ سیستمی پەنهان) ئەوەیە دەق هەڵگری گوتارێکی شاراوەیە، ئەو گوتارەش لە پشت ڕەوانبێژی و گەمە زمانییەکانەوە کاریگەری خۆی لەسەر وەرگر بەجێ دەهێڵێت. مەبەست لە نووسەری دووانەیی ئەوەیە نووسەر خۆی بەتەنیا نییە، بەڵکوو کولتووریش لە گەڵیدا بەشداری لە نووسینی دەقدا دەکات. بە بۆچوونی من لە بری دەستەواژەی "نووسەری دووانەیی" دەستەواژەی "نووسەری پەنهان" بەکار بهێنرێت، وەک چۆن (چەشنی پەنهان/ نەسەقی پەنهان/ سیستمی پەنهان) هەیە بەهەمان شێوە نووسەری پەنهانیش هەیە.

ساتەوەختی نووسینی دەق، کاتێک کولتوور نەسەقی کولتووری بەرهەم دەهێنێتەوە، ئەوە دەقنووسی پەنهانە دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەقنووسی بەرجەستەدا دەسەپێنێت. مەبەست لە نێرینەیی دەق ئەوە نییە دەقێک هەبێت پیاو نووسیبێتی، لەبەرئەوە دەقەکە نێرینەییە، یان دەقێک هەبێت و خانمێک نووسیبێتی ئیتر ئەو دەقە مێینەییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەشێت دەقێک هەبێت و خانمێک نووسیبێتی، بەڵام هەڵگری نەسەقی نێرینەیی بێت، لە هەمان کاتدا دەشێت دەقێک هەبێت و پیاوێک نووسیبێتی، بەڵام هەڵگری نەسەقی مێینەیی بێت. نێرینەیی و مێیینەیی دەق دوو نەسەقی کولتوورین و دەشێت وەک بوارێکی داهێنانە ئەدەبی و هونەرییەکان تەماشایان بکەین. نێرینەیی دەشێت لە یەک کاتدا فۆرم و جیهانبینی شیعریش بێت، ئێمە نموونە لە چەند شاعیرێک وەردەگرین و دەشێت نموونەی زیاتریش هەبێت. دەبێت ئەوەش لە بیر نەکەین نێرینەیی لە کەڵێتی جیاوازە، دواتر ڕوونی دەکەمەوە.

بە پێچەوانەی تێڕوانینەکەی (عەبدوڵڵا غەزامی)یەوە بۆ نێرینەیی کە پێی وایە: "لە گوتاری عەشقدا پیاو لە بوونەوەرێکی واقیعییەوە دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی مەجازی، دێوانە و داماو و کوژراوە، وەزیفەی لە بووندا لە پیاوی ئیشەوە بۆ بوونێک دەگۆڕێت کە هەموو سیفات و مەرجێکی مرۆڤی باشی لە دەست داوە" (٦).

لە شیعری عەرەبیدا پیاو لە بەردەم ئەڤیندارەکەیدا زەلیلە، لەو نموونانەی من دەیهێنمەوە لە شیعری کوردیدا پیاو نەک لە بەردەم ئەڤیندارەکەیدا زەلیل نییە و سواڵی نیگایەکی لێ ناکات، بەڵکوو زۆر توند و بەهێزە، بە هەمان شێوە کە لە ڕووی جەستەییەوە بەهێزە لە ڕووی زمان و دەربڕینیشەوە بە هێزە. زمان هەم چەکێکە بۆ هێرشکردنە سەر بەرانبەر و هەم قەڵغانیشە بۆ خۆپاراستن لە هێرشی بەرانبەر، ئەوانەی کە خاوەن زمانن هەم کەرەستەی هێرش و هەم کەرەستەی خۆپاراستن و مانەوەیان پێیە. لە ڕووی فۆرمی وتنیشەوە ئەوان پەیڕەوییان لە نووسینی شیعری عەموودی کردووە، ئەو شیعری عەرەبی دەکات بە دوو قۆناغەوە: (قوناغی یەکەم ئەو قۆناغەیە تێیدا نەسەقی نێرینەیی باڵادەستە و بەناو مێژووی شیعری عەرەبیدا دێت هەتا دەگات بە هەوڵەکانی نووسینی شیعری ئازاد

لـە سـاڵی ١٩١٩ و سـاڵی ١٩٤٧ لـە عێـراق و میسـر و شـام. دەرچوونەکانیـش دەرچوونـی شـکڵی بـوون و هیچیـان لـە جەوهـەری نەسـەقی گوتـاری داهێنـان نەگۆڕیوە. ئـەو قۆناغـە هەمووان گوتـاری نێرینەییـان بەرهـەم هێنـاوە، تەنانـەت بـە ژنـە شـاعیرەکانی وەک خەنسا و (لەیلا ئەخیـل) یشەوە. قۆناغـی دووەمیـش لـە سـاڵی ١٩٤٨ـەوە پرۆژەیەکـی نـوێ بـۆ "مێینەکردنـی" گوتـاری شـیعری و شـکاندنی ئەسـتوونی نێرینەیـی، ئەمـەش لەسەردەسـتی نـازک مەلائیکـە بـە شیعری "کۆلێـرا" و بـەدر شـاکر سـەیاب دەست پـێ دەکات) (٧).

شـیعری عەرەبی، کایەیەکی نێرینەییانە بـووە، ئـەوەش بـە هۆشـیارییەکی نێرینانـەوە کـراوە، شیعر گوتـن مـاف و ئیمتیازێکی بـووە بـۆ نێرینـە و مێینـەی لـێ بێبـەش کـراوە، (بـە فەرزدەقیـان گـوت: فڵانـە ژن شـیعر دەبێژێـت، ئەویش گوتـی: هـەر مریشـکێک وەک کەڵەشـێر خوێنـدی سـەری ببـڕن) (٨). نێرینەیـی کولتـوور و ڕۆشـنبیرییەکە تیۆریزەکـراوە، تەنانـەت (جاحیـز و خەیرەددیـن ئالووسـی) (٩) دژی ئـەوەش بـوون خێزانـەکان کچەکانیـان فێـری خویندنـەوە و نووسـین بکـەن، چونکـە کـە فێـری خوێندنـەوە و نووسـین ببـن ئـەوە شـیعریش دەنووسـن، پارێزەرانـی کولتـووری نێرینەیـش ئـەوە بـە مەترسـی لەسـەر پێگـەی ئەدەبـی و کۆمەڵایەتیـی خۆیـان دەبیننـەوە. لـە مێـژووی شـیعری عەرەبیـدا، شـیعری عەمـوودی تەمەنێکـی دوورودرێـژی هەیـە، لەنـاو ئـەو فۆرمـە ئەدەبییـەی گوتنـدا پیـاوان باڵادەسـت بـوون، ئەگـەر شـاعیرانێکی ژنیـش هاوشـێوەی خەنسـا و (لەیـلا ئەخیلـی)ش هەبـن، هـەر لەنـاو ئـەو فۆرمـەدا بـە ڕوانینێکـی نێرانـەوە شـیعریان نووسـیوە و لەنـاو هونەرێکـی نێرێنەییدا دەسـەڵاتی گوتنـی خۆیـان تاقیکردووەتـەوە. وەک چـۆن لـە شـیعری عەرەبیـدا، شـیعری عەمـوودی بوارێکـی گرنـگ بـووە بـۆ دەرخسـتنی تواناییەکانـی دەربڕینـی نێـر، ئاوەهـاش لـە شـیعری کوردیـدا و بـە درێژایـی مێـژووی شـیعری کلاسـیکی کـوردی، تەنیـا دەسـەڵاتی دەربڕینـی نێرینەیـی دەبینیـن، هـەر لەبـەر ئەوەشـە دەمەوێـت بـاس لـە گوتـاری نێرینەیـی شـیعری کـوردی وەک (چەشـنی پەنهـان/ نەسـەقی پەنهـان/ سیسـتمی پەنهـان) بکـەم.

نێرینەیـی سـیمایەکی دیـار و زەقـی شـیعری کوردییـە، لـە نـاو کولتـووری کۆمەڵگـەی کـوردی لـە باشـووردا، گوتـاری بـاوی نـاو شـیعری کـوردی گوتارێکـی نێرینەییانـە بـووە و ئافـرەت هیـچ ئامادەبوونێکـی تێیـدا نەبـووە، هەمـوو ئـەو سـەردەمانە بپشـکنیت ژنـە شـاعیرێکی تێدا نییـە بووبێـت بـە سـیمایەک لـە سـیماکانی شـیعری قۆناغێـک لـە قۆناغـەکان، ئەمـەش نـەک لەبـەر ئـەوەی ژنـی کـورد توانایی گوزارشـتکردنی نەبووە، بەڵکـوو کولتووریکی نێرانە باڵادەسـت بووە و فۆرم و زمانـی دەربڕینیـش نێرانـە بـووە، هیـچ دەنگێکـی ژنانـە دەرنەکەوتـووە هاوشـێوەی نـازک مەلائیکـە بتوانێـت چەشـنێکی نوێـی دەربڕیـن دابهێنێـت و دەنگێکـی جیـاوازی شـیعریمان پێشـکەش بـکات، دەنگێـک هەسـت بکەیـن دەنگـی بوونەوەرێکـی پەراوێزییـەو دەیەوێـت ئەویـش ببیسـترێت! نـازک مەلائیکـە لەنـاو کولتوورێکـی تـەواو نێرینانـەدا سـەرهەڵدەدات، شیعری عەرەبـی نێرینانە دەبێت و سـیما و هونەرەکانـی نێـر نەخشـاندوویانە، نێـر بەمانـای جیهانبینـی و گوتـار، نـازک نـەک هـەر وەک ژنـە شـاعیرێک دەردەکەوێـت، بەڵکـوو شـۆڕش لـە دەسـەڵات و فۆرمێکـی گوتنـدا دەکات کـە تەمەنـی نزیکـەی دوو هـەزار سـاڵ دەبێـت،

بێگومـان بەتەنیشـت بـەدر شـاکیر سـەیابەوە.

(٢)

بـە حوکمـی کاریگـەریـی ئایینـی و کولتووریـی کۆمەڵگـەی کـوردی لـە باشـوور، بـە ئایینـی ئیسلام و کولتـووری عەرەبـی، شیعری کوردیش کاریگـەر بـووە بـە شـیعری عەرەبـی، بـە لانـی کەمـەوە لـە پەیڕەویکـردن لـە نووسـینی شـیعری عەمـوودی و عـەرووزدا، ئـەو هونـەرەی گوتـن و دەربڕینـی خـود لـە نـاو شـیعری عەرەبیـدا، کـە هونەرێـک بـووە بـۆ توانایـی داهێنانییەکانـی نێرێنەیـی، لـە شـیعری کلاسـیکی کوردیشـدا بـە هەمـان شـێوە بـووە. دیارترین نموونـەی ئـەو وتـن و دەربڕینـە خودییانـەی نێرینەیـی لای نالـی لـە چامـەی (عیشـقت کـە مەجـازی بـێ، خواهیـش مەکـە ئیلـلا کـچ) دەبینینـەوە:

**عیشقت کە مەجازی بێ، خواهیش مەکە ئیلا کچ**

**شـیرین کـچ و، لەیـلا کـچ و، سـەلما کـچ و، عـەزرا کـچ** (١٠)

هەڵبەتـە شـیعرەکە بەجۆرێـک دەسـت پـێ دەکات، وەک ئـەوەی لەپێـش دێـڕی یەکەمــەوە نەگوتـراو هەبێـت و پێویسـتی بـە ڕوونکردنـەوە و ئاشـکرا کـردن نەبێـت، یـان نالـی خـۆی ئـەو ڕووبـەرە نەگوتـراوەی لـە پێش ڕستەی یەکەمـەوە هەیـە بـۆ خوێنـەر بەجـێ هێشـتبێت، تـا بیـری لـێ بکاتـەوە، کـە ئەویش جۆرێکـی تـری عیشـقە، واتـە دەقەکـەی نالـی چەنـدە گوتن و ئاشـکراکردنی بابەتێکـە ئەوەنـدەش شـاردنەوە و نەگوتنـی بابەتێکـە. دەکرێـت بـۆ زیاتـر بەرجەسـتەکردن و گەیاندنـی ئـەو بۆچوونـەم دەسـتپێکی شـیعرەکەی نالـی بـەم جـۆرە بنووسـینەوە:

................

................

.............

.............

**عیشـقت کـە مەجـازی بـێ خواهیـش مەکـە ئیـلا کـچ.**

هـەر یـەک لـەو ڕیـزە خاڵانـەی لـە پێش ڕسـتە شـیعرییەکەی (نالی)یـەوە دامنـاون ڕسـتەگەلی نەگوتـراون لـە بـارەی جۆرێکـی تـری عەشـقەوە، نالـی نەیویسـتووە بیانبێژێـت، ئەویـش تـەواو پێچەوانـەی عەشـقە بەیانکراوەکـەی نـاو چامەکەیەتـی، بۆیـە مـن وەک خوێنـەر ئەوانەیـش یـەژم.

هەڵبەتـە ئێمـە دەزانیـن دوو جـۆر لـە عیشـق هەیـە: ئەوانیـش عیشـقی حەقیقـی و مەجازیـن. عیشـقی حەقیقـی ئەوەیـە عاشـق لەگـەڵ زاتـی خـودادا عەشـق دەکات و خـودا یەکەمیـن و دوایەمیـن مەعشـووقیەتی. عاشـق لـە پێنـاوی گەیشـتن بـە یارەکـەی کـە خودایـە، شـەونخوونی دەکێشـیت و هەمـوو ئـارەزووە جەسـتەییەکانی خـۆی لـە پینـاوی ئـەودا دەچەپێنێـت و پشـت لـە هەمـوو چێـژ و ئـارەزووە دنیاییەکانـی خـۆی دەکات.

عەشـقی حەقیقـی لـە نێـوان خـودا و مرۆڤدایـە بـە هـەردوو ڕەگەزەکەیـەوە. مـرۆڤ لـە ڕەگـەزی نێرینـە، یـان مێینـە بێـت دەتوانێـت عەشـق لەگـەڵ خـودا بـکات، ئەزموونی عیرفانـی نموونـەی زینـدووی تێدایـە، عاریفانێکی هاوشـێوەی شەمسـی تەبرێـزی و مەولانـا جەلالەددینـی ڕۆمـی و حەلـلاج لـە ڕەگـەزی نێـر و خاتـوو ڕابیعـەی عەدەوییـە لـە ڕەگـەزی مێینـەی تێدایـە. لـە عەشـقی حەقیقیـدا ڕەگـەز هیـچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی لە ئاراسـتەکردنی پێوەنـدی نێـوان عاشـق و مەعشـووقدا نییـە. لـە عەشـقی مەجازیـدا ڕەگـەز ڕۆڵێکـی گرنـگ لـە دروسـتکردنی ئـەو پێوەندییـەدا دەبینێـت،

عاشق و مەعشووق پێداویستییە جەستەیی و غەریزییەکانی یەکتر پڕ دەکەنەوە، عەشق لەم پێوەندییەدا ئامرازێکە بۆ گەیاندنی دوو ڕەگەزی جیاواز بە یەکتر، عاشق و مەعشووق لێرەدا بەیەک دەگەن و زۆر جار بەیەکگەیشتنەکە گرێبەستی یاسایی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و ئەو پێوەندییە دەبێت بە جۆرێک لە دامەزراوەیی و خێزان بەرهەم دەهێنێت.

دەقی شیعرەکەی نالی لە شێوەی ئامۆژگاری و ڕوونکردنەوەدایە، شاعیر ڕووی قسەکردنی لە بەرانبەرەکەیەتی و ئامۆژگاری ئەوەی دەکات کە عیشقی هەر مەجازی بوو، ئەوە لەگەڵ کچدا بێت باشترە. ئاماژە بە ناوی شیرین و لەیلا و سەلما و عەزرا دەکات، ئەو ناوانە لە مێژووی مرۆڤایەتی و شیعریشدا درەوشاون، نالی بۆ بە هێزکردنی بۆچوونەکەی خۆی لە بارەی عیشقی مەجازییەوە پەنای بۆ هێنانەوەی ئەو ناوانە بردووە. عیشقی کوڕ لەگەڵ کچدا چێژ بەخشترە، وەک لەوەی لەگەڵ کوڕدا بێت. بە گوێرەی ڕاڤەکەی مامۆستایان: مەلا کەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم کە بۆ ئەم شیعرەیان کردووە دەشێت: ”دیاردەی نێربازی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووبێت، بۆیە نالی ئامۆژگاری بەرانبەرەکەی دەکات، خۆی لە داوی کەوتنە پێوەندی لەگەڵ کوڕ بپارێزێت“ (١١).

نالی بانگەشەی عەشقێکی سروشتی دەکات، بەڵام ئەو بانگەشەکردنە بۆ عەشقێکی سروشتی نەبووەتە هۆی پەرینەوەی جیهانبینی نالی بۆ ئاستێکی بەرز و مرۆڤانە، بەڵکوو ئەوەمان بۆ دەردەخات کچ لای نالی ئامرازی تێرکردنی غەریزە سێکسی و دەروونییەکانی پیاوە:

**کچ پەرچەمی چین چینە، دوو مەمکی لەسەر سینە**
**وەک شانەیی هەنگوینە بۆ لەزەتی دنیا کچ**

لە کچدا مەمک سەرنجی ڕاکێشاوە، بە شیرینی هەنگوینی چواندووە، سەرچاوەی لەزەتی دنیایە، بە پێچەوانەی عەشقی حەقیقییەوە کە عاشق هیچ نرخێک بۆ لەزەتی دنیا دانانێت. نالی وەک چۆن کچ وەک کەرەستە دەبینێتەوە، بەهەمان شێوە کوڕیش هەر وەک کەرەستەیەک بۆ پڕکردنەوەی پێویستیگەلێک دەبینێتەوە، کە ئەمیان هەر بە کوڕ دەکرێت:

**جەزلی سەمەر و سایە بۆ صەولەتی ئەعدا کوڕ**

کوڕیش لەم دەقەدا بۆ ئەنجامدانی شەڕوشۆڕ و بەرگرییە، ئەو دیدەی نالی سەر بەو هۆشیارییەی کۆمەڵگەی ئێمەیە، کە تێیدا پەندێکی هاوشێوەی ”بەرخی نێر بۆ سەربڕینە“ی بەرهەم هێناوە. وەزیفەی کچ و کوڕ لە جیهانبینی شاعیر لەم دەقەی بەردەستماندا، درێژکراوەی ئەو دیدە کولتووری و ئایینییەی کۆمەڵگەی ئێمەیە، کە ناتوانێت کچ و کوڕ وەک دوو بوونەوەری خاوەن ویست و هۆشیاری ببینێت. تێڕوانینە کولتوورییەکە دەبێتە بەشێکی گرنگ لە ئاگایی و نائاگایی شاعیر و لە فۆرمێکی باڵای ڕەوانبێژیدا دەردەکەوێتەوە. نالی ڕوانگەیەکی کولتووریی وەک خۆی بەرهەم هێناوەتەوە، کە ئایین و خێڵی کوردی پێکەوە بەرهەمیان هێناوە و پاراستوویانە، ئەو ڕوانگەیەش ڕوانگەی نێرینەییە. دید و جیهانبینی شیعری نالی لە چامەی ”عیشقت کە مەجازی بێ“ بەرهەمهێنانەوەی چەشنێکی کولتووری نێرینەییە، ئەو چەشنە کولتوورەیەش کچی پاکیزە و دەست لێنەدراوی دەوێت. نالی هەر ئەوە نییە کچ وەک سەرچاوەی چێژ دەبینێتەوە، بەڵکوو جگە لە نێرینەیی چەشنێکی تر بەرهەم دەهێنێتەوە ئەویش چەشنی ”کەڵێتی“یە. کەڵێتی ئاستێکی بەرزتری نێرینەییە، چونکە نێرینەیی لە بەرانبەر مێینەییدا دێتەوە، بەڵام کەڵێتی لە نێرینەیی

تێدەپەڕێنێت، (کەڵێتی تایبەتمەندییەکە ئەوانی تر نیانە) (١٢). ئەو خۆی بە کەڵی ناو شیعری کوردی دەزانێت، لە خوێندنەوەی دەقی (**طەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**) نالی باسی ئەو تایبەتمەندییانەی شیعری خۆی دەکات گوایە لە شیعری هاوچەرخەکانیدا نین.

**طەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا،**
**ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە (عەمدا) وا دەکا**
**یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میثلی شەهسەوار**
**بێتەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا**
**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە**
**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا**
**بێتە حوجرەم، پارچە پارچەی موسوەدەم بکڕێ بە ڕۆح،**
**هەرکەسێ کوتاڵ و پارچەی بێبەدەڵ سەودا دەکا**
**شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی**
**کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا**
(١٣).

لە سەردەمی نالیدا شیعری کوردی، هاوشێوەی شیعری عەرەبی هونەرێکی ئاخاوتنی نێرینەیی بووە، شیعری عەمموودی و عەرووز و پەیڕەویکردن لە بەحرەکانی شیعری عەرەبی مۆرکێکی نێرینەییان هەبووە، دەنگی شیعری ژن نابیسترێت، ئەگەر هەشبێت ئەوە هەر لەناو ئەو چوارچێوە کولتوورییانەدایە ئایین و خێڵ ڕەنگرێژیان کردووە، ئەو دیدە باڵانوارییەی کولتووری کوردی بە پیاوی بەخشیوە لە بەرانبەر ژندا، نالی دیدێکی وەها بە خۆی دەبەخشێت لە بەرانبەر شاعیراندا. نالی دەخوازێت وەک چۆن لە بەرانبەر مێینەییدا سیفاتی نێرینەیی هەڵگرتووە، ئاوەهاش لە بەرانبەر پیاواندا لە بواری شیعر نووسین و ڕەوانبێژیدا بانگەشەی باڵابوونی خۆی و بێنرخکردنی ئەوانی تر دەکات، ئەمەش بە سەنتەرکردنی خۆی و بە پەراوێزکردنی ئەوی تر، شیعری خۆی بە ئاوریشم و کوتاڵی گرانبەها لە قەڵەم دەدات و شیعری ئەوانی تریش بە پەڕۆ و شیتاڵ. ئەو سیستمە کولتوورییەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە سیفەت و شوناسی شاسوار و کەڵ بە پیاو دەبەخشێت، بۆ ناو دەقەکەی نالی پەڕیوەتەوە و هەم گوتاری نێرینەیی و هەم کەڵێتی بەرهەم هێناوەتەوە. ئەو خۆی بە شاسواری بواری ڕەوانبێژی دەزانێت و لەوەش زیاتر دەسەڵاتی ڕەوانبێژییانەی خۆی بەسەر زمانی کوردیدا فەرز دەکات. لەوەش واوەتر دەڵێت:

**فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە**
**نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە**
(١٤)

ئەو کە بە سێ زمان شیعری نووسیوە، خۆی بە حاکمی هەر سێ زمانەکە دەزانێت، ئیتر شاعیرانی تریش وەک ئەوەی ڕەعیەتی ئەو بن، ئەم دیدەی نالی بۆ شیعر و زمان و داهێنان هەیەتی، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و پێگەی کۆمەڵایەتی (نالی)یەوە هەیە، چونکە ئەو پێگەی کۆمەڵایەتی بەهێز بووە و لە تیرەی میکایەلی بووە، هاوزەمانیش نزیک بووە لە دەسەڵاتی بابانەوە، بە تایبەتی لە ئەحمەد پاشای بابان، دەیەوێت پێگە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکەی خۆی بباتە ناو شیعری نەک هەر کوردییەوە، بەڵکوو شیعری فارسی و عەرەبیشەوە، بێئاگا لەوەی زمان و داهێنان بوارێک نییە یەک کەس بتوانێت بۆ خۆی ببێت بە حاکمی، شوناسی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری لە دنیای داهێناندا فریای کەس ناکەون، ئەگەر بیشکەوێت بۆ ماوەیەکی کاتی دەبێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە شاعیرانی نزیک لە دەسەڵاتە ڕامیارییەکان زوو دەردەکەون و

دەخوێنرێنەوە، چونکە کەرەستەکانی ناساندن و گشتیبووەنەوەیان بۆ بەردەستە، بەڵام ئەوەی دواجار بڕیار لەسەر شاعیرێک دەدات هێزی داهێنان و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەیە، ئەو کە لە دەسەڵاتی بابانییەکانەوە نزیک بووە، ویستوویەتی هەرخۆی نەک شاعیری ناوچەیەک بێت، بەڵکوو دیدی نێرانە و کەڵانەی لێنەگەڕاوە شاعیری داهێنەر لە میرنشینێکی تری کوردیدا هەبێت، نەخوازەڵا ئەو شاعیرە خانمێکی وەک مەستوورەی ئەردەڵانی بێت، کە بە زمانی کوردی و فارسی شیعری نووسیوە و لە هەمان کاتدا مێژوونووسیش بووە.

بۆ شکاندنی بەرانبەر و مانەوەی خۆی وەک حاکمی شیعری کوردی و عەرەبی و فارسی، چامەی شەیتانیبوونەکەی بە مەستوورەوە لەژێر ناوونیشانی "مەستوورە کە حەسناو ئەدیبە بە حیسابیَ"ی نووسیوە.

(٣)

کولتوور زەمەنبڕە، ئەو ڕوانگەی نالی بۆ ژن هەیەتی، بەردەوامی بە خۆی دەدات و لە زەمان و زەمینەی تر و فۆرمی تری دەربڕیندا خۆی نمایش دەکاتەوە. باپێکەوە نموونە لە شیعری "لە دەستم دێ" وەربگرین:

**جێی دەرزییەک**
**لە سنگی برسیت نەماوە**
**پەنچەم پەی پێ نەبردبێ!**
**گەواهی ئەدەن... لەسەرت،**
**دارتێلەکانی سەرشەقام!**
**گەواهی ئەدەن... ئەوانەی**
**نامەی تۆیان بۆدەهێنام**
**بەڵێ گیانە**
**گەریمەوێ**
**کاتژمێری کامەرانیت بوەستێنم**
**گەریمەوێ**
**ئەڵقەی پەنچەت پێ فڕێ دەم**
**نامەی بەختت بسووتێنم**
**بەڵگەم پێیە!**
**هەزار بەڵگەی ئاشکراو ڕوون**
**بەڵگەی چوارساڵ پێکەوەبوون**
**بەڵام: چی بکەم؟!**
**خۆشەویستیت**
**نەهەنگێکە**
**خوێنی هەڵچووم ئەخواتەوە**
**خۆشەویستیت**
**ڕووبارێکە**
**قینی ڕەشم ئەشواتەوە** (١٥).

مەرج نییە دەق بە تەنیا هەڵگری یەک گوتار و چەشنی کولتووری بێت، لەهەر دەقێکدا دەشێت زیاد لە گوتارێک، یان چەشنێکی کولتووری ئامادەبوونی هەبێت" گوتار و چەشنێکیان ئەرێنی بێت و باسی ئەڤین بکات و ئەوی تریشیان نەرێنی بێت و باسی خەوش و داماڵین بکات و چەشن و گوتاری یەکەم بسڕێتەوە. گوتاری عەشق بەبێ سەرزەنشتکار نییە، کەسی عاشق خۆی هەردوو ڕۆڵەکە دەبینێت، خۆی عاشق و سەرزەنشتکاری خۆی و عەشقەکەیەتی" (١٦).

شیعری "لەدەستم دێ"ی عەبدوڵڵا پەشێو، هەڵگری دوو چەشنی کولتووری، یان دوو گوتارە، یەکەمیان سووکایەتی کردن و هەڕەشەکردنە لە ئەڤیندارەکەی، دووەمیان گوتاری ئەڤیندارییە بە هۆیەوە لەو هەڕەشانە پەشیمان دەبێتەوە لە ئەڤیندارەکەی کردووە.

لەم شیعرەدا خوێنەر بەر یەک دەنگ دەکەوێت کە دەنگی شاعیرە، قسە بۆ بەرانبەرەکەی دەکات، کە بۆ ماوەی چوارساڵ پێکەوە بوون،

یار و ئەڤینداری یەکتر بوون، چەندان پێوەندی ئیرۆتیکی لە نێوانیاندا ڕووی داوە، وەلێ کاتێک ئەڤیندارەکەی شاعیر کەسێکی تر دێتە ژیانییەوە، ئیتر شاعیر هەڵوێستێکی نێرانەی بەرانبەر وەردەگرێت، هەڕەشەی ئاشکراکردنی هەموو پێوەندییە خۆشەیستی و ئیرۆتییکییەکانی لێ دەکات.

هەموو بەرکەوتن و ماچ و مووچێکی نێوانیان دەهێنێتە ناو دەقە شیعرییەکەوە، هەڕەشەی تێکدانی ژیان لە ئەڤیندارەکەی دەکات، هەموو شتەکان ئاشکرا دەکات و دەڵێت زۆر شتی تریشی لە دەست دێت بیکات، بەڵام ئەوە خۆشەیستیی ئەڤیندارەکەیەتی نەهەنگئاسا خوێنی هەڵچووی دەخواتەوە و دەریا ئاسا قینی ڕەشی دەشواتەوە. ئەو هەڕەشانەی عەبدوڵڵا پەشێو لە ئەڤیندارەکەی دەکات و ئەو چیرۆکە ئیرۆتیکییانەی ئاشکرای دەکات لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆژانە ئافرەتی لەسەر دەکوژرێت! دیدی شاعیر لەم شیعرەدا لە دیدی گەنجێکی بێ ئەزموونی ژیان دەچێت کە دەیەوێت لە ڕێگای پێوەندی ئیرۆتیکییەوە، کچێک بخاتە ژێر دەسەڵاتی حەز و ئارەزووەکانی خۆیەوە، هیچ بەهایەکی مرۆڤانە و ژیاندۆستانە بۆ ڕەگەزی بەرانبەری ناهێڵێتەوە، کە ئەویش خاوەنی ئیرادە و کەسێتی و بڕیاری خۆی بێت، بەڵکوو هەر لەبەر ئەوەی پێوەندی نێوان کوڕ و کچ لە کۆمەڵگەی کوردیدا بڤە و ترسناکە، ئیتر شاعیر ئەوە بە خاڵی لاوازی ئەو دەزانێت و دەیقۆزێتەوە. ئەم گوتارە نێرینەییە ڤێرژنێکی بەرزتری گوتاری (نالی)یە لە چامەی "مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ". ئەو چامەیەی (نالی)ش بە هەمان شێوە هەڵگری دوو چەشنی کولتوورییە، ئەوانیش چەشنەکانی گوناه و باوەڕدارین، نالی لەو چامەیەدا تا دێڕی ژمارە چل و حەوت لە خەونێکدا کە زیاتر لە گێڕانەوەی چیرۆکی فیلمێکی پۆڕن دەچێت، مەستوورە لە هەموو بەهایەکی مرۆڤانە و کۆمەڵایەتی ڕووت دەکاتەوە، بەڵام لە دێڕی چل و حەوتدا لە خەوەکەی/ شەیتانیبوونەکەی بەئاگا دێتەوە و پەشیمانی دەردەبڕێت لەو خەوەی بینیویەتی! لە بەیتەکانی دواتریدا پێی باشە واز لە خەو و خەیاڵ بهێنێت و بگەڕێتەوە سەر ڕێگای ڕاست بۆ لای خودا. هێنانەوەی چەشن/ نەسەقی خۆشەویستی لە کۆتایی شیعرەکەی پەشێودا و پەشیمانبوونەی نالی لە گێڕانەوەی شەیتانیبوونەکەی هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە لەگەڵ هەر یەک لە نالی و پەشێودا دەقنووسێکی پەنهانیش هەیە نێرانە لە ژن دەڕوانێت و ناتوانێت لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەریدا بچێتە پێوەندییەکی دروست و مرۆڤانەوە.

هێندەی سەختی عەرووز و بەحرەکان لە نووسیندا، دیدی نالی بۆ ژن دیدێکی نێرینەیی و زبرە، پەشێویش کە شیعری ئازادی نووسیوە هەمان دیدی هەیە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی چەشنی کولتووری لە فۆرمی جیاوازی گوتندا خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. (یەکێ لە داخوازییەکانی زمانناسی، کە هاریکاریمان دەکات بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی نووسەر و دەق و کۆنتێکست، ئەوەیە کە گوتار و مەغزای گوتار لە ڕووی بنیادەوە پێش پرۆسەی نووسین دەکەون، نووسەر دەتوانێت وشە و پێکهاتەکان هەڵبژێرێ، بەڵام پێوەندی ئەو کاتە دروست دەبێت کە وشە و پێکهاتەکان، بە واتا کۆمەڵایەتییەکان تێر دەکرێن، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کە نووسەرانیش وەک هەر بابەتێک لە ڕووی سیمۆتیکییەوە دەبنە ئاماژەگەلێک لە دەقەکانیاندا. ئەو سەرابە تەفرەدەرەش کە

له دەقدا هەیە وەک دانەری پەنهان Implied author booth بنیادێکی ئەوتۆ دەپۆشێت کە نیشانەکانی بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە) (١٧). کەواتە ڕوانگەی نێرینەیی خۆی ئامادەبوونی لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە، وشە و دەربڕینەکانی لە فەرهەنگی زمانی ئێمەدا ئامادەن، دەقنووس تەنیا ئەو مانا کولتوورییانەی کۆمەڵگە بە وشەکانی دەبەخشێت، ئەم دێت و لە دەربڕینێکی ڕەوانبێژییانەدا ئەو مانایانە تێر و تێرتر دەکات و لە وێنەی ڕەنگاوڕەنگدا بە خوێنەری نیشان دەداتەوە و لە ڕستەی ئاوازدارانەدا بە گوێی بیسەریاندا دەداتەوە.

(٤)

گۆران تەواو بە پێچەوانەی (نالی)یەوەیە، ژن وەک کەرەستەی چێژ بەخشین وێنا ناکات، بەڵکوو وەک فریادڕەسێکی خۆی باسی دەکات، بۆ نموونە لە شیعری "جوانی بێناو"دا (١٨). لەم شیعرەدا هیچ ئاماژەیەکی زەق و سێکسییانە نییە، ڕاستە ستایشی زۆری جوانیی کچێکی بێناو دەکات، وەسفی گەندەمووی دەم و چاوی دەکات و بە جوانتر لە بووکی دەچوێنێت، جوانیی کچەکە جوانییەکی سروشتییانەیە، هیچ زۆر لە خۆکردن و دەستکاریکردنێکی ڕوخساری تێدا نییە، بەرگیشی سادەیە، گۆران جوانییە سروشتییەکەی ئەو کچە دەکات بە بیانوویەک بۆ ئەوەی تێڕوانینی خۆی بۆ سروشت و یەکە پێکهێنەرەکانی بخاتە ڕوو، کە بێگومان کچەکەش ڕەگەزێکی گرنگ و زیندووی ناو سروشتەکەیە. گۆران وەک شاعیرێکی وردبین چاوی هەموو ئەو شتە وردانەی ناو سروشت دەبینێت کە چاوی شاعیری ئاسایی و خەڵکی ئاسایی ناتوانن بیانبینن، یان دەیانبینن و بۆیان گرنگ نین، یان ناتوانن گۆران ئاسا فۆرمێکی دەربڕین بۆ ئەو دیمەنە بینراوە بدۆزنەوە. گۆران کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەوی لە دەریایەکی بە شەڵپ و هوڕ خۆشتر دەوێت، گیانی ئەو بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە، گۆران کە دەریا دەبینێت لە هەمان کاتدا کەناریش دەبینێت، باخ دەبینێت، بەڵام تەڵی وەنەوشەیش لە بیر ناکات و بۆی پەرۆشە، گۆران دەزانێت دەریاکان لە ئەنجامی یەکگرتنی ئاوی ڕووبار و جۆگەلە و کانی دروست دەبن، دەزانێت باخ لە کۆمەڵێک درەخت و گەڵا و گوڵ دروست دەبێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا گۆران دەیەوێت پێمان بڵێت مەزنی و جوانیی شتە گەورەکانی ناو سروشت، ئەفسوونی جوانییە ورد و بچووکەکانیان پێ ناشارێتەوە. ئەوەی گۆران لە دنیای ئێمەدا کردی، نەک هەر داهێنانی فۆرمێکی نوێ و جیاوازی شیعر بوو، بەڵکوو دامەزراندنی دیدێکی جیاواز بوو بۆ بینینی دنیا و نرخدانەوە بە شتە ورد و بچووکەکان. گۆران لەگەڵ خۆیدا دەمانبات بۆ ئەوەی جوانییە فەرامۆشکراوەکان ببینین، ئەو هیچ جوانییەک بە تەنیا لەسەر خۆی تاپۆ ناکات، وەک نالی کردی. گۆران دامەزرێنەری دیدێکی ژیاندۆستانەیە بۆ ژن و ژیان و سروشت، ئەمەش لە بەرانبەر دیدێکی نێرانە و زاڵی ناو شیعر و کولتووری کوردیدا. گۆران ڕاستە شاعیرێکە لە ڕەگەزی نێر، بەڵام ئەو شۆڕشێکی کرد بەسەر هونەرێکی دەربڕیندا کە بواری خۆدەربڕینی نێرینەیی بووە لە مێژووی شیعری ئێمەدا، بەواتا ئەو شۆڕشەی نازک مەلائیکە و سەیاب لە شیعری عەرەبیدا کردیان بە سەر ئەو هونەرە نێرینەییەدا، لە شیعری کوردیدا گۆران کردی. ئەو گۆڕانکارییە ئەدەبییەی گۆران

کردی هەر بە تەنیا ڕزگارکردنی شیعری کوردی نەبوو لە کێش و عەرووزی عەرەبی، بەڵکوو هەڵگەڕانەوەیەکی دەلالییانەیە لە کەلەپووری شیعری کلاسیکی ئێمە، کە تێیدا شیعرنووسین و چێژوەرگرتن لە شیعر ئیمتیازێک بوو بۆ دەستەبژێرێکی خوێندەواری ناو حوجرەکان، هەڵبەتە لێرەدا نابێت قانیع فەرامۆش بکەین، چونکە (قانیع)یش شیعرەکانی ڕووی لە خەڵکی سادە و نەخوێندەواری ناو کۆمەڵگەی کوردی بووە، بە زمانی جووتیار و شوان و وەرزێری کورد شیعری نووسیوە، گوتارە شیعرییەکەشی کە گوتارێکی ڕۆشنگەرانە بووە، ڕووی لە ئەوان بووە، بەڵام ئەوەی وادەکات زیاتر ناوی گۆران بهێنین لەبەرانبەر (نالی)دا، لە پرسی بە گشتیکردنی چێژی شیعردا ئەوەیە قانیع ئەو فۆرمە کلاسیکییەی جێ نەهێشت کە گۆران دەستبەرداری بووە. لەگەڵ شۆڕشە شیعرییەکەی (گۆران)دا و گەیشتنی سەرەتاکانی نوێگەری بە کوردستان، ئیتر خۆری ئەو دامەزراوە ڕۆشنبیرییەی ئێمە کە بەشدارییەکی زۆری هەبوو لە بەرهەمهێنانی چەشنە کولتوورییەکاندا، ڕوو لە ئاوابوون دەکات.

ئەوەی وامان لێ دەکات گۆران بە شاعیرێکی نوێگەری ناو ڕۆشنبیریی کوردی بناسین، هەر بە تەنیا دەرچوون نییە لە فۆرمە باوەکانی شیعر گوتن لە ڕۆژگاری گۆراندا، بەڵکوو ئەو ڕوانینەشە کە هەیەتی، ئەو چەشنە کولتوورییانەشە کە شیعری ئەو هەڵگریەتی، دروست وەک ئەدۆنیس لە پرسی نوێگەریدا یەژێت: "نوێگەری ڕوانینە" (١٩). ڕوانین بە پلەی یەکەم مەرجی نوێگەرییە، ئەگەر نا عەبدوڵڵا پەشێو لە ڕووی کاتەوە ئەزموونی نووسینی چەند ساڵێک پاش مەرگی گۆران دەست پێ دەکات، لە ڕووی فۆرمی شیعریشەوە شیعری ئازاد دەنووسێت، بەڵام چونکە ڕوانینەکەی باوە، فۆرمی نوێی دەربڕینەکەی وەک شاعیرێکی نوێگەر شەفاعەتی بۆ ناکات بخوێنرێتەوە، ئەگەر وەک شاعیرێکی نوێگەریش بخوێنرێتەوە ئەوە بە هۆی ئەو چەشنە کولتوورییەوە کە لەو شیعرەیدا زاڵە هەر "نوێگەرییەکی ئیفلیجە" (٢٠). شیعر لای پەشێو باڵندەیەکە دەیەوێت بە یەک باڵ بفڕێت، بە پێچەوانەی گۆرانەوە کە شیعر مەلێکی سروشتییە و بە دووباڵ دەفڕێت، ئەو دووباڵەش یەکیان ڕوانینە و ئەوی تریشیان فۆرمە (نوێگەری شیعریمان، بە تەنیا گرێدراوی فۆرم نییە، گرێدراوی بابەتیشە، نوێگەری شیعری چەندە تێمای بەکاربردنی جیاوازانەی زمانە، هێندەش تێمای بیرکردنەوەی جیاوازە) (٢١).

گۆران "چەشنێک/ نەسەقێک/ سیستمێک"ی نوێ و جیاواز بەرهەم دەهێنێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت کۆتایی بەو چەشن و نەسەقە نێرینەییەی نالی بهێنێت، کە لە عەبدوڵڵا پەشێودا سەری هەڵدایەوە.

(٥)

ڕەوانبێژی وەک کەرەستەی شیعر، لە ڕادەبەدەر گرنگی خۆی هەیە لە گەیاندنی پەیامدا، بەڵام ئەم گرنگییە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەوەی دەیگەیەنێت باشە، یان خراپە، چ جێکەوتێک لە دەروون و بیرکردنەوەی خوێنەر/ بیسەردا بەجێ دەهێڵێت، هەر بۆیە نووسەرێکی وەک ئیبنولموقەفەع دەڵێت: "ڕەوانبێژی وێناکردنی باتڵە لە شێوەی حەقدا، وێناکردنی حەقیشە لە شێوەی باتڵدا" (٢٢).

هەروەک ئەو شیعرە زۆرانەی لە ستایشی پادشا و میرەکانی ناوچەکەدا نووسراون، هەریەکە و شاعیری خۆی هەبووە و ستایشی

کـردووه، لـه ئازایەتیـدا سـیفاتی شـێر و لـه پاکێتیدا سیفاتی بەفریان پـێ بەخشـیون، بـەڵام دواتـر دەرکەوتـووە ئـەو سـەرکردانە سـیفاتی شـێر و پاکێتـی بەفریـان تێدا نەبـووە. عەبدوڵڵا غەزامی "نموونـە لـە "سـەدام حسـێن" (٢٣) دەهێنێتـەوە، کـە شـەڕی قادسـییەی بـە نـاوەوە کـراوە و بـە شۆڕەسـواری نەتـەوە ناویـان دەبـرد، دواتریـش لـە چاڵێکـدا دەسـتگیرکرا!

ڕەوانبێـژی ئەگـەر جارێـک وێناکردنـی باتـڵ بێـت لـە شـێوەی حەقـدا و وێناکردنـی حەقیـش بێـت لـە شـێوەی باتڵـدا، ئـەوە بـە دیوێکـی تـردا ئـەو دێوجامەیـە کـە چەشـنی کولتـووری خـۆی لـە پشـتییەوە شـاردووەتەوە، بـە هـۆی تەکنیکەکانییـەوە فێـڵ لـە خوێنـەر دەکات و دەیخاتـە ژێـر کاریگەریـی خۆیـەوە. دەکرێـت هـەر یەکـە لـە ئێمـەی خوێنـەر، وەک تاکەکـەس پێچەوانـەی ئەو چەشـنە کولتوورییانە بیربکەینـەوە، شـیعری نالـی و پەشـێو، یـان هـەر شـاعیرێکی تـر هەڵگریانـن، نالـی خەوێکـی بینیـوە، عەبدوڵـڵا پەشـێویش خـۆی لـە ژێـر ناوونیشـانی دەقەکەیدا نووسـیویەتی ئـەو کاتـەی مـرۆڤ دەبێتـە چەپکێـک دەمـاری تـووڕە هۆنراوەیەکـی وا لەدایـک دەبێـت! خەوەکـەی نالـی و تووڕەبوونەکـەی پەشـێو دەرخـەری ئـەو گوتـارە نێرینەییـەن لـە نەسـت و نائاگایـی ئەوانـدان، شـێوازێکی بـاوی ژیانکردنـی کۆمەڵایەتیـی ئێمـە بـوون و بەرهـەم هێنراونەتـەوە، ئـەو گوتـارە شـیعرییە جارێکـی تـر وەک ژێرخانـی عەقڵیـی ئێمـە دووپـات کراونەتـەوە. نالـی و پەشـێو خەریکی ڕازاندنـەوە و ئارایشـتکردنی بـوون! دەشـێت ئێمە ژیاندۆسـت بین و عاشـق بین و ڕەگەزی بەرانبەر وەک بوونێکـی هۆشـیار و خـاوەن بڕیـار و کەسـێتی تایبەتـی خـۆی ببینینـەوە، بـەڵام ئـەوە ئەفسـوونی دێوەجامەکەی ڕەوانبێژییـە وا لـە ئێمـە دەکات دەقـی "مەسـتوورە کـە حەسـناو ئەدیبـە بـە حیسـابێ" بـە شـاکارێکی ئەدەبـی بزانیـن، لـە کاتێکـدا ئـەو دەقـە چەنـدە پێـدا هەڵگوتنـە بـە جوانـی مەسـتوورەدا، هێنـدەش شـکاندنی هەیبەتـی خانمێکـە وەک مـرۆڤ و وەک شـاعیر و مێژوونووسـیش. ئـەوە کاریگـەری ڕەوانبێژییـە وا لـە ئێمـە دەکات دەقـی " لەدەسـتم دێ"، یـان هـەر یەکێـک لـەو شیعرانە، کـە پێچەوانەی بیرکردنـەوەی خۆمانـە، هەڵبژێرین، ئـاوازی بۆ دابنێین و بیکەیـن بـە گۆرانـی، چەپڵـەی بـۆ لـێ بدەیـن، بـەو کارەش ئێمـە هـەم دەبینـە نێچیـری ڕەوانبێـژی و هەمیـش بەشـداری لـە چەندبارە بەرهەمهێنانـەوەی نەسـەقێکی کولتووریـدا دەکەیـن، کـە دەبێـت تێپەڕێنرێـت. لێـرەدا حەقیقەتـی ئـەو بۆچوونـەی عەبدوڵـڵا غەزامـی دەردەکەوێـت کـە دەڵێـت: مرۆڤـی عەرەبـی بـە شـیعری کـراوە، شـیعریش بـە هـۆی ڕەوانبێژییـەوە مرۆڤـی تووشـی کوێـری کولتـووری کـردووە. بـە شـیعریکراو کۆمەڵێـک تایبەتمەندییـە، لەبنەڕەتـدا ئیسـتێتیکین و لـە پەیـڕەوی لێکردنیانـدا دەبـن بـە تایبەتمەندیـی ژیـاری و کولتـووری (٢٤). ئێمـەش بـە هـۆی ئـەوەوەی بـە کەرەسـتەی شـیعری بیرمـان کردووەتـەوە و بیـر دەکەینـەوە، هەتـا ئێسـتاش بـە سەرسـامییەوە دەڕوانینـە کەلەپـووری شـیعریمان و ستایشـی دەکەین! دەشـێت لـە نـاو ئـەو کەلەپـوورە شـیعرییەماندا دەیـان پارچـە شـیعری لـەو جۆرانـەی نالـی و پەشـێو بدۆزینـەوە، کـە ئێمەیـان تووشـی کوێـری کولتـووری کـردووە، بـە هۆیانـەوە مرۆڤـی کـوردی لـە نـاو کوێـری کولتووریـدا دەژێـت. بـۆ ڕزگاربـوون لـە کوێـری کولتـووری دەبێـت دەقـە شـیعرییەکان بـە تەنیـا وەک نووسـینێکی بـە چێـژ و ئیسـتێتیکییانە نەخوێنرێنـەوە، بەڵکـوو پێویسـتە هاوشـانی خوێندنەوەی ئیستێتیکیانە، وەک ڕووداوێکی کولتووریـش بخوێنرێنـەوە و ئـەو گوتـارە پەنهانانـەی لـە بەشـی ژێـرەوەی دەقەکانـدان ئاشـکرا بکرێـن.

پەراوێزەکان:
١- فازڵ نیزامەدین، فەرهەنگی شیرین، سلێمانی، چ١ ساڵ٢٠٠٤، ل٧٣٤.
٢- گیو موکریانی، فەرهەنگی نۆبەرە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ١، ساڵ٢٠٠٥، ل٤٢٣.
٣- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦، ل٢٥١.
٤- عەلاددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا: چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٢، ل ١٦٨.
٥- عەلاددین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩.
٦- عبداللە الغذامي، الجنوسة النسقية/ اسئلة في الثقافة والنظرية، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، ط١، ٢٠١٧، ص١٥.
٧- عبداللە الغذامي، تأنيث القصيدة والقاريء المختلف، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، المغرب، ط٢، ٢٠٠٥. ص٧٢-٧٣.
٨- ابراهيم أحمد ملحم، ألأنثوية في الأدب، عالم الكتب الحديث، ٢٠١٦، ص١٠.
٩- نفس المصدر، ص١٢.
١٠- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦، ل ١٥٧-١٦٢.
١١- هەمان سەرچاوە، ل١٦٢.
١٢- شاعیری کەڵ لای ئەسمەعی ئەو شاعیرەیە تایبەتمەندییەکی هەیە و ئەوانی تر نییانە، وەک چۆن وشتری نێرەی پێگەیشتوو تایبەتمەندی بەسەر وشتری پێنەگەیشتوودا هەیە، لەم ڕووەوە بڕوانە : ابراهيم أحمد ملحم، الأنثوية في الأدب، عالم الكتب الحديث، ٢٠١٦، ص٩.
١٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٦.
١٤- هەمان سەرچاوە، ل٥٧٧.
١٥- عەبدوڵڵا پەشێو، پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ٢٠٠٦، ل ١٦٧-١٧٠.
١٦- عبداللە الغذامي، الجنوسة النسقية/ اسئلة في الثقافة والنظرية، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب ط١ و ٢٠١٧، ص٣٠.
١٧- کۆمەڵێک نووسەر، و: د.شاهۆ سەعید، وشە و جوانی، زنجیرەی دۆسیەکانی سەردەم، ژمارە٦٤، ٢٠٢٠، ل ٣٩.
١٨- دیوانی گۆران، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠، ل ٤٥-٤٦.
١٩- طراد الكبيسي، منزلة الحداثة، الجزء الأول، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٩٢، ص٩.
٢٠- حسێن لەتیف، نوێگەرییەکی ئیفلیج، سایتی زەمەن پرێس، بەرواری ٢٠٢١/٧/٢٩.
٢١- هەمان سەرچاوە.
٢٢- عبداللە الغذامي، النقد الثقافي، قراءة في الأنساق الثقافية العربية، المملكة المغربية، المركز الثقافي العربي، ٢٠٠٥، ص١٣٠.
٢٣- عبدالله الغذامي، نفس المصدر، ص ١٩٠-١٩٦.
٢٤- عبداللە الغذامي، الجنوسة النسقية - أسئلة في الثقافة والنظرية، المركز الثقافي العربي، ط١، ٢٠١٧، ص ١٤٨.

# ڕەخنە لە ژەهری کولتووری

## (سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە بەهای ڕەخنەی کولتووری)

جەواد خەلیل
(کفری)

### پوختەیەکی مێژوویی


سالآنێکی زۆر ئەدەب ملکەچی یاسا و ڕێسا تایبەتەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بوو، بۆ ئەوەی لە پێشخستن و گەشەدان بە خۆیدا سوودی گەورەی لێ ببینێت، چەندان دەقی ئەدەبی گەورە بە ڕەچاوکردنی دیدە پڕ بەهاکانی ڕەخنەی ئەدەبی نووسران و بڵاوکرانەوە، بەڵام ئەمە لە جێیەکدا ئیدی گەیشتە بنبەست و هیچ شتێکی ئەوتۆ نە بۆ دەق و نە بۆ ڕەخنە بە تازەیی نەمایەوە تا لەیەکدییەوە فێر بن و خەریک بوو بەرەو جوینەوەیەکی بێ مانا دەچوو. دەبوو شێوازی دیکەی خوێندنەوە و ڕەخنەی نوێ سەرهەڵبدات، لەمەشدا ئەدەب پێویستی بە فەلسەفە و فیکر هەبوو تا لەم چەقبەستووییە ڕزگاری بکات.

دوو ڕێباز و قوتابخانەی زۆر گرنگ هەبوون کە توانییان ببنە یاریدەدەرێکی باش بۆ دەرچوون لەو چەقبەستووییە، ئەوانیش قوتابخانەی فرانکفۆرت کە لە ڕوانگەیەکی مێژوویی، فەلسەفی، سۆسیۆلۆژییەوە دەیانڕوانییە ئەدەب و لێیان دەکۆڵییەوە، دواتریش لە شەستەکاندا کۆمەڵەی بێرمنگهام کە گرنگییان بە توێژینەوە کولتوورییەکان دەدا و لە ژێر کاریگەریی دنیابینی فرانکفۆرتییەکانەوە لەبارەی کولتوورەوە دەستیان بە توێژینەوەکانی خۆیان کرد، هەروەها گرنگییان بە جەماوەر دەدا و لە شتە ڕۆژانەییەکانیان دەکۆڵییەوە و ئاماژەیان بەو چێژانە دەکرد کە جەماوەر لە شتەکانی وەردەگرێت، بەمەش گرنگیدان بە کولتوور و ڕۆشنبیریی جەماوەر و حەزەکانی بوو بە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانیان.

ئەم توێژینەوە کولتوورییانە وردە وردە بوون بە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی جۆرێکی تازەتر لە ڕەخنە، کە ئەویش ڕەخنەگرتن بوو لە کولتوور، ڕێبەرانی ئەم ڕێبازە نوێیە لەوەدا دژ بە فرانکفۆرت و بێرمنگهام بوون کە بەهۆی زۆر شۆڕبوونەوەیان بە نێو کولتووری جەماوەری و گرنگیدانیان بە چێژە گشتییەکان، بیریان چووەتەوە کە ئەوان ڕەخنەگرن و دەبێت ڕەخنە لە هەموو کایەیەکدا کارا بکەن، ئەوان لەسەر بنەمای ئەو چێژە دەڕواننە کولتوور کە

جەماوەر هەیەتی، بێ ئەوەی بەئاگا بن لەوەی کە بەشێکی ئەم چێژە جەماوەرییە خۆڕسک نییە و ئاراستەکراو و ناچارەکییە و لە ڕێی سەرلێشێوان و فریودانیانەوە دروست کراوە، وەک چۆن لە فیلمی «ڕامبۆ»دا جیاوازییە چینایەتی و ڕەگەزییەکان بە زەقی دەبینرێن و جەماوەر چێژ لەو باڵادەستییە نێرسالارییەی ڕامبۆ وەردەگرێت و لە نەستدا جێگیری دەکات، ئەمە وادەکات بڵێین چێژوەرگرتن شتێکی بێلایەن و خۆڕسک نییە، بەڵکوو شتێکە فێری دەبین، ئێمە لە فوکۆوە فێری ئەوە دەبین کە لە ڕێی کایەکانی مەعریفە و دەسەڵاتەوە زۆر بە ئاسانی دەستکاری چێژبینینەکانمان دەکرێت و فێر دەبین کە چۆن چێژ وەربگرین و کەی و لە چ کاتێکدا چێژ لە شتەکان ببینین و کەی پێبکەنین و کەی بگرین، کەواتە کولتوور و چێژیش وەک بەشێک لە کولتوور شتێکی بێلایەن نین و دروستکراوی چەند کارکردێکی دەرەکی جیاوازن.

ڕابەرانی توێژینەوە کولتوورییەکان تەنیا گرنگییان بە بابەتە کولتوورییە هەمەچەشنەکان دەدا و خۆیان لە ڕەخنەگرتن لە تۆوە نادیارەکانی کولتوور دەپاراست، لێ ڕەخنەگرتن لە کولتوور ڕەخنەی لەم جۆرە توێژینەوانە گرت و بەدووی ناتەواوی و عەیبەکانی کولتووردا دەگەڕا و دەیدایەوە بەر ڕەخنە. ڕەخنەگرتن لە کولتوور بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەبێت کولتوور بکرێتە مەیدانێک بۆ لێکۆڵینەوە و ڕەخنەلێگرتن و بێ لایەنانە لە دەق بکۆڵرێتەوە و لەسەر بنەمای دەقی بەرز و دەقی میللییانە ئەدەب جیانەکرێتەوە، ئەمەش تەنیا لە پێناوی خۆبەدوورگرتن لە هەڵوێست وەرگرتنی ئایدۆلۆژییانە لە هەمبەر دەقدا، کە



ئەزرا پاوەند

پێشتر لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان گیرۆدەی کێشەیەکی وەها بوون، چونکە نەیاندەزانی میدیا و ڕێکارەکانی دیکەی مەعریفە و دەسەڵات چۆن لە دروستکردن و پێشاندانی نموونەیەک و کردنی بە نموونەی باڵا، دەست بەسەر چێژی گشتیدا دەگرن و نموونەکانی دیکەی کە لە ئاستی ئەودا نین بە نموونەی نزم و خراپ دەناسێنن! بۆ نموونە ساڵی ١٩٤٨ کاتێک (کانتۆس) بڵاوکرایەوە و «ئەزرا پاوەند» بۆ وەرگرتنی خەڵاتی پۆڵنگتۆن کاندید کرا و لە ساڵی ١٩٤٩ خەڵاتەکەی پێ بەخشرا، هەرایەکی گەورەی نایەوە و زۆرینەی ڕۆشنبیران و نووسەران و شاعیرە موعتەبەرەکانی ئەو سەردەمە دژی بوون و پێدانی خەڵاتەکەیان بەو شاعیرە بە توندی سەرکۆنە کرد، لەولاشەوە هاوڕێ و دۆستەکانی پاوەند داوایان دەکرد ئازاد بکرێت و شیعرەکانی بەو پێودانگە سیاسییانە نەپێورێت، چونکە پێشتر دادگای ئەمریکی بە شێت لە قەڵەمیان دابوو و بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لە نەخۆشخانەی دەروونی دەستبەسەریان کرد (١). ئەوان بۆچی ئەمەیان کرد؟ ئایا شیعر

و دەقە نووسراوەکانی پاوەند لەوپەڕی جوانی و بەرزیی ئەدەبیانەی خۆیاندا نەبوون وەک هاوڕێکانی دەیانگوت؟ بەڵێ ناوازە بوون، بەڵام مەبەستی ئەو ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەرانەی دیکە و دەسەڵاتدارانی ئەمریکی لە دژایەتیکردنی پاوەند لەگەڵ ئاستی بەرزی دەقەکان و توانایی و لێهاتوویی شاعیرەکە ناتەباییان نەبوو، بەڵکوو مەبەستێکی لە پێوەرە ئەدەبییەکان تەواو جیاوازتریان هەبوو، ئەوان دژی پێدانی ئەو خەڵاتە بوون بە پاوەند و بە شایستەی خەڵاتەکەیان نەدەزانی، چونکە پێیان وابوو ئەو لایەنگری دوو لە ستەمکار و تاوانبارە گەورەکانی نێو مێژووی ئەورووپا بووە، پاڵپشتی لە مۆسۆلینی و هیتلەر کردووە و پەسنی داون و ناپاکی گەورەی کردووە! (٢).

لەو ساتەدا خودی ئەو کەسانە لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقی و سیاسی و ئایدۆلۆژییانەوە ڕوانیویانەتە شاعیرەکە، نەک لە ڕوانگەیەکی ئەدەبییانەوە، واتە لێرەدا هەم دەق و هەم گوتاری شاعیرەکە پشتگوێ خراون و هەڵوێستە ڕۆژانەییەکانی شاعیر بوون بە جێی سەرنجی ڕەخنەگرەکان، ئەمەش بە تەنیا بەو ڕووداوەوە پەیوەست نەبوو، بەڵکوو بەشی هەرە زۆری خوێندنەوە و ڕوانینە جیاوازەکانی ئەو ساڵانە لە ژێر کاریگەریی ئەو تیۆر و قوتابخانانەدا بوون کە ئەدەبی بە کەسێتی نووسەر و هەڵوێستە تایبەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەیەوە دەبەستەوە، بە تایبەتی دوای دەرکەوتن و پەرەسەندنی چەمکی ئیلتیزام لە ئەدەبدا، کە ژان پۆل سارتر ئیشی لەسەر دەکرد و برەوی پێ دەدا، بە واتایەکی تر توێژەر و ڕەخنەگرانی ئەو دەمە بۆ حوکمدان لە سەر دەقێکی ئەدەبی نەگەڕاونەتەوە بۆ لایەنی جوانیناسی و ڕەوانبێژی و بایەخە ئەدەبییەکەی بەرهەمەکە، وەک چۆن پێشتر دەیانکرد، بەڵکوو گەڕاونەتەوە بۆ چوارچێوە زەمەنی و مێژووییەکەی ئەو هەلومەرجەی دەقەکەی تێدا بەرهەم هێنراوە و هەڵوێستە ڕۆژانەییەکانی نووسەرەکە، بە تەنیا وەک بەرهەمێکی ئەدەبی دابڕاو لە ژینگە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی... تاد، سەیریان نەکردووە.

لەو سەردەمانەدا، بە تایبەتی لە چل و پەنجاکانی سەدەی بیستدا، ئەدەب و خوێندنەوە ئەدەبییەکان بە تەواوی وابەستەی ڕەوتە ئایدیۆلۆژییەکان کرابوون و بە دیدێکی ئایدیۆلۆژییانەوە دەیانڕوانییە ئەدەب، لەولاشەوە بەهۆی یاساکانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، کۆتوبەندێکی زۆر خرابووە سەر لێکۆڵینەوەکان، بەڵام شەستەکان و حەفتاکانی هەمان سەدە ئەم دیدە باوە بۆ سەیرکردنی دەقە ئەدەبییەکان هێدی هێدی کەوتە بەر ڕەخنە و سەرنجی قووڵ و هەڵوەشانەوە، بە تایبەتی لەسەر دەستی کەسانی وەک ژاک دیریدا و میشێل فوکۆ و ڕۆلان بارت و بە هاتنە کایەی میتود و خوێندنەوە جوداکانی وەک ( پاش تازەگەری و پاش کۆلۆنیالیزم و هەڵوەشاندنەوەگەرایی ... تاد) کە بە تەواوەتی کاریگەرییان لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی دانا و بوون بە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دەرکەوتنی ڕەخنەی کولتووری لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا. «ڕەخنەی کولتووری» لە ناواخنی ئەم مێژووەوە، لە هەناوی ئەم هەولانەوە هاتە دەر و بوو بە خاوەنی دیدگایەکی ئێجگار جیاواز بۆ شیکردنەوە و هەڵهێنجان و خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکان، واتا ڕەخنەی کولتووری ڕیشەیەکی مێژوویی دوورودرێژتری هەیە وەک لەو وادەیەی کە پەیوەستە بە ساتی دانانی چەمکەکەوە، پێشتریش بەهۆی هەردوو کایەی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان و پرۆسەی ڕەخنەگرتن

لە کولتوورەوە، بەشێک لە سیما و خەسڵەتەکانی ئەم جۆرە ڕەخنەیە دەرکەوتبوو.

ئاشکرایە کە «فانسان لیتش» یەکەمین کەسە چەمکی « ڕەخنەی کولتووری» داهێناوە، بەڵام ئەم داهێنانە لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدانی ئەم ڕەخنەیەدا هاوکات نییە، هەر خودی «لیتش» پێش داهێنانی ئەم چەمکەش چەندان کتێب و وتاری گرنگی لەو بارەیەوە نووسیوە، ئەمە وای کردووە کە هەندێک کەس ڕەخنەی کولتووری بۆ هەشتاکانی سەدەی بیست و هەندێکی تریش بۆ سەرەتای نەوەتەکانی هەمان سەدە بگەڕێننەوە، جگە لە پێشینە مێژوویە دوورترەکەی. لێ لە هەردوو بارەکەدا لیتش بە دامەزرێنەر و ڕابەری ئەم جۆرە ڕەخنەیە دادەنرێت و کتێبەکانی: (ڕەخنە و تابۆ، پاش بنیادگەری، ڕەخنەی کولتووری، ڕەخنەی ئەدەبی ئەمریکی و ...تاد) وەک مەرجەعێکی گەورەی ڕەخنەی کولتووری سەیر دەکرێن.

دواتریش کەسێکی وەک «ئارتۆر ئاسا بێرگەر» دێت و وەک مونەزیرێکی دیاری ئەم شێوازە ڕەخنەییە یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی ئەم بوارە دەنووسێت، کە زەحمەتە بێ گەڕانەوە بۆی بتوانین بە باشی لە ڕەخنەی کولتووری تێبگەین، کتێبی: (ڕەخنەی کولتووری) زۆر بە ئاسانی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن دەشێت لە ڕێی ڕەخنەی کولتوورییەوە خوێندنەوەگەلی زۆر جیاوازتر بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان بکەین و وا لە دەق بکەین کە بەردەوام نوێتر دەربکەوێت و لەڕێی شیاوێتی و کرانەوەی بەڕووی ڕاڤەی جۆراوجۆردا باشتر و پڕ واتاتر دەربکەوێت، کە ڕەنگە لە ئەنجامی ئەمەوە دەقەکە بڕێک بایەخی ئەدەبیانەی خۆی لەدەست بدات، بەڵام بێگومان لە ڕێڕەوی گەشەی کولتووریدا خزمەتی زۆر باشتر بە ژیاری مرۆیی دەکات. (٣).

ڕەخنەی کولتووری هێندەی چالاکییەکی هەمەچەشنەی ڕۆشنبیرییە، نیو هێندە ڕێبازێکی تایبەت و مەیدانێک بۆ لێکۆڵینەوەی مەعریفی نییە، ڕێبازێکی تایبەت، بەو مانایەی کە خاوەنی جۆرێک لە دیدگای تایبەت بە خۆی بێت و بۆ تێگەیشتن و ڕەخنەلێگرتن و ڕاڤەی بابەتە جیاوازەکانی شتەکان بکێشێتە نێو خۆی و خاوەنی جۆرێک لە سیستم و بنەمای جێگیر و گشتێنەر بێت.

ڕەخنەی کولتووری سوود وەرگرتنە لە هەموو ئەو قوتابخانە فیکری و فەلسەفی و ئەدەبی و مێژووییانەی کە هەن، وەرگرتنی ڕێباز و دیدگە تایبەتییەکانی ئەو قوتابخانانەیە بۆ تێگەیشتن لە بابەتێکی کولتووری، هەر ئەمەشە وای کردووە لێکۆڵەرەوەکانی ئەم بوارە لە خوێندنەوە و ڕاڤە و ڕەخنەگرتنەکانیاندا دەست کراوەتر و ئازادتر بکات (٤). بەلای ئەوانەوە چەندە دەروونشیکاری گرنگە، هێندەش ئەو شێوازی هەڵکۆڵینەی فوکۆ گرنگە؛ چەندە هەڵوەشاندنەوەگەراییەکەی دێریدا گرنگە، هێندەش مێژووگەرایی جێی بایەخە؛ چەندە مارکس گرنگە، ئەوەندەش باختین و دی سۆسێر گرنگن.

ڕەخنەی کولتووری لە یەک کاتدا هەم لە هونەر و نووسین و ئەدەبی بەرز، هەم لەو هونەر و نووسین و ئەدەبیاتەش دەکۆڵێتەوە کە میللین و لە ئاستێکی زۆر سادەدا نووسراون؛ هەم گرنگی بە شتە سادەکانی ژیانی ڕۆژانە، هەمیش گرنگی بە ئاستە ژیارییە بەرزەکان دەدات. ئەم فرەئاراستەییە لە ئیشکردندا، دەشێت ڕاستگۆترین شێوازی خۆناساندنی ئەم جۆرە ڕەخنەگرییە بێت، کە توانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا جێی خۆی لە پانتایی ڕۆشنبیریی

جیهانـدا بکاتــەوە و پــەل بـۆ هەمـوو بوارەکانـی ژیـان بهاوێـت و هــەڵاواردن بـۆ هیچیـان نــەکات، هەرچەنـدە ئــەم فرەئاراسـتەییە وای کـردووە کــە زۆرجـار نووسـینی نووسـەرانی ڕەخنــەی کولتـووری وەک نووسـینگەلی زۆر ئاڵـۆز سـەیر بکرێـن و لــە توانایـی خوێنــەری ئاسـاییدا نەبێـت لێیـان تـێ بـگات، چونکـە بـۆ تێگەیشـتن و کردنـەوەی کـۆد و مەبەسـتەکانی نووسـینەکانیان خوێنــەر پێویسـتی بەوەیـە ئاشـنایەتی لەگـەڵ زۆر لـەو بوارانـەدا پەیدا بـکات کــە ڕەخنــەی کولتــووری کردوونیەتییــە مەیدانـی کارکردنـی خـۆی.

## لە نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی کولتووریدا

ئایـا هەمـوو شـتێک لـە ئەدەبـدا، ئەدەبیانەیـە؟ زۆرینــەی ڕابەرانــی «ڕەخنــەی کولتــووری» لــەم پرسـیارەوە دەسـتیان پــێ کـردووە و کردوویانــە بـە ئامانجی لێکۆڵینـەوە و خوێندنەوەکانی خۆیـان و بــە دووی وەڵامەکانیـدا گــەڕاون (٥). دیارتریـن جیـاوازی ئــەو ڕەخنەیــەی لـە ئــەزرا پاوەنـد گیـرا (ئــەو ڕەخنــە ئەدەبیانــەی کەسـێتی نووسـەر و بەرهەمەکەیـان لـە چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژییانـەی ڕووتــەوە دەبینــی) لەگــەڵ ڕەخنــەی کولتووریــدا لەوەدایە کـە ڕەخنـەی کولتـووری لـە ڕوانگەیەکـی ئایدیۆلۆژییانـەی ڕووتـەوە، لەبـەر هەڵوێسـتەکانیان دادگایـی نووسـەران نـاکات، بەڵکـوو ئیشـی ئــەو ئاشـکراکردن و خستنەڕووی مەبەسـتە شاراوەکانی نێـو دەق و ئامانجـە ترسـناک و نەبینراوەکانـی پشـتی دەقـە و دەچێتـە قووڵایـی دەق و گوتـارەوە و بــە ڕووکــەش ڕازی نابێـت. ئــەو مەبەسـت و ئامانجانــەش کــە زادەی بابەتــە سیاســی و مێژوویـی و کۆمەڵایەتـی و ئەخلاقییەکانـن و بابەتـە نائەدەبییەکانـی نێـو ئەدەبـن، ئاشـکرایان دەکات و لێیـان ورد دەبێتـەوە (٦). ڕەخنــەی کولتـووری پێـی وایـە هەمیشـە ئــەدەب بارمتــەی دەسـتی سـەردەم و کارکـردە جۆراوجۆرەکانــی ناویەتــی و ناتوانێـت خـۆی دەربـاز بـکات، بۆیـە هەمیشـە ڕاسـتییەک هەیـە کـە نووسـەر هــەوڵ بـدات بیشـارێتەوە و ئیشـی ڕەخنەگـر ئەوەیـە ئــەو ڕاسـتییە شـاراوانە بدۆزێتــەوە کــە دژ بــە ڕاسـتییە ڕووکــەش و دەرخراوەکــەی دەقـن؛ ئیشـی لێکۆڵــەر و ڕەخنەگرە ئەدەبییـەکان دەبێـت دۆزینـەوەی واتـا شـاراوەکانی پشــتی دەق و ئــەو پنتــە تاریــک و نەبینراوانــە بێـت کـە بـە ئاسـانی نادۆزرێنـەوە و بـۆ هەمـووان ڕوون نابنــەوە و بــە ئاسـانی خۆیـان بەدەسـتەوە نـادەن. ڕەخنــەی کولتــووری پێمـان دەڵێـت بـۆ تێگەیشـتن لـە بەرهەمێکـی ئەدەبـی، دەبێـت لـە دەرەوەی ئـەدەب ورد ببینـەوە. دەبێـت جیـاوازی و دژیەکییەکانــی نێـو دەق و کاریگــەری و ئامانـج و پاڵنەرەکانیشـی بخرێنـە بـەر ڕۆشـنایی لێکوڵینـەوە و بـە وردی شـی بکرێنـەوە. دەبێـت لـە پێوەنـدی نێـوان ڕۆشـنبیر و دەسـەڵات، نووسـینی ئەدەبـی و ڕووداوە سیاسـییەکان زیاتـر ڕابمێنیـن و وردببینـەوە و تـێ بگەیـن.

ڕەخنــەی کولتــووری هــەم وەک درێژکــەرەوە و تەواوکــەری ڕەخنــەی ئەدەبـی سـەیر دەکرێـت و هەمیـش وەک ڕەخنەیـەک لـە ڕەخنـەی ئەدەبـی، چونکـە پێـش پەیدابوونـی ڕەخنــەی کولتـووری، هەمـوو ئـەوەی پێـی دەگوتـرا ڕەخنـەی ئەدەبـی، پەیوەسـت کرابـوو بـە ڕەهەنـدە جیاوازەکانـی ئـەدەب و بینینـی لـە ئاسـتێکی زۆر ئەدەبیانـەدا، کـە خـۆی دەبینییـەوە لـە بەکارهێنانـی چەمـک و زاراوەی نێـو ڕێبـازە ئەدەبییـەکان و گرێدانـەوەی بــە دەقەکانــەوە و دواتریــش ڕاڤەکــردن و لێکدانـەوەی دەق لـە سـەر بنەمایەکی ئیسـتێتیکی، یـان ڕەوانبێژییانـە، یـان.... تـاد، ئەوانـەش کـە دژی ڕەخنــەی ئەدەبـی بـوون زۆرتـر لـە دیدێکـی

ئایدیۆلۆژیانەوە لە دەقیان دەڕوانی، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ڕەخنەی کولتووریدا، چیدی ڕەخنە و توێژینەوە لە ئەدەب تەنیا پەیوەست بە کۆمەڵێک چەمک و یاسا و ڕێسای دانراوی نێو ڕێبازە ئەدەبییەکان نەدەکران، بەڵکوو پەیوەست کران بە هەموو ئەو ڕێبازانەشەوە کە ڕێبازی دەرەوەی ئەدەبی بوون و لە نێو فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و مێژوو، یان زانست و لقەکانی دیکەوە کاریان پێ دەکرا. بەم جۆرە خوێندنەوەی هەمەلایەنانە و فرە چەشنانەی ئەدەب دەستی پێ کرد.

ئەمەش واتای دەستبەرداربوون نەبوو لە ڕەخنەی ئەدەبی، یان مردنی ڕەخنەی ئەدەبی وەک هەندێک بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەڵکوو دەستبەرداربوون بوو لەو خوێندنەوە سنووردارانەی کە ڕەخنەی ئەدەبی پەنای بۆ دەبردن و دەقیان بە تەواوی سنووردار دەکرد.

لە چەمکی ڕەخنەی کولتووریدا کولتوور بە مانا ئەنترۆپۆلۆژییە فراوانەکەی بە ڕەخنەوە پەیوەست کراوە، بەو مانا قووڵ و فراوانەی کە «کلیفۆرد گیردز» بەکاری دەهێنێت و پێی وایە کولتوور بریتییە لە بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی ملکەچی و هەژموون، ئەمەش لە ڕێی سەپاندنی خەسڵەت و ڕووکارە خۆییەکانمان بەسەر کەسانی بیانیدا، تا ئەو کاتەی کەسانی بیانی دەبنە کۆپییەکی دیکەی ئێمە.(٧) ئەم جۆرە کولتوورە کە بە درێژایی مێژوو لە نێو ئەدەبیاتدا خۆی جێگیر کردووە و بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لێی، هەرگیز لەلایەن ڕەخنەی ئەدەبییەوە تیشکی نەخراوەتە سەر و ئاشکرا نەکراوە، بگرە ڕەخنەی ئەدەبی بۆ خۆیشی زۆرجار بووەتە قوربانی ئەم هەژموونە مەترسیدارەی کولتوور و پێوەرەکانی خۆی لە ژێر کاریگەریی ئەو کولتوورەدا داڕشتووە و بەکارهێناوە.

ڕەخنەی کولتووری دێت و ئەمە ڕەت دەکاتەوە، دژ بەو جۆرە ڕەخنانە دەوەستێتەوە کە تەنیا مامەڵە لەگەڵ لایەنە ئیستێتیکییەکەی دەق دەکەن و دیوە شاراوەکان و ئەودیوی مانا ڕوونەکان پشتگوێ دەخەن، ئەوە لە یاد دەکەن کە دەق تەنیا ئەوە نییە کە لە بەردەستی ئێمەدایە، دەق لەوە فراوانتر و بەجووڵەترە کە بتوانرێت بە دنیابینییەکی ڕووکەشانەی لەو جۆرە لە هەموو ڕەهەندە جوداکانی بکۆڵرێتەوە و ڕاڤە بکرێت؛ دەق هەمیشە هەڵگری جۆرێک لە دووفاقێتی و دژیەکییە لە نێو خۆیدا، مادامەکێ بە ڕووکارێکی ئیستێتیکییانەوە؛ بە زمانێکی فریودەرانەوە هەوڵی خۆشیرین کردن دەدات و ئەم خۆشیرین کردنەشی وامان لێ دەکات ڕووە مەترسیدار و شاراوەکانی نەبینین و بکەوینە ژێر کاریگەریی ڕووکارە ڕازێنراوە فریودەرە دەرەکییەکەیەوە.

ڕەخنەی ئەدەبی خوێنەر و دنیابینی خوێنەری وا لێ کردبوو کە هەمیشە لە هەوڵی دابەشکاریدا بێت و حوکمی خێرا و ڕیزپەڕانە بەسەر دەق و نووسینە ئەدەبیەکانیشدا بدات، ئەمە جگە لەوەی دابڕانێکی گەورەشی لە نێوان ئەدەبی باڵا و ئەدەبی میللیدا دروست کردبوو، بەڵام ڕەخنەی کولتووری دێت و ئەم جیاوازییانە ناهێڵێت و وەک یەک لە هەموو چەشنە جیاوازەکانی ئەدەبی باڵا و ئەدەبی میللی دەکۆڵێتەوە، بگرە هەندێک جار زیاتر گرنگی بە ئەدەبی میللی دەدات، چونکە پێی وایە کاریگەریی زۆر زیاتری لە سەر خوێنەر، یان وەرگر هەیە، واتە لە سەر بنەمای ئەو کاریگەرییە ڕەخنەی کولتووری دێت و ڕاڤەی ئەو جیهانە دەکات کە ئەو جۆرە ئەدەبەی تێدا بەرهەم هاتووە و لە سروشتی وەرگر و ژینگە

مرۆییەکەی ورد دەبێتەوە.(٨)

خاڵێکی تر کە لە ڕەخنەی کولتووریدا ئامادەیی بەرچاوی هەیە و ئیشی لەسەر دەکرێت، پێوەندی نێوان نووسەر و خوێنەرە، یان بە مانایەکی ڕوونتر بڵێین پێوەندی نێوان ئەو کەسەی کە دەقەکەی نووسیوە و ئەوەشی کە دەقەکەی ئاراستە کراوە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو ئەو نێوەندەش کە لە نێوان نێرەر و وەرگردا هەیە و دەقەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت و ئەو زەمینەیەش کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، هەمووی پێکەوە دەبنە مەیدانی لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەی کولتووری، لە کاتێکدا لە پێش پەیدابوونی ئەم جۆرە ڕەخنەیە بەو شێوەیە تەماشای ئەدەبیات نەدەکرا، بۆ نموونە ئێمە کە سەیری بنیادگەرەکان دەکەین دەبینین ئەوان بانگەشەی مەرگی نووسەریان دەکرد و بە جۆرێک مامەڵەیان لەگەڵ دەقدا دەکرد وەک ئەوەی ڕوحێکی سەربەخۆ بێت و لە نووسەرەکەی دابڕێنراو بێت، بەڵام ڕەخنەی کولتووری نووسەر و هەموو ئەو کارکردانەی پەیوەستن پێیەوە وەک بەشێکی گرنگی توێژینەوەکانی خۆی دەبینێت! بەمەش ڕەخنەی کولتووری وەک ڕێبازێکی نوێ و جیاواز لە ڕێبازەکانی دیکەی پاش بنیادگەریی و پاش تازەگەری هەم گرنگی بە دەق دەدات و هەمیش بەو گوتارەی کە دەق بەرهەمی دێنێت، هەروەها ئەو زەمینەیەش کە گوتارەکەی پێدا دەگوێزرێتەوە، گوتار کە پێشتر ڕەخنەی ئەدەبی زۆر بەلایدا نەدەچوو، لای ڕەخنەی کولتووری بەهایەکی گەورەی بۆ دانرا.

ڕەخنەی کولتووری ئیشی ئەوە نییە بانگەشە بۆ باڵابوون و بەرزی ئاستی دەقێک بکات و بە خوێنەری بناسێنێت، یان لە لایەنی ئیستێتیکی و ڕەوانبێژییەکەی و قووڵی ناوەڕۆکی نووسینەکانەوە تەماشای دەقەکان بکات، بەڵکوو ئیشی ئەوەیە بە دووی کەموکووڕی و نوقسانییەکانی دەق و گوتاردا بچێت و دیوە درزیو و پڕ لە نەنگییەکەی دەق، یان گوتاری نووسەرەکە ئاشکرا بکات، کە لە بنەڕەتەوە بە پشت بەستن بە «فریودانی زمانەوانی» داپۆشراوە و ڕازێنراوەتەوە، ئەو فریودانەی وا لە دەق دەکات بە ئاسانی پەسەند بکرێت و نووسەریش لە ئاراستەکردنی گوتارەکەی خۆیدا ساناتر ئامانجەکەی بپێکێت.

ڕەخنەی کولتووری لەڕێی ئەم بازدانەوە لە دەقەوە بۆ گوتار و هەڵکۆڵین، پاشان هەڵوەشاندنەوەی گوتارەوە، جارێکی دی دەیەوێت لایەنە مەترسیدارەکانی کولتوور بداتە بەر تیری ڕەخنە و لەبەرەوپێشچوونی ژیارییانەدا کولتوورێکی نوێ سەر ڕێ بخات و واتای نوێتر و جیاوازتری لێ بار بکات.

## ڕەخنەی کولتووری و ئێمە؛ ڕەخنە لە ژەهری کولتووری

عەبدوڵڵا غەزامی کە لە نێو عەرەبدا بە ڕابەر و سەرمەشقی ئەم جۆرە ڕەخنەیە دەناسرێت و یەکەمین کەسیشە ئەم ئەزموونە ڕەخنەییە خۆرئاواییە بۆ خۆرهەڵات بگوێزێتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: (ڕەخنەی کولتووری چەندان ڕووکاری ژیان دەگرێتە خۆی و بە تەنیا هەر ئەدەب ناگرێتەوە)(٩). ئەو کە ئەم ئەزموونە دێنێتە نێو دنیای عەرەبەوە، پێش هەموو شتێک لە ڕەخنەکانییەوە دەربارەی شیعری عەرەبی دەست پێ دەکات و لەو بڕوایەدایە کە ئەم شیعرە خۆی لە ژێر هەژموونی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینییەکاندا بووە و

خۆیشـی کاری کردووەتـە سـەر بیرکردنـەوە و شـکڵگرتنی کەسـێتی تاکی عەرەبی، بەڕادەیـەک کـە بووەتـە هـۆی ئـەوەی کەسـێتی تاکـی عەرەبی بکاتـە کەسـێتییەکی شـاعیرانە و وای لـێ بـکات ئەوەنـدەی گرنگـی بەلایەنـە ئیسـتێتیکی و نەریتگـەرا و ڕەوانبێژییەکـەی دەق بـدات، ئەوەنـدە گرنگـی بـە واتـا شـاراوەکانی دەق و بایـەخ بـە پەیامـە کولتوورییەکانـی نـەدات، بـۆ نموونـە لـە ڕووکەشـدا «ئەدۆنیـس»، یـان «نـزار قەبانـی»، یـان «موتەنەبـی» شـاعیرگەلی گـەورە و بـێ هاوتـای عەرەبـن، چونکە هەموویـان لـە جوانکردنـی زمانـی عەرەبـی و دەرخسـتنی توانایـی ڕەوانبێژییەکـەی و بـە بـەرز دانانیـدا گەیشـتوونەتە لووتکـە، لـە کاتێکـدا کـە دەچینـە نێـو وردەکارییەکانـی دنیـای ئـەو شـاعیرانە و دۆخـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیری سـەردەمەکەیان لێـک دەدەینـەوە، دەبینیـن ئـەو گوتـارەی لەمانـەوە ئاراسـتەی جەمـاوەری عەرەبی کـراون بارگاویـن بـە شـەپۆلێکی گـەورەی دژیەکـی و ناتەباییەکی مەترسـیدار و کولتوورێکی شـاراوەی پـڕ لـە سـتەم و نـادادی و ناشـیرینی، هەرچەنـدە لـە ڕووکەشیشـدا جـوان و سـەرنجڕاکێش و بـێ کێشـەش دەربکـەون، چونکـە ڕەخنـەی ئەدەبـی تەنیـا ڕەوانبێـژی و لایەنـی ئیسـتێتیکیانەی دەقـی بـەلاوە گرنـگ بـووە و بـەو پێـوەرە تایبەتانـەی خـۆی لێکـی داونەتـەوە، کـەس لاری لـە گوتـارە ئاراسـتەکراوە مەترسـیدارەکەی پشـت هەندێـک دەقـی ئـەم شـاعیرانە نەبـووە و نەبووەتـە جێـی سـەرنجی کـەس (١٠).

کاتێـک لـە مێـژووی ئەدەبیاتـی خۆرهـەڵات بـە گشـتی و مێـژووی ئەدەبیاتـی کـوردی بـە تایبەتـی دەکۆڵینـەوە، دەبینیـن بـە هەمـان شـێوەی ئەدەبیاتـی عەرەبـی لێـرەش دیسـانەوە شـیعر پانتاییەکـی گـەورە و فراوانـی ئـەو مێـژووەی داگیـر کـردووە، بـە جۆرێـک کـە دەتوانرێـت بگوترێـت بـێ باسـکردنی شـیعر، باسـکردنی مێـژووی ئەدەبیاتـی ئـەم ناوچەیـەش باسـکردنێکی ناتـەواو و نابەجێیـە و نامانگەیەنێتـە هیـچ کـوێ، وەک چـۆن هـەر ڕەخنەیەکیـش کـە ئاراسـتەی ئـەو مێـژووە بکرێـت، دەبێـت پێـش هەمـوو شـتێک لـە شـیعرەوە دەسـت پـێ بـکات!

عەبدوڵـڵا غەزامـی کـە ئـەم ڕەخنەیـە دێنێتـە نێـو دنیـای عەرەبـەوە، پێـش هەمـوو شـتێک ڕوو دەکاتـە شـیعری عەرەبـی و لەوێـوە ڕەخنەکانـی خـۆی سـەرڕێ دەخـات، ئەمـە بـۆ ئەدەبیاتـی کوردیـش ڕاسـتە و دەبێـت هـەر دەسـتپێکێکی ڕەخنـەی کولتـووری کوردییانـە لـە شـیعری کوردییـەوە دەسـت پـێ بـکات. دەبێـت جارێکـی دی (نالـی و حاجـی قـادری کۆیـی و شـێخ ڕەزای تاڵەبانـی) بـە چـاوی ڕەخنـەی کولتوورییـەوە بخوێنینـەوە و خۆمـان لـە کۆتـی زمانپـاراوی و ڕازاندنەوەکانیـان و فریودانـی ڕەوانبێژییانـە و باقوبریقـی ئیسـتێتیکیانەی شـیعرەکانیان دەربـاز بکەیـن و تەماشـای واتـا شـاراوە و نەبینراوەکانـی نێـو دەقەکانیـان بکەیـن، لەگەڵیشـیدا زۆر ڕوونتـر بـەر دۆخـە مێژوویـی و سیاسـی و ئایینـی و ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتییەکـەی ئـەو سـەرزەمینە بکەویـن، کـە ئـەو دەقانـەی تێدا بەرهـەم هاتـوون.

بـە مانایەکـی تـر هەمـوو دەقێـک هەڵگـری جۆرێـک لـە کولتـووری تایبەتـە و سـەر بـەو کولتوورەیـە و ناکرێـت لێـی جیـا بکرێتـەوە، دەبێت لـە کـۆدا بـەر ڕەخنـە بدرێـن، لـە کاتێکـدا ئـەوەی ئێمـە تـا ئێسـتا کردوومانـە بـە زۆری پەیوەسـت بـووە بـەو شـێوازە باوانـەی ڕەخنـەی ئەدەبییـەوە کـە تەنیـا توێژێکـی دەسـتەبژێری خوێنـدەوار پێـی سەرسـام بـوون و تەنیـا لـە ئاسـتە ئەدەبییەکـەدا

قسەی لەسەرکراوە.

لە نێو ئەدەبیاتدا شتێکی مەترسیدار ئامادەیی هەیە کە دەشێت ناوی بنێین (ژەهری کولتووری)، کە بەشە هەرە ترسناکەکەی ئەدەبە و بە شێنەیی کاری خۆی دەکات، بڕێک لەم ژەهرە کولتوورییە بەهۆی کاریگەری ئەو ژینگەیەوە دەخزێتە نێو ئەدەبەوە کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە و بڕێکیشی نووسەر خۆی لە دەقدا و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دایدەنێت، لێ ئەم ژەهرە، چونکە لە ژێر جەبری زماندا حەشاردراوە؛ بۆیە بە ئاسانی خوێنەر ناتوانێت درکی پێ بکات، تا ئەوەی کە ژەهرەکە کاری خۆی دەکات و دەچێتە لەشی خوێنەر و وەرگرەوە. ڕەخنەی کولتووری لەڕێی ئامرازەکانی خۆیەوە یارمەتیمان دەدات ئەو ژەهرە کولتوورییە دەستنیشان بکەین و وێنایەکی زەقی بدەینێ و خوێنەری لێ ئاگادار بکەینەوە.

وەختێک شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە شیعرێک هەجووی شوکری فەزڵی دەکات و دەیان تانە و تەشەر و توانج و جنێو لە دەقێکدا جێ دەکاتەوە، ڕەخنەی ئەدەبی سەرسامی خۆی بە تواناییە ڕەوانبێژی و ئیستێتیکییەکانی شێخ ڕەزا دەردەبڕێت و پەسنی دەدات، لێ ڕەخنەی کولتووری بەم توانایی ڕەوانبێژی و زمانە باڵایەی شێخ ڕەزا فریو ناخوات و ڕەخنە لەو نەزم و ژەهرە کولتوورییە مەترسیدارە دەگرێت کە لە بناوانی بیری شێخ ڕەزا و دەقی شیعرە داشۆرینەکانییەوە سەر هەڵدەدات و بە بەرگێکی ئیستێتیکیانە و بە تواناییەکی بەرزی ڕەوانبێژییەوە دەیەوێت کولتووری بە هیچ دانانی ئەوی دی ئاسایی بکاتەوە، ئێمەش بێ هیچ لارییوونێک وەری بگرین. کە شێخ ڕەزا بە شوکری فەزڵی دەڵێت:

**(پێم مەڵێن ئەم دوو ژنەت بۆ چییە ئەی شێخ ڕەزا**

**شوکرییە بۆ تەسک و تروسکی و جەمیلە بۆ زگ و زا) (١١)**

ئەمە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا وەک نموونەیەکی باڵای شیعری داشۆرین ئاماژەی پێ کراوە، لە کاتێکدا ڕەخنەی کولتووری دەچێتە نێو دەقەکەوە و ئەو دەلالەتە شاراوانەی پشتی دەقەکە و ئەو ژەهرەی کە جوانبێژییەکەی شێخ ڕەزا ڕێگری لە بینینی دەکات، ئەم دەیبینێت و پەردەی لەسەر هەڵدەماڵێت.

ئایا ئەم شیعرە ئەوپەڕی سووکایەتی کردن نییە بە ژن؟ ئایا ئەمە شکاندنی شکۆی مرۆییانەی شوکری فەزڵی و جەمیل سدقی زەهاوی نییە؟ ئەمە دەرخەری ئەو کولتوورە نییە کە نیشانەکانی چەپاندنی سێکسی و لادانی سێکسی بە تەواوی بیماری کردووە؟ ئەمە هەوڵ نییە بۆ تیرۆرکردنی کەسێتی ئەوی دی؟ ئەمە جگە لەوەی هەم شوکری فەزڵی لە وەڵامدانەوەکانیدا و هەمیش شێخ ڕەزا لە هەجووەکانیدا بۆی، نایەن بە تەنیا هەجووی کەسێتیی یەکدی بکەن، ئەوان بەوەوە ناوەستن و لە ڕێی پەنابردنەوە بۆ بەدناوکردنی خوشک و دایک و ژنی یەکدی تا ئەوپەڕی سنووری جنێودان و شکاندنەوە دەچن، بەکارهێنانی ژن وەک ئامرازێکی کاریگەر لە شکاندنەوەی یەکدیدا و باڵادەستی ئەم جۆرە دیدە بۆ داشۆرینەکانی نێو شیعر، وای کردووە کە خەڵکی و ڕەخنەگرانی شیعریش پێی سەرسام بن و کاریگەری لە نێو جەماوەردا زیاتر بێت. لێرەدا هەم دەقەکە و هەم گوتارەکە، هەم ئەوەشی کە گوتارەکەی ئاراستە دەکرێت و ئەو نێوەندەش کە پێیدا تێپەڕ

دەبێت، هەموویان دەبنە بابەتێک بۆ ڕەخنەی کولتووری و لە شکڵگرتن و ئاراستەکردنی ئەو ژەهرە کولتوورییەدا ڕۆڵ دەگێڕن. ڕاستە ڕەخنەی کولتووری ئەو پێوەرانەش ڕەت ناکاتەوە کە بۆ خوێندنەوەی دەقێکی وەها لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بە کاردێن، بەڵام ئەوەش بە کەموکووڕی دەزانێت کە ڕەخنە خۆی لەم پرسیارە گرنگانە لابدات و تەنیا مامەڵە لەگەڵ دەرخراوەکانی شاعیردا بکات و ستایشی زمان و توانایی داڕشتنەوەی بکات.

ڕەخنەی کولتووری لێرەدا ڕەخنە، لە ڕەخنەی ئەدەبی دەگرێت، کە ئەدەب و زمان لە زانستەکانی دیکە دوور دەخاتەوە و تەنیا پێوەرەکانی خۆی بۆ خوێندنەوە و ڕەخنە لێگرتنیان بەکاردەهێنێت، وەک چۆن دەشێت پەسنی خەیاڵی فراوان و توانایی ڕەوانبێژییانەی شێخ ڕەزا بدەین، ئاوهایش دەشێت ڕەخنە لەو عەقڵییەت و کولتوورە شاراوەیەش بگرین کە شێخ ڕەزا لە ڕێی شیعرەکانییەوە برەوی پێ داوە و لە ئەدەبدا بەرهەمی هێناوەتەوە.

ئەم کێشەیە تەنیا لە شیعری کلاسیکیدا نییە، بەڵکوو شیعری هاوچەرخی کوردیش تژییە لەو بەرهەمە ئەدەبییانەی هەوڵی دروستکردنی گوتاریان لە پێناو ئاراستەکردنی جەماوەر داوە و پڕ بوون لە ژەهری کولتووری، بەتایبەتی ئەوەی کە پێی دەگوترێت شیعری بەرگری.

ئەگەر شێرکۆ بێکەس وەک نموونە وەربگرین، بەو پێیەی یەکێکە لە دیارترین شاعیرانی هاوچەرخی کورد، بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی بۆ گیانفیدایی و خۆبەشەهیددانی تاکی کورد لە پێناوی خاکەکەیدا تەرخان کردووە و مژدەی نەمربوونی پێ داون، هەر ئەمەش وای کردووە کە زۆر بە زوویی لە ئەدەبیاتی کوردیدا جێی بۆ بکرێتەوە، چونکە وەڵامدەرەوەی خواستە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد بووە لە ژێردەستەییدا، کەچی هەر خودی شێرکۆ بێکەس خۆی لە داکەوتندا نەیویستووە ئەو نەمرییە بەدەست بهێنێت، ئەمە نەنگییەکی گەورەی نێو ئەو گوتارە ئاراستەکراوەی (شێرکۆ بێکەس)ـە، کە گوتارێکە ڕووەو جەماوەر، هاندانیانە تا بەبێ بیرکردنەوە وەری بگرن و لە پێناویدا بمرن! لێ کە دەچینە بنجوبناوانی ئامانجە شاراوەکانی پشت ئەو گوتارەوە، دەبینین ئەو تەنیا ویستوویەتی دەقێکی باڵا و جوان بنووسێت و ببێتە شاعیرێکی گەورە، باشترین ڕێگەش بۆ ئەمە وابەستەبوونی ئەوە بەو خواستە زاڵە سیاسی و کولتوورییەی سەردەمەکەی خۆی، هەر بۆیە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی لە هەڵسەنگاندنی شیعرەکانیدا، دەستەوەستانە لە هەمبەر داهێنانە زمانی و هەوڵە نوێگەرییەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا و ناچارە دان بە باڵابوونیدا بنێت.

ئەم گرنگیدانە بە ئاستی ڕووکاریی دەق و لایەنی ڕەوانبێژی و ئیستێتیکیانەکەی، وای کرد گەورەترین کێشەی نێو ئەدەبیاتی کوردی ساڵانی حەفتاکان، ئەوە نەبێت کە داخۆ کام شاعیری نوێخوازی کورد لە ئاراستەکردنی جەماوەردا بەرەو مردن، یان ڕوونتر بڵێین لە گوتارەکەی خۆیدا ڕووەو خوێنەرەکانی، ڕاستگۆ بووە، یان ئامادە بووە سەری خۆی لەپێناوی پەیامەکەیدا دابنێت، بەڵکوو گەورەترین کێشەی شاعیران و ڕەخنەگرانی ئەو قۆناغە ئەوە بوو کە کامێک لە شاعیرانی «گرووپی کفری» و «گرووپی ڕوانگە» پێشەنگی نوێکردنەوەی شیعری کوردین؟! داخۆ «لەتیف هەڵمەت» بە (خوا و شارە بچکۆلەکەمان) یەکەمین هەنگاوەکانی ناوە، یان ڕوانگە و شێرکۆ بێکەس لەو ڕووەوە

پێشەنگ بوون! (١٢) بە لای خەڵکیشەوە ئەوە گرنگ بوو کە کامیان زیاتر خزمەت بە دۆزە نەتەوایەتی و سیاسییەکە دەکەن، لەم نێوەندەدا ئەوەی لەو قۆناغەدا پێویست بوو بۆ بوون بە شاعیرێکی گەورە، ئەوەبوو کە هەم لە ڕووی فۆرمەوە نوێخواز و داهێنەر بێت و هەمیش لە ڕووی ناوەڕۆکەوە سەر بەو خواستە جەماوەرییە بێت کە لە ژێر هەژموونی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کرابووە تایپی باڵادەست، کەس بەلای ئەو ژەهرە کولتوورییانەدا نەدەچوو کە لە نێو بەشێک لەو دەقانەوە دەهاتنەدەر و ڕووەو جەماوەر ئاراستە دەکران و لە گەشەی ڕەوتی ژیاریانەدا ئینسانی کوردیان دوادەخست و تاکێتی و ئازادییە کەسییەکانیان لە بۆتەی بیرکردنەوەی کۆگەلیانەدا دەتوانەوە.

نەک هەر بە تەنیا شیعر، بگرە هەر بەو ئامرازە جیاوازانەی کە ڕەخنەی کولتووری هانای بۆ دەبات، دەتوانین بەشی هەرە زۆری ئەدەبیاتی کوردی دەرەوەی شیعریش سەرلەنوێ بخوێنینەوە. بۆ ئەوەی جارێکی تر لە ڕێی ڕاڤە نوێیەکانەوە و بە سوودوەرگرتن لە ڕێباز و میتودە جیاوازەکانی توێژینەوەی زۆر لەو بوارانەی کە دەکەونە دەرەوەی دنیای ئەدەبەوە، دەشێت بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی زۆر بابەتی پەیوەست بە ئەدەبیات سوودی لێ ببینین، بەرەو قۆناغێکی نوێ و ئاستێکی بەرزتری تێگەیشتن بچین و زۆر کۆد و لایەنی شاراوەی نێو مێژووەکەشمان بدۆزینەوە. بۆ نموونە «پیرەمێرد» کە کۆکەرەوەی پەندەکانی پێشینیان و دانەری هەندێکیشیانە، لە نێو پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا گرنگییەکی زۆری پێ دراوە و بووەتە جێی ستایشی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، بێ ئەوەی دان بەوەدا نرابێت کە ئەو گوێزەرەوە و پارێزەری بەشێک لەو گوتارە خێڵەکییە دواکەوتووانە کوردییەیە بۆ نێو ئەدەبیاتی کوردی! هیچ کەسێک نەهاتووە ئیش لە سەر هەڵوەشاندنەوە و ڕەخنەلێگرتن و دەرخستنی ڕووە مەترسیدارەکەی ئەو پەندانە بکات کە پڕن لە نایەکسانی ڕەگەزی و زەقکردنەوەی چینایەتی و ماکیاژکردنی عەقڵیەتی خێڵەکییانەی کوردی!

ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ستایشی ئەوە دەکات کە پیرەمێرد لە پاراستنی ئەو پەندانەدا ڕۆڵی گەورەی بینیوە، ئەمەش وامان لێ دەکات ئەو بە منەوەرێکی مەزن دابنێین، کەس لاری لە توانایی و بایەخە ئەدەبییەکەی پیرەمێردا نییە، بەڵام ئەی چی دەربارەی گواستنەوەی ئەم گوتارە وەک خۆی و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر گەشەی ژیارییانەی مرۆڤی کورد دەڵێیت؟ ڕەخنەی کولتووری لێرەدا بە هانامانەوە دێت، ئەو دەڕواتە ئەودیوی ئەم سەرسامبوونە ئەدەبییەوە و هەوڵ دەدات بە سوود وەرگرتن لە مێژوو، فەلسەفە و کۆمەڵناسی و ... تاد، پەردە لە سەر زۆر لایەنی دیکەی شاراوە و قسە لەسەرنەکراوی ئەم پەندانە بکات، تا لە ڕێی ڕەخنەگرتن لەو ژەهرە کولتوورییە حەشاردراوە ڕازێنراوەوە، لە پێشخستنی ژیاریانە و پرۆسەی ڕۆشنکردنەوەی بیری تاکی کورد، بەشدارییەکی کارا بکات، تا خوێنەری کورد بە خوێندنەوەی پەندگەلی وەک (شێر کە ترشا بیرێژە، ژن کە پیربوو بینێژە) (١٣) پێنەکەنێت و وەک شتێکی ئاسایی وەری نەگرێت، بەڵکوو وەک پەندێک سەیری بکات کە نایەکسانی بڵاودەکاتەوە و بانگەشەیەکی نێرانەیە بۆ بە کەم دانانی ژن و سەیرکردنی وەک کالایەک کە تا ئەوکاتەی سوودی لێ دەبینێت بەکاری بهێنێت و کە کەڵکی نەما فڕێی بدەیت! ئەمە بینینی ژنە وەک

بوونەوەرێک کە خودان جەستەیەکی سێکسییە و بە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی ئاڵوشییەکانی پیاو دروست کراوە، نەک وەک مرۆڤێکی هۆشیار و خاوەن ماف و کەرامەتی مرۆییانە.

یەکێکی تر لەو نووسەر و شاعیرانەی نێو مێژووی ئێمە، کە بە یاریدەی شیرینیی وشە و دەربڕینەکانی، ئەمەی دەرخواردی خوێنەری کورد داوە، (هەژاری موکریانی)یە. ئەوانەی (چێشتی مجێور) (١٤) دەخوێننەوە، بێ هیچ لارییبوونێک بەو باڵادەستییەی هەژار سەرسام دەبن و ناتوانن دەستبەرداری ئەم سەرسامییە بن و هاوڕای ئەوە نەبن، کە لە ڕووی زمانەوانییەوە چێشتی مجێور یەکێکە لە باڵاترین دەقەکانی نێو مێژووی ئێمە. هەموو ئەوەی ئەم سەرسامبوونە فراوانەی دروست کردووە، بە تەنیا زمانی نووسینەکانی هەژار نین، بەڵکوو پێوەرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردین، کە وا دەکەن ئێمە بە پلەی یەک گرنگی بە زمانی دەق بدەین و گوتاری نووسەرەکە و کاریگەری و واتا شاراوەکانی بەلامانەوە زۆر گرنگ نەبن.

لێرەدا تەنیا چەند ئاماژەیەکی کورتمان بە هەندێک لەو نموونانە کرد کە نوێنەری بەشێکی گەورەی ئەدەبیاتی ئێمەن و دەتوانرێت بە سوودبینین لە ڕەخنەی کولتووری جارێکی تر بخوێنرێنەوە، تا دڵنیابینەوە لەوەی چەند کۆدی نەکراوە و لایەنی لێ نەکۆڵراوەی زۆرمان هەن، کە تا ئێستا لە ئاستێکی زۆر ڕووکەشانەدا خوێندنەوەمان بۆ کردوون و تەنیا بە چاوێکی ئەدەبیانەوە لە ئەدەبمان ڕوانیوە، بێ ئاگا لەوەی کە بەشێکی گەورەی ئەوەی پێی دەگوترێت ئەدەب، دەکەوێتە دەرەوەی ئەدەبەوە و پێوەندی گەورەی بە کایە جوداکانی تری نێو ژیانی مرۆڤەوە هەیە، نەک خودی ئەدەب خۆی. ئەرکی ڕەخنەگری ئەدەبییە بەدووی ژەهرەکانی کولتووردا بگەڕێت لە نێو دەقە ئەدەبییەکاندا و بەر ڕەخنەیان بدات، نەک بکەوێتە داوی باڵادەستی زمانی و ڕەوانبێژی و لایەنە ئیستێتییەکەی دەق و خۆی لەو چوارچێوەیەدا دیل بکات.

**پەراوێز و ژێدەرەکان:**


١. گای داون پورت، ازرا پاوند شاعر جنجالی؛ زندگینامه و اثار، ترجمه: مرسده بصیریان، یک پزشک،١، ٢٠٢٢.

٢. ابراهيم أبو عواد، عزرا باوند وتأييد الفاشية، جريدة قريش، ٨، ٢٠٢١.

٣. أرتو اسا برگر، نقد فرهنگی، ت: حميرا مشير زاده، نشر باز، چاپ ٢، ١٣٨٦.

٤. الدكتور سمير خليل، النقد الثقافي من النص الادبي الى الخطاب، دار الجواهري، بغداد، الطبعة الاولى، ٢٠١٢.

٥. عبدالله الغذامي: النقد الثقافي قراءة في الانساق الثقافية العربية، المركز الثقافي العربي، ط٣، ٢٠٠٥، ص١٣.

٦. فنست ب. ليتش، النقد الأدبي الأمريكي من الثلاثينيات الى الثمانينيات، ترجمة: محمد يحيى، المشروع القومي للترجمة، قاهر، مصر، ط١، ٢٠٠٠.

٧. عبدالرزاق المصباحي، من النسق الثقافي الى الرؤيا ألثقافية، مؤسسة الرحاب الحديثة للنشر والتوزيع، ط١، ٢٠١٤.

٨. فنيست ليتش والآخرون، النقد الثقافي.... نصوص تأسيسية، ترجمة: الدكتور مصطفى بيومي عبدالسلام، دار الفنون والآداب للطباعة والنشر، بغداد، العراق.

٩. حوار مع عبدالله الغذامي، ضمن أوراق ثقافية، مجلة فلسطين المسلمة، عدد يوليو، ٢٠٠٤.

١٠. بڕوانە: مجموعة من الباحثين الأكاديميين، مطارحات في النقد الثقافي، تقديم: أ.د. صفاءالدين أحمد فاضل، ط١، ٢٠٢٠.

١١. لە نێوان شێخ ڕەزا و (شوکری فەزڵی) دا شیعری داشۆرینی زۆرتر هەن و هیچیشیان بەدەر نین لەو ژێستە نێرسالارییە باڵادەستە، کە بۆ تیرۆری کەسایەتییانەی یەکتر پەنایان بردووەتە بەر ڕووشاندنی کەرامەتی ژنە نزیکەکانی یەکدی. بڕوانە: شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣، لاپەڕەی ١٢٦.

١٢. ڕوانگە و گرووپی کفری دوو گرووپی شیعری نوێخوازی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیست بوون، لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس دوو لە ڕکابەرە سەرسەختەکانی ئەم دوو گرووپە بوون و لە زۆر بۆنەدا دژی یەکدی وەستاونەتەوە، نەک لەبەر ئەوەی یەکتری بە شاعیر نەزانن، بەڵکوو لەبەر ئەو گرفتەی کە کامیان یەکەم جار شیعری نوێگەرییان نووسیوە! بڕوانە: حوسێن عارف، ڕوانگە یاران و نەیارانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.

١٣. ئەمە بەو مانایە نایەت کە لە بایەخی پەندەکانی پیرەمێرد و بەها مێژوویی و ئەدەبییەکەی و ئەو داناییەی لە بەشێکیاندایە کەم بکەینەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە خوێنەر ئاگاداری ئەو پەیامە مەترسیدار و ژەهرە کولتوورییەی نێو بەشێک لەو پەندانە بێت و بە ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە پیرەمێردی تێدا ژیاوە، ڕەخنە لەو عەقڵییەتە خێڵەکییە داخراوە بگرێت .

نەک تەنیا ئەو نموونەیەی کە هێنامانەوە، چەندان نموونەی زەقی تر هەن کە پڕن لەو نایەکسانی و بە کەم سەیرکردن و شکۆشکاندنە مەترسیدارە، ئەوەتا پیرەمێرد لە پەندێکی تردا دەڵێت:

**(بێوەژن هەرچەند خاوەن دراو بێ**

**تۆ کچ بێنە با، کراسی جاو بێ)**

بڕوانە: پەندەکانی پیرەمێرد، ساغکردنەوەی: ڕەفیق ساڵحی و چەند نووسەرێکی دیکە، بڵاوگەی هەژار، سنە، چاپی یەکەم، ١٩٨٨، لاپەڕەی ١٤.

١٤. هەژار موکریانی، چێشتی مجێور، پێشانگای ئازادی، چاپی سێهەم، ٢٠٠٩.

# ڕۆڵ و گرنگیی شیعر لە ئەدەبی منداڵاندا

ڕۆستەم خامۆش

## پێشەکی

لە ئەدەبی منداڵاندا، شیعر ژانرێکی سەرەکی و گرنگە، شیعری منداڵان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هەڵگری مۆسیقایە، کێش و سەروا، ئەمە ئاوازی پێ بەخشیوە و پڕە لە جوانی و ناسکی، بۆیە پێویستە شیعری منداڵان بە زمانێکی سادە و ساکار و سووک و ئاسان بنووسرێت، بۆ ئەوەی منداڵان بە زوویی تێی بگەن، دەرکەوتووە کە منداڵان حەزیان لە شیعری تایبەت بە خۆیان هەیە و چێژی لێ وەردەگرن، بە ئاوازەوە دەیڵێننەوە و دڵیان پێی خۆش دەبێت.

ئەوەندەی لە ئەدەبی منداڵانی کورد دەڕوانین، زیاتر شیعر لە چاو ژانرەکانی دیکە بۆ منداڵان نووسراوە، چەندان شیعری منداڵان لە پرۆگرامی خوێندندا دانراون، ڕەنگە زۆربەی (وانە) کان کە لە قۆناغەکانی خوێندنی قوتابخانەدا خوێندوومانن لە بیرمان نەمابن، بەڵام (وانە) کان کە شیعر بوون، زۆربەمان هێشتا هەر لە یادگەماندا ماون.

هەروەها بە هەزاران شیعر کراون بە ستران و کەوتوونەتە سەر زاری منداڵان و بە خەندە و خۆشییەوە دەیچڕن و دەیڵێننەوە. چەندان کتێب و ناملیکەی شیعری منداڵان چاپکراون، لاپەڕەی گۆڤارەکانی تایبەت بە منداڵان هەڵبدەیتەوە، بە دڵنیاییەوە زۆرتر شیعر دەکەوێتە پێش چاو، کەواتە شیعر هێشتا لە پێشەوەی ژانرەکانی دیکەیە.

## پێناسەی شیعر و ئەدەبی منداڵان

بۆ ناساندنی هەر ژانر و بوار و بابەتێک، یان هەر شتێک، پێویستە پێناسەی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەڵام وەک دەزانین، هەندێ شت، زیاتر لە یەک پێناسەی هەیە، ئەوەش مانای قووڵی و فراوانیی ئەو شتە دەردەخات.

چەند پێناسەیەک: ((شیعری منداڵان، بەشێکی گرنگە لە ئەدەبی منداڵاندا، نزیکترین هونەرە لە دەروونیانەوە، گرنگترین کاریگەری لەسەر ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوویان هەیە)).

باشترین پێناسە بۆ چەمکی ئەدەبی منداڵان،

پێناسـەکەی «ماریـا نیکۆلا»یـە، کـە دەڵێـت: ((ئەدەبـی منـداڵان، ئـەو ئەدەبەیـە کـە لەلایـەن کەسـانی شـارەزای جیهانـی منداڵانـەوە نووسـراوە و بەرهـەم هێنـراوە و بڵاوکراوەتـەوە، کـە خوێنـەرە سـەرەکییەکەی منداڵانـن)).

((ئەدەبـی منـداڵان، ئـەو بەرهەمانەیـە کـە هەسـت و سـۆزی منـداڵان بـەرەو خـۆی کێـش دەکاو پێویسـتییەکانی دابیـن دەکات)).

## لەبارەی شیعر و ئەدەبی منداڵانەوە، گوتراوە

چەندان ڕسـتەی جوان و پەیڤی ناسـک و شـیرین لەبـارەی شـیعر و ئەدەبـی منـداڵان گوتـراون، یـان هەندێـک دەسـتەواژەی بـە نـرخ و سـەرنجڕاکێش دەکەونـە بەرچـاو، کـە ئـەوەش نیشـانەی بـە گرنـگ بینیـن و بەهـای ژانـری شـیعر و ئەدەبـی منـداڵان دەردەخـات.

شـاعیری فەڕەنسـی «لامارتیـن» دەڵێـت: ((جوانتریـن شـیعر لـە سەرانسـەری جیهانـدا، لایلایـەی دایکانـە)).

دوکتـۆر «ناسـرەددین ئەلئەسـەدی» دەڵێـت: ((ئەدەبی منداڵان بۆ بیر، وەکوو ڤیتامینـەکان وایـە.. کـە هـۆش و ئەندێشـە پێویسـتیان بـە جۆرەکانی هەیـە.. هـەر جۆرێکیش لایـەک لـە بیر و لـە هەست و لـە لایەنـە ئەندێشـەییەکان مەست دەکات)).

(دۆن مورایـە) دەڵێـت: (ئەدەبـی منـداڵان، کاریگەرییەکـی گرنـگ و بایەخێکـی جیـاوازی لـە ژیانـی ئەمـڕۆ و داهاتـوودا هەیـە).

## شیعر و ئەدەبی منداڵان، قۆناغی فۆلکلۆر و زارەکی

بـاس کـردن لـە دەسـتپێکی شـیعری منداڵانـی کورد، ئەوەنـدە ئاسـان نییـە، چونکـە بـە شـێوەی زارەکـی و فۆلکلـۆر، مێژووەکـەی زۆر کۆنـە و ناتوانرێـت کاتەکـەی دەسـت نیشـان بکرێـت، پێدەچێـت کاتێـک منـداڵان یارییـان کـردووە، بـۆ خۆیـان شـیعریان گوتـووە و لەگـەڵ یـاری کردنەکەیـان سـترانیان چڕیـوە.

((ئێمـە کۆمەڵێـک بەرهەمـی شـیعر، چیـرۆک و مەتەڵـی فۆلکلـۆری هەمەجۆرەمـان بـۆ منـداڵان هەبـووە، ئـەم بەرهەمانـەش بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە ڕێگـەی گێڕانـەوەوە لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەکانـی تـر پارێـزراون)).

«باسـیل نیکیتیـن» دەڵێـت: ((فۆلکلـۆری کـوردی ئەوەنـدە پـڕ و بـەرز و خێرۆمەنـدە، کـە هۆزەکانـی تـری هاوسـێی کوردیـش کەڵکیـان لـێ وەرگرتـووە و کەوتوونـە ژێـر تەئسـیریەوە)).

## سەرەتای نووسینی شیعری فێرکاری و فەرهەنگ بۆ منداڵانی کورد

شـیعری نووسـراوی کـوردی بـۆ منـداڵان بـە شـێوەی فەرهەنـگ، لـە «ئەحمـەدی خانـی» (١٦٥٠–١٧٠٧)، دەست پـێ دەکات و وەک یەکـەم شـاعیری کـورد، ئەژمـار دەکرێـت، کـە ئەویـش فەرهەنگـی «نووبهـارا بچووکان»ـە و بەرهەمـی سـاڵی (١٦٨٣)ی زایینییـە و بـە شـیعر بـۆ فەقـێ و قوتابیانـی نووسـیوە و مەبەسـتی بـووە فێـری زمانـی عەرەبییـان بـکات، کـە بێگومـان بـۆ کاتـی خـۆی پێویسـت و گرنـگ بـووە، کـە شـاعیری ناسـراوی کـورد، «ئەحمـەدی خانـی» بیـری لـە منـداڵ کردووەتـەوە.

دواتـر «شـێخ مارفـی نـۆدێ» (١٧٥٣–١٨٣٨) هـەر لەسـەر شـێوازی (نووبهـارا بچووکان)، لە سـاڵی (١٧٩٥) کتێبـی فەرهەنگی (ئەحمـەدی) داناوە، کە بـۆ (کاک ئەحمـەدی شـێخ)ی کوڕی نووسـیوە، کـە تەمەنـی (٣) سـاڵان بـووە، بەمەبەسـتی فێرکردنـی

زمانـی عەرەبـی، دواتـر ئـەو فەرهەنگـە لـە سـاڵی (١٩٢٦) لـە چاپخانـەی (زاری کرمانجی) لـە ڕەواندز چاپ کـراوە.

یەکێکـی دیکـە لـەو شـاعیرانەی، کـە ئـاوڕی لـە شـیعری منـداڵان داوەتـەوە، «مـەلا خـدری ڕواری»یـە، (١٧٢١ -١٧٨١). (نـاوی تـەواوی مـەلا خـدر کـوڕی مـەلا ئەحمـەدە و لـە نـەوەی شـێخ نیعمەتوڵـڵای وەلی)یـە. لـە (سـەدەی هـەژدە ژیـاوە) لـە لای باوکـی دەسـتی بـە خوێنـدن کـردووە و چەنـد شـوێنێک گـەڕاوە بـۆ خوێنـدن، لەوانـە چووەتـە قەڵاچوالان لـە لای شـێخ محەمـەد وەسیم مۆڵەتـی مەلایەتـی وەرگرتـووە. مـەلا خـدر خواپەرسـتێکی ڕاسـت بـووە و دەسـتێکی بـاڵای لـە پەروەردەکردنـی قوتابیانـدا هەبووە و شـارەزاییەکی زۆری لـە زانسـتە ئیسـلامیەکاندا هەبـووە، نـاوداری سـەردەمی خـۆی بـووە.

((مـەلا خـدری ڕواری، نامیلکـەی بـە نـاوی (ڕۆڵـە بزانـی) بـە شـیعر دانـاوە و بـە دیالێکتـی (هەورامـی) نووسـیوە.

وەک سـدیق بۆرەکەیـی، دەڵێـت: وا دیـارە بـۆ کوڕەکـەی هۆنیوەتـەوە و لـە قاڵبێکـی ڕێکوپێـک و لـە ئەوپـەڕی سـادەیی و ڕەوانیـدا دایـناوە و بـە چەشـنێکی جـوان، مەبەسـتەکانی لـە چوارچێوەی هۆنـراوەدا جـێ کردووەتـەوە، بـە بـێ ئـەوەی ناڕێکییـان تێـدا هەبێـت)).

((مەلاکانـی کـوردەواری (ڕۆڵـە بزانی)یـان فێـری منداڵ و قوتابیانـی خۆیـان دەکـرد)).

هەروەهـا کەسـانی دیکـەش هەبـوون کـە کتێبـی فەرهەنـگ و فێرکارییـان نووسـیوە، وەک «عەلـی تەرەماخـی» کتێبێکـی نووسـیوە بەنـاوی (دەسـتوری زمانـی عەرەبـی بـە کـوردی). ((ئـەم کتێبـە لەلایـەن دکتـۆر مـارف خەزنـەدارەوە سـاغ کراوەتـەوە و پێشـەکی بـۆ نووسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٧١ لـە بەغـدا چـاپ کـراوە)).

مامۆسـتا مـەلا «عەبدولکەریمـی مودەڕیس»یـش کتێبێکـی فەرهەنگـی بـە نـاوی (دوو ڕشـتە) داناوە، لـە سـاڵی ١٩٧٠ لـە بەغدا چاپ کـراوە.

بـەڵام پرسـیارێک دێتـە ئـاراوە، ئایـا ئـەو فەرهەنگانـە تایبەتمەنـدی و مەرجـی شـیعری منداڵانیـان تێـدا بـووە؟

چونکـە ئێسـتا نووسـینی شـیعری تایبـەت بـە منـداڵان، تایبەتمەندیـی خـۆی وەرگرتـووە، وەک لـەم چەنـد خاڵـەی خـوارەوە ئاماژەیـان پـێ دەکەیـن.

هەندێک لـە مـەرج و تایبەتمەندییەکانی شـیعری منداڵان

١- دەبێـت شـیعری منـداڵان بـە زمانێکـی سـادە و سـاکار و سـووک و ئاسـان بنووسـرێت.

٢- ڕەگەزی خەیاڵی تێدا بەهێز بێت.

٣- نابێـت وشـەی قـورس و ئاڵـۆز و هێمـای تێـدا بێـت.

٤- پێویسـتە دەقەکـە لـە دنیـای منداڵـەوە هەڵقوڵابێـت.

٥- منـداڵ حـەز و ئارەزووەکانـی خـۆی تێـدا بدۆزێتـەوە.

٦- شـیعرەکە سـەر بـە فەرهەنـگ و دنیـای منـداڵ بێـت.

٧- وشەکانی جوان و ناسک و مۆسیقایی بن.

٨- ناوەڕۆکـی شـیعرەکە واتـا و پەیامـی تێـدا بێـت.

٩- شـیعرەکە سـوودبەخش بێـت، یـان منـداڵ دڵخـۆش بـکات.

١٠- وا چاکـە شـیعری منـداڵان، بڕگەکانـی کـورت بن.

١١- ناکرێـت ویسـت و داخوازیـی گەورەسـاڵانی تێدابێـت، بەڵکـوو دەبێـت خواسـتەکانی خـودی

منداڵ لە نێو شیعرەکەدا ڕەنگ بداتەوە.

١٢- بە هیچ شێوەیەک نابێت لە دەقی منداڵاندا، باسی خوێن و شەڕ و مەرگ و بابەتی ناخهەژێن و هۆکاری خەم و ترس بکرێت.

١٣- لە دەقی منداڵاندا، دەبێت هاندانی تێدا بێت بۆ گەشبینی و هیوا و ئومێد و ئاوات بۆ ئەمڕۆ و سبەی.

١٤- پێویستە شیعری منداڵان بەشێوەیەک بنووسرێت، کە منداڵان خوێندیانەوە، هەست بکەن کە خۆیان نووسیویانە، واتە: هزر و حەز و ویست و خەیاڵی منداڵانەی زۆر تێدابێت و تەواو لە هەموو کاتەکانی ژیانیان نزیک بێت.

١٥ - وا چاکە شیعری منداڵان، خەندە و پێکەنین بخاتە سەر لێوی منداڵان و وایان لێ بکات بکەونە جووڵە و سەما، بۆ ئەوەی لە دنیای ڕەنگاڵەیی خۆیان دڵخۆش و گیان ئاسوودە بن.

## شیعری منداڵان لە پرۆگرامی خوێندندا

ئەو کەسەی کە بیری کردەوە شیعر بخرێتە نێو پرۆگرامی خوێندن، ئەوە کەسێکی ئاوەزمەند و ڕۆشنبیر بووە، چونکە لە ڕێی ئەدەبی منداڵانەوە دەتوانرێت بواری پەروەردە و فێرکردن خۆشەویستتر بکرێت و گرنگیی زمانی دایک بە قوتابیان بناسێنرێت، بۆ ئەوەی شیعری منداڵان، زیاتر بکەوێتە پێش چاوان و بچێتە سەر زاری منداڵانەوە، ئەوە (وانەی شیعرە) لە کتێبی خوێندنی کوردی لە پرۆگرامی خوێندندا، کاتێک منداڵان لە قوتابخانە شیعرەکە وەک وانەیەک دەخوێنن، یان ئەزبەری دەکەن و دەیڵێنەوە، کە دواتر زۆر زەحمەتە لەبیریان بچێتەوە، چونکە شیعرەکە بە زمانی خۆیان نووسراوە و مۆسیقای تێدایە و سادە و ساکارە، بۆیە هەمیشە بە ئاوازەوە لە یادگەیان دەمێنێتەوە و دەبێتە یادگارییەکی جوان و شیرین، هەر ئەوەشە کە وا دەکات، منداڵان شیعر و ئەدەبیاتیان خۆش بوێت.

## شیعری منداڵان لە گۆڤارەکاندا

دیارە یەکەم گۆڤاری تایبەت بە منداڵانی کورد، گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) بوو کە لە ساڵی (١٩٤٦) لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد (٣) ژمارەی لێ دەرچووە و شیعری تێدا بڵاوکراوەتەوە.

دواتر ((گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) کە سەرنووسەرەکەی (ساڵح یووسفی) بوو، لەگەڵ نووسەرانی شاری سلێمانی، لە مایسی (١٩٧٢) یەکەم ژمارەی گۆڤاری (ئەستێرە)ی وەک پاشکۆیەک دەرکرد، واتە: دوای (٢٦) ساڵ لە دەرچوونی گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە مەهاباد، گۆڤاری (ئەستێرە) لە باشووری کوردستان، لە ساڵی (١٩٧٢)، کە ئەویش تەنیا (٣) ژمارەی لێ دەرچوو)).(*)

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی باشووری کوردستان، دەرفەتی زیاتر بۆ دەرچوونی کۆمەڵێک گۆڤار و ڕۆژنامە ڕەخسا، کە لەوانە چەندان گۆڤاری تایبەت بە منداڵان خزمەتیان بە ئەدەب و ڕۆشنبیری منداڵان کرد و میدیا و ڕۆژنامەگەریی منداڵان قۆناغێک چووە پێشتر، گۆڤارەکان لەگەڵ بڵاو کردنەوەی چەندان بابەت، شیعریش پشکی زیاتری بەرکەوت و بووە هۆی دڵخۆشی و سوودگەیاندن بە منداڵان.

## شیعری بڵاوکراوە لە چەند گۆڤارێک بە نموونە وەردەگرین

گۆڤاری پەپوولە، گۆڤارێکی تایبەت بە

منداڵانــە و لــە شــاری ســلێمانی دەردەچێــت، لــە ژمــارە (١ تــا ٣٠٠) نزیکــەی (٩٠٠) شــیعری تێــدا بڵاوبووەتــەوە. (نەریمــان عوســمان).

گۆڤــاری جگەرگۆشــەکان، گۆڤارێکــی تایبــەت بــە منداڵانــە و تــا ئێســتا (٢٧١) ژمــارەی لــێ دەرچــووە، هەرچەنــدە ژمارەیەکــی دیاریکراومــان دەســت نەکــەوت، بــەڵام لــە ژمــارە (١ تــا ٢٧١) نزیکــەی (٨٥٠ تــا ٩٠٠) شیعری تێدا بڵاوبووەتەوە، نووســینگەی ســەرەکی لــە ســلێمانی و هەولێــر بــووە. (زیــاد ڕەشــاد قــادر).

گۆڤــاری سـﭬۆرە، گۆڤارێکــی تایبــەت بــە زارۆکانە و لــە شــاری دهــۆک دەردەچێــت، لــە ژمــارە (١ تــا ٢٦٩) نزیکــی (١٠٠٠) شــیعری تێــدا بڵاوبووەتــەوە. (مەسعوود خالــد گولــی).

گۆڤــاری زەنــگ و بەنــگ، گۆڤارێکــی تایبــەت بــە زارۆکانــە و لــە شــاری دهــۆک دەردەچێــت، لە ژمارە (١ تــا ٢٠٨) (٦٤٢) شــیعری تێــدا بڵاوبووەتــەوە. (دلڤین عەبدولخالــق دهۆکــی).

گۆڤــاری گوڵــەکان، گۆڤارێکــی تایبــەت بــە منداڵانــە و لــە شــاری چەمچەمــاڵ دەردەچێــت، لــە ژمــارە (١ تــا ١٤١) نزیکــەی (٨٠٠) شــیعری تێــدا بڵاوبووەتــەوە. (زرار عەلــی).

گۆڤــاری خەنــدە، لــە کــۆی (١٢٩) ژمــارە، تەنیــا لــە (١٢٤) ژمارەی بەردەســتە، کــۆی ئــەو شــیعرانەی تێیــدا بڵاوکراونەتــەوە (٤٦٠) شــیعری جۆراوجــۆرن، کــە بەشــێکیان بەرهەمــی منداڵانــن، (شــەریف وەرزێــر).

گۆڤــاری منالآنــی باوەگوڕگوڕ، گۆڤارێکــی تایبەت بــە منداڵانــە و لــە شــاری کەرکــووک دەردەچێــت، لــە ژمــارە (١ تــا ٧٩) زیاتــر لــە (٢٠٠) شــیعری تێدا بڵاوکراوەتــەوە. (حەمــە ســەعید زەنگنــە).

گۆڤــاری حاجیلــە، گۆڤارێکــی تایبــەت بــە منداڵانــە و لــە شــاری کەرکــووک دەردەچێــت، لــە ژمــارە (١ تــا ٣٢) زیاتــر لــە (١٠٠) شــیعری تێــدا بڵاوبووەتــەوە. (حەمــە ســەعید زەنگنــە).

گۆڤــاری جۆلانــێ، گۆڤارێکــی تایبــەت بــە منداڵانە و لــە شــاری هەولێــر دەردەچێــت، لــە ژمــارە (١ تــا ١١) (٤٦) شــیعری تێــدا بڵاوبووەتــەوە. (ئــازا یووســف).

گۆڤــاری کەکــۆن، گۆڤارێکــی ڕۆشــنبیریی گشــتیی وەرزیــی ئــازادە، لــە شــاری کۆیــە دەردەچێــت، لــە ژمــارە (٤٤) یەکــەم شــیعری منداڵانــی تێــدا بڵاوبووەتــەوە، کــە شــیعرێکی ڕۆســتەم خامــۆش بــوو بەناونیشــانی (قوتابخانــە). دواتــر لــە ژمارە (٤٨)دا گۆشــەی نــەوەکان تایبــەت بــە منــداڵان لــە گۆڤــاری کەکــۆن جێگیرکــرا، تــا ژمــارە (٧١)، (٥٩) شــیعری تێــدا بڵاوبووەتــەوە. (د. هاوژیــن ســلێوە).

گۆڤــاری ژیــار، گۆڤارێکــی پەروەردەیی و زانســتی وەرزییــە، کــە یەکــەم ژمــارەی لــە بەهــاری ســاڵی ٢٠١١، لــە شــاری هەولێــر دەرچــووە و تــا کۆتایــی ســاڵی ٢٠٢٢، (٤٦) ژمــارەی لــێ دەرچــووە، هــەر لــە ســەرەتای دەرچوونییــەوە گرنگــی بــە شــیعری منــداڵان داوە و لــە زۆربــەی هــەرە زۆری ژمارەکانیدا شــیعری تێــدا بــڵاو بووەتــەوە. (هەمــزە عەبــاس فەقــێ).

ئــەو چەنــد گۆڤــارەی بەنموونــە وەرمــان گــرت، لــە ســاڵی (١٩٩٢) تــا ســاڵی (٢٠٢٢)، لــە کــۆی ژمــارەی هەمــوو گۆڤــارەکان زیاتــر لــە (٤٠٠٠) شــیعریان بڵاوکردووەتــەوە.

## شیعری منداڵانی کورد لە کتێب و ناملیکەدا

یەکێــک لــە ڕێگــە هــەر باشــەکان، بــۆ گەیاندنــی شــیعر بــە منــداڵان، کتێــب و نامیلکەیــە، دیــارە شــاعیر دوای نووســینی کۆمەڵــە شــیعرێک، یەکســەر بیــر لــەوە دەکاتــەوە چــۆن شــیعرەکانی

لـە دووتوێـی کتێـب چـاپ بـکات و بـە منداڵانـی بگەیەنێـت؟ زۆر لـە شـاعیران کـە خۆیـان ناتوانـن بەرهەمەکانیـان چـاپ بکـەن، لایەنـی پێوەنـداری تایبـەت بـە ڕۆشـنبیری منداڵانیـش وەک پێویسـت هـاوکاری شـاعیران ناکـەن، ناوەندەکانـی چـاپ و بڵاوکردنـەوەش گرنگـی بـە شـیعر و ئەدەبـی منـداڵان نـادەن، شـاعیرانیش دوای چەنـدان سـاڵ لـە نووسـین، خـەم دەخـۆن و دەپرسـن ئاخـۆ کـەی شـیعرە نووسـراوەکانیان چـاپ بکـەن و دیـدەی منداڵانـی پـێ ڕۆشـن بێتـەوە؟ دەتوانـم بڵێـم کـەم تـا زۆر، هـەر لـە سـەرەتاوە تـا ئێسـتا کۆمەڵێـک کتێبـی شـیعری منـداڵان چـاپ کـراون، بـەڵام بەشـێکی زۆری کتێبـەکان، خەرمانـی ئەدەبـی منداڵانیـان گەورەتـر نەکرد، چونکـە دامەزراوەیەک، یـان لیژنەیەکـی پسـپۆڕ و شـارەزامان نییـە، کـە پێـش چاپکـردن تەماشـای کتێبـی منـداڵان بـکات.

## شیعری منداڵان بۆ گۆرانی

ئـەدەب و هونـەر، نزیکـی و خاڵـی هاوبەشـیان ئەوەنـدە زۆرە، دەتوانیـن بڵێیـن، وەک گیـان و جەسـتەن، یـان بڵێیـن شـیعر و گۆرانـی، ئەوەنـدە لێـک نزیکـن، تـەواو ئاوێتـەی یەکتـرن، زۆر لـەو شیعرانەی، کـە بـۆ منـداڵان نووسـراون، کـراون بـە گۆرانـی و کەوتوونەتـە سـەر زاری منـداڵان و بـە خۆشـی و دەمـی بـە خەنـدەوە دەیڵێنـەوە، ئـەو شـیعرانەی کـورت و پوختـن، سـادە و سـاکارن، ناسـک و جوانـن، یـان لـە ڕووی برگـەوە کەمـن، بـۆ نموونـە حـەوت برگـەن، ئاسـانتر دەکرێنـە گۆرانـی و خۆشـتر دەچنـە سـەر زاری منـداڵان.

## لەبارەی تۆمارکردنی گۆرانی منداڵان، چەند زانیارییەکمان دەستکەوت

هونەرمەنـد «فوئـاد مەولانایـی» گوتـی: تـا ئێسـتا زیاتـر لـە (٦٠٠) گۆرانیمـان بـۆ منـداڵان تۆمـار کـردووە و هەندێکـی کلیـپ کـراون.

هونەرمەنـد «مۆفـەق عـارف لهۆنـی» گوتـی: ئێمـە وەک تیپـی هونـەری منداڵانـی سلێمانی، تـا ئێسـتا زیاتـر لـە (٢٠٠) گۆرانیمـان بـۆ منـداڵان تۆمار کردووە و چەنـد گۆرانییەکـی دیکەمـان بـۆ تۆمـار کـردن ئامـادەن.

هونەرمەنـد، سـەلاح محەمـەد (مـام عـەوڵا)، گوتـی: تـا ئێسـتا (٢٠) کلیپـم بەرهـەم هێنـاوە، کـە زۆربەیـان خـۆم بەشـداریم تێـدا کـردووە، ئێستا چەنـد گۆرانییەکم بـۆ تۆمـار کـردن و کلیـپ ئامـادەن.

هونەرمەند «موسعەب جەمیل (کەروێشکەفەندی)»، گوتـی: تـا ئێسـتا (١٠) گۆرانیـم بۆ منداڵان گوتووە.

ڕۆشـنا سـاڵح، گوتـی: تیپـی هونـەری ڕێژنـە لـە پارێزگـەی هەڵەبجـە، تـا ئێسـتا نزیکـەی (٧٠) گۆرانییـان بـۆ منـداڵان تۆمـار کـردووە.

هونەرمەنـد، «هۆشـەنگ جەمیـل»، گوتـی: تیپـی هونەریـی پەپوولـەکان لـە شـاری هەولێـر، تـا ئێسـتا زیاتـر لـە (٤٠) گۆرانـی بـۆ منـداڵان تۆمـار کـردووە.

هونەرمەند «نـەوزاد حاجی شووشـە» (نو نـو)، گوتـی: تـا ئێسـتا زیاتـر لـە (٢٠) گۆرانیـم بـۆ منـداڵان تۆمـار کـردووە، چ لـە سـتۆدیۆ، یـان لـە بەرنامـەی منـداڵان لـە کەناڵـەکان. جگـە لـەو هونەرمەندانـەی کـە لێـرە ناویـان هاتـووە، چەنـدان هونەرمەنـدی دیکـەش، خزمەتیـان بـە هونـەری منـداڵان کـردووە و شـیعری ناسـک و جوانیـان کـردووە بـە گۆرانـی بـۆ منـداڵان، هەندێـک لـە کەناڵەکانیـش ئاوڕیـان لـە هونـەری منـداڵان داوەتـەوە و چەنـدان گۆرانییـان بـۆ منـداڵان تۆمـار کـردووە.

بـەڵام ئەوەنـدەی ئێمە لێدوانمان لـە هونەرمەندەکان

وەرگـرت، یـان ئەوانـەی لـە تیپـە هونەرییەکانـی منداڵانـەوە نزیکن، ئاماژەیان پـێ کـردووە و وەڵامیان دانیـەوە، کـە بـە هەموویـان (٩٦٠) گۆرانییـان بـۆ منـداڵان تۆمـار کـردووە.

## شیعری منداڵان و زۆری و بۆری

چ لـە ڕابـوردوودا، یـان ئێسـتا، کۆمەڵێـک دەقـی جـوان و ناسـک بـۆ منـداڵان نووسـراون و دەبینرێن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەندێـک لـە شـاعیران، نەیانتوانیـوە بـە زمانـی منـداڵان تێکسـت بنووسـن، بۆیـە هەسـت دەکرێ شـیعری منداڵانـی کورد، زۆری و بـۆری پێـوە دیـارە، ئەوەنـدەی شـاعیر دەبینیـن، ئەوەنـدە شـیعری تـازە و ئافرێنـراو ناکەونـە بەرچاو بـۆ منـداڵان، بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن ئێمـەی کـورد، شـاعیرمان زۆرە کـە لـە بـواری منـداڵان دەنووسـن، بـەڵام دەقەکانیـان کەمتـر لـە دنیـای منداڵــەوە نزیکـن.

## گەشەسەندنی شیعری منداڵانی کورد

دەکـرێ بڵێیـن گەشەسـەندنی شـیعری منداڵانـی کـورد، لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەوە دەسـت پـێ دەکات، کـە دەکرێـت «زێـوەر»ی شـاعیر، وەک مامۆسـتا و ڕابـەری شـیعری منداڵانـی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان بناسـێنرێت.

دوای ئەویـش بێکـەس و گـۆران ئاوڕیـان لـە شـیعری منـداڵان داوەتـەوە، کەواتـە دەتوانیـن بڵێیـن شـاعیران (زێـوەر و بێکـەس و گـۆران)، وەک (٣) شـاعیری ناسـراوی کـورد، بوونـە چـرا هەڵگـری نووسـینی شـیعر بـۆ منـداڵان لە باشـووری کوردسـتان، کـە قۆناغـی فەرهەنـگ نووسـینیان تێپەڕانـد و کۆمەڵێـک دەقـی جۆراوجۆریـان بـۆ منـداڵان نووسـی، هەرچەنـدە بـۆ ئـەو کات ئاوڕدانەوەیەکـی بـاش بـوو لـە شـیعری تایبـەت بـە منـداڵان، وەلـێ خاڵـی نیـن لـە سـەرنج و تێبینـی و ڕەخنـە لـێ گرتـن، بـەڵام ناکـرێ بـە پێـوەری ئێسـتا ڕەخنەیـان لـێ بگیـرێ.

دوای ئەوانیـش هـەر لـە سـەدەی ڕابـوردوو، لـە سـاڵانی (١٩٦٠ تـا ١٩٧٠ و ١٩٨٠)، کۆمەڵێـک شـاعیری دیکـە هاتنـە مەیدانەکـە و شـیعریان بـۆ منـداڵان نووسـی و کتێـب و نامیلکەیـان چـاپ و بـڵاو کـردەوە. لەوانـە: (مەدحـەت بێخـەو، عوسـمان محەمـەد هەورامـی، ع. ع. شـەونم، فەرەیدون عەلـی ئەمیـن , کاکـەی فـەلاح، ڕۆسـتەم باجـەلان... تـاد). (**)

## شیعری منداڵان دوای ڕاپەڕین لە باشووری کوردستان

دوای ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١، دەرفەتـی زیاتـر بـۆ چاپەمەنـی و بـواری ڕۆژنامەگەریـی منـداڵان ڕەخسـا، چەنـدان کتێـب و نامیلکـە و گۆڤـار چـاپ و بڵاوکرانـەوە و خزمەتێکـی باشـیان بـە ئـەدەب و میدیـای منـداڵان کـرد، هەروەهـا چەنـدان شـاعیر دەرکەوتـن و هاتنـە مەیـدان، چەنـدان شـیعری تایبـەت بـە منداڵانیـان نووسـی و ئەدەبـی منداڵانـی کـورد، قۆناغێکـی بـاش چـووە پێشـتر.

## شیعری نوێی منداڵانی کورد و گرنگیی خەیاڵ

هەسـت دەکرێـت زۆرینـەی شـیعری منـداڵان، لێـک نزیکـن، یـان لێـک دەچـن، بـەڵام لـە کۆتایـی سـەدەی بیسـتەم، یـان بڵێیـن لـە سـەرەتای سـاڵی (٢٠٠٠)وە و دواتریـش، کۆمەڵێـک شـاعیری خامـە ڕەنگیـن دەرکەوتـن و شـیعری جوانیـان بـۆ منـداڵان نووسـی، دەکرێـت ئامـاژە بەنـاوی یەکێـک لـەو شـاعیرانە بکەیـن، کـە شـیعری منداڵانـی جوانتـر لـە شـاعیرانی پێـش خـۆی نووسـی، ئەویـش «ئەمیـن محەمەد»ـە، جێـی ئومێـدە، کـە «ئەمین

محەمـەد»ی شـاعیر لـە کۆتایـی سـاڵی (٢٠٠٨) وە شـیعر بـۆ منـداڵان دەنووسـێت و خـۆی لـە جوینـەوە و لاسـایی کردنـەوەی پێـش خـۆی بـە دوور گـرت. لـە شـیعری منداڵان زیاتـر گرنگـی بـە خەیـاڵ دا، بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن نوێگەرییەکـی بـاش لـە شـیعرەکاندا دەبینرێـن، بۆیـە دەکرێـت بڵێیـن هـەر ئـەو هـۆکارەش بـوو، کـە زووتـر و خێـرا ناسـرا، دەقەکانیشـی بـۆ منـداڵان پەسـەند کـران و ئەدەبـی منداڵانـی کـورد، بـووە خاوەنـی چەنـدان شـیعری ناسـک و جـوان و نـوێ.

بـە خۆشـحاڵییەوە شـاعیری دیکەشـمان هـەن دەقـی جوانیـان بـۆ منـداڵان نووسـیوە و دەکرێـت بـە قەڵەمـی هەمـووان شـیعر و ئەدەبیاتـی منداڵانی کـورد، بگاتـە لووتکـە.

## با شیعری منداڵانی کورد بۆ زمانانی دیکە وەربگێڕرێت

وەک باسـمان کـرد، کـە ئێمەی کوردیـش خاوەنی چەندان دەقە شیعری ناسک و جوانین لە سایەی قەڵەمـی کۆمەڵێـک شـاعیری دڵسـۆزی بـواری منـداڵان، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم کـە شـارەزایانی زمانەکانـی دیکـە، هـەوڵ بـدەن بەشـێک لـەو شیعرانەی کـە بـۆ منـداڵان نووسـراون، بـۆ سـەر چەنـدان زمـان وەربگێـڕن، بەڵکـوو گەلانـی دیکەش بـە کولتـوور و ئەدەبـی منداڵانـی کـورد ئاشـنا بـن، بـا بـە هەوڵـی هەمـووان کار بکرێـت بـۆ ئـەوەی شـیعرە جوانەکانمـان لـە جیهانـدا بناسـرێن.

## شیعری منداڵان و تەکنۆلۆژیا

بـە هـۆی پێشـکەوتنی تەکنۆلۆژیـاوە، دەگوترێـت وەک سـاڵانی ڕابـوردوو کتێـب ناخوێنرێتـەوە، بـەڵام مـن پێـم وایـە شـێوازی نووسـین و خوێندنـەوە گۆڕانکاریـی بەسـەردا هاتـووە، بـۆ نموونـە: سـەرەتا مـرۆڤ لەسـەر پێسـتی ئاژەڵ و تەختـەدار نووسـیویەتی، یان لەسـەر بەرد و شـاخ هەڵکۆڵینی کـردووە، کەواتـە: ئـەوە شـێوازی نووسـینی ئـەوکات بـووە، دواتـر نووسـین دەچێتـە سـەر لاپـەڕەی کاغـەز و کتێـب پەیدا دەبێت، ئێستاش نووسـین چووەتـە نێـو شاشـە زیرەکـەکان و بـە پێـی پێویسـت و گرنگیـی بابەتەکـە، خوێنـەری خـۆی هەیـە، بـۆ نووسـین و خوێندنـەوەی شـیعری منداڵانیـش، هـەر ڕاسـتە و هەمـان شـتە، بـەڵام منیـش دەڵێـم خوێندنـەوەی کتێبـی کاغـەز خۆشـتر و بەچێژتـرە، ئەوجـا بـۆ منـداڵان هـەر زۆر باشـتر و پەروەردەیـی تـرە، وەلـێ پێشـکەوتنی زانسـت وای کـردووە هەمـووان لـە ئاسـتیدا ملکەچـی تەکنۆلۆژیا بـن، بۆیـە دەکرێـت شـیعری منـداڵان زۆرتـر بچێتـە نێـو دنیـای ئینتەرنێـت و لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان زیاتـر بایەخـی پـێ بدرێـت و بـە شـێوەی نووسـین و دەنـگ و ڤیدیـۆ بـڵاو بکرێتـەوە.

لـە یوتیـوب (٣) گۆرانـی منداڵانـم بینـی بـە زمانـی کـوردی، یەکـەم: لـە مـاوەی (٨) سـاڵدا زیاتـر لـە (٤٩) ملیـۆن بینـەری هەبـووە، دووەم: لـە مـاوەی (٦) سـاڵدا زیاتـر لـە (٤٠) ملیـۆن بینـەری هەبـووە، سـێیەم: لە ماوەی (١٠) سـاڵدا زیاتـر لـە (٢٨) ملیـۆن بینـەری هەبـووە، کەواتـە لـە ڕێـی تەکنۆلۆژیـا و ئامێـرە زیرەکەکانـەوە، دەتوانیـن پەیامـی شـیعر و ئەدەبـی منداڵان ئاسـان و خێـرا بگەیەنیـن.

## شیعری منداڵان و زاراوەکانی زمانی کوردی

وەک دەزانیـن زمانـی کـوردی لە چەنـدان زاراوە و شـێوەزار پێکهاتـووە، ئەوجـا بـۆ ئـەوەی منداڵانـی کـورد هـەر لـە سـەرەتای تەمەنیانـەوە، بـە هەمـوو زاراوەکان ئاشـنا بکرێـن، پێـم باشـە شـاعیرانمان هـەوڵ بـدەن بـە چەنـدان زاراوە شـیعر بـۆ منـداڵان

بنووسن، یان لە شیعرەکانیان، کە بە هەر زاراوەیەک بوو، دەکرێت (یەک دوو وشە، یان زیاتر) لە زاراوەی دیکەشی تێدا بێ، کە پەیڤی زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردی فێردەبن، یان ئەگەر خۆیان واتای وشەکەیان نەزانی، فێری پرسیار کردن دەبن، چونکە گرنگی هەر شتێک لەوەدایە، پرسیارت بۆ دروست بکات.

## پەیامی ئێستەی شیعری منداڵان

دەبێت شیعری منداڵان، هەڵگری پەیامی مرۆڤایەتی و پێکەوەژیان و ئاشتی و تەبایی و چاکەخوازی و ژینگەپارێزی و جوانی و خۆشەویستی بێت، دەبێ شیعری منداڵان، بە زمانی منداڵانە بنووسرێت، بۆ ئەوەی پەیامی شیعرەکە بە ئاسانی بگاتە منداڵان، دەبێت شیعری منداڵان داخوازی و هەست و بیر و خەیاڵی خۆیانی تێدا ڕەنگ بداتەوە، نەک بە هەست و بە هزری گەورەساڵان بنووسرێت، چونکە منداڵان ئەو پەیڤانەیان پێ خۆشە، کە بە زمانی خۆیان قسە و گفتوگۆی پێ دەکەن و ڕۆژانە پێی دەدوێن.

## داهاتووی شیعر و ئەدەبی منداڵانی کورد

بە دڵی پڕ لە ئومێدەوە لە داهاتووی شیعر و ئەدەبی منداڵانی کورد دەڕوانم و ئێستە ڕووناکییەک دیارە و پێویستە بە گیانی پڕ لە هیوا و ئاواتەوە تەماشای بکەین و ئێمەی شاعیر و نووسەرانی ئەو بوارە پێکەوە کاری جیددی بۆ بکەین، بەڵکوو چرای قەڵەمی هەموان ڕێگەکە ڕووناکتر بکات، بەڵام بە هاوکاری و یارمەتی:

- وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
- یەکێتیی نووسەرانی کورد.
- ئەکادیمیای کوردی.
- زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
- بنکەی ڕووناکبیری و ئەدەبی گەلاوێژ.
- ڕێکخراوەکانی تایبەت بە منداڵان.

بەڵێ هەموومان پێکەوە دەتوانین خزمەتی زۆرتر و زیاتر بە ئەدەبی منداڵانی کورد بکەین و بەرەوپێشتری ببەین.

## ئەنجامگیری

لە چەند خاڵێک ئەنجامی باس و توێژینەوەکەمان، بە چڕی دەخەینە ڕوو.

- لە سەدەی حەڤدەوە شاعیری ناسراوی کورد «ئەحمەدی خانی»بیری لە منداڵان کردووەتەوە و شیعری بۆ نووسیون، چی و چۆنی نووسیوە، ئەوە باسێکی دیکەیە.
- لە ئاست گەلان و وڵاتان، ئێمەی کوردیش دەتوانین بڵێین خاوەنی شیعر و ئەدەبی منداڵانین.
- شاعیرمان زیاترە وەک لەوەی شیعری نوێ و ئافرێندراومان هەبێ.
- چرای ئەدەبی منداڵانی کورد ڕووناکە و پێویستە هەموان لە هەوڵی گەشکردنی زیاتری بین، بۆ ئەوەی کز نەبێت.
- بۆمان دەرکەوت، ئێمەی کوردیش، شیعری ناسک و جوانمان بۆ منداڵان نووسیوە.
- چەندان کتێب و نامیلکەی شیعری منداڵان بەرچاو دەکەون، کە هەندێکیان جوان و ناسک و بەهێز و بە پێزن، هەندێکی دیکەیان تەنیا ناویان لێ نراوە شیعر بۆ منداڵان، ئەگەرنا، لە هزر و زمان و خەیاڵی منداڵ خاڵین.
- چەندان گۆڤار خزمەتیان بە شیعر و ئەدەبی منداڵان کردووە، وەلێ ئێستە زۆربەیان دەرناچن، بەڵام لە لاپەڕەی گۆڤارەکان شیعری

باش و پڕ لە ئاواز و مۆسیقا دەبینرێن کە لاپەڕەی گۆڤارەکانیان ڕەنگین کردووە و بوونەتە جێی دڵخۆشیی منداڵان، وەلێ لە گۆڤارەکانیش شیعری نائەدەبی و دوور لە زمانی منداڵ دەکەونە بەرچاو، بەڵام ڕێژەکەیان کەمترە.

- شیعری منداڵان لە پرۆگرامی خوێندن جێی خۆی کردووەتەوە، بەڵام لە ڕابوردوودا هەندێک لە شیعرەکان جێی سەرنج و تێبینی بوون، وەلێ ئێستە خەریکی گۆڕانکاری و پێداچوونەوەن.

- کۆمەڵێک شیعری جوان کە ئاوازیان بە بەردا کراوە و کراون بە گۆرانی بۆ منداڵان، دەتوانین بڵێین ئەدەب و هونەر پێکەوە خزمەتێکی بەرچاویان بە منداڵان کردووە.

- دەبێ دڵخۆش و گەشبین بین، کە ئێمەی کورد خاوەنی چەندان شیعری جوان و نوێگەریی منداڵانین، کە شایانی ئەوەن بۆ سەر چەندان زمان وەربگێڕرێن.

سەرچاوەکان:

١- سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد، ناهیدە ئەحمەد، pdf.

٢- چاوپێکەوتنی ماڵپەڕی نووچەنێت لەگەڵ ڕۆستەم خامۆش، سازدانی: لاڤین عومەر.

٣- ئەدەبی منداڵان، ماڵپەڕی شار، ڕەزا شوان.

٤- دەربارەی شیعری منداڵان، ئینتەرنێت، ڕەزا شوان.

٥- مەڵۆیێ لە ئەدەبی منداڵانی کورد، د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چ١، هەولێر، ٢٠١٨.

٦- لێدوان لەگەڵ سەرنووسەر و کەسانی نزیک لە گۆڤارەکان.

٧- لێدوان لەگەڵ هونەرمەند و کەسانی نزیک لە تیپە هونەرییەکانی منداڵان.

٨- ماڵپەڕی ویکیپیدیا.

٩- ماڵپەڕی کوردیپێدیا.

١٠- تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و ئینتەرنێت.

* نووسەری ئەو وتارە نووسیویەتی: (گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) کە سەرنووسەرەکەی ساڵح یووسفی بوو، لەگەڵ نووسەرانی شاری سلێمانی، لە مایسی ١٩٧٢ یەکەم ژمارەی گۆڤاری (ئەستێرە)ی وەک پاشکۆیەک دەرکرد). ڕاستە سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ساڵح یووسفی بووە، بەڵام گۆڤاری ئەستێرە پاشکۆی ڕۆژی کوردستان نەبووە، بەڵکوو ئەو گۆڤارە لە بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا دەرچووە کە بەڕێوەبەری گشتییەکەی د. ئیحسان فوئاد بوو، هەر بەهۆی ژمارە (٣)ی ئەو گۆڤارەشەوە بوو ساڵی ١٩٧٥ ناردیانەوە ماڵەوە.

** لەناو ئەو ناوانەی شیعریان بۆ منداڵان نووسیوە ناوی کەسێکی گرنگ وەک عومەر عەبدولرەحیم لەبیر کراوە، هەروەها ناوی لەتیف هەڵمەت نابینین.

(ڕامان)

# جەمالەددینی ئەفغانی
# ١٨٣٩ - ١٨٩٧ز

پ. د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

١- وا پێ دەچێ مێژوو جارێکی دیکە خۆی دووبارە بکاتەوە، ئەفغانییەک کە عەرەب نەبووە هەوڵی داوە لە ئایینەکەدا، وەک باب و باپیرانی رۆڵێکی سەرنجراکێش بگێڕێ، چاکسازی، نوێکردنەوە و بووژانەوە لە کۆمەڵگە و لەنێو میللەتانی قەڵەمڕەوی ئیسلامدا بکات. ئەو تاکە سوارە جەمالەددین سەفدەر عەلی میر ڕەزادین محەمەد حوسەینی، لە سەعد ئاباد، یان لە ئەسەد ئاباد لە دایک بووە.

کێشە لەسەر ئەوە هەیە کە ئایا ئەو ڕابەرە، ئەفغانییە، یان ئێرانی؟ سوننەیە، یان شیعە؟! ئەو دوو پرسیارە بە جۆرێک وەڵام دراونەتەوە، سنووری مەزندە تێناپەڕێنن!! ئێرانییەکان بەهی خۆیانی دادەنێن و دەڵێن لە ئەسەد ئابادی ناوچەی هەمەدان لە دایک بووە و ماوەیەک لەوێ ژیاوە و هەر لەوێش خوێندوویەتی. ئەفغانییەکانیش دەڵێن ئەفغانییە و لە گوندی سەعد ئاباد لە دایک بووە و خۆیشی نازناوی ئەفغانی هەڵبژاردووە.

- ئێرانی بوونی ئەفغانی بەوە لێک دەدرێتەوە کە سەردانی نەجەف و کەربەلای کردووە، خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی بابەتی زانستی کەلام و فەلسەفە و لۆجیکیان خوێندووە (١). ئەو جۆرە خوێندنە دابونەریتی شیعەکانە، چونکە سوننەکان فەلسەفە و لۆجیکیان قەدەغە

کردووه و له حوجرەکاندا هەر حەدیس و زمان و ئەدەب و شەریعە و لێکدانەوە (تەفسیر)یان خوێندووە، گوایە ئەفغانی ناچار بووە ئەو نازناوە هەڵبژێری بۆ ئەوەی شیعە بوونەکەی بشارێتەوە، بەو بیانووەی ئەگەر بزانرێ شیعەیە، کەس گوێی لێ ناگرێ و بایەخی پێ نادەن و ناتوانێ لە جیهانی زۆرینەی سوننەدا، لە قەڵەمڕەوی هەژموون و دەسەڵاتی عوسمانی سوننە مەزهەبدا ڕۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕێ.

- کۆشش و هزر و چالاکی ئەفغانی ئەو هەوڵەی فەیلەسووفی شیعە (بوو عەلی سینا) دەهێنێتەوە یاد کە لە وڵاتی فارس بۆ بە یەکەوە گونجاندی فەلسەفە و شەریعەت داویەتی، ژیر و سرووش، ئەمەش بە پێچەوانەی قەڵەمڕەوی سوننە، لە ئێراندا پێگەی فەلسەفەی جێگیر کردووە و بووەتە مایەی ئەوەی لەو سەردەمەی خۆیەوە تاوەکوو ئەفغانی ڕێگای چاکسازی و بووژاندنەوە و نوێخوازی لە جیهانی ئیسلامدا خۆش بکات! دوور نییە لێرەدا بگوترێ فارس سەر بە مەزهەبی شیعەن و لایەنگرانی ئەو مەزهەبەش بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی ستەم و بێ دادی و چەوساندنەوە بوونەتەوە، بۆیە گۆڕان، ئیتر چاکسازی ئایینی- سیاسی- کۆمەڵایەتی بێ، بەگشت ڕەهەندەکانییەوە سوود و قازانجی ئەوانی تێدا بووە، لەلایەکی دیکەوە ئێرانییەکان هەمیشە سەرگەرمی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی ڕەگەزی عەرەب بوون لە جیهانی ئیسلامدا، ئایینەکەشیان بە پشتوپەنای عەرەب داناوە، بۆیە کۆشاون گۆڕان لە ئایینەکەدا بکەن، ئیتر لێرەوە کێشەکانی ئایینی ئیسلام و موسڵمانان بە کێشەی سیاسی دانراون و ئەم بۆچوونە لە کۆششەکانی ئەفغانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

٢ - ئەفغانی بەوە ناسراوە کە هەمیشە



**جەمالەددینی ئەفغانی**

گەڕاوە و سەردانی وڵاتانی کردووە و هیچ کاتێک لە وڵاتێکدا بەردەوام جێگیر نەبووە. هەر لەسەردەمی منداڵیدا خێزانەکەی هاتووە بۆ شاری قەزوینی ئێران و لەوێوە پاش ماوەیەک چوون بۆ تاران، ئەوجا نەجەف و کەربەلا، ئەو گەشت و گەڕانە سەرەڕای خوێندن، ئاسۆیەکی فراوانی لەبەردەمدا کردووەتەوە و بەرچاو ڕوونییەکی پێ بەخشیوە، بە چاوی خۆی ڕەوشی ئایینی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی میللەتانی دیوە و هەستی بە ئێش و ئازار و کێشەکانیان کردووە.

- لەساڵی ١٨٥٣ز، سەردانی وڵاتی فرە ئایین و هەمەڕەنگی نەتەوەیی هیندستانی کردووە کە ژێر دەستەی (کۆڵۆنی) دەوڵەتی بەریتانیای مەزن بووە، لەلایەن موسڵمانانەوە حوکم کراوە و بەڕێوە چووە، دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵات و هەژموونی موسڵمانان لەو دەوڵەتە نیمچە کیشوەرە ئەو ڕەوشە - تاقیکردنەوەیەی -

هیندستان کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ژیان و بیرکردنەوەی بەجێ هێشتووە، پێکەوە ژیانی نەتەوە و هەڵکردنی پێکەوەی ئایین و ئایینزا و مەزهەبی جیاواز! ئەوجا هۆکاری کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی موسڵمانەکان کە دواتر هەردوو دەوڵەتی موسڵمانی پاکستان و بەنگلادیشی لێ کەوتووەتەوە و هیندستانی هەمەڕەنگ پێی ناوەتە قۆناغێکی دیکەوە! ئەم تاقیکردنەوەیەی چۆن هەڵسەنگاندووە و گەیاندوویەتییە چ ئەنجامێک؟! دەکرێ ئەو تاقیکردنەوەیە بووبێتە مایەی ئەوەی وای دابنێ کە سیاسەت و دەوڵەت ڕۆڵی سەرەکی لە کێشە ئایینییەکاندا دەگێڕن.

– لە هیندستان چالاکانە لە ژیانی هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینیدا بەشداری کردووە. دژی هیندۆسەکان داکۆکی لە ئایین و باوەڕ و بڕوا (عەقیدە و ئیمان)ی موسڵمانان کردووە. لە نووسینێکدا کە بە زمانی فارسی بڵاوبووەتەوە و دواتر کراوە بە عەرەبی بەناوی (ڕەتدانەوەی دەهرییەکان)، لە پێناوی ئایینەکەیدا و دژی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا کۆششی کردووە.

– بۆ یەکەم جار ساڵی (١٨٦٩ز) سەردانی میسری کردووە و لە ئەزهەر کەسانی ناسراوی ناسیوە، پاش ماوەیەک چووە بۆ ئەستانەی پایتەختی ئەوسای دەوڵەتی عوسمانی، گوایە لە شەش مانگدا فێری زمانی تورکی بووە!!

– لە ئەستانە داوای لێ کراوە دەربارەی پیشەسازی (سنعات) وتارێک بخوێنێتەوە بۆ هاندانی ئەو پرۆسەیە لە جیهانی ئیسلامدا، گوایە لەو وتارەدا هەندێک شتی باس کردووە بە هەڵە و بەد لێکدراوەتەوە، باسی گەردوون و مرۆڤ و لەشی کردووە. گەردوونی بە لەشێکی زیندوو چواندووە کە ئەندامی هەیە، ئەوجا دەربارەی گیان گوتوویەتی: گیان داناییەکی بەدەست هاتووە، یان پەیامبەرێتییە! خوا کەسانێکی بۆ هەڵدەبژێری. هەواڵەکە بە سوڵتان گەیشتووە گوایە ئەفغانی دەڵێ پێغەمبەرایەتی سنعاتە، دەکرێ بەدەست بهێنرێ! سوڵتان قەڵس و تووڕە بووە (٢)، ئیتر ناچار بووە ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێ.

– گەشتەکەی بەرەو پاریس و کۆبوونەوەی لەوێ لەگەڵ سیاسەتمەدار و هزرمەند و فەیلەسووفەکان، بە تایبەتی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناس: ئیرنست ڕینان:

**یەک:** ناو و ناوبانگی جیهانی بۆ دەستەبەربووە.

**دوو:** لە نزیکەوە شارەزای دروشمەکانی شۆڕشی فەڕەنسا: ئازادی، برایەتی، یەکسانی بووە و لە سیاسەتی ئەوسای دەوڵەتی فەڕەنسا تێگەیشتووە.

**سێ:** گۆڤاری (ئەل عروە ئەل وثقا – العروة الوثقى)ی دەرکردووە، تێیدا ڕووبەڕووی ڕەخنە و گازندەی ڕەخنەگرانی ئیسلام و میللەت و وڵاتانی ڕۆژهەڵات بووەتەوە.

**چوار:** بەسوود وەرگرتن لەو ڕەوشە بەبزوێنەی ئەو وڵاتە و هاوپەیڤینی لەگەڵ سیاسەتمەدار و هزرمەندان بیروبۆچوونی خۆی گەڵاڵە و دەوڵەمەند کردووە و بەپێی توانایی ئەو سەردەمە بڵاوی کردوونەتەوە و بە کۆڕ و کۆمەڵەکانی ڕاگەیاندوون.

هەر لەو گەشتەیدا لەگەڵ هزرمەند و چاکسازی میسر محەمەد عەبدو دۆستایەتییەکی هەمیشەیی و پێکەوە کارکردنیان ئەنجامی سوودبەخش و سەرنجڕاکێشی لێ کەوتووەتەوە. ڕاستە ئەو دوو سوارچاکی چاکسازییە، دوو جیهاندیدی لە یەکتری جیایان هەبووە، بۆ نموونە جەمالەددین ئەفغانی چاکسازی لە سیاسەتدا و محەمەد عەبدو ئەو چاکسازییەی لە گۆڕینی کولتوور و سەرلەنوێ شرۆڤەکردنی تێکستەکان و خوێندن و پەروەردە و ڕۆشنبیردا بەدی کردووە، بەڵام

لـه چوارچێـوه گشـتییەکەدا و لـه ئامانـج و مەبەسـتدا بەیـەک ڕێگادا ڕۆیشـتوون و هەنگاویـان هەڵگرتـووه.

٣- ئەوەنـدەی بـۆی ڕەخسـاوه لـه گۆڤـار و ڕۆژنامەکانـدا نووسـینی دژی ڕێبـازی گومڕایـی (ئیلحـاد) بڵاوکردووەتـەوه و لـه پێنـاوی دروشـمی یەکگرتنـی موسـڵمانان و ڕۆڵـی ئاییـن لـه ئاراسـتەکردن و ڕێکوپێکـی ژیـان و کۆمەڵگـە و پێوەنـدی ئاییـن و ژیـر نووسـیویەتی.

- هەڤپەیڤینەکـەی لەگـەڵ ڕۆژهەڵاتنـاس ڕینـان جێگـەی بایـەخ و سـەرنج بـووه و توانیویەتـی کار لـەو هزرمەنـدە بـکات:

بەلای (ڕینان)ـەوه عەرەب میللەتێکی سامین (٣) و توانایی بیرکردنـەوەی ژیریی و لۆجیکیـان نییـە، فەلسـەفە و کولتـوور و شارسـتانیەت بەلایانـەوه نامۆیـە، ئـەوەی ئـەو کولتـوورەی بـە زمانـی عەرەبی دانـاوه، عـەرەب نەبـوون، بـەڵام موسـڵمان بـوون. عـەرەب توانایـی توێژینـەوەی تیۆرییانەیـان نییـە. ئیسـلامیش وەک ئایینێکـی سـەرتاپاگیر دۆسـتی زانسـت نییـە و کۆسـپ و تەگەرەیـە لەبـەردەم ئـازادی زانایـان و پێشـکەوتندا، ئیتـر ئـازادی و فەلسـەفە، باوەڕهێنـان و ئاییـن دوو بابەتـی لـە یەکتـری جیـان و لـەلای مرۆڤـی عـەرەب لـە یەکتـری جیانەکراونەتـەوه.

ئەفغانـی هەوڵـی داوه ئـەو بۆچوونانـەی ئـەو هزرمەنـدە کاڵ بکاتـەوه، ئەوجـا سـاغی بکاتـەوه بایەخـی ئاییـن لـەوەدا بەدەردەکـەوێ تـا چەنـد باوەڕدارەکانـی ڕەوشـت و ئـاکار جـوان و ڕێـزدارن. ئاییـن ڕۆڵـی سـەرەکی لـە کایـەی شارسـتانیەت و پێشـکەوتندا دەگێـڕێ و باوەڕدارانـی بـە سـێ ڕاسـتی (حەقیقـەت) ئاشـنا کـردووه:

**یـەک:** سروشـتی گیانیـی دوور لـە ماددییەتـی مـرۆڤ.

**دوو:** بـاوەڕ و بـڕوا و ئیمـان و دوورکەوتنـەوه لـە گومڕایی.

**سێ:** پیاوچـاکان دوای مـردن دەچنـە بەهەشـت، جێگایـەک هیـچ جـۆرە ئێـش و ئـازار و کێشـەیەکی تێـدا نییـە.

بـەلای (ڕینان)ـەوه لـە ئەفغانیـدا، دوای قسـەکردن و هەڤپەیڤینەکـە، کەسـایەتی بووعەلـی سـینا و بیرتیـژی و وردەکاری فارابـی ئازەریـی شـیعە مەزهـەب دێنـەوه یـاد و بەرچـاو و هەسـت پـێ دەکـرێ. خۆیشـی موسـڵمانێکی ئـازادە و توانیویەتـی خـۆی لـە وەهـم و بیروبۆچوونـی (پڕوپـووچ) ڕزگار بـکات کـە یەخـەی ئایینیـان گرتـووه، ئـەو تەپوتـۆزی ڕابـوردووی سـەدەکانی ناوەڕاسـتی لەخـۆی تەکانـدووه.

٤- ئەفغانـی لەپێنـاوی هـاوکاری نێـوان موسـڵمانان و کۆمـکاری ئیسـلامیدا تێکۆشـاوه و بەلایـەوه ڕووبەڕووبوونـەوەی کۆلۆنیالیزمـی ئینگلیـز بـە یەکڕیـزی و یەکگرتنـی موسـڵمان دەبـێ، ئەمەش دەبێتـە مایـەی ئـەوەی مەترسـی کۆلۆنیالیسـتەکان دووربخرێتـەوه و ڕێـگای پێشـکەوتن و گەشـەکردن و شارسـتانیەت خـۆش دەکـرێ! ئەمەیـە ئـەو مەبەسـتەی ئەفغانی هەوڵی بۆ داوه و دوو چەمکی: چاکسـازی و نـوێ کردنـەوەی بـۆ بەکارهێنـاوه.

بـە هەمـوو تواناییەکییـەوه و لەگشـت قۆناغەکانـی ژیانیـدا دژی بـێ دادی و سـتەم و زەبروزەنـگ و داگیرکـەرەکان (ئینگلیـز) تێکۆشـاوه و هانـی خەڵکـی داوه خۆیـان یـەک بخـەن و بـە خەبەربێنـەوه و هۆشـیار بـن. بۆچوونێکـی تایبەتی دەربـارەی پراکتیزەکردنـی سیاسـەت هەبـووه کـە چ کاربەدەسـتێک شـا، سـەرکردە، سـوڵتان، حوکمـڕان بـێ: وای دانـاوه کـە وڵاتانـی ڕۆژهـەڵات بەگشـتی و دەوڵەتـە موسـڵمانەکان بـە تایبەتـی پێویسـتیان بـە دیکتاتۆرێکـی دادپـەروەر هەیـە،

چونکە بە بوونی هێز و دەسەڵاتی تۆکمەی توندوتۆڵ نەبێ دادپەروەری نە پیادە دەکرێ، نە جێبەجێ دەبێ! دەبێ دەسەڵاتداری لاواز، یان دەسەڵاتدارێکی ستەمکار چاوەڕێی چ چاکەکارییان لێ بکرێ؟! ئەو بڕیارەی ئەفغانی لە دوو لاوە سەرکۆنە و ڕەخنە هەڵدەگرێ:

**یەک:** دەبێ چاوەڕێی چی لە دیکتاتۆرێک بکرێت؟! دەکرێ زەبروزەنگ و دادپەروەری بە یەکەوە هەڵبکەن و بێنەوە؟! لە چ گۆشەیەکی جیهاندا ئەو دوو دژ بەیەکە، توانیویانە پێکەوە هاوکار کاربکەن؟!

**دوو:** ئایا ڕۆژهەڵات بەگشتی و دەوڵەت و وڵاتە موسڵمانەکان بەبێ کاربەدەستێکی دیکتاتۆری دادپەروەر بەڕێوە ناچن!؟ ئایا ئەمە گازندە و ڕەخنەگرتنە لە ڕۆژهەڵاتی و موسڵمانان، یان دەربڕی هەست و نەست و بۆچوونی ئەفغانی خۆیەتی؟! ئایا ئەو بۆچوونە دروستە؟ ئایا ڕۆژهەڵاتی شایستەی حوکمڕانی ئەو دیکتاتۆرەن؟ کەوابوو کێشەکە نە سیاسییە و نە ئایینییە، بەڵکوو خەڵک، میللەت بە قسەی ئەفغانی خۆیان بەو جۆرەن کە پێویستیان بە دەسەڵاتێکی زەبروزەنگ هەیە؟! ئەمە چۆن لێک دەدرێتەوە؟! چۆن دەکرێ هزرمەندێکی وەک ئەفغانی ئەو جۆرە تۆمەتە بداتە پاڵ میللەت و گەلانی ڕۆژهەڵات؟! بەڕێشی چ کەسێک ڕەوایە کە بەو جۆرە قسە لە میللەتان بکات و وایان دابنێ کە بەبێ زەبروزەنگ بەڕێوە ناچن؟ دەکرێ میللەت، گەلان بەو جۆرە تۆمەتبار بکرێن؟!

٥- ئەفغانی بە نووسین و وتار داوای هۆشیاری و سەربەخۆبوونی وڵاتە موسڵمانەکانی کردووە، بە تایبەتی لەسەردەمی ئەودا وڵاتە کۆلۆنیالیستەکان (بەریتانیا و فەڕەنسا) دەستیان بە داگیرکردنی وڵاتی ڕۆژهەڵات کردووە و دەسەڵاتی عوسمانلی کە بە پیاوە نەخۆشەکە ناسراوە، بەرەو کزی و لاوازی چووە:

ئەو سەربەخۆبوونەی لە دوو کایە و ڕەهەنددا دیتووە:

**یەک:** سەربەخۆیی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی زانستی و سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانی و بە پیشەسازی کردنی وڵاتەکانیان.

**دوو:** سەربەخۆیی سیاسی.

ئیتر بەلایەوە ئەو دوو ڕەهەندە پێویست بووە توندوتۆڵ بە هەردوو چاکسازی ئایین و کۆمەڵگەوە بەند بن و لە یەکتری دانەبڕێن! چۆن دەکرێ قسە لە سەربەخۆیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سوود وەرگرتن لە زانست بکرێت، لە کاتێکدا ئایینەکە لەلایەک و کۆمەڵگە لە لایەکی دیکەوە لە قاوغی چەقبەستووی کۆنەپارێز و سەلەفییەتدا گیریان خواردبێ؟!

- بەلای ئەفغانییەوە کێشەی جیهانی ئیسلامی لە گەوهەر و بنچینەدا پتر کێشەیەکی سیاسییە، ئەگەرچی لە هەندێ ڕەهەندیدا وابێتە بەرچاو کە بنەمایەکی ئایینی هەبێ، بۆیە دەبێ:

لەگەڵ چاکسازی نوێکردنەوەی بنەماکانی شەرع و باوەڕ (عەقیدە) خۆ ئامادەکردنێک لە ئارادابێ بۆ بەگژداچوونەوەی هێزی داگیرکاری کۆلۆنیالیستەکان (دەوڵەتە ئیستعمارییەکان)، بەڵام ئەو بەگژداچوونەوەیەی ئەو هێزە جیهانییەی زلهێزەکان ئەوە ناگەیەنێ کولتووری پێشکەوتووی وڵاتەکەیان و شارستانیەتە شکۆمەند و زانستە پەرەسەندووە شۆڕش ئامێزەکانیان بخرێنە لاوە و سوودیان لێ وەرنەگیرێ! کولتووری پێشکەوتنخواز لە خۆیدا و هێز و دەسەڵاتی داگیرکار دوو بابەتی لە یەکتری جیاوازن، دووەمیان بەربەرەکانی بکرێت

و یەکەمین بە پێی توانایی و تایبەتمەندی وڵاتانی موسڵمان و میللەتەکانیان سوودیان لێ وەربگیرێ و بەکارببرێن.

شان بە شانی ئەم لایەنە، ئەرکی هەموو موسڵمانێکی بەرچاو ڕوونی ڕۆشنبیر ئەوەیە کە دژی ستەم و جەور و زەبروزەنگ بێت. چەکی ئایین و هێزی بڕوا، بڕوا بوون بە خوا و ئایینی ئیسلام کاراترین ڕێگا و ئامرازی بەربەرەکانی کردنی داگیرکارن، زانین و زانست دەبنە مایەی ڕەواندنەوەی دواکەوتن و نەزانین و کێشە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کاڵ دەبنەوە.

- بەو پێیە چالاکی ئەفغانی سێ ڕەهەندی گرتووەتە خۆی کە هەرسێکیان توندوتۆڵ دەستیاوی بە یەکەوە بەستراونەتەوە:

**یەک:** چاکسازی لە کایەی شەریعەت و باوەڕ (عەقیدە)دا تاوەکوو ئەوپەڕی، لە زانین و زانست و کولتووری میللەتە پێشکەوتووەکانی جیهان سوود وەربگیرێ.

**دوو:** ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە کۆلۆنیالیستە داگیرکارەکان (ئینگلیز و فەڕەنسا) و جیاکردنەوەی میللەتی ئینگلیز و فەڕەنسا و کولتوورە پێشکەوتووەکەیان و زانستە گەشە کردووەکەیان لە گشت بوارەکان، لە هەردوو هێزی داگیرکار.

**سێ:** بەشداری کردنی چالاکانە لە کاروباری سیاسیدا بە مەبەستی یەکخستنی موسڵمانان و لەناوبردنی ستەم و بێ دادی لە جیهانی ئیسلام و دەرکردنی داگیرکارە ملهوڕەکان کە بوونەتە مایەی پچڕپچڕ و شپرزەیی موسڵمانان و نەداری و بەدبەختییان.

٦- وا پێدەچێ ئەفغانی، ئەگەرچی گومان لەوە دەکرێ سوننی مەزهەب بێ، سنووری دەڤەر و پاوانی ئەبوو حامیدی غەزالی بەزاندبێ و گەڕابێتەوە بۆ سەر ڕێبازی زانستی کەلامی موعتەزیلە، بە تایبەتی دەربارەی داد و یەکسانی و سیاسەت و ڕۆڵی ژیر لە کاروباری باوەڕ و شەریعەتی ئاییندا، جگە لە بایەخدان بە ڕۆڵی مرۆڤی تاک لە گشت کایەکانی ژیاندا.

- بەلای ئەفغانییەوە لە ڕۆژهەڵات ئایین بووە بە پردی بە یەکتری بەستنەوەی موسڵمانان و پێکەوە هاوکاری و کارکردنیان، بۆیە بە پێویستی زانیوە کە جۆرە دامەزراوەیەک، دەزگایەک لەسەر بنەمای ئایینەکە دابمەزرێ و ببێ بە چوارچێوەیەک موسڵمانانی وڵاتانی ئیسلامی پێکەوە کۆ بکاتەوە و لە خەوی غەفڵەت بە ئاگا و بە خەبەریان بهێنێتەوە، هانی کارکردن و خەبات و تێکۆشانیان بدات و یەکریزیان لە بەرانبەر ناحەز و داگیرکاران بپارێزێ، ئەو دەزگا دامەزراوەی بە (کۆمکاری ئیسلامی) ناوبردووە، کە دواتر، دوای دووەمین جەنگی جیهان، عەرەبەکان ناوی کۆمکاری عەرەبییان لێ ناوە! ئەو کۆمکارە ئیسلامییە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا بنەما و پاشخانی ئایینی هەبووە، بەڵام ئەو دروشمانەی هەڵیگرتوون و هەوڵی بۆ داون هەمەڕەنگ و سیاسی بوون. بۆ نموونە داوا کراوە کە:

**یەک:** کۆششی ئازادیخوازانە بکرێ بۆ دەرکردنی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی لە وڵاتانی موسڵماندا.

**دوو:** لێبوردەیی و یەکسانی و پێکەوە ژیان و تەبایی لەگەڵ لایەنگیر و باوەڕدارانی ئایینەکانی دیکە کە لەگەڵ موسڵمانان و لە وڵاتەکانیان دەژین.

**سێ:** هەڵوێستی کراوە دەربارەی نەتەوە و ڕەگەزەکان (٤) هەبێ و جیاوازی لەنێوانیاندا نەکرێ.

**چوار:** ئەو کێشە و بابەتە تاووتوو بکرێ و ئەگەر لە توانایدا هەبێ یەکلایی بکرێتەوە: دەکرێ خەلافەتی عوسمانی تورک زمان ولاتانی موسڵمان و نەتەوەی عەرەب بەناوی ئایینەوە حوکم بکات؟! ئایا دەگونجێ موسڵمانێک کە عەرەب نەبێ، ببێ بەسەرکردەی عەرەب؟!

**پێنج:** ڕێگا نەدرێ هیچ جیاوازییەک لەنێوان باوەڕدارانی ئایین و ئایینزاکان و مەزهەبەکان بکرێ. دەبێ یەکسانی و داد و پێکەوە ژیان و بە یەکەوە گونجان و هەڵکردن، دروشمێک بێت لە ژیانی ڕۆژانە و کرداردا پیادە و جێبەجێ بکرێت.

**شەش:** ئەو جیاوازی و ناتەبایی و پێکەوە نەهاتنەوەی لایەنگرانی هەرسێک ئایینەکە (مووسایی و عیسایی و محەمەدی)، ئۆباڵەکەی ناچێتە ئەستۆی ئایینەکان و لە ڕێ و شوێن و بنەماکانیانەوە نەکەوتووەتەوە، بەڵکوو دەچێتە ئەستۆی پیاو و سەرکردە ئایینییەکان کە بازرگانی بە ئایینەوە دەکەن و بۆ پاراستنی کورسی و سوود و قازانجی کەسی خۆیان ئایینەکە بەکاردەهێنن.

**حەوت:** هەستی نەتەوەیی و نەتەوە بەگشت سروشت و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانەوە هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، لەگەڵ نەمانی ئەو هۆکارە هەستەکەش لەبەرچاو بزر دەبێ، بەڵام ئوممەتی ئیسلام ڕاستییەکی هەمیشەییە و جێگا بە نەتەوە لەق دەکات و ڕۆڵی کارا و کاریگەریی زمان و ڕەگەز کاڵ دەکاتەوە.

**هەشت:** پەیڕەوکردنی ڕاستودروستی ڕێ و شوێن و ڕێنماییەکانی ئایین، سێ خەسڵەت لە ناخی دەروونی باوەڕداران جێگیر دەکات:

– دەست و داوێن پاکی: ئەمەش لە بەدکاری و تاوان و دەستدرێژی و کاری ناڕەوا و نابەجێ دووریان دەخاتەوە.

– ئەمینی و ئەمانەت: ئەمەیە ئەو بنەما قایم و پتەوەی ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی لەسەری دادەمەزرێ (٥)

– ڕاستگۆیی: ئەو خەسڵەتە هاندەر و هۆکاری کارای پێکهاتنی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤە و تایبەتمەندییەکانی سروشت و گەوهەری ڕاستەقینەی مرۆڤ و بوونی جێگیر دەکات.

**نۆ:** ئەگەر چاکسازی - بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان و کۆمەڵگە، لە باوەڕ و (عەقیدە و ئیمانەوە) دەست پێ بکات، دەبێ بچێتە ناو کایە و پاوانی سیاسەتەوە و گۆڕان لە ژیانی سیاسییدا بەرپا بکات، ئەوکاتە ئامانجی خوازراو لەو چاکسازی و نوێکردنەوە و بووژانەوەیە دێتە دی.

– ئەفغانی دوای ئەو هەموو کۆشش و هەوڵە ماندوویی نەناسانەی، لە شاری ئەستانەی ئەوسای پایتەختی سەڵتەنەتی عوسمانی، بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە، هەر لەوێ نێژراوە. بەرهەمەکانی کۆکراونەتەوە و ئەوەی بە فارسی و زمانی تر نووسیونی، کراون بە عەرەبی و چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

– ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە ئەفغانی ڕابەرێکی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوێر و چاونەترس و چالاکی سەردەمی خۆی بووە، بە نیازێکی ئەوپەڕی باشەوە ئەوانەی کردووە کە کردوونی، ئەگەرچی چەند تۆمەتێک خراونەتە پارسەنگییەوە کەمترینیان ئەوەبووە گوایە ماسۆنییە و هەڵوێستی ئارێی دەربارەی کولتووری ڕۆژئاوای مەسیحی هەبووە!

بە چاو و بەهۆش و دڵ ئاگای لە ژیانی گەلانی ڕۆژهەلات هەبووە! ولاتان گەڕاوە، پێوەندی بە سیاسەتمەدار و هزرمەندانی سەردەمی خۆی

و ڕابەرانی ئایینی شیعە و سوننەوە کردووە و هەیبووە. بە درێژایی ژیانی هەر نەبێ بە قسە و نووسین بەرهەڵستی ستەمی سیاسی کاربەدەست و سوڵتان و میر و فەرماندارانی کردووە، چەند جارێکیش دەربەدەرکراوە و دوورخراوەتەوە. بە بۆچوون و مەزندەی خۆی نەخشەڕێگا و ڕێگاچارەی کێشەکانی سەردەمی خۆی ڕەنگ ڕشتوون و پەیڕەوی کردوون! لەگەڵ ئەو ڕاستییانەدا ناکرێ ئەو خاڵانە بە هەند وەرنەگیرێن:

**یەک:** ڕاستیودروستی کاروکردار و کۆشش ئەوکاتە جێگیر و پشتڕاست دەبێتەوە تا چەندە توانیبێتی ڕەوش و بارودۆخی هەڵکەوتی ڕاستەقینەی لە ئارادابوودا وەک گۆمێکی وەستاو بشڵەقێنی - بگۆڕێ؟

**دوو:** ئەو سیاسەتەی ویستوویەتی گۆڕانی تێدا بکات، هێزێکی زەبەلاح بە سوود و قازانجی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە لە پشتییەوە بووە، وەک دەریش کەوت بە تاکەسوارێک ناشڵەقێ کە تۆزی نییە!

**سێ:** کاتێک ئومێد لەسەر پێشکەوتن و گۆڕان هەڵدەچنرێ، ئەگەر توانرا هێز و کۆششی لەبن نەهاتووی چینی ئەو مرۆڤەی سوود و قازانجی لە گۆڕاندا هەیە، چالاکانە بازووی تێکۆشانی لێ هەڵبماڵێ و بە کردەوە هەوڵ بدات پێشکەوتن وەک پرۆسە لە جێگای ڕەوش و دۆخی هەبوو - لە ئارادابوو جێگیر بکات، بنەمای ڕێژەیی ئیتر لە بۆچوون و باوەڕ و کرداردا لە جێگای ڕەها بە بنەما هەمەڕەنگییەکانییەوە بچەسپێنێ، بزووتنەوەی سەرتاپاگیر هەنگاو بە هەنگاو لە جێگەی چەقبەستوویی دابمەزرێنێ.

**چوار:** دەبوو بیر لەوە بکرێتەوە بۆچی مەسیحیەت، وەک ئایینێک کە لە ڕۆژهەڵات پەیدا بووە لە مەڵبەندی خۆی جێگای نەبووەتەوە و لە جیهانێکی دیکەدا کە ڕۆژئاوایە جێگیر بووە، بڵاوبووەتەوە و هاتووەتە بەر، کەچی تا ئێستا ئایینی سێیەمی ئیبراهیمی کە ئیسلامە لە کونجێکی ئەوروپا پێشوازی لێ نەکراوە، کەوابوو دوو کولتوور، دوو ئایین، دوو شارستانیەت و ئایینی جیاواز لە هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندییەکدا، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ئارادان.

**پێنج:** هاندانی ڕابەرانی ئایینی ڕۆژهەڵاتی موسڵمان بۆ کاروچالاکی سیاسی بە تەواوەتی جیایە لەو ڕەوشەی لە ئەوروپای مەسیحی کە ئایینەکە تێیدا پەنای بۆ سیاسەت بردبێ! لەوێ - عەلمانیەت- دوورگرتنی ئایین لە سیاسەت و لێرە سەلەفییەت.

**شەش:** ئەو کولتوورەی لە ئەوروپا کە مایەی کۆششی سەدان ساڵەی ئەو میللەتانەی ئەوێ بووە، ناکرێ وەک ئەفغانی ویستوویەتی بە کوڵک و پێستەوە پەسند بکرێت! چونکە:

**حەوت:** ئەوروپا توانیویەتی سەرکەوتووانە چالاکی سیاسی کڵێسەی مەسیحی سنووردار بکات و ڕێگا نەدا ئایینەکە سیاسەت بۆ سوود و قازانجی تایبەتی بەکار بەرێ و پشتی پێ ببەستێ!

**هەشت:** ئەو کەلەپوور و کولتوورە بۆماوەییەی ڕۆژهەڵاتی موسڵمان بە باوەڕ و بڕواوە (عەقیدە) و ئیمان، بریتییە لە تێکەڵەیەک کە لە شەریعەت، فیقهو، ئسووڵی (بنەمای) ئایین و سۆفێتی و زانستی کەلام و تاڕادەیەکیش لە جۆرە فەلسەفەیەک پێکهاتووە، ئیتر کەرەستە و بابەتی نەگۆڕ و جێگیرە و جێگەی خۆی بە خۆشی بێ، یان بە ترشی لە دڵ و ناخی دەروونی کۆمەڵگەیەکدا کردووەتەوە کە ئەگەر

هەوڵـی گۆڕانیشـی تێدا درابـێ، ئـەو هەوڵـە وەک پرۆسـە و کـردار و ئەنجـام سـنووری وردەکاری و هەندەکی نەبەزاندووە و ئاسـانیش نییـە بیبەزێنێ.

نـۆ: ئـەو ئامرازانـەی ئـەو بـۆ چالاکییەکانـی پشـتی پـێ بەسـتوون، ئەگـەر لـەو سـەردەمەدا لـە توانایـدا نەبووبـێ ڕێگایەکـی تـر شـک ببـردرێ، ئـەوە لـەلای خۆیانـەوە کەمتـر بـوون لـەوەی بتوانـرێ بەهۆیانـەوە ئـەو چالاکییـە ئەنجامـی خـوازراوی لـێ بکەوێتـەوە.

دە: ئـەوی سـەرنج ڕادەکێشـی، ویسـتوویەتی شـیعەیەتی خـۆی دیـزە بەدەرخونـە بـکات و بیشـارێتەوە! جیهاندیـدی غەزالـی سـەلەفی کۆنەپارێـزی تێپەڕانـدووە و سـنوورەکەی بەزاندووە و گەڕاوەتـەوە بـۆ سـەر مەزهەبـی موعتەزیلـە لـە زانسـتی کەلامـدا، ئـەم هەنـگاوە بوێرانەیـە لەخۆیـدا هەنگاوێکـی پێشـکەوتنخوازی سـەر ڕێـگای ڕاسـتی مەبەسـت گۆڕانـکاری بـووە، بـەڵام ئـەو ڕاسـتییەی فەرامـۆش کـردووە کـە مەزهەبـی شـیعە بـە ڕابەرانییـەوە بەدرێژایـی مێـژوو ئـازار دراون و چەوسـێنراونەتەوە، بۆیـە ئـەوان، نـەک سـوننەی سـەلەفی، دەستپێشـخەری پرۆسـەی گـۆڕان و گۆڕانـکاری بـوون.

- کۆششـەکەی جەمالەدینـی ئەفغانـی ئەمـڕۆ بـووە بـە بەشـێک لەمێـژوو، مێـژووی بەربەرەکانـی و ناڕەزایـی دەربڕیـن، بـەڵام ئەگـەر بـە نیـازی باشـیش بووبـێ ئەمـە لـە خۆیدا (ئەزعـەف ئـەل ئیمـان)، سـنووری هەسـت و هـۆش و ئـارەزووی چاکـەکاری نەبەزانـدووە و لـەو چوارچێوەیـە نەچووەتـە دەرەوە، بۆیـە دەکرێ بـە جۆرێـک لـە یۆتۆپیـا، بـە کۆششـێک کـە پشـت ئەسـتوور بـووە بـە ئومێـد لـە نائومێـدی بـەولاوە هیچـی تـری پـێ نەبـڕاوە، پۆلێـن بکـرێ، بەگژداچوونـەوەی ڕەوشـێکی زەبەلـلاح بـە حـەز و ئـارەزوو و نیـازی چـاک و پاڕانـەوە و نـزا لەگـەڵ و لەبـەردەم سـوڵتانانـدا هیچـی لـێ شـین نەبووەتـەوە و نابێتـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا پەنـدە کوردییەکـە دەربـارەی ئـەو کەڵەپیـاوە گەرموگـوڕی خـۆی لەدەسـت نـەداوە: کـردەی پەشـیمان چاکتـرە لـە نەکـردەی پەشـیمان!

**ئەنجام:**

چاکسـازی لـەلای جەمالەددیـن ئەفغانـی ئـەو خاڵانـە دەگرێتـەوە:

١- چاوخشـاندنەوەیەکی ژیرانـە بـە تێکسـتە بۆماوەکانـی ئاییـن بـە شـەریعەت و فیقهـ و بنەماکانـی (ئوسـووڵی) ئایینەکـەوە.

٢- ئامـراز و شـێوازی چاکسـازییەکە دەبـێ گۆڕینـی سیاسـەتی دەوڵەتـی لـە ئارادابـوودا بـێ بـەرەو مەبەسـتی جێبەجـێ کردنـی دادپـەروەری و ئـازادی و یەکسـانی و مافـی مـرۆڤ و شـان بـە شـانی چاکسـازی هـزری و جـۆری بیرکردنـەوەی ڕابـەر و زانایانـی ئایینـی.

٣- گشـت جۆرێکی سـتەم و جەور و ئیسـتیبداد و دیکتاتـۆری و قۆرخکردنـی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئایینـی ڕەت بکرێتەوە.

٤- بڵاوکردنـەوەی خوێنـدەواری و پـەروەردەی پشـت ئەسـتوور بـە ژیـر و بەگژداچوونـەوەی دواکەوتوویـی و نەخوێنـدەواری و نەخۆشـی.

٥ - دەسـتبەرداربوونی گشـت شـێوازێکی دەمارگیـری مەزهەبـی (سـوننە و شـیعە) و سیاسـی و کۆمەڵایەتـی، لـە جێـگای ئـەو دۆخـە نالەبـارەدا، هـاوکاری و کۆمـەک و ڕکابەریـی ڕەوا جێگیـر بکرێـن.

٦- گەڕانـەوەی ژیرانـە بـۆ سـەر قورئـان و حەدیس و سوننە و پەیڕەوکردنیـان بەشـێوەیەکی هۆشـیارانە.

٧- ئوممەت (ئەوکاتە هەستی نەتەوایەتی بە تەواوەتی خەتوخاڵی نەداوە) سەر پشک بێ لە دەنگدان و هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵەت و کاربەدەست و کارمەندە باڵاکان، ئیتر دەوڵەتی ئاسایی، یان خەلافەت بێ! ئەفغانی وشەی بەیعەتی بەکارهێناوە کە واتای دەنگدان و هەڵبژاردن دەگەیەنێ.

٨- هەموارکردنەوەی دەستووری دەوڵەتانی وڵاتە موسڵمانەکان بەجۆرێک جێگای ئازادی تێدا بکرێتەوە.

٩- ئەو چاکسازییەی ئەفغانی مەبەستی بووە، پشت بە سێ بنەما دەبەستێ:

- یەکگرتنەوەی موسڵمانان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆلۆنیالیستە داگیرکارەکان (فەڕەنسا و ئینگلیز).

- توندوتۆڵ کردنی پێوەندی نێوان موسڵمانان و لایەنگرانی ئایین و ئایینزاکانی دیکە کە لە جیهانی ئیسلامیدا دەژین.

- دەستبەرداربوونی گشت جۆرێکی ناکۆکی و لێچوونە سەنگەر و پێکهەڵپڕژانی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە. ئەو ڕەوشە لاوازیان دەکات.

١٠- تاکە سوار تۆزی نییە، بۆیە دەبێ ڕێکخراو و کۆمەڵە و پارتەکان دابمەزرێن، ئەفغانی ئەمەی بە یەکگرتوویی (ڕابیتەی) ئیسلامی ناوبردووە، بەڵام ڕوونی نەکردووەتەوە ئەو یەکگرتووە چ ڕەهەندێکی هەبێ.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١ - د. محمد عمارة: جمال الدين الافغاني، موقظ الشرق وفيلسوف الاسلام، دارالشروق، القاهرة، ١٩٨٨، ط٢، ص٢٤ وفي أماكن متعددة.

٢ - د. محمد عمارة: هەر ئەو سەرچاوەیە خۆی، ل٥١ - ٥٢.

٣ - ارنست رينان: ابن رشد والرشدية، ترجمة: عادل زعيتر، المكتبة الفلسفية، القاهرة - بدون تأريخ، ص١٠.

٤ - د. محمد عمارة: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١ - ١٢٢.

٥ - الدكتور ماجد فخري: تأريخ الفلسفة الاسلامية، بيروت، ٢٠٠٤، ص٤٦١ وفي اماكن أخرى أيضا.

# دورجەکەی نالی و چەپکێک وێنەی شیعری

د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود

**نووکی خامەی من کە بێتە مەعنی ئارایی کەمال**
**خەت بە خەت ئیزهاری نەقشی سوورەتی مانی دەکا ٤٦**

وێنە چ وەک وشە، یان وەکوو تەنێکی بەرجەستەکراوی لە قاڵبدراو، جا چ لە بیرو هۆشدابێت، یان ئەوانەی لە سروشت و دەوروبەرمان بە فرەڕەنگی و شێوەی جۆراوجۆر خۆیان نمایش دەکەن، تابلۆ ئاسا بوونی لەگەڵ بوونی ئەندێشە و هۆش و زمانە لای ئادەمیزاد. ئەو مێژووە دوورودرێژەی وێنە و ئەو تەمەنە کۆنەی لایەنێکی زۆری لە بوون و ژیان و ژیاری مرۆڤی داگیر کردووە، دەمێکیشە مرۆڤ نرخ و گرنگی ئەو بابەتەی بۆ ئاشکرا بووە. (وێنەی هونەری ئەو هۆکارەیە کە بە هۆیەوە ژیان لە هونەر ڕەنگ دەداتەوە و ئاوەژوو دەبێتەوە، سەرلەنوو ژیان دروست دەکاتەوە، درکیشی پێ دەکات).(١)

بۆ بەرهەمهێنانی وێنەی هونەری لای مرۆڤی سەرەتایی زۆرێک لە هەستەکانی تێدا خەرج کردووە، لەنێو چوارچێوەیەکدا کە لێوان لێوە بە ئەندێشەی بەرزفڕ و سۆزی گڕگرتوو. با وێنە کۆنەکانی سەر بەرد و ناو ئەشکەوتەکان بێنینە پێش چاو، پاشان وێنە سەیر و سەرسوڕهێنەکانی

نێو شیعر و ئەفسانە و حەقایەتەکان خورد کەینەوە ئەوجا دەزانین چ بیر و ڕەنج و کاتێکی بۆ بەکار هاتووە. (وێنە بەرهەمی کاریگەری خەیاڵ و ئەندێشەیە، ئەو کاریگەرییەش واتای گواستنەوە و کۆپی کردنی جیهان نییە، بەڵکوو واتای دووبارە ڕێکخستنەوەیەتی، دۆزینەوەی پێوەندییە شاراوەکانە لە نێو شتە ئاشکراکان، کۆکردنەوەیە لە نێوان توخمە دژ یەک و ئەوانەی لە وەک یەکی بووندا زۆر لێک نزیکن). (٢)

مرۆڤ دەمێکە زانیویەتی خۆی و سروشت و دەوروبەری وێنەن و وێنە پێک دەهێنن و سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوون بۆ دروست کردنی وێنە (وێنەی هونەری، پردێکە لە نێوان گیان و سروشت، تێگەیشتن و بوون) (٣). وێنە تێکەڵ بە شیعر کراوە، لە فەلسەفەشدا پێناسەی تایبەتی بۆ دانراوە. لەبەر گرنگی وێنە دەبینین زۆر لە پێکهاتەکانی سیحر و بیروباوەڕ و ئایین تەواو دەکا. وێنە، یان (سوورە) وەکوو وشە (٨) جار و بە قاڵبی جیا لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (٤)، خوای گەورە دەفەرموێ: (یا ایها الانسان ما غرک بربک الکریم الذي خلقک فسواک فعدلک في اي صورة ماشاء رکبک) (*)، لە شوێنێکی تریشدا دەفەرموێ: (هو الله الخالق الباريء المصور) (**). هەمان وشەش لە زۆر لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د. خ) هاتووە، یەک نموونەمان بۆی هێناوە: (إن الله لا ینظر إلی صورکم وأموالکم ولکن ینظر إلی قلوبکم وأعمالکم). (٥)

وێنە ئەستوندەیەکە لەو ئەستوندانەی شیعری لەسەر بنیاد دەنرێ، (وێنەی هونەری بنج و نەژادی چەسپاو و بەردەوامە لە شیعردا) (٦). ئەگەر واتا و پێناسەی هەرە سادەی وێنەی هونەری شیعری ئەوە بێت کە دەڵێ: (سادەترین



نالی

واتای: وێنەیەکە و بە وشە کێشراوە) (٧)، وشەش وەکوو کەرەستەیەکی سەرەکی ئەم بوار و پیشەیە لە دەست و هزری نالی دا، وەکوو هەویر، یان قوڕی خۆشکراو بێت! دەبێت چ جۆرە وێنە و تابلۆیەکمان بۆ بخوڵقێنێ. بۆ دروست کردن و بەرهەمهێنانی دەبێ چ وەستایی و دەست ڕەنگینی نواندبێ.

**عاشقی سونعی حەقم قوربانی ڕەنگی قودرەتم**
**چاوی ماوی، خاڵی شین، کوڵمی سپی، زولفی سیا ٣٣**

نالی زۆر زانایانە و لێهاتووانە دیوانەکەی بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و جوان ڕازاندووەتەوە، وێنەی شیعری و هونەری وای هێناوەتە ناوەوە لەو بوارەشدا گۆی هونەری بردووەتەوە، شوێنی ڕابەری و پێشەنگی گرتووە. (ئاشکرا کردنی دەنگدانەوەی نەست لە دەست نیشان کردنی بابەتی شیعر و وێنەکانی، کەسایەتی شاعیرمان بۆ ڕۆن دەکاتەوە، چونکە هەموو شاعیرێکی

ڕەسـەن ڕەگوڕیشـەی ئەندێشـەی لـە ((نەسـتی كۆمـەڵ))، یـان غەریـزە، یـان تاكی، بـەو هۆیـەوە بـەرەو لوتكـە هەڵدەكشـێ. بـە سـەرژمێركردنی وێنـەی شـیعری و ئاشـكرا كـردن و پـەردە لەسـەر لادانـی دەلالەتەكانـی لـە ژیانـی شـاعیر و كۆمەڵگەكـەی، بەرانبـەر ڕەسـەنایەتی شـاعیر دەوەسـتن، كـە یەكیەتـی كارە ئەدەبییەكـەی یەكـەم بنچینـەی مرۆڤایەتییـە، هۆكارەكانـی بەدەنگـەوە هاتنـی خەڵكـە بـۆی). (٨)

ئێمـە لـەو باسـەماندا، هەنـدێ وێنـەی شـیعریمان مەبەسـتە، وەكـوو چەپكێـك پێشكێشـی دەكەیـن:

**- بەحسی سیڕڕی دەهەنی نوقتە بە نوقتە بگەڕێی**
**سەری موویێ نییە بێ نوكتە لە دیوانم دا ٣٦**
**- كەی دەكا شەرح و بەیاناتی ڕمووزی دەردی دڵ**
**ڕوو ڕەشی هەر وەك دەوات و دووزمانی وەك قەلەم ٦٤**
**- مانی نییەتی قووەتی تەسویری برۆی تۆ**
**ئەم قەوسە بە دەستی موتەنەففیس نەكشاوە ١٠١**
**- (نالی) بەداوە شیعری دەقیقی خەیاڵی شیعر**
**بۆ ئەو كەسەی كە شاعیرە سەد داوی نایەوە ١٠٦**
**- بـە زاهیـر گـەز بـە گـەز دارە، بـە باتیـن سـەد چەمەنزارە**
**بـە سـووڕەت یـەك بـە یـەك خـارە، بـە مەعنـا سـەد گوڵسـتانە ١٥٥**

تێبینـی: (٧) دێـڕە شـیعرەم وەكـوو نموونـە هێنـاوە، (٧) دێـڕی تـر بێنـە و لـە شـوێنیان تۆمـار بكـە! هیـچ لـە مەسـەلەكان ناگـۆڕێ، ئەگـەر هەمـوو دێـڕە شـیعرەكانی دیوانەكـەی بجەڕبێنـی! هـەر هەمـان شـت دەردەچـن. مـن وای بـۆ دەچـم، ئـەو سیفەتە ناوازەیـە هـەر لـە شـیعرەكانی نالـی دا خۆیـان دەنوێنـن.

پەراوێزەكان:

(١) موسـوعة نظريـة الادب، ترجمـة: جميـل نصيـف التكريتي (د)، إضـاءة تأريخيـة، القسـم/٢، ص٣٣٣.

(٢) جابـر أحمـد عصفـور (د)، الصـورة الفنيـة، ص ٣٧٣.

(٣) موسوعة نظريـة الادب، ترجمـة: جميل نصيف التكريتي (د)، إضـاءة تأريخيـة، القسـم/٣، ص٦٦.

(٤) محمد فؤاد عبدالباقي، المعجم المفهرس،

(*) قورئانـی پیـرۆز، (*) الانفطـار - ٥٨٧ - (**) الحشـر - ٥٤٨.

(٥) منصور علي ناصف، التاج، ١٩٨٦.

(٦) سي - دي لويس، الصورة الشعرية، ص٢١.

(٧) جابر أحمد عصفور (د)، الصورة الفنية، ص٧.

(٨) محمد غنيمي الهلال (د)، النقد الادبي الحديث، ص٣٧٢.

(*) دێڕە شیعرەكان لە دیوانی نالی، چاپی دووەم، مارف خەزنەدار، هەولێر، ٢٠٠٨، وەرگیراون.

سەرچاوەكان:


(١) موسـوعة نظريـة الادب، إضـاءة تأريخيـة علـى قضايـا أساسـية، ترجمـة: الدكتـور جميـل نصيـف التكريتـي، دار الشـؤون الثقافيـة العامـة، القسـم/٢، بغـداد، ١٩٩٣.

(٢) جابـر أحمـد عصفـور (د)، الصـورة الفنيـة فـي التـراث النقدي والبلاغـي، دار الثقافـة، القاهـرة، ١٩٧٤.

(٣) موسـوعة نظريـة الادب، إضـاءة تأريخيـة علـى قضايـا أساسـية، ترجمـة: الدكتـور جميـل نصيـف التكريتـي، دار الشـؤون الثقافيـة العامـة، القسـم/٣، بغـداد، ١٩٩٤.

(٤) محمد فؤاد عبدالباقي، المعجم المفهرس، مطبعة دار الكتب المصريـة، القاهرة، ١٣٦٤.

(*) قورئانـی پیـرۆز، (*) الانفطـار - ٥٨٧ - (**) الحشـر - ٥٤٨.

(٥) منصـور علـي ناصـف، التـاج الجامـع للأصـول، المجلـد الأول، دار الفكـر، ١٩٨٦.

(٦) سـي - دي لويـس، الصـورة الشـعرية، ترجمـة: احمد نصيف الجنابي - مالك ميرى - سلمان حسن ابراهيـم، وزارة الثقافـة والاعـلام، دار الرشـيد للنشـر، بغـداد، ١٩٨٢.

(٧) محمـد غنيمـي الهـلال (د)، النقد الادبي الحديـث، دار الثقافـة - دار العـودة، ١٩٧٣/٧/١.

# لەبارەی زمانی شیعریی (ناری)یەوە

نێچیروان جاسم
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلیژی زمان)

سروشتی زمان بەپێی جۆری بەکارهێنانەکەی دەگۆڕێت، بە جۆرێک زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە لە زمانی شیعری جیاوازە. ئەم جیاوازییەش بەهۆی خودی وشە و زاراوە و دەستەواژەکانەوە نییە، بەڵکوو ئەنجامی شێوازی بەکارهێنان و پێدانی ئەرک و واتای تر و جۆری ڕێکخستنی وشەکانی نێو ڕەوتی ڕستەیە لە شیعردا. شاعیر لە دەقی شیعرەکەیدا هونەرییانە و جیاوازتر لە شێوازی زمانی ئاسایی ڕۆژانە، مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکات، بۆیە وشە لە شیعردا، زۆرجار، لە مانای کلاسیکییەکەی خۆی دادەبڕێت و مانای نوێ وەردەگرێت، بە جۆرێک وشەکە، وێڕای مانا زانراوە قاموسییەکەی خۆی، مانا و ناوەڕۆکی نوێی پێ دەدرێت. شاعیر هەوڵ دەدات تا پێی دەکرێت زمانەکەی پتەو و بەهێز و جوان بکات و واتای قووڵ و تایبەتی بداتە وشەکانی و بەهۆیەوە ئاستی شیعرەکەی بۆ ئاستێکی باڵا ببات.

ئەمەش لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوو دەدات، بە جۆرێک دەکرێت بۆ چەند ئاستێک دابەشی بکەین: لەوانە ئاستی دەنگسازی، لە ئاستی دەنگسازیشدا چەند دیاردەیەکی دەنگی لەخۆ دەگرن، لەوانە: قرتاندن، زیادکردن...تاد.

**هەر لە خاکی ڕووسەوە، تا ڕۆم و بلغار و حەبەش**

**کەس نییە ڕازی بە تەقسیم ئەزەل بێ، یا بەبەش**

ناریی شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا لەبری وشەی (حەبەشە)، وشەی (حەبەش)ی بەکارهێناوە و دەنگی (ە)ی لە کۆتایی ناوەکەدا قرتاندووە، ئەمەش لەبەر پێویستیی مۆسیقای شیعرەکە بووە، واتە لەبەر پێویستیی سەروا بووە و لەهەمان کاتیشدا ناوازەیی و جوانی بە دێڕەکە داوە.

**ناری لە دەری حەزرەتی مەحموودە تەمەننای**
**دەرمانی عیلاجی دڵەکەی تازە دزاوم**

ناری لە نێوە دێڕی دووەمدا، دەنگی (ر) لە کاری (دزراوم) قرتاندووە، ئەمەش لادانە لە شێوەی ئاسایی بەکارهێنانی ئەو فرمانە و جوانی بە دێڕەکە داوە.

**چونکە هەمدەردی سولەیمانم لە سیحری دێوەدا**
**مەصڵەحەت وایە بڕۆم بۆ خۆم بە هەرد و کێوەدا**

ناری لە نیوە دێڕی یەکەم و دووەمی ئەو دێڕەدا دەنگی (ە)ی بۆ کۆتایی وشەکانی (دێو) و (کێو) زیاد کردووە، ئەم زیادکردنە لادانە، لەبەر سەروای شیعرەکەیە، ئەگەر ئەو دەنگە (ە)ی بۆ سەر هەردوو وشەکە زیاد نەکردایە، ئەوا سەروای شیعرەکە کەموکووڕی تێ دەکەوت و مۆسیقای شیعرەکە تێک دەچوو، بۆیە شاعیر لادانی لە بنیادی دروستی ئەو دوو وشەیەدا کردووە و ئەو دوو دەنگەی بۆ زیاد کردوون، ئەگەر نا لە بنچینەدا (لە سیحری دێو) و (بە هەرد و کێودا) بوو. دیسانەوە ئەمەش سەرەڕای پێویستیی سەروا، هاوکاتیش جۆرە ناوازەیی و جوانییەکی بە دێڕەکە داوە.

هەرچی ئاستی وشەسازی و ڕستەسازییە، ئەوا لەو ئاستانەشدا ناری بەجیاوازتر لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە وشە بەکاردەهێنێت، بەواتای ئەوەی مامەڵەیەکی هونەرییانە لەگەڵ وشەدا دەکات و زۆرجار لە داڕشتن و ڕۆنانی باو و بەکارهێنانی ئاسایی وشە لادەدات و بە جۆرێکی جیاوازتر وشە ڕۆدەنێت و پەیڤی نوێ دەهێنێتە ناو زمانی شیعرییەوە.

**تازەصەبییادە، لە چین ڤ هاتووە**
**عیدی قوربانە، بە قوربانی دەبین**

ناری لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (تازەصەبییاد)ی ڕۆناوە و لە وشەی سادەی (تازە) و وشەی عەرەبیی (صەبییاد) دروستی کردووە، ئەمەش لادانە لە ڕۆنانی وشە باوەکان، بەهۆی ئەوەی پێش شاعیر، ئاوەڵناوی (تازە) لەگەڵ ئەو چەشنە وشانە بەکارنەهاتووە و شاعیر لەو جۆرە ڕۆنانە لای داوە و وشەیەکی نوێی دروست کردووە.

**لە مەیدانی فەصاحەتدا، صەداقەت**
**وولاغی طەبعی شیرین خستە یەڵغار**

شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا جێناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی تاک (ئەو)ی لابردووە و لە نیوە دێڕی دووەمیشدا جێناوی لکاوی (ی)ی کەسی سێیەمی تاکی لا بردووە.

**نەما یەکسەر نەخۆشیم و بەسەرچوو میحنەت و شینم**
**ڕموزی سرکە ئامێزن، طەبیبی دەفعی خە چرا بوو**

ناری لە نیوە دێڕی یەکەمدا هەردوو کاری ڕستە لێکدراوەکەی پێش خستووە و بەرکاری دوا خستووە، کە خۆی دەبووایە وا بووایە: (یەکسەر نەخۆشیم نەما و میحنەت و شینم بەسەرچوو). شاعیر جەختی لەسەر هەردوو فرمانەکە کردووەتەوە و بۆ دەرخستنی مەبەستی خۆی پێشی خستووە.

**بۆ ئەکەی باوەڕ بە حەرفی پووچ و ناپاکی ڕەقیب**
**تۆ کە ئاگاهی لە وەزع و حاڵەتی گەردن کەچیم**

ناری لە نیوە دێڕی یەکەمدا کارەکەی هێناوەتە پێشەوە و بەشی یەکەمی فرمانەکە

لێکدراوە خراوەتە پێش بەشی دووەمەوە، لە بنەڕەتدا لەڕووی ڕێزبوونی کەرەستەوە دەبووایە بەم جۆرە بووایە: (بۆ باوەڕ بە حەرفی پووچ و ناپاکی ڕەقیب ئەکەی) و لە نیوە دێڕی دووەمیشدا تەواوکەری کاری ناتەواو و کاری ناتەواوی هێناوەتە پێشەوە و تەواوکەری ناڕاستەوخۆی پاش خستووە، کە دەبووایە ڕستەکە بەم جۆرە بووایە: (تۆ کە لە وەزع و حاڵەتی گەردن کەچیم ئاگاهی)، بەمەش شاعیر سەرواى دێڕەکەی پاراستووە و جوانیشی پێ بەخشیوە.

**ئایا شاعیر سوودی لە وشەی شێوەزار وەرگرتووە؟**

ناری جگە لەوەی بەو زمانە ئەدەبییە کلاسیکییە کوردییە شیعری نووسیوە، کە شاعیرانی زاری کرمانجی ناوەڕاست شیعریان پێ نووسیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە چەندان دێڕدا وشەی ناوچەیی و شێوەزاری لە شیعرەکانی مەزراندووە، چونکە شاعیر بۆ خوێندن و مانەوە، زیاتر لە شوێنێکی کوردستان گەڕاوە و هەریەک لە شوێنەکانی: مەریوان، سنە، پێنجوێن، بانە، سابڵاغ، وان، باشقەڵا، هەولێر، ڕەواندوز گەڕاوە و تێیاندا ماوەتەوە، ئەمانە هۆکار بوونە بۆ ئەوەی ئەو شاعیرە وشەی ناوچەیی و شێوەزار بخاتە چوارچێوەی شیعرەکانییەوە.

**شین و ئاهی کەربەلا و نەینەوا هاتۆ بە نەو**
**نۆبەتی دەرد و غەمی ئالی موحەممەد هاتەوە**

ناری وشەی (هاتۆ بەنەو)ی شێوەزاری لە نیوە دێڕی یەکەمدا تەوزیف کردووە، کە بەواتای (نوێبوونەوە) دێت، ئەم وشەیە، وشەیەکی ناوچەییە و زیاتر تایبەتە بە شاری مەریوان و دەوروبەری، کە شاعیر بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێدا نیشتەجێ بووە. بە مەزراندنی وشەکە شاعیر لە وشەی باو و سواو دوورکەوتووەتەوە و جوانی بە زمانی دێڕەکەی داوە.

**سەفەر مەولامە تا ماوم لەمەولا**
**کە کەوش و گۆرەوی تۆزی بە پێ دا**

ناری لە لەتی دووەمدا وشەی (کەوش)ی بەکارهێناوە، کە واتای (پێڵاو) دەدات و ئەمە وشەیەکی ناوچەییە و زیاتر تایبەتە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شاعیر لەو بەشەی کوردستاندا ژیاوە، هەروەها ئەو وشەیە لەناوچەی شوانی سەر بە شاری کەرکووکیش بەکاردێت، بۆیە ئەو وشەیەی لە شیعرەکەیدا تەوزیف کردووە.

# «ڕابان بار ساوما»(١) مارکۆ پۆلۆی چینییان(٢)

لە فەڕەنسییەوە: هیوا شەمسی بورهان
(فەڕەنسا)

هـەر لـە نێوەڕاسـتی سـەدەی سـێزدەی زایینـی بـەولاوە، بـە هۆی دەسـەڵات و ڕێکوپێکـی ئیمپراتۆری مەغـۆلان کـە زۆر گـەورە بووبـوو، چەنـدان پیـاوی ئەوروپایـی بـۆ بازرگانـی و کاری دیکـە لـە ئەوروپـا ڕێـگای ئاوریشـمیان گرتەبـەر تـا بچنە چین و ئاسـیای دوور، سـەرتۆپی ئـەو گەڕیدانـە مارکـۆ پۆلـۆ و بـاوک و مامـی بـوون کـە زۆربـەی زۆرمـان کەمتاکـورت شـتێکیان لەبـارەوە دەزانیـن، پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکرێ کـە ئـەو سـەقامگیری و هێمنایەتییـە بـە هـۆی ڕێککەوتننامەیـەک دروسـت بـوو کـە لـە نێـوان کـوڕان و نەوەکانـی چەنگیزخـان و دنیـای ڕۆژئـاوادا کـرا و بـە «ئاشـتیی مەغۆلـی» (٣) ناسـراوە.

ڕاستییەکەی کەم کەس شـتێکی ئەوتۆ سـەبارەت بـەو کەسـانە دەزانـێ کـە ڕێگاکەیـان بـە پێچەوانەوە بـڕی، واتـە لـە ئاسـیاوە هەسـتان و چوونـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوا، یەکێـک لـەو کەسـانە پیاوێکـی بـە ڕەگـەز ئیغـوور بـوو کـە لـە دەوروبـەری سـاڵی ١٢٢٠ لـە ژۆنگـدوو(٤) لـە بنەماڵەیەکـی دەوڵەمەنـد و مەسـیحی لەدایـک بـوو. ئـەو کـوڕە لـە تەمەنـی ٢٣ سـاڵیدا دەبێتـە زاهیـد و قەشـەیەکی نەسـتۆری. نەسـتۆرییەکان لقێـک لـە فەلەکانـی ڕۆژهـەڵات بـوون کـە بەداخـەوە لـە لایـەن توندڕەوەکانـی کاتۆلیـک مـۆری کفریـان لـێ درا و لـە ئەوروپـا و ئیمپراتـۆری بیزانـس دوور خرانـەوە، بیـر و بـڕوای

ئەو لقەیە دەگەڕێتەوە سەر «نەستۆریۆس» (٥) کە لە سەدەی پێنجەمدا مەتڕانی «قسطنطينية» بوو و بڕوای وابوو کە حەزرەتی عیسا خاوەنی دوو زاتی مرۆیی و خودایی بووە و ئەو دوو زاتە لێک جودا بوون. ئەوەی لە خاچ درا و کوژرا تەنیا زاتە مرۆییەکەی مەسیح بوو، نەک شتێکی دیکە.

ڕابان بار ساوما تا تەمەنی ٥٥ ساڵی لە دەیرێکی نێوان چین و مەغۆلستان ژیانێکی مامۆستایانە و سادە بەسەر دەبا تا ئەوەی لەگەڵ شاگردێکی خۆی بە ناوی «مارکۆس» بڕیار دەدەن بچن شوێنە پیرۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی ئورشەلیم ببینن، بۆیە لە ساڵی ١٢٧٥ دوای بەخشینی هەموو سامانی خۆی بە هەژاران، بە تێپەڕ بوون لە بیابانی «گۆبی» لە چین، لە کوێستانە ساردەکانی ئەفغانستان، بە بڕینی ئەرزە ویشک و پڕ مەترسییەکانی ئێران، دوای دوو ساڵان خۆ دەگەیەننە بەغدا. ئەو کات مەتڕانی کڵێسەی نەستۆرییەکان لە بەغدا دەژیا و پێیان دەگوت «کاتۆلیکۆس» (٦).

مامۆستا و شاگرد هەر بەتەما بوون چەند حەفتەیەک لەو شارە بمێننەوە و دوایە بڕۆن بۆ ئورشەلیم، بەڵام لە ئەنجامدا چەندان ساڵ لەوێ جێگیر دەبن، مەتڕانی ئەو سەردەمە کە ناوی «مار دینخای یەکەم» (٧) دەبێ دەیەویست مارکۆس، واتە شاگردەکە بکاتە قەشەی گەورە و بینێرێتە کڵێسەی نەستۆرییەکانی چین، بەڵام بۆ خۆی دەمرێ و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو مارکۆس جێگای دەگرێتەوە، هەر بۆیە سەفەری ئەو لەوێ کۆتایی پێ دێ، بەڵام نەک هی ڕابان بار ساوما. ڕاستییەکەی خانی مەغۆلی ئەو سەردەمە کە ناوی «ئارغوون» (٨) دەبێ دەیەویست دژی مەملووکەکانی میسر (واتە موسوڵمانەکان) لەگەڵ ئەورووپایان هاوپەیمانێتی دروست بکا، بۆیە داوا لە بار ساوما دەکا کە وەک باڵوێزێک بچێتە لای شایەکانی ئەورووپا. ئەو کە تەمەنی ٦٥ ساڵ دەبێ، لە سەختی و مەترسییەکانی ئەو ڕاسپاردەیە ناترسێ و یەکەم قۆناغی سەفەری دەبێتە شاری ئیستەنبوڵ.

بار ساوما کە تا ئەودەم لە دەیر و لەنێو ڕەهەندێکی بچووکی فەلەدا ژیابوو کە دەگاتە ئیستەنبوڵ بۆ یەکەم جار پێ دەنێتە شارێکی تەواو مەسیحی، ئەوجا زۆر سەوداسەری هەیبەت و جوانییەکانی ئەو شارە دەبێ وەکوو کڵێسەی (ئایا سۆفیا) کە ٧٠٠ ساڵ پێشتر دروست کرابوو. دوای دوو مانگ لە ئیستەنبوڵەوە دەچێتە شاری ناپل و بەپێی نووسراوەکان لە حوزەیرانی ١٢٨٧دا دەگاتە ئەو بەندەرە. ئەو یەکەم گەڕیدەی ئاسیای دوور دەبێ کە پێی دەگاتە خاکی ئەورووپا.

یەکەم جار دەچێتە ڕۆم و هەوڵ دەدا پاپا ڕازی بکا کە سوپایەک بۆ فەلەستین بنێرێ تا بە هاوکاریی مەغۆلان، مەملووکەکان تێک بشکێنن، بەڵام هەر لەو کاتەدا پاپا «هۆنۆریۆسی چوارەم» (٩) کۆچی دوایی دەکا و کاردیناڵەکان کاتێکی زۆریان



**تابلۆی گائۆشانگ (١٢)، لە سەدەی ٧ و ٨ی زایینی، کە کۆبوونەوەی چەند قەشەیەکی نەستۆری ڕادەنێ.**

پێدەچێ بۆ هەڵبژاردنی جێگرەکەی، ئەگەرچی بار ساوما کەڵک لەو دەرفەتە وەردەگرێ و شوێنە پیرۆزەکانی ئایینی دیان زیارەت دەکا، بەڵام چونکە هەڵبژاردنی پاپا زۆر دەکێشێ، بۆیە دەیەوێ بچێتە پاریس و شای فەڕەنسا فیلیپی چوارەم ببینێ. دوای دیداری لەگەڵ شای فەڕەنسا تێدەگا کە ئەوروپاییەکان بە هۆی شەڕی نێوان خۆیان دەستیان ناپەرژێ بەو زووانە سپایەک بنێرنە فەلەستین، ڕاستییەکەی فەڕەنسا ئەودەم لەگەڵ ئینگلیزەکان کە بۆردۆ(١٠) یان گرتبوو، گەلێک کێشەیان هەبوو، بۆیە شای فەڕەنسا تەنیا توانی هێندێک بەڵێنی بداتێ نەک زیاتر.

بار ساوما، شاری پاریس، زانکۆکەی، کڵێسەکانی، هەروەها ئەو شتە پیرۆزانە دەبینێ کە لەوێن: وەک تانجی درک کە لە کاتی لە خاچدانی مەسیح لەسەریان کردبوو، هەروەها لەتە دارێک لە خودی خاچەکە. ئەو شتەی زۆر سەرنجی ڕادەکێشێ ئەوە دەبێ کە شایەکانی فەڕەنسایی کاتێک دەمرن لە قەبرێکی بچووکدا دەیاننێژن، کەچی لەسەر گۆڕی حوکمڕانەکانی ئاسیا کۆشک و تەلار چێ دەکرێ.

پاشان دەیەوێ بچێتە بۆردۆ و شای ئینگلیز، واتە «ئێدواردی یەکەم» ببینێ، ئەگەرچی ئەویش بەڵێنی یارمەتییەکی ماددی و سەربازی دەداتێ، بەڵام لە ئەنجامدا ناتوانێ سپایەک بنێرێ تا بەرەوڕووی مەملووکەکان ببنەوە. بار ساوما تەنیا دەتوانێ بە نامەیەکی پاپای تازە هەڵبژێردراو (نیکۆلای چوارەم) بگەڕێتەوە خاکی ڕۆژهەلات، کە کۆپییەکی لە ڤاتیکاندا ڕاگیراوە.

ئەو پیاوە ساڵی ١٢٩٤ لەنێو باوەشی مارکۆس، شاگردی جارانی خۆی کە بووبووە «مار یاهبالاهای سێیەم» (١١) ، لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و سەفەری ژیانی کۆتایی پێهات.

لیل- ٢٠٢٢/٧/٢٦

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- Rabban bar Sauma (بە عەرەبی وا ناسراوە: رابان صاوما).

٢ – ئەم وتارە وەرگێڕانێکی ئازادە لە وتارێکی فەڕەنسی چاپکراو لە گۆڤاری «مێژوو و شارستانێتییەکان»دا، ژمارە ٨٥ ، ل ١٠-١٣.

(Rabban bar Sauma, le Marco Polo chinois, Giorgio Pirazzini, Histoire et Civilisations, n° 85, juillet-août 2022).

3- Pax mongolica.

٤- Zhongdu : خان بالیق، یان هەمان (پەکین)ی ئەمڕۆکە (Pekin).

5- Nestorius.

٦- Catholicos : نازناوی مەترانی بووە لای فەلەکانی نەستوری.

7- Mar Dinkha I.

8- Arghoun.

9- Honorius IV.

١٠- Bordeaux : شارێکە لە باشووری ڕۆژئاوای فەڕەنسا و لەسەر ئۆقیانووسی ئەتلەنتیک هەڵکەوتووە.

11- Mar Yahballah III.

12- Gaochang (Xinjiang).

# لەبارەی وشەی [چیڕۆک]ەوە

ناسح حوسێن سلێمان

وشەی [چیڕۆک] لە زارەکانی زمانی کوردیدا بەم شێوانەش هەیە: [چیڕۆنگ/ ف. سندی؛ چیڕۆک؛ چێڕۆک/ چیێ کورمێنج، گوندێ شییێ، عەفرین]؛ چیرۆک؛ چیڕانۆک؛ چیڕچیڕۆک؛ [”جەنگ؛ چێڕنۆک؛ چێڕچێڕۆک؛ چێڕۆک/ عفرین، چیێ کورمێنج“]؛ [چڕۆنگ/ کوردێن گورجستانێ: شەڤ چڕۆنگێن خوە بۆنا وان دبێ، کێ سوڕا شەڤێ بێ زار فام دکە/ بێللا ستوورکا].

[فەرهەنگی کوردستان: چیرۆک: چرچرۆنک؛ داستان؛ خەبرۆشک؛ چیچەرۆک؛ چرچرۆک؛ چیرۆنک؛ چیڤانۆک؛ قەواتی؛ بەسەرهات و داستان؛ چیڕۆکە]. [چرچرۆک ”چڕچڕۆک“: قصە غنائیة/ فەرهەنگا کوردی نوژەن، عەلی سەیدۆ گەورانی]. [چیرۆکە؛ چیڕۆک؛ چیرۆنگ؛ چرچرۆک؛ چرچرۆنک؛ چێچکەرۆک؛ چیڤانۆک؛ خەبرۆشک؛ بەسەرهات؛ سەربۆر؛ حەقایەت؛ حیکایەت؛ قەواتی/ ف. کۆلکەزێڕینە، ڕەحمان جەوان]. [چیڕانۆک؛ چیڕچیڕۆک؛ چیڕۆک/ فەرهەنگا کوردی – ڕووسی، قەناتێ کوردۆ].

**کێشەی لێکۆڵینەوە:**

کێشەی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو نووسینە کۆنانەی کە پێش دانانی ڕێنووسێکی پوخت بۆ زمانی کوردی بە هەردوو زارەکەی ک. ناوەڕاست و ک. ژۆرین، ئەوە هەموو ئەو وشانەی کە [ڕ]ێیان تێدا هەن، هەندێک جار بە [ر] نووسراوە، ئەمە جگە لەو ڕێنووسەی ک. ژۆرین کە بە ئەلفوبێی لاتینی نووسراوە و چەند هەڵەیەکی نەقۆڵای تێدایە و یەکێک لەو هەڵانەش نەبوونی [ڕ]ێیە. تەنیا لە فەرهەنگی م. ئەمین بۆزئارسلاندا ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام هیچ هێمایەکی بۆ دانەناوە.

– **ئەتڵەسی وشەی ”چیڕ“:**

وشەی [چیڕ] هەر لە دەشتی هەولێرەوە بگرە تا زۆربەی گوند و ناوچەکانی باکووری کوردستان، وەکوو بسمیل/ ئامەد، جزیرا بۆتان و هەکاری و هتد، بەکار دێت.

– ڕیشەزانی:

– لە ئاڤێستاییدا: ”چەریتە؛ چەریتەوۆ“ واتای

دەنگکردن دەدات، لە بنزاری "چیێ کورمێنج/ عەفرین"دا دەنگکرن بە واتای قسەکردن دێت".

ئەم لێکۆڵینەوەیە پتر لایەنی وشەسازی/ وشەڕۆنانی [WORD FORMATION] لەخۆ دەگرێت، نەک ڕیشەزانی.

– **زاراوەسازی:**

– چیرەدرێژ، چیرۆکبێژ، چیرۆکبێژی، [چیرۆکنووس؛ چیرۆکنڤیس]، [چیرۆککگۆتن، چیرۆکبێژ، چیرۆکڤان؛ چیرۆکزان/ فەرهەنگا کوردی – ڕووسی، ق. کوردۆ]:

لە هەندێک زاری زمانی کوردیدا [چیرۆک] و لە هەندێکیشیاندا [چیڕۆک] لە هەندێک زاریشدا هەردووکیان بەکار دێن. ئەوەی پتر مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە هەردوو واچی [ڕ] و [ر]ە. وشەکە لەڕووی پێکهاتنەوە، وشەیەکی داڕێژراوە، لە وشەیەک و پاشگرێک پێک هاتووە: [ وشە + پاشگر: چیڕ+ ـۆک؛ چیر+ ـۆک]. لە ڕووی پێکهاتن و ڕیشەزانییەوە بۆ ساغکردنەوە و پێزانین ئەو زانیارییانە دەخەینە بەرچاو کە ڕیشەی وشەکە دەردەخەن و بەو مەبەستەی کە بیخاتە ناو خانەی ڕاستییە زانستییەکانەوە.

لە زاری ک. ناوەڕاستدا هەردوو شێواز بەکار دێن: [چیرۆک و چیڕۆک]، بەڵام لە زاری ک. ژۆریندا تەنیا چیڕۆک بەکار دێت، ئەگەرچی لە ڕێنووسی ک. ژۆریندا بە [çîrok] دەنووسرێت و بە [چیڕۆک] دەخوێنرێتەوە، ئەمەش یەکێکە لە هەڵەکانی ڕێنووسی ک. ژۆرین ، لێ هەڵەکە لە تیپی لاتینیدا نییە، هەڵەکە بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە هیچ هێمایەکیان بۆ واچی [ڕ] دانەناوە، چونکە [ڕ] واچ/ "فۆنێم"ە نەک دەنگ. ئەگەر نا دەکرا واچەکە بەم شێوەیە: [ŕ] هێمای بۆ دورست بکرابایە.

لە زاری ک. ژۆریندا لە هەندێک وشەی لێکدراودا ئەو دیاردەیە دەبینین کە واچی [ڕ] چۆن گۆڕاوە بۆ واچی [ر]، ئەمەش لە دەنگسازیدا [phonetics] پێوەندی بە یاسای دەنگ و بڕگەبەندییەوە هەیە و لە ژێر تیۆری "لێکچوونی پێشڕەو"دا خۆی دەبینێتەوە، هەروەکوو:

١. تیرۆژ؛ تیرێژ: تی+ رۆژ: تییێ ڕۆیێ؛ تییێ ڕۆژێ: تیشکی ڕۆژ. تی: تیشک. [ناگوترێت تیڕۆژ]. لێرەدا دەبینین کە چۆن واچی "واچ؛ دەنگۆک؛ فۆنێم" [ڕ] گۆڕاوە بۆ واچی [ر].

٢. ئیرۆ: ئی+ رۆ: [ناگوترێت ئیڕۆ، یان ئیڕۆژ]؛ ئەڤ+ ڕۆژ: ئاڤڕۆژ؛ ئەڤرۆ؛ ئەڤڕۆ؛ ئەمڕۆ. لێرەدا دیسان ئەم گۆڕانکارییە دەنگییە دەبینن کە چۆن واچی [ڕ] بۆ واچی [ر] گۆڕاوە.

٣. لە هەموو زارەکانی زمانی کوردیدا وشەی لێکدراوی [نەورۆز] بەکار دێت: نەورۆز: نەو+ رۆز [ناگوترێت: نەوڕۆز]: نەو ڕۆژ؛ نوێ+ ڕۆژ: ڕۆژی نوێ.

٤. چیڕۆک: [چیڕ+ ـۆک]: چیرۆک: [چیر+ ـۆک]. [ بە هەردوو شێوەی: چیڕۆک و چیرۆک لە زاری ک. ناوەڕاست گۆ دەکرێت و لە زاری ک. ژۆریندا تەنیا بە شێوەی "چیڕۆک" گۆ دەکرێت و بە شێوەی "çîrok" دەنووسرێت].

لەم نموونانەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت کە واچی [ڕ] لەگەڵ تیپە بزوێنەکانی پێش خۆی و پاش خۆی ناسازێ و هەندێک جار دەبێتە هۆکاری گۆڕانی واچەکە خۆی و هەندێک لە تیپە نەبزوێنەکانیش. ئەم بابەتە لە بابەتی "لێکچوونی پێشڕەو" [Regreesive Anticipa-tory Assimilation] دەچێت، یان هەر هەمان بابەتە، کە ڕێسایەکی زمانزانیی جیهانییە و لە هەموو زمانێکدا ئەم دیاردەیە هەیە، ئەم تیۆرە باسی ئەوە دەکات کە واچەی دووەم کار

دەکاتە سەر واچەکەی یەکەم "واچەی پێش خۆی" و دەبێتە هۆی گۆڕانی واچەی یەکەم. سەیری واچی وشەکانی ئەم نموونانە: ["ـن و ـب": بەرانبەر: بەرامبەر. "ـت و ـد": بردتان؛ برتتان؛ برتان] بکە و بزانە چۆن بۆتە هۆی گۆڕانی واچی پێش خۆی [ـن، ـد] بووەوە بە [ـم، ـت]، کە لێرەدا ئەم یاسایە هەندێک کەلەبەری تێدەکەوێت و پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، "بەڵام هەر هەمان لۆژیکە"، چونکە سەیری ئەم چەند نموونەیەی خوارەوە بکەن: ["ـی و ـر": ئیرۆ: ئەڤڕۆ؛ ئەڤرۆ، تیرۆژ "ـو و ـر: نەو + رۆز"] کە ناکەونە بەر ڕکێفی ئەم یاسایە، بۆیە دەبێت ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە، یان دەبێت تیۆرێکی دی بۆ ئەم دیاردەیە هەبێت.

لە وشەی [ئیرۆ]ـدا ئەڤ گۆڕاوە بۆ ئی و [ڕۆ، یان ڕۆژ]ـیش گۆڕاوە بۆ [ڕۆ]. [ وشەی "ڕۆ" لە هەردوو زاری ک. ژۆرین و ک. خوارووەدا بەکار دێت و وشەیەکی چالاکە، لە زاری ک. ناوەڕاستیشدا بە شێوەی"ئەوڕۆ، ئەمڕۆ: ئەو+ ڕۆ، ئەم+ ڕۆ" بەدەردەکەوێت، تەنانەت لە کتێبی "شیرین و خوسرەوی"ـی (خانای قوبادی)یشدا هەندێک جار بە "ڕۆ" و هەندێک جاریش بە "ڕۆژ" هاتووەوە: [ڕۆی دووشەممە بی، "زی حەججەتلحەرام، هەزار و پەنجا و یەک سەد سێ تەمام/ ل: ١٥. هەر ڕۆ تەپڵ و عەیش عوشرەت مژەندن، بەڵێ ئەو جەمشید کەیخوسرەو نگین/ ل: ٢١]. [بە چەند "ڕۆ" چۆب تاش ئەو دانای پەیکەر، تاشا بێشکێ تە نیشان زەڕ/ ل: ٢١]، بەڵام ئایا بنەڕەتی وشەکە "ڕۆ"ـیە، یان "ڕۆژ"ـە و گۆڕاوە بۆ "ڕۆ"؟ [ڕۆ١: ڕۆژ. ڕۆ٢: ڕۆبار؛ ڕووبار].

زۆر جار باس لە وشەی [بەرانبەر؛ بەرامبەر] دەکرێت، کە گوایە بەرانبەر ڕاستە و بەرامبەر هەڵەیە، بەڵام هیچ تیۆرێکی زمانزانی پشتگیری ئەم ڕایە ناکات، یاساکانی زمان لە دەنگسازیدا، [بەرانبەر؛ بەرامبەر، تەنبوور؛ تەمبوور، تەنبەل؛ تەمبەڵ؛ تەمبەر، عەمبار؛ عەنبار] بە هەڵەی نازانێت و هەردووکیان ڕاستن و بەکار دەهێنرێت و یاساکانی دەنگسازی ئەم دیاردەیەی چارەسەر کردووە و زاراوەی [لێکچوونی پێشڕەو]ـی بۆ داڕشتووە، لە هەندێک باردا کاتێک واچی [ن] دەکەوێتە پێش واچی [ب]، ئەوا بەپێی یاسای دەنگسازی، واچی [ن] دەگۆڕدرێت بۆ واچی [م]، ئەمەش دیاردەیەکی زمانەوانییە و لە هەموو زمانەکانی جیهاندا هەیە.

ئەگەر وشەی [چیرۆک] وشەیەکی سادە بێ، ئەو [ـۆک]ـەش پاشگر نەبێ و هەر پێکهاتەی بنەڕەتی وشەکە بێت، ئەوا سەرلەبەری ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاوەژوو دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر وشەی [چیرۆک] وشەیەکی داڕێژراو بێت، ئەوا بەشی یەکەم لە وشەی داڕێژراوی [چیرۆک]ـدا، وشەیەکی سادەی وەک [چیر] دەبێت و بەشی دووەمی کە [ـۆک]ـە، پاشگر دەبێت، ئەو کاتە وشەکە دەکەوێتە ژێر تیشکی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

وشەی "چیڕ" لە هەندێک زار و بنزاری زمانی کوردیدا کەوتۆتە ژێر یاساکانی دەنگسازی و لە کاتی پێوەلکانی پاشگرێک گۆڕاوە بۆ [چیر]، چونکە لە هەموو زارەکانی زمانی کوردیدا وشەیەکی سادەی سەربەخۆی وەکوو [چیر]ـمان بەرچاو ناکەوێت کە واتای [گێڕانەوە، قسەکردن، زۆرگوتن، پاشملەباسکردن و تاد...] بدات. پاشگری [ـۆک]ـیش مەرج نییە هەر واتای بچووککردنەوە بگەیەنێت، وەک: سەرۆک، کە بۆ گەورەکردن بەکار هاتووە، یان کەسێک زۆر گەورە بێت. گەڕۆک: ئەو کەسەی کە زۆر دەگەڕێت. لێرەدا هاوواتای: "زۆر"ـە، کەسێک

"زۆر" بگەڕێت. بە هەمان شێوە لە هەردوو وشەی: لەرزۆک و چنارۆک. بەرۆک: سینگ و بەر، یەخە و بەرۆک: بەر+ ۆک. نەرزۆک: نە + ز+ ۆک، کەسێک کە قەت/ هیچ نەزێت، هاوواتای: "قەت؛ هیچ" دەدات. فۆرمی [چێڕ]یش هەیە، لە گوندی شییێ لە چییێ کورمێنجدا بە واتای [باسکردن: قالکرن] دێت. دەگوترێت: من چێڕا وی کر: من باسی ویم کرد؛ من باسیم کرد. [چێڕۆک؛ چێڕچێڕۆک].

**ڕستە و واتا و هاوواتاکانی وشەی چیڕ:**

– چیڕەدرێژ/ هەولێر، عەشیرەتا گولی، زاخۆ؛ زۆربلێ؛ زۆرگوتن؛ زۆرگۆتن/ هەولێر؛ درێژدادڕ؛ گژمڕک/ کەرکووک. بە واتای ئەوە دێت کە قسە زۆر دەگێڕێتەوە.

– ئازاد چیڕەی زۆر درێژە.

– ل دهوکێ ناحیا/ ناحیەیا شێلادزێ ژی دبێژن [چیڕدرێژ]: چیڕدرێژ ب واتایا پەیڤا قایشکێش، بو کەسەکێ زور ڤێرا بچیت د بابەتاندا و نەڤەبڕیت، دهێت بکارئینان.

– فلانکەس چیڕدرێژە، واتە گەلەک دئاخڤت و ئاخفتنا خوە ناڤەبڕت/ گولی.

– چیڕا وی پڕ نەخوەشە؛ چیڕا وی پڕ نەخوەشە.

– چیڕ: ١. [ڕیچ؛ جیڕە "ددان"]. ٢. خەت؛ خێز؛ هێڵ. ٣. نووزەدرێژ. ٤. جنێو؛ دژوون. ٥. شێرگیر؛ چیڕە. چیڕدرێژ پڕبێژ، زۆربلێ. چیڕدرێژی: پڕبێژی، زۆربلێیی. [ف. کۆلکەزێڕینە، بەرگی ١، ل: ٥٠٧]. [چیڕ: نەفرەت، جنێو/ فەرهەنگی کوردی — فەڕەنسی، ژابا].

– چیڕاندن: ١. جیقاندن. ٢. هاوارکردن. [ف. کۆلکەزێڕینە، بەرگی ١، ل: ٥٠٧].

– چیڕچیڕ: ١. چیڕەی ددان. ٢. جیڕەی قەڵەم. ٣. زۆربێژی؛ پڕبێژی. [ف. کۆلکەزێڕینە، بەرگی ١، ل: ٥٠٧].

– چیڕچیڕکەر: زۆربێژ. [ف. کۆلکەزێڕینە، بەرگی ١، ل: ٥٠٧].

– چیڕچیڕۆک: نەقل و نەزیلە. [ف. کۆلکەزێڕینە، بەرگی ١، ل: ٥٠٧].

– چیڕڤان؛ چیڕڤان: جاڕچی، جاڕدەر؛ ئاگاکەر. [ف. کۆلکەزێڕینە، بەرگی ١، ل: ٥٠٧].

ئەو وشانەی کە لە [چیڕ]ـەوە نزیکن: [چێڕ؛ چڕ]:

– واتا و هاوواتاکانی وشەی چێڕ لە وشەی [چێڕۆک]دا:

١. چێڕ١:

– چێڕکرن: قسەکردن؛ گێڕانەوە.

– حەمێ چێڕا من دکە: حەمە لە پاشملە باسم دەکا. [چێڕ: غەیبەت، لە پاشملە باسی کەسێک بکەی].

٢. چێڕ٢:

– [چێڕ؛ جوون؛ جوێن؛ دژوون]؛ [سخێف؛ سقێف؛ زێف؛ زێڤ]؛ مرقی؛ خەبەر. چێڕکرن؛ چێڕگۆتن؛ خەبەردان. وشەی [خەبەر] لە دەشتی هەولێر هەر بە واتای جوون/ جوێن دێت: چا دەبێ جێی خەنجەران، چا نابی جێی خەبەران/ دەشتی هەولێر. [بوێژ/ ئیدیۆم].

– چێڕکرن، چێڕکری. چێڕنەخوەش؛ چڕنەخوەش: قسەناخۆش

– چێڕگۆتن: جوێندان؛ جووندان.

– ئاری چێڕا ژ منڕا دبێژە: ئاری جوێنم پێ دەدات؛ ئاری جوێنم پێ دەدا؛ ئاری جوێنم پێ ئەدات؛ ئاری جوێنم پێ ئەدا.

– وشەی چیڕ بەم شێوانەش بەکاردێت: چڕ؛ چیر؛ چێر.

وشەی چیڕۆک لە زاری ک. ژۆرینەدا، لە هەندێک گوندەدا، تەواو بە واتای "گێڕانەوە:

ڤەگێڕان، ڤەگۆتن" دێت، واتە هەر ئەو واتایە دەدات کە ڕووداوێک ڕووی داوە و تۆش پاش ڕوودانی ڕووداوەکە باسی دەکەی، واتا گێڕانەوەی ڕووداوەکەیە، کە واتای [پاشملەباسکردن؛ باسکردن]ی کەسێک دەدات کە خۆی لەو شوێنەدا ئامادە نەبێت، بەڵام دوور لە لایەنە خراپەکەی.

– چڕ؛ جڕ:

– چڕنەخوەش؛ جڕنەخوەش؛ چێڕنەخوەش: قسەناخۆش، خەبەرنەخوەش؛ بەدگۆ. چڕا وی پڕ نەخوەشە؛ چێڕا وی پڕ نەخوەشە/ فارقین، ئامەد.

لە زارەکانی زمانی کوردیدا وشەی [چێڕ] سێ واتای هەیە:

١. غەیبەت، لەپاشملە باسی کەسێک بکەی.

٢. [جوون؛ جوێن؛ دژوون]؛ [سخێف؛ سقێف؛ زێف؛ زێڤ]؛ مرقی؛ خەبەر.

خەبەریش دوو واتای هەیە:

ئـ: جوێن: [چا دەبی جێی خەنجەران، چا نابی جێی خەبەران/ هەولێر].

بـ: قسە: [خەبەریتی: قسەیتی، قسەی ئەمە، قسەی تۆیە، قسەی تۆ ڕاستە/ دەشتی هەولێر].

٣. چێڕ/ کرماشان، زەهاو، گەرمیان: بە واتای گۆتن، سترانگۆتن.

– سترانێک بچێڕە.

٤. چڕ/ سنە: بانگکردن؛ قاوکردن.

– فڵانەکەسم بۆ بەچڕە.

– فڵانەکەس دەوچڕێت/ دەتچڕێت.

٥. چڕ: گوتن:

– بۆ خوێندنی دەمێ/ کۆپلەیەک هۆرە، گۆرانی، مەقام، چڕ بەکار دێت، بە واتای [گوتن؛ وتن؛ گۆتن] دێت.

– دە هۆرەیک، گۆرانییەکمان بۆ بچڕە.

٦. چێڕ/ چیێ کورمێنج: باس؛ بەحس: قال.

– چێڕکرن؛ قالکرن: باسکردن؛ بەحسکردن.

– مە چێڕا فلانکەسی دکر، ئەو ب خوە د بەر پۆزێ مەڕا دەرکەت/ چیێ کورمێنج: باسی فلانکەسمان دەکرد، ئەو بەخۆی لە پێش/ بەرانبەرمان دەرکەوت.

– لە هەندێک گوندی عفریندا جەنگ بە واتای چیرۆک دێت: [ئەز جەنگەک ب تەڕا خەبەر دم.] جەنگ: مەسەلە. [مەسەلاکێ].

– دەما گوندی ل جڤاتان ڕوودنشتن، کەسەکی ژیێ دنڕا دگۆت: "کا جەنگەکە خوە ژ مەڕە هەوال دە"، واتە بەسەرهاتێکی خۆتمان بۆ باس بکە. هەوال: باسکردن، قسەکردن. یانێ مەسەلاکێ.

– جڕ؛ چڕ: قسە؛ خەبەر؛ گۆتن:

– چڕنەخوەش؛ جڕنەخوەش؛ چێڕنەخوەش: قسەناخۆش، خەبەرنەخوەش؛ بەدگۆ. چڕا وی پڕ نەخوەشە؛ چێڕا وی پڕ نەخوەشە/ فارقین، ئامەد.

– جڕخوەش؛ خەبەرخوەش؛ خەبەرخۆش: قسەخۆش.

– وەی پا چیڕا ڤی مروڤی نەخوەشە/ زاخو و گوندەوارێن وێ.

– چیڕا وی نەخوەشە، ئەی هەوار تو چەند چیڕ نەخوەشی! ئانکو دانوستاندنا وی نەخوەشە.

– ئازاد چیڕەی زۆر درێژە؛ چیڕەدرێژ/ هەولێر: زۆربلێ، درێژدادڕ.؛ گژمرک/ کەرکووک.

– حەمێ چێڕا من دکە: حەمە لە پاشملە باسم دەکا. چڕ/ چیڕا وی پڕ نەخوەشە.

– حەمێ چێڕا من دکە.

– چێڕکرن، چێڕکری. چێڕنەخوەش: قسەناخۆش.

– فلانکەس چیڕ درێژە/ گولی، زاخۆ.

– چێڕکرن: قسەکردن؛ گێڕانەوە؛ چێڕنەخوەش:

قسەناخۆش؛ بەدگۆ؛ چیڕ، چیڕۆک، چیڕدرێژ، چیڕنەخوەش/ بەرواری

– وەی پا چیرا ڤی مروڤی نەخوەشە/ زاخۆ و گوندەوارێن وێ.

– چیڕا وی نەخوەشە.

– ئەی هەوار تو چەند چیڕ نەخوەشی! ئانکو دانوستادنا وی نەخوەشە.

– فلان گەلەک چیڕ درێژە. [کێشڤەکێش].

– چیڕۆک؛ چڕۆنگ:

– شەڤ چڕۆنگێن خوە بۆنا واب دبێ، کێ سوڕا شەڤێ بێ زار فام دکە. [ک. ئەرمەنستانێ، بێللا ستوورکا، شیعر].

– پێوە بووم زۆر درێژی بنووسم. تەماشام کرد دەبێتە چیڕۆکێکی درێژ و شیرین و پڕ کارەسات. چ چیڕۆکێک لە بەسەرهاتی ئینسانێک لە واقیع نیزیکترە؟ [ل: ١١، هێمن].

– جڤاتچڕێن: دیواندڕ/ گۆرانەتی: [چڕێن: لە "چڕان؛ چڕین"ی ک. ژۆریندا بە واتای "دڕان، دڕاندن" دێت.]

– دیواندڕ لە دەڤەری گۆرانەتی بەو کەسە دەگۆترا کەوا دوا کەس لە ماڵ و دیوەخانان هەڵدەستا:

– چەتۆ زەلامێکی دیواندڕە: جڤاتچڕێن؛ جڤانۆک؛ شەڤلەوەند؛ جڤاتخوەش؛ شەڤدەر؛ شەڤخوەش.

– فلانکەسێ جڤاتچڕێنە/ قامیشلۆ؛ جڤاتقەتێن؛ شەڤخوەش/ چیێ کورمێنج.؛ جڤاتچڕێن/ ئاشتی، قامیشلۆ.

– مرۆڤێن هەن ل جڤاتێ ڕانابن.

– کوڕی تە یەکی شەڤلەوەندە. [شەڤلەوەندە؛ شەڤخوەشە؛ جڕخوەشە.]

– ما قەی ئەز شەڤلەوەندم! ما قەی ئەز شەڤخوەشم!

– بێن کو ب ڕۆژ ل دەرڤەنە: وارخوەش.

– جڤاتچڕێن: دچڕینە و درێژ و درێژ دکە.

– سۆتکتەفین: کەسێ کو دچە مێڤانداریێ و پڕ دەرەنگ ڕادبە، ئانگۆ هەتا سۆتکا داوی نەتەفینە ڕانابە.

– ئەو سۆتکتەفینە، تو وەرە ئەم ڕابن. [بەرهەڤکار: وەشانێن واردۆزێ، هەرێم: فارقین].

– لە خۆشناوەتی چیڕە، واتا: [قیژە] دەدات: [دەگەر یەک چیڕەی لێدا، هەمووی لە خەوێ هەستاندن.]

وشەی [چڕ، چڕین] لە فەرهەنگە کوردییەکاندا:

١. فەرهەنگەکانی زاری هەورامی:

ئـ. ف. لهۆن/ هەورامی- سۆرانی، ل٩٦: چڕ: چڕوچەم "چڕ و چەم"؛ ڕوخسار، بانگکردن، دەنگهەڵێنان.

– چڕوچەنە "چڕ و چەنە": ڕوومەتدەمولەوس.

– چڕوچوکڵە "چڕ و چوکڵە": لقی ورد و باریکی دار [چیلکەدار].

بـ. ف. ئاهورایی/ هەورامی- سۆرانی، ٩٦: چڕ: دارستانی پڕ؛ بانگ و قاوکردن؛ دەوری دەموچاو.

– چڕیەی: بانگکردن، قاوکردن؛ چڕا: قاو دەکەن، با قاو بکەن؛ چڕە: بانگ بکە، قاوی کە؛ چڕە: چریکەی گۆرانی، چڕە: شەڕەکەو؛ چڕە: ڕاوەکەوی مێرۆژ.

– چڕەچەماڵ: بۆران و کرێوە.

– چڕەدووکەڵ: دووکەڵی زۆر سەخت و توند.

– چڕیا: بانگکراو، قاوکراو.

– چڕیا: پچڕاو، قرتاو.

پـ. ف. گروس/ کوردیی گروسی — سۆرانی- فارسی، ل١٦٦؛ چڕ: چیلکەدار؛ چڕ: "پاشگرە، خوان، ـخوێن؛ ـبێژ، گوورانیچڕ".

تـ. خوەرهەلات، ل٢٥٩: چریمە لێ: ئەوم بانگ

کرد. چڕیمە و پێ: ئەوم بانگ کرد: گۆران. چڕینی: بانگی کرد. چڕیەی: ئەو بانگی کرد.

- چڕین: گۆرانیوتن؛ گۆرانیگوتن؛ گۆرانیگۆتن.

جـ. فەرهەنگی باشوور، ل٢٣٠: چڕین: دەنگکردن، ل٢٣٠: چڕوچاو، چڕوچرکن، چڕوچەنە، چڕوچیڵگ. چڕێ: وتی، خوێندی، گۆرانی وت.

٢. فەرهەنگەکانی ک. ناوەڕاست:

ئـ. ف. کوردستان، ل٤٩٤: چیرۆک: چرچرۆنک، داستان، خەبرۆشک، چیچەرۆک، چرچرۆک، چیرۆنک، چیڤانۆک، قەواتی، بەسەرهات و داستان.*

ب. ف. خاڵ، ل: بانگکردن، هۆرەکردن.

پـ. ف. هەنبانەبۆرینە، ل: ١. نانی لە جاویندا دژوار، چیڕ، نانەکە چڕە ناجوترێ؛ ٢. لێرەواری پڕ دار: دارستانێکی چڕە؛ ٣. لە کێشاندا خۆگر و نەپس: هێندە چڕە وەک جیل وایە؛ ٤. بەدەستەوە نەدان: چڕ دەرپێیە؛ ٥. بانگ کردن: بی چڕە با بێت؛ ٦. بەستنی توند، شەتەک: چڕی دە با نەکرێتەوە؛ ٧. هەورازی ڕژد، چیای ڕژد: هەورازەکە زۆر چڕە، شاخێکی چڕە؛ ٨. دەم و چاو: بڕوانە لەو چڕ و چاوە، چڕ و چاوت بشۆ؛ ٩. پاشگری بە واتا بێژ: لاوژەچڕ: گۆرانیبێژ؛ ١٠. گۆرانی، لاوک: چڕێ بچڕە؛ ١١. پوشکە چیلکە، چڕوچیلکە؛ ١٢. ڕەنگ: لەگەڵ شیر دەگوترێ: دەڵێی چڕی شیرە.

تـ. [فەرهەنگی ڕامان، ئەمەگ ڕامان، بەرگی ١، پیدیئێف، ل: ٣٢٠: چیڕ١: "سفت، توند، گرژ": میناک: نانەکە چیڕە، ناجووترێ، واتا سفتە، ددانی دە چیڕەوە دەبا، واتا ددانەکانی سفت دەکا، یان بە توندی لێکتریان دەسوێنێ]. خزمە دەگەڵ جیڕ، یان جەڕ و جەڕاندن "بادانی توند". دە زمانی فارسیدا چیرا هەیە بەم مانایانە: زاڵ، زرینگ، دلێر، چوستوچالاک، هەموو ئەم مانایانە پێوەندییان بە چەمکی "توندی"، سفتی، (سەر)سەختی"یەوە هەیە. "چیڕ" هەروەها لەگەڵ زرینگ دەبێتە خزم، زریزە "زنجیری زۆر باریک" و چەند وشەیەکی دیکە و لەوانەشە دەگەڵ ئەستوور.

جـ. فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژیی کوردی، شاسوار هەرشەمی، بەرگی ١، ١٠٣٧، ١٠٣٨: چیڕ: بە چەند واتایەک دێت، وەک بەهێز، بەتوان، بە دەسەڵات و زاڵ، هەروەها شتی نەپس. خۆراکی لە جووین نەهاتوو، یان باش نەکوڵاو. دەربڕینی ددانچیڕکردنەوە بۆ سەگ بەکار دێت، کە تووڕەیی خۆینیشان دەدات، وەک میتافۆر بۆ مرۆڤیش بەکار دێت کە لە تووڕەییباندا ددانی چیڕ دەکاتەوە. هەروەک چیڕبوونەوە، واتا چاوزەقکردنەوە و بەتووڕەیی ڕوانین. چیڕەدرێژ، بریتییە لە کەسێک کە واز ناهنێت و ورە بەرنادات سەرەڕای بە مەبەست نەگەیشتنی پەیتا لە دوای پەیتاشی. کەسێک کە زۆر لەسەر بابەتێک دەڕوا تا دەگاتە ڕادەی زۆربڵێیی.شتی هاوبەش لە هەموو ئەو واتایانەدا، بوونی، یان دەرخستنی هێز و توانایە. لە ئاڤێستایی-Car itaw چەریتەو بە واتای چیڕ، لە پەهلەوی çer چێڕ، واتای سەرکەوتوو، براوە، بەتوان، لە فرسیش، چیڕە، واتا سەرکەوتوو، کەسێک کە بەسەر دوژمنەکانیدا زاڵە. وشەکە بە شێوەی جیڕیش گۆ دەکرێت.

- چیڕۆک: هەروەک دەشگوترێت چیرۆک، واتا گێڕانەوە، نوڤێل. کە دەقێکی هونەریی گێڕانەوەیە. وشکە لێکدراوە. چیڕ+ ئۆک. چیڕ لەگەڵ وشەکانی چڕین و چیڕە هاوڕیشەیە. هەندێک لە شارەزایان بنەڕەتی وشەکە دەبەنەوە سەر وشەی پرۆتۆئێرانیی karH1 کارهـ١، بە واتای ئاهەنگگێڕان، پیداهەڵگوتن. لە ئاڤێستایی

kar کار بە هەمان واتا، هەروەک بارەکانی دی وشەکە، karaiieiti کارەییێیتی، Hamakaraiiat هەمەکارەییت، لە زمانی ساریقەلایی çîr چیڕ، بە واتای گۆرانی. لە سانسکریتی kar کار واتای ئاهەنگگێڕان، پێداهەڵگوتن، ئەگەر بەم جۆرە بێت، ئەو ڕەگی PIEی وشەکە بریتییە لە -kerH2، کێرهـ٢-، بە واتای پێداهەڵگوتن، بەرزڕاگرتن. بۆچوونیکی دی ئەمەیە، کە چیڕ، بە هەمان شێوەی چیڕە، چریکە و چڕین، تا سەر ڕەگی وشەی دیسان داڕێژراوەی زمانی PIEی S) Krig) (س) کریگ، یان چریگ دەگەڕێتەوە. پاشگری ئۆک، یان ۆک. بۆ بچووکردنەوە بەکار دێت، کەواتە واتای چیڕۆک بەسەریەکەوە دەبێتە گێڕانەوەی کورت. هۆکاری ئەوەی کە زۆر جاران بە چیڕۆک دەنووسرێت، ئەوەیە کە ناوە داتاشراوەکە بۆ یەکەمین جار لە نووسینی کرمانجیدا هاتووە و بە چیڕۆک نووسراوە، بە جیا سەیری چیڕەن چڕین و چریکە بکە.

- چیڕە: واتا دەنگەدەنگ، هاوار و قیژە. چیڕەدرێژ، وەک مێتافۆر، واتا کەسێکی زۆربڵێ، هەروەک چیڕە بەو دەنگە بە ترسەی کەویش دەگوترێت کاتێک کە مار، یان ڕێوی لە نزیکی خۆی دەبینێت و ئاگاداری کەو و باڵندەکانی دی پێ دەکاتەوە. وشەی چیڕە، بە هەمان شێوەی چریکە و چڕین. وشەیەکی کۆن و ڕەسەنی کوردییە. وشەکە تا سەر ڕەگی وشەی داڕێژراوی داڕێژراوەی زمانی PIEی (Krig S) (س) کریگ، یان چریگ دەگەڕێتەوە. دەنگی [سک] لە کوردی وەک باوە دەگۆڕێت. هەمان وشە لە زمانەکانی دیش دەناسرێتەوە لە ساکسیی Skrikon سکریکۆن، هەروەها Schriken شریکن، واتا چریکاندن. هاوارکردن. لە ئینگلیزی shriek شریێک بە هەمان واتا، هەروەک Shrike شریک ناوی جۆرە چۆلەکەیەکی بە جریوە، یان چریکەیە. لە ئەڵمانی کۆن Schurren شوڕێن، واتا شیڕە، پرخە. لە ئەڵمانی Scharren، شاڕین هەمان شت. لە ئەڵمانی Schreiende شرێییێندێ، واتا بە چریکە، هەروەک Schreien، شرێین، واتا چریکە، هاوار. لە هۆڵەندی -Schreeu wen، شرییون، واتا چریکە. سەیری هەردوو وشە ئاماژە بۆ کراوەکەی سەرەوە بکە.]]

چ: فەرهەنگی ڕامان، پیدیئێف، ب١، ل: ٣٢٠:

ئ: چیڕ٢: دەگەڵ چەپ دێ [چەپ و چیڕ، واتا خواروخێچ]. شێوەیەکی دیکەیە لە جیڕ [بەجیڕەبادان] و خزمە دەگەڵ جەڕاندن؛ بادانی بەنهێم، بادانی بە گوشار". لەم تێڕوانینەوە مانای جیڕ، یان چیڕ دەبێتە "بادراو، گرژکراو".

ب: چیرک: لەتکەمێوەی هیشککراو، هەروەها چیرک هەیە بە مانای "بڕەی مافوور". خزمن دەگەڵ ئەو وشانەی مانای "بڕین، لێکردنەوە" دەدەن، وەک: شڕ [شەق و شڕ]، چارک "برینگ" کێرد، کرتاندن و تاد.

چیڕۆک: "داستان" لە دیرۆک وەرگیراوە و بە مانای "مێژوو". [تێبینی: پێوەندی دوو چەمکی مێژوو و داستان لێرە دایە کە داستان دە بنەڕەتدا گێڕانەوەی باسی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی مێژووی کۆمەڵگە بوون. ئەم پێوەندییە دە زمانی ئاڵمانیشدا دەبیندرێ. دە زمانی ئاڵمانیدا (Geschichte (G.) هەم بە مانای "چیڕۆک، داستان" و هەم بە مانای "دیرۆک، مێژوو" بەکار دەهێندرێ و دەچێتە سەر ڕیشەیەک بە مانای "ڕوودان، قەومان"].

٣. فەرهەنگەکانی زاری ک. ژۆرین:

ئ. ف. کانی: چیڕۆک: حیکایەت؛ بەسەرهات؛

سەربۆر. چیرۆکبێژ: داستانبێژ. چیرۆکڤان: چیرۆکنڤیس.

- ڕژد، ڕەزیل؛ مرۆڤەکێ چەندێ چڕە؟

جیڕ، چیڕ، نەپس: ئەڤ نانە یێ چڕە؟

دڵۆپ، تنۆک، پەشک: چڕا ئاڤێ تێدا نییە؟

چۆڕ، پتەو، قایم، موکم: قوماشەکی چەندێ چڕە!

بـ. ف. ئەنشتیتویا کوردی یا ستەمبۆلێ، زانا فارقینی:

- ل٣٩٦: ١. چڕ: بردنەوە، بەسەردازاڵبوون، داگیرکرن؛ من چڕا تە بر. ٢. چڕ: چۆڕ؛ چڕا شیر: چۆڕەشیر. ٣. چڕ: چیڕ؛ نانێ چیڕ: نانی چیڕ. ئەڤ گۆشت چڕە: ئەم گۆشتە چڕە. ٤. چڕ: کات، کاتی مردن؛ وەخت؛ کاتی ماسییە: چڕا ماسی. چڕی هاتی: وەختی هاتووە، وەختی مردنی هاتوووە. ٥. چڕ: سوولاڤ، تاڤگەی بچووک. ٦. چڕ: چڕ؛ دارستانی چڕ. ٧. چڕ: تاودان، پڕدان، لەبۆچوون، هێرشکردن: ئاژالان چڕی ئاڤێ کرن: ئاژەڵەکان تاوی ئاویان دا/ هێرشی ئاویان کرد[لە تێنووواندا]. ٧. چر، چەر: چ، چی؛ چر دکی: چی دەکەیت.

- ل ٣٩٨: ١. چڕین: چیڕە؛ چیڕەی ددان. چڕینی ژ درانێ وی چوو: چیڕەی لە ددانییەوە هات. ٢. چڕین: دڕاندن. ٣. چڕین: هاوار، چیڕکرن: هاوارکردن. چڕینی کەت ناڤا وی: هاواری پێکەوت. چڕینداد ان: بەهاوارەوەچوون. ٤. چڕین: چیڕە، چیڕەچیڕ، چیڕەی دەرگا؛ دەری دچیڕە: دەرگاکە چیڕەچیڕ دەکا دەرگاکە چیڕە دەکا.

پـ. فەرهەنگا کورمانجی- ئینگیزی، ل١١٢: ١. چڕ، چڕکرن: شووشتن؛ بۆنا ب دەستێ جاریا بدە چڕکرنێ. ئەوێ ڕابوو سفرێ خوەیی کەڤن تۆپ کر ... ب جاریاڤە بر سەر کانیێ بشۆ و چر کە. ٢. چر: جیر؛ نانێ چر، ئاخا چر، بەنیشتێ چر، هەڤیرێ چر؛ چراهوورک: چراهوورکا جهویانا سەرێ زڤستانا، جەژنێکی جووەکانە. چراندن: دڕاندن. ل١١٢، ١١٣: چڕی: ناوی دوو مانگی کوردییە: "چرییا پێشین، چرییا ئەول/ ئۆکتۆبەر" و چرییا بەری، پاشین، چرییا ناڤین/ نۆڤێمبەر. چریی و چریێ، مال تێر و تژیێ، مرۆڤ دبینە خوەشیێ. چڕین: دڕین، قەلشین. چیرانۆک، چیرۆک: چیرۆک شەڤێن زڤستانێ خوەش دەرباز دکن. چیرەچیر: چرکەچرک.

تـ. فەرهەنگا کوردی، م. ئەمین بۆزئەرسلان، ل: ٥٤٦: [چیر١: ١. کەونێرێ گەنج ئێ خوەشخوین؛ کەونێرێ کو هێژد دەما گەنجیتییا خوە دایە و خوەش دخوینە. ٢. ب مانا تێوکری، زلامێ میرخاس و فێرس؛ زلامێ دلێر و عەگید. "د بەحسا علم و تەفسیران، تو دەریایان وە نابینم/ ژ میر و بەگلەر و چیران." "م. جزیری"]. چیر٢: دەنگێ چڕین و قەتینا تشتەکی نەرم ئێ وەک جا، قوماش، کاخد و ود؛ دەنگێ کو ژ چڕینا تشتەکی وسا دەردکەڤە. "دەسمالا من، د دەستێ مندا گۆت چیر و چرییا." چیربوون: پارچەبوونا تشتەکی نەرم ئێ وەک جاو، قوماش، کاخد و ود، یان ژی پەیدابوونا کونەکا ل سەر درێژییێ د وی تشتیدا؛ کو تشتەکی نەرم ئێ وەک جاو، قوماشن کاخد و ود پارچە ببە یان ژی کونەکا ل سەر درێژییێ د وی تشتیدا پەیدا ببە. هەڤمانا "چڕین"ێیە. "قوتکێ من ژ بەر کو تەنگ بوو، چیر بوو."کاخد، د دەستێ کەچکێدا چیر بوو." و ود. چیرەچیر: ١. دەنگێ کو چەند جار ل پەی هەڤ، ژ چڕینا تشتەکی نەرم ئێ وەک جاو، قوماش، کاخد و ود یان ژی پەیدابوونا کونەکا ل سەر درێژییێ د وی تشتیدا

دەرکەڤە و تێ بهیستن. ”بوو چیرەچیرا قوتکی من ئێ کەڤن و قەتییا“، ”بوو چیرەچیرا کاخد و د دەستێ کورکدا قەتییا.“ و ود. ٢. دەنگێ کو د دەما نڤیسینا تشتەکدا، ژ گەڕاندنا قەلەمەکل سەر کاخد دەردکەڤە و تێ بهیستن. ”بوو چیرەچیرا قەلەما کورک، تشتەک نڤیسی.“

چیرک: تەڤاییا پارچەیێن هوورکری یێن فێکییێن وەک سێڤان، هورمییان ئێن کو تێن هشککرن و ژ بۆ زڤستانێ تێن پاراستن یان ژی د دمسێدا، د شەربەتا شەکردا تێن پەهتن و ژ وان ڕیچال تی چێکرن. هەڤمانا ”قاخ“ـییە. ”مە هن سێڤێن باخچێ خوە هوور کرن و ژ خوەرا کرن چیرک.“ چیرکرن: پارچەکرنا تشتەکی نەرم ئێ وەک جاو، قوماش، کاخد و ود، یان ژی پەیداکرنا کونەکا ل سەر درێژییێ د وی تشتیدا، کو کەسەک، بوویەرەک، ئەمرازەک و ود تشتەکی نەرم ئێ وەک جاو، قوماش، کاخد و ود پارچە بکە یان ژی کونەکا ل سەر درێژییێ د وی تشتیدا پەیدا بکە. هەڤمانا ”چڕاندن“ـێیە. ئاسمینێ جاو چیر، دا کو ژ پارچەیەکا وی دەسمالەک چێ کە.“ چیرکری: تشتەکی نەرم ئێ کو هاتیە چیرکرن؛ تشتەکی نەرم ئێ وەک جاو، قوماش، کاخد و ود یێ کو هاتیە پارچەکرن یان تێدا کونەکا ل سەر درێژییێ هاتیە پەیداکرن. هەڤمانا ”چڕاندی“ـیە. ”جلێن چیرکری، ئێدی ب کێری نفیسینێ نایێ.“ و ود.

چیرۆک: گۆتارا ئەفسانەیی کو د مێژەدەمێدا، د هەقێ قەومینا بوویەرەک، یان هن بوویەراندا، ژ ئالییێ هن کەسێن نەناسڤە هاتیە ئافراندن، هاتیە چێکرن و د ناڤا گەلدا بەلاڤ بویە، بەرێ دەڤکی هاتیە پاراستن، بەلکی پاشێ هاتیە نڤیسین و نڤیسکی ژی هاتیە پاراستن. ”فۆلکلۆرا کوردی، ب چیرۆک و مەسەلۆک و پێکەنۆکان هاتیە خەملاندن.“* ~ئێن ئەفسانەیی: (تێرم) وەک تێرمەک، یانی چیرۆکێن گەلی یێن کو بابەت و بوویەرێن وان گشت خیالی و ئەفسانەیینە و ژ ئالییێ گەلڤە ل سەر هن سەرهاتییێن ئەفسانەیی هاتینە ئافراندن و هەر وسا، ژ ئالییێ گەلڤە دەڤکی هاتنە پاراستن، ب وی ئاوایی ژ گەلرا بوونە مال. ”گولێ و سنۆ، چیرۆکەکە کوردی یا ئەفسانەییە و پڕ ناڤدارە.“. ”چیرۆکبێژ. چیرۆکبێژی. چیرۆکی. چیرۆکنڤیس. چیرۆکنڤیسی“].

جـ: فەرهەنگا کوردی — ڕووسی، ق. کوردۆ: چیر: چەقۆ. چیرا١: چیرین. چیر٢: چێر. چیراندن. دران.

– چیرانۆک؛ چیرۆک. کورتە چیرۆکی ئەفسانەیی. [قەناتی کوردۆ هەموو ئەو وشانەی کە بە ڕێنووسی ک. ژۆرینی بە لاتینی نووسیون، لە بەرامبەرەکەیدا بە ڕێنووسی کریلیکی نووسیویەتی، لەو ڕێنووسە کریلیکییەدا واچی ”ڕ“ هەیە و هەموو بە ”چیرۆک“ نووسراون.]

چـ: فەرهەنگا سندی: چیرا١: گریا ب دەنگێ تیژ. چیرا ڤی زارۆکی چەند نەخوەشە. چیر٢: پەیڤەکا دەنگییە، دەنگێ ل سەرێک هاتنوچوونا دوو تشتا. ”ددان وی کرن چیر.“

– چیرکاندن: [چیرکین، دچیرکینیت] پەرا: [چیرکین]ـێیە. ١. ئینانوبرنا ددانا ل سەر ئێک کو دەنگێ ”چیر“ ژێ بێت. قیرچاندن ژی. ”وی ددانێن خە چیرکاندن.“ ٢. گەفکرن [پەژن]. ”وی ددانێن خوە ل زۆرۆیێ چیرکاندن.“ ئانکو گەف لێکرن.

– چیرچیر: وەکلینا دەنگێ [چیر]ـە. سیقسیق، سیرسیر ژی. ”دبێژن: چیرچیرا دەریکیە.“ ”چیرچیرا ددانێن وی بوو.“

– چیرچیرۆک: نەڤیچیچرک/ شرنەخ. ”ئازاد

چیرچیرۆکێ سینەمێیە."

- چیرۆک: شرووڤا ڕوودان و سەرهاتییا چیرۆنگ ژی. "ئازاد چیرۆکەکا بەرێ خواند."

ح: فەرهەنگا قازی: چیردرێژی: لجاجة.

ئەو فەرهەنگانەی بە ڕێنووسی [چیرۆک] نووسیویانە:

١. فەرهەنگی خاڵ: چیرۆک: سەرگوزەشتە و داستان.

٢. فەرهەنگی هەژار: چیرۆک: حیکایەت، حەقایەت، دەنگوباسی ڕابوردوو.

٣. فەرهەنگی شێخانی: [چیرۆک: نەقڵ؛ مەتەلۆک؛ حەقایەت؛ حەکایەت؛ هەقایەت؛ داستان؛ چرچرۆک؛ ڕز؛ تیزک کڤنە شۆب؛ سەرهورد؛ قەواتی؛ خرپرۆشک؛ ئەفسانە؛ حەکیات.

لەناو کوردەواریدا تا سەردەمی دوایی، بەڵکوو تا سەدەی بیستەم بریتی بووە لەو سەرگوزەشتە و حەقایەتانەی کە لە مێژوویەکی پێشینا ڕوویان داوە، پاشان بە شەوان لە گوێی ئاگردانەکاندا دانیشتوان یەکێک بۆی گێڕاونەتەوە، ئەوانیش بەسۆزێکەوە گوێیان لێ گرتووە ئەم جۆرە چیرۆکانە لێردەدا ئەبن بە دوو بەشەوە لەڕووی ئەدەبەوە: ١. ئەوانەی خراونەتە قالبی هۆنراوە یەکێکی خوێندەوار لە دیوەخان دانیشتووە و خوێندۆیەتییەوە وەک داستانەکانی "ڕۆستەم و زۆراب، خورشید و خاوەر، بارام و گوڵندام، بەهنەسا" ٢. وەکو داستان بە قسە گێڕاویانەتەوە دەمام و دەم هاتووە ئیتر بەبێ ئەوەی خرابێتە سەر کاغەز و نووسرابێتەوە.

لەڕووی جۆری چیرۆکەوە دەبن بە: چیرۆک و حەکیاتێد دەرهەقا ژینا ئینسان، چیرۆک و حەکیاتێد تاریخی، چیرۆک و حەکیاتێد دەرهەق حەیوانات تەیر و تورەوان، ئەفسانە].

٤. فەرهەنگی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل: ٤٩٤: [چیرۆک: چرچرۆنک؛ داستان؛ خەبرۆشک؛ چیچەرۆک؛ چرچرۆک؛ چیرۆنک؛ چیڤانۆک؛ قەواتی؛ بەسەرهات و داستان. چیرۆکە: چیرۆک. چیرۆکبێژ: چرگەر؛ داستانبێژ؛ ~ی؛ داستانبێژی. چێڕ: دۆس؛ دۆست؛ یار. چیڕ: ڕیچ؛ جیرە؛ ددان لە~ەوەبردن: ددانەڕچکێ؛ چیرتن؛ چیرقاندن؛ قرساندن؛ [ڕۆژ.] خەت، خێز؛ هێڵ.نووزەدرێژ؛ شێر؛ شێرگیر؛ چیرە. [کۆ.، موک.] چتێکە بە ڕەنج و ئازار و هێز بکشێ یا بپسێ یان لەت بێ. [باک.] جنێو؛ دژوون. چیڕاندن (ئەردە.) زیقەی کەو. چیڕە: جیقە؛ جیکەی کەو. زاڵ، ~بوون. ~کردن: ڕیچکردنەوە، زاڵکردن، قرچە، جیرەلەددانەوەهاتن. قرچوون. ~وەبوون [ئەردە.] ڕیچبوونەوە. چێرەچیڕ: دەنگی ددان و دەرکە و تەختە و ئیدیکەیە، جۆرە دەنگێکیشە لە کەوەوە دێ. چیرەدرێژ: دەنگ بڵند و تیژ و درێژ و ناپەسەند، چەنەسووک، چەنەباز، زۆربڵێ. ~ی: چەنەبازی؛ زۆربڵێیی؛ چەنەسووکی. چیرەوەکردن: چیرە لە ددان هێنان لە ڕقان. چیرچیرە: دەنگی ددانە. چیرچیرۆک [هەورا.]: باڵندەیەکی کەسک و زەردە، هێندەی دووتووکانە لە نێو ڕەز و دەغڵاندا دەژی، پەیدابوونی وی نیشانەی دوایی بەهارێیە، کەسێکیش لە جێگایەک، یان لە شوێنێک شین ببێتەوە دەڵێن: دەڵێی ~ە. چیرۆکی گچکە].

**ئەنجام:**

ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەم چەند خاڵەی خوارەوە لەخۆوە دەگرێت:

١. لەو زانیارییانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لە هەردوو زاری ک. ناوەڕاست و ژووریندا هیچ وشەیەک نەدۆزرایەوە کە

بنەڕەتەکەی وشەی [چیر، یان چڕ]یان تێدا بێت و تا ئەگەری ڕۆنانی وشەیەکی داڕێژراوی وەکوو [چیرۆک]ی لێ بکرێت. ئەوەی کە دەرکەوت تەنیا [چیڕ، چێڕ و چڕ]ە و لە زۆربەی زار و بنزارەکانی کوردیدا بەکار دێت.

٢. فۆرمی وشەی [چیرۆک] لە زاری ک. ژۆریندا بەدی ناکرێت. تەنیا لە ک. ناوەڕاستدا هەیە.

٣. ڕیشەی وشەی داڕێژراوی [چیرۆک] لە [چیڕ]ەوە هاتووە و پاشگری [ۆک]یش واتای [زۆر؛ گەلێک؛ گەلەک] دەدات، وشەکە هەمووی واتا: گێڕانەوەیەکی زۆر؛ گێڕانەوەیەکی درێژ دەدات، یان قسەیەکی زۆر؛ قسەی درێژ.

**سەرچاوەکان:**


١. لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەگەڵ چەند کەسێکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کە سەر بە زار و بنزارەکانی زمانی کوردین.
٢. سایتەکانی زمانی کوردی لە ئینتەرنێت.
٣. هێمن، بارگەی یاران، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
٤. فەرهەنگی ڕامان، ئەمەگ ڕامان، پیدیئێف.
٥. گیو موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، چاپی دوووەم، هەولێر، ٢٠١٧.
٦. هەژار، هەنبانەبۆرینە، سروش، تەهران، ١٣٦٩.
٧. شاسوار هەرشەمی، فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژیی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢٢.
٨. قوبادی، خانای قوبادی، شیرین و خوسرەو، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٥.
٩. سایتی ڤەژین بۆکس و ڤەژین لێکس.
١١. بۆزئەرسلان، ئەمین، فەرهەنگا کوردی، وەشانێن دەنگ؛ چاپا پێشین، ئیستانبول، ٢٠١٥.
١٢. گەورانی، عەلی سەیدۆ، فەرهەنگا کوردی نوژەن، عەممان، ١٩٨٥.
١٣. قازی، حافز، فەرهەنگا قازی، چاپا دوووەم، سپیرێز، دهۆک، ٢٠٠٥.
١٤. چیت، میشێل، فەرهەنگا کورمانجی ئینگلیزی، ٢٠٠٣.
١٥. جەوان، ڕەحمان، فەرهەنگ، کۆلکە زێڕینە، بادینی – سۆرانی، بەرگی ١، سنە، ٢٠٢١.
١٦. کوردۆ، قەنات، فەرهەنگا کوردی – ڕووسی، مۆسکڤا، ١٩٦٠.
١٧. مینبەری، تۆفیق، فەرهەنگی ئاهورایی، تاران، ١٣٩٤.
١٨. سوهرابی، ڕەزا، فرهنگ گروس، هەولێر، ٢٠١١.
١٩. مورادی، ڕەفعەت، لهۆن، سلێمانی، ٢٠١٩.
٢٠. خاڵ، شێخ محەمەد، فەرهەنگی خاڵ، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
٢١. شێخانی، عەبدولوەهاب، فەرهەنگی شێخانی، هەولێر، ٢٠٠٩.
٢٢. پێندرۆیی، محەمەد ساڵح، فەرهەنگا کانی، هەولێر، ٢٠١٠.
٢٣. سندی، خالید محەمەد، فەرهەنگا سندی، چاپا ئێکێ؛ پشکا ئێکێ، چاپخانا هاوار، دهۆک، ٢٠١٠.
٢٤. ئیبراهیم زادە، عەبدوڵڵا، فەرهەنگی ڕامان، پیدیئێف.
25. Key _Terms_ in_ Linguistics@ ئینستگرام.
26. Zana Farqînî, Ferhenga Kurdî – Tirkî, Istanbul, 2004.
26. D. Îzolî Ferheng, Kurdî – Tirkî Tirkî – Kurdî, weşanên Deng, çapa pêncem, Diyarbekir 2007.
28. M. Emîn bozarislan, Ferhenga Kurdî, cildê pêşîn, a – d, weşanên Deng, Diyarbekir, 2011.
29. Umîd Demîrhan, Ferhenga Destî, çapa dûyem a berifreh, Stenbol, 2007.
30. Jaba, M Auguste, Dictionnaire kurde – Français, Avesta, STEMBOL, 2014.

# ڕەوشی سەربازە خۆبەخشەکانی ئەیالەتی شارەزوور لە سەدەی شانزەهەم

## ((بەپێی دەفتەری کارە گرنگەکان (مهمە دفتری) لە ئەرشیڤی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا))

د. محەمەد کەلالەیی
(زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی ئاداب)

**پێشەکی:**

لە کوردستانی سەردەمی عوسمانی چەندان جۆری کاری سەربازی لە سوپای عوسمانیدا هەبوون، بۆ نموونە: سوارچاکی، پیادە و خۆبەخشەکان، ئەمە سەرەڕای هەبوونی سوپای ئینکیشاری تا ساتی هەڵوەشاندنەوەی لە ساڵی ١٨٢٦ز، کە گەورەترین و ڕێکخراوترین سوپای ئیمپراتۆریای عوسمانی بوو، بەڵام ڕۆڵی سەربازانی خۆبەخش لە چوارچێوەی ئەیالەت و سەنجەقەکانی ئیمپراتۆریاکە بوو، لە هەمان کاتیشدا کاریگەرییەکی بەرچاویان لە دابینکردنی ئاسایش و ئارامی لە سەدەی شانزەهەمدا هەبوو، بە تایبەتی لە سەنجەقە ناوخۆییەکانی ئەیالەتی شارەزوور، بۆیە لە تۆمارەکانی ئەرشیڤی عوسمانیدا چەندان نامە و فەرمانی دیوانی سوڵتانی عوسمانی دەربارەی ڕێکخستنی بژێوی ژیان، مووچە و وەسفکردنی تایبەتمەندی کەسی سەربازانی خۆبەخش دەبینین.

ئەم نامە و فەرمانانە لە نێوان میرانی سەنجەق و دامەزراوەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی ئاڵوگۆڕ کراون، بۆیە یەکێک لە تۆمارە فەرمییەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەفتەری کارە گرنگەکانە (مهمە دفتری)، کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی (٤٠٠) دەفتەر، مێژووەکەیان بۆ ماوەی نێوان ساڵانی ١٥٥٣- ١٩١٥ز دەگەڕێتەوە و لە ئەرشیڤخانەی ئیمپراتۆریای عوسمانی، لە

شاری ئیستانبوڵ هەڵگیراون و بەشی زۆریان بۆ توێژەران لەبەر دەستدان.

سەبارەت بە زاراوەی سەربازانی خۆبەخش (کوکللو- Gönüllü)، کە بە مانای خۆبەخش، یان سەربازە خۆبەخشەکان لە سوپای عوسمانی گوزارشتی لێ کراوە، هەر بۆیە لە ئیمپراتۆریای عوسمانی بەو سەربازانە گوتراوە (خۆبەخش)، کە خۆیان بۆ کاری سەربازی تەرخان کردبوو و لە قەڵا سەربازییەکان بە کرێی ڕۆژانە کاری سەربازییان کردووە، هەروەها وشەی خۆبەخش لە زمانی تورکی عوسمانی بە ڕێنووسی (کوکللو) نووسراوە، بەڵام بە (گونولو) گۆکراوە، بۆ یەکەم جاریش لە ساڵی ١٣٢٨ز سەربازانی خۆبەخش لە مێژووی سەربازی عوسمانیدا تۆمارکراون (١).

لەم وتارەدا، گرنگە سنووری ئەیالەتی شارەزوور بخەینەڕوو، کە لە خۆرهەڵاتی وڵاتی فارس، لە باشووری ئەیالەتی بەغدا، لە باکووریشی ئازەربایجان و هەکاری و لە خۆرئاوایشی مووسڵ و میرنشینی بەهدینان، هەروەها ژمارەی سەنجەقەکانی ئەیالەتی شارەزوور لە سەدەی شانزەهەمدا لە (٢٠) سەنجەق پێک هاتبوو، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم لە (٣٢) سەنجەق پێک هاتبوو (٢). دەربارەی زاراوە کارگێڕییەکانی وەک: (ویلایەت)، یان (ئەیالەت): بریتی بوونە لە گەورەترین یەکەی کارگێڕی، بە دوای ئەیالەتیشدا (سەنجەق) هەبوو، کە بەرانبەر بە یەکەی کارگێڕی (پارێزگا) هاوتا کراوە، دواتریش قەزا، ناحیە و گوند و کێڵگە، بۆیە لە سەرەتای مێژووی کارگێڕی عوسمانی، بە تایبەتیش لە پەیکەری کارگێڕییەکەی ئەم یەکە کارگێڕییانە هەبوون: ئەیالەت — سەنجەق- ناحیە- گوند- کێڵگە، بەڵام کاتێک ئیمپراتۆریای عوسمانی لە ساڵی ١٨٦٤ز پەنای بۆ قانوونی کارگێڕی دەوڵەتی فەڕەنسا برد، لەسەر نەریتی ئەم قانوونە فەرەنسییە پەیکەری کارگێڕییەکەی ڕێکخستەوە، بۆیە لە دوای ساڵی ١٨٦٤ز یەکەی قەزاشی زیادکرد، لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا، گرنگە ئاماژە بە مێژووی هاتنەکایەی ئەیالەتی شارەزوور، بەپێی بەڵگەنامەکانی عوسمانی بکەین، کە مێژووەکەی بۆ ئەیلوولی ١٥٦٤ز دەگەڕێتەوە و تا تشرینی یەکەمی ١٧٧٩ز بەردەوام بوو (٣)، ئەمەش وەک ئەیالەتێکی سەربەخۆ کە لە ئیستانبوڵەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرابێت.

شایانی باسە؛ تا ئێستا هەموو دەفتەری کارە گرنگەکان (مهمه دفتری) لە کۆماری تورکیا و دەوڵەتانی ناوچەکە بە تەواویی لە کتێبی چاپکراودا بڵاونەکراونەتەوە، لە هەمان کاتیشدا بە تەواوی کاری زانستییان لەسەر نەکراوە، بۆ نموونە: بڵاوکردنەوەی دەقە ڕەسەنەکانیان، وەرگێڕانی دەقی ناو ئەم دەفتەرانە بۆ سەر زمانەکانی جیهان و توێژینەوە لە بارەیانەوە نەنووسراوە، بەڵام لە زانکۆ و ناوەندە زانستییەکانی کۆماری تورکیادا، ئەم دەفتەرانە (مهمه دفتری) بوونەتە سەرچاوەی ناونیشان، ناوەڕۆکی نامە و تێزەکانی ماستەر و دوکتۆرا، کە هەندێک لەم تێزە زانستییانە بە شێوەی گۆڕینی دەقی دەفتەرەکان لە پیتی ئارامی- عەرەبی زمانی تورکی عوسمانی بۆ پیتی نوێی تورکی (لاتینی) گۆڕدراون و بۆ جارێکی تر نووسراونەتەوە و بڵاوکراونەتەوە، هەروەها لیکۆڵینەوەیان لە بارەی ناوەڕۆک و فەرمانەکانی دیوانی سوڵتانی نووسیوە، بەڵام ناوەڕۆکی تەواوی ئەم دەفتەرانە بە تەواوی نەخراونەتەڕوو، بەڵکوو بەشێکی، یان نیوەی بۆ لێکۆڵینەوەکان وەرگیراون، ئەوەشمان لە بیر نەچێت زۆرینەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان لە سنووری جیۆگرافی ئەو ناوچە و شارانەی

سەردەمی ئیمپراتۆریای عوسمانییە، کە ئێستا کەوتوونەتە نێو چوارچێوەی سنووری جیۆگرافیای کۆماری تورکیاوە.

تۆماری کارە گرنگەکان (مهمە دفتری) لە ئەرشیڤی ئیمپراتۆریای عوسمانی بایەخێکی گەورەی زانستی و مێژوویی خۆی هەیە، مێژووی یەکەم دەفتەریش بۆساڵی ١٥٥٣ز دەگەڕێتەوە، دەفتەری کارە گرنگەکان لەلایەن فەرمانبەرانی دیوانی سوڵتانی عوسمانی نووسراون، کە تێیدا فەرمانەکانی سوڵتان و ئەنجوومەنی وەزیرانی عوسمانی بۆ کاروبارە ناوخۆییەکان و دەرەکییەکان نووسراونەتەوە، بە تایبەتی بۆ کاروباری سیاسی، سەربازی، جڤاکی، کارگێڕی و ئابووری، کە ڕۆژانە ئەم فەرمانانە تۆمارکراون، هەروەها لەم دەفتەرانەدا کاروبار و کێشەی ئەیالەتەکان و کەسایەتییەکان جیانەکراونەتەوە، بەڵکوو لە لاپەڕەی یەکەم تا کۆتایی هەر دەفتەرێکدا بە ناردنی فەرمان بۆ ئەیالەتێک دەستپێکراوە، هەر بە فەرمانێکی سوڵتانیش بۆ ئەیالەتێک لە ئەیالەتەکانی ئیمپراتۆریاکەی کۆتایی پێهێندراوە، ژمارەی دەفتەری کارە گرنگەکان (مهمە دفتری) دەگاتە نزیکەی (٤٠٠) دانە، بەڵام تا ساتی نووسینی ئەم وتارە نزیکەی (٢٦٢) دەفتەر لە ئەرشیڤخانەی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە ئیستانبوڵ پۆلێنکراون، بەشێوەی ئەلیکترۆنی بۆ توێژەران بەردەستن، بەڵام فێربوونی زمانی تورکی – عوسمانی و شارەزابوون و خۆ شارەزاکردنیش بۆ خوێندنەوەی بەڵگەنامەکانی نێو ئەم دەفتەرانە پێویستە، بە تایبەتی لە جۆری خەتی نێو دەفتەرەکان، چونکە تۆماری نێو دەفتەرەکان بە چەند خەتێکی جیاوازی وەک: خەتی سیاقەت، روقعە، تەعلیق و هەندێکیشی بە خەتی (دیوان) لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم نووسراون، ئەمە بێجگە لەوەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ئەرشیڤی دەوڵەتی تورکیا دەقی دەفتەری کارە گرنگەکان (مهمە دفتری) بە ژمارەکانی (٣، ٥، ٦، ٧، ١٢، ٨٢، ٨٣، ٨٥) بۆ سەر زمانی تورکی نوێ (پیتی لاتینی) گۆڕدراون و لە چوارچێوەی کتێبی سەربەخۆ بڵاوی کردونەتەوە.

گرنگی ئەم تۆمارانە بۆ ئەو خاڵە گرنگە دەگەڕێتەوە، کە مێژووی (٣٥٠) ساڵی ئیمپراتۆریای عوسمانیان تۆمارکردووە (٤)، هەر بۆیەش تۆماری نێو ئەم دەفتەرانە بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد بایەخێکی ئێجگار گەورەیان هەیە، چونکە تا ئێستا بە ڕێژەیەکی زۆر کەم سوود لە تۆماری نێو ئەم دەفتەرانە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، کارگێڕی و سەربازیی کورد و کوردستان وەرگیراوە، هیوادارم توێژەرانی کورد بە وردی لێکۆڵینەوە لە بابەتە گرنگەکانی نێو ئەم دەفتەرانەدا بکەن، چونکە لە پرۆسەی نووسینەوەی مێژووی کورد لە سەردەمی ئیمپراتۆریای عوسمانی سوودێکی گەورە دێنێتە کایەوە، کە لە پێشووتردا نەبینراوە، هەر بۆیەش ئەم وتارە لە دوو تەوەری جیادا تیشک دەخاتە سەر ڕەوشی سەربازانی خۆبەش لە سەنجەقەکانی ئەیالەتی شارەزوور لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەمدا.

**یەکەم: سەربازانی خۆبەخش لە سەنجەقەکانی هەریر و دوین، گەردەی چەقان و سرۆچک:**

سەربازانی خۆبەش لە ناوەندی ئەیالەت و سەنجەقەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی ئامادەیی بەرچاویان هەبووە، بە تایبەتی لەو سەنجەقانەی ناوەندی بەڕێوەبردنیان قەڵا، یان قەڵا – شار بوونە، لە نێو بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی عوسمانیدا

ڕەوشی سەربازانی خۆبەخش، بە تایبەتی لە ڕووی دامەزراندن، دوورخستنەوە، ئاکار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان، تەنانەت شێوە و ڕووخساریشیان تۆمارکراوە، بۆیە لە سەنجەقەکانی ئەیالەتی شارەزوور کەس هەبووە بەهۆی هەستی شەڕخوازی و یاخیبوونییەوە کە پێی ناسراوەتەوە لە کاری سەربازی خۆبەخشیدا وەرنەگیراوە، بۆ نموونە (عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەد) بە بیانووی ئەوەی کەسێکی شەڕخواز و یاخی بووە، دانەمەزرێندراوە، ئەمەش بەپێی نامەیەکی میری میرانی شارەزوور لە ٢٠ی سەفەری ٩٧٦ک- ١٤ی ئابی ١٥٦٨ز کە بۆ ئیستانبوڵی ناردووە و دیوانی سوڵتانی عوسمانیش داواکەی پەسەند کردووە و فەرمانی کردووە ناوبراو لەبەر ئەو ئاکارانەی هەیەتی، کە وەک بیانوویییەک لەلایەن میری میرانی شارەزوورەوە باس کراوە لە کاری سەربازی خۆبەخشی دووربخرێتەوە (٥)، وردەکاری لە دامەزراندنی سەربازی خۆبەخش لە دوایین ناوچەی سنووری خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی کە ئەیالەتی شارەزوور بووە و جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، بۆیە بە ڕێژەیەک جێبەجێکردنی بنەماکانی ڕێکخراوەیی لە کاری سەربازیدا لە بەرچاو گیراوە.

سەبارەت بە دابینکردنی مووچە و پێداویستییەکانی سەربازانی خۆبەخش زۆرجار لە ئەیالەتی دیاربەکر دابین کراوە، ئەوەتا لە ڕۆژی ٢٣ی ڕەبیعی دووەمی ٩٧٦ک- ١٦ی تەشرینی یەکەمی ١٥٦٨ز، دیوانی سوڵتانی عوسمانی فەرمانی بە میری میرانی شارەزوور کردووە، کە نووسەرێک لە خەزێنەی ئەیالەتی دیاربەکر مووچەی سەربازانی خۆبەشی ئەیالەتی شارەزووری بە مۆرکراوی وەرگرتووە، ئەمەش بە مەبەستی پێدانی مووچە و کڕینی کەلوپەل بۆ سەربازانی خۆبەخش، هەروەها لەلایەن دیوانی ناوبراو پێشنیاز کراوە ئەو پارەیەی دەمێنێتەوە بۆ مووچە و پێداویستی کۆمەڵی پاسەوانەکان (قول گائفەسی) لە ئەیالەتی شارەزوور خەرج بکرێت (٦).

شایانی باسە؛ زۆرجاریش سەربازانی خۆبەخش لە سەنجەقەکانی ئەیالەتی شارەزوور بە ئارەزووی خۆیان شوێنی کارکردنی خۆیان گۆڕیوە، بۆ نموونە: لە سەنجەقی سرۆچک ئاماژە بە نامەیەکی (ئیسماعیل بەگ)ی میری سەنجەقەکە کراوە، کە ڕایگەیاندووە هەریەک لە (موحەممەد ئۆغلۆ و قۆچ عەلی) ڕۆیشتوون، بەڵام لە کۆتایی فەرمانەکەدا هاتووە کە وێنەیەک لەم فەرمانە بۆ سلێمان سۆرانی (سهرانی سليمان = سلێمان بەگی کوڕی قولی بەگی میرنشینی سۆران) کە میری دوین و هەریر بووە نێردراوە، هەروەها بۆ ئەو دوو سەربازە بنێردرێت، هەر لەگەڵ ئەمەشدا نامەیەکی میری سەنجەقی هەریر و دوین (سلێمان بەگ)ی بیر هێنراوەتەوە دەربارەی مووچەی کەسێک بەناوی (عەبدوڵڵا ئۆغلۆ) کە ڕۆژانەکەی لە هێزەکانی ئینکیشاریدا شەش ئاقچە بووە، هەروەها بە کارێکی باش و بەسوود زانراوە، کە کەسێک بەناوی (ئەلیاس) وەک یەکێک لە سەربازانی خۆبەخش لە سەنجەقی دوین و هەریر دابمەزرێنرێت، لەم دوو فەرمانەی دیوانی سوڵتانی کە لە دەفتەرێکی داراییدا تۆمارکراون و مێژووەکەیان بۆ ٢٥ی جەمماددی دووەمی ٩٨٤ک - ١٩ی ئەیلولی ١٥٧٦ دەگەڕێتەوە، ئاماژەی بە میری سەنجەقی هەریر و دوین کردووە، هەروەها ناوبراوی ڕاسپاردووە کە مامەڵە لەگەڵ ئەو خۆبەخشانەی شارەزوور بەپێی فەرمانی دیوانی سوڵتانی بکات (٧)، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە لە ئامادەیی و بەهێزیی دەسەڵاتی ناوەندیی عوسمانی لە کۆتا چارەکی سەدەی شانزەهەم

لە سەنجەقی هەریر و دوین، بە تایبەتیش لە ڕووی بەهێزکردنی پایەکانی کاری ڕێکخراوەیی سەربازی لە دوورترین یەکە کارگێڕییەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی وەک: هەریر و دوین.

هەر لەم سەروبەندەدا (ئیسماعیل بەگ)ی میری سەنجەقی سرۆچک لە ١٨ی ئابی ١٥٨١ز نامەیەکی دەربارەی (قەپلانی کوڕی نەفس)ی بۆ دیوانی سوڵتانی عوسمانی ناردووە، کە تێیدا داوای کردووە ناوبراو وەک سەربازێکی خۆبەخش سوودمەند بێت (مووچەیەکی بۆ دابین بکرێت)، هەروەها لە بارەی شێوە و ڕوخساری (قەپلان)یشی نووسیوە، کە ڕیشدار، باڵایەکی مامناوەند، برۆیەکی گرژ و ڕەقی هەیە (تووڕە و بەترس) (٨)، هەروەها لە داواکاری دوو سەربازی دیکەی سوپای ئینکیشاریشدا بەناوەکانی: (موستەفا عەبدوڵڵا و عەلی وەلی) لە ئەیالەتی شارەزوور بۆ ئەوەی لە سەربازی سوپای ئینکیشاری ببن بە سەربازی خۆبەخش، بەڵام دیوانی سوڵتانی عوسمانی ڕەزامەندی لەسەر داواکارییەکەی ئەو دوو سەربازەی سوپای ئینکشاری نەداوە، لەبەرئەوەی ئەوان هێشتا هەر لە ڕیزەکانی سوپای ئینکیشاریدا لە خزمەتکردنیان بەردەوام بوونە، هەروەها (موستەفا و عەلی) لە سەربازانی (عەلی ئاغا)ی فەرماندەی ئینکیشاری لە سەنجەقی سرۆچک نەبوونە، بۆیە داواکەیان ڕەتکراوەتەوە (٩)، جێگەی خۆیەتی کە بڵێین داواکاری لەم جۆرە بۆ کارکردن لە سەربازیی خۆبەخش لەسەرجەم سەنجەقەکان بۆ دیوانی سوڵتانی عوسمانی نێردراون، بۆ نموونە لە ڕۆژی ١ی ئەیلوولی ١٥٨١ز فەرمان بە یەعقووب بەگی میری سەنجەقی سەرچنار کراوە (مەهدی کوڕی قەپولە) وەک سەربازێکی خۆبەخش دابمەزرێنێ (١٠)، هەرچەندە لە پێشتریشدا کۆمەڵێک نامەی تر دەربارەی ئەو خۆبەخشانەی لە کوردستانی سەدەی شانزەهەمدا کاری سەربازییان کردووە بۆ دیوانی سوڵتانی عوسمانی نێردراون، بە تایبەتی دوای گواستنەوەی فەرماندەکانیان بۆ شوێنێکی تر، نامەیان بۆ دیوانی سوڵتانی عوسمانی ناردووە دەربارەی ئەو خۆبەخشانەی کە لە سەنجەقەکانی ئەیالەتی شارەزوور کاریان لەگەڵ کردوون، هەر بۆیەش هەوڵیان داوە لە داهاتەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بەشیان بدرێت (مووچەیان پێبدرێت و خزمەتبکرێن)، بۆ نموونە (میر قەنبەری) میری سەنجەقی چەقان (جغان- چغان- گەردەی چەقان) لە ٢٦ی تەمموزی ١٥٨١ز نامەیەکی بۆ ئیستانبوڵ ناردووە کە (حەیدەری کوڕی کەرەم) لە شارەزوور خۆبەخشێک بووە، بە پێویستی زانیوە مووچەی پێبدرێت و خزمەت بکرێت (١١).

**دووەم: سەربازانی خۆبەخش لە سەنجەقەکانی بانە و شارەزوور:**

سەربازانی خۆبەخش لە ئەیالەتی شارەزوور، بەتایبەتی لە دامەزراندن و گواستنەوەی شوێنی کارەکانیان لەنێوان سەنجەقەکاندا کێشە و گێروگرفت و باسوخواسێکی گەرمیان هێناوەتە ئاراوە، بۆ نموونە: (سلێمان بەگ)ی فەرمانڕەوای بانە (بانە حاکمی سلیمان بک) نامەیەکی بۆ دیوانی سوڵتانی دەربارەی (خۆشی کوڕی قولی) ناردووە، تێیدا ڕوونی کردووەتەوە، کە ناوبراو بە ویستی خۆی دەستبەرداری کاری سەربازی خۆبەشی لە شارەزوور بووە، هەروەها هەمان فەرمانڕەوای بانە بە دیوانی سوڵتانی عوسمانی ڕاگەیاندووە، کە (عومەری کوڕی مەمی/ مێمی) دەستبەرداربوونی لە

کاری خۆبەخشی سەربازی سوودی بۆ ناوبراو دەبێت (١٢)، بەڵام لە نامەی فەرمانڕەوایی بانە بە تەواوی ڕوونی نەکردووەتەوە، کە وازهێنانی ئەم دوو خۆبەخشە بە چ هۆکارێک بووە..؟!

شایانی باسە؛ سەربازانی خۆبەخش بە سەربازی دێرینیش لە ئیمپراتۆریای عوسمانی هەژمارکراون، ئەوەتا میری میرانی پێشووی ئەیالەتی شارەزوور (مەحموود پاشا) لە ڕۆژی ٢٢ی تەشرینی یەکەمی ١٥٨١ز داوای زەوییەکی بە شێوەی دەرەبەگی سوپایی (تیمار) کردووە، کە کۆی داهاتەکەی بایی (٢٠٠٠- ٣٠٠٠ هەتا ١٩,٩٩٩) ئاقچە بێت، واتە: زەوییەک بە خەمڵاندنی ساڵانە داهاتەکەی بگاتە نزیکەی (٥ ,١- ٢٥ ,٢ هەتا ١٥) لیرەی زێڕ، کە وەک پاداشتێک بە فەرماندەیەکی سوپای خۆبەخشەکان لە شارەزوور بەناوی (حوسێن) ببەخشرێت، لەبەرئەوەی ناوبراو وەک فەرماندەیەکی دێرینی سەربازە خۆبەخشەکان لە سنوورەکانی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی (سەنجەقی شارەزوور) خزمەتێکی زۆری کردبووە (١٣)، هەروەها لە پاڵ مانەوەی فەرماندە و سەربازە خۆبەخشە دێرینەکانیش لە ئەیالەتی شارەزووردا، بەڵام زۆرێک لە سەربازانی خۆبەخش ئەیالەتی شارەزووریان بەجێیهێشتووە، بۆ نموونە: (مەهدی کوڕی قول) کە سەربازێکی خۆبەخش بووە، لە قەڵای بانەی ئەیالەتی شارەزوور شوێنی کارەکەی بەجێ دەهێڵێت، ئەمەش دوای ڕاگەیاندنی بە دیوانی سوڵتانی عوسمانی لەلایەن (سلێمان بەگ)ی فەرمانڕەوای سەنجەقی بانە (١٤)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی فەرمانڕەوای بانە بە بەردەوامی پێوەندی لەگەڵ دیوانی سوڵتانی عوسمانی هەبووە، هەر بۆیەش نامەیەکی دەربارەی (حاجی میرانشا)ی بۆ ئیستانبوڵ ناردووە و وەسفی ناوبراوی کردووە، کە جەنگاوەرێکی خۆبەخشی دیاری شەڕی قەڵای (تەنور- تنورە) بووە، بەڵام ئەویش بەخواستی خۆی شارەزووری بەجێهێشتووە، هەروەها کەسێکی دیکەیش بەناوی (حەیدەر)، هەمان کاری کردووە، وادیارە (حەسەن بەگ)ی میری سەنجەقی قزڵجەش ئەوەی خستووەتەڕوو کە (خدری کوڕی سنانە) کە سەربازێکی خۆبەخش بووە لە شارەزوور، ئەویش وازی لە کارەکەی هێناوە و لە قزڵجە ڕۆیشتووە (١٥).

بەوردبوونەوە لە ناواخنی تۆماری بەڵگەنامەکاندا سەربازێکی زۆری خۆبەخش، تەنانەت فەرماندەی هەڵکەوتووش لە قەڵاکانی سەنجەقەکانی شارەزوور هەبوونە، کە لەگەڵ ئیمپراتۆریای سەفەوی هاوسنوور بوون، بەڵام ڕۆیشتنی ئەم سەربازە خۆبەخشانە وەک لە بەڵگەنامەکاندا نووسراوە بە خواستی خۆیان بووە، بەڵام بە تەواویش هۆکاری پشت ئەم خواست و بڕیارەی سەربازانی خۆبەش، کە لە بەڵگەنامەکاندا نووسراون، بە خواستی خۆیان وازیان هێناوە و هێشتا هەر بە نادیاری ماوەتەوە، چونکە هیچ بەڵگەنامەیەک بە دەست و خەتی سەربازانی خۆبەخش لە سەنجەقەکانی ئەیالەتی شارەزوور لە ئەرشیڤی عوسمانی هەڵنەگیراوە، بەڵکوو تەنیا نامەی میری سەنجەق و ئەیالەتەکان لە تۆمارەکانی دیوانی سوڵتانی عوسمانی نووسراونەتەوە و پارێزراون.

**دەرئەنجام:**

**یەکەم:** دامەزراوە زانستییەکانی کوردستان، گرنگە لای زیاتر لە ئەرشیڤی ئیمپراتۆریای عوسمانی بکەنەوە، بە تایبەتی لە هێنانەوەی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مێژووی کوردستان، هەروەها ناردنی توێژەری لێهاتوو و دڵسۆز بۆ

ئەوەی بە شێوەیەکی وردتر و زانستیانەتر کار لە سەر پرۆژەی نووسینەوەی مێژووی کورد لە سەردەمی عوسمانی بکرێت، چونکە ئەو ماوەیەی حوکمڕانی عوسمانی لە کوردستان هێشتا بە تاریکی ماوەتەوە، هەموو لایەنەکانی ئەو ماوەیە کە نزیکەی چوار سەد ساڵە، بە تەواوی توێژینەوەی لە بارەیەوە نەکراوە.

**دووەم:** دەفتەری کارە گرنکەکان (مهمە دفتری)، کە تێکڕای ژمارەکانی دەگاتە (٤٠٠) دانە، بەڵام تەنیا (٢٦٢) دانەی بۆ توێژەران بەردەست، کە مێژووەکانیان بۆ ماوەی ساڵانی ١٥٥٣- ١٩١٥ز دەگەڕێنەوە، بەڵام هەموو دەفتەرەکان بۆ سەر زمانی کوردی وەرنەگێڕدراون، یان هەر لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە نەکراوە، بە ڕاستی بەشێکی مێژووی نەبینراوی کورد لەم دەفتەرانەدا نووسراونەتەوە و هەڵگیراون، بەڵام خۆشبەختانە ئەم دەفتەرانە بۆ توێژەران بەردەستن، گرنگە چیتر کەمتەرخەمی لە نووسینی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی مێژووی کورد لەبەر ڕووناکی ئەم دەفتەرانە نەکرێت.

**سێیەم:** ئەیالەتی شارەزوور یەکێک لە ئەیالەتە گرنگەکانی سنووری خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی بووە، کە لە دوای پێکهێنانی وەک ئەیالەتێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی پەیکەری کارگێڕی عوسمانیدا کاریگەرییەکی بەرچاوی لە ڕووی سیاسی، سەربازی، ئابووری، جڤاکی و کارگێڕی هێنایەکایەوە، هەر بۆیەش لە ڕووی سەربازییەوە کاریگەری لەسەر خەڵک دروست کرد ڕوو لە کاری سەربازی خۆبەخشی بکەن، کە ڕۆژانە کرێی کاری سەربازییان پێ دەدرا، بە هاوتەرییبیش وازهێنان و گواستنەوە بۆ شوێنێکی دی لە کاری سەربازی خۆبەخشیش هاتەکایەوە، بە تایبەتی لە نێوان سەنجەقەکانی ئەیالەتی شارەزووردا.

**چوارەم:** لە خوێندنەوەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی، بەتایبەتی لە دەفتەری کارە گرنگەکان، بەشێکی ژیان و بژێوی خەڵک لە ئەیالەتی شارەزوور بە دەردەکەوێت، کە لەسەر کاری سەربازی خۆبەخشی بووە، بە تایبەتی لە دوای سەپاندنی هەژموون و دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە شارەزوور، ئەمەش کاریگەری لەسەر دانیشتووانی شارەزوور هێناوەتەکایەوە، بە تایبەتی لەو سەنجەقانەی کە دانیشتوانەکەی هاوسنووری ئیمپراتۆریای سەفەوی بوونە، وەک: سرۆچک، بانە، قزڵجە و شارەزوور.

**پێنجەم:** فەرمانده و سەربازانی خۆبەخش لە ئەیالەتی شارەزوور و سەنجەقەکانی لە دوای خانەنشینبوونیان، بە سەرباز و فەرماندەی دێرین ناوزەدکراون، هەروەها لە ڕووی بژێوی ژیان چاودێری کراون، تەنانەت بەشێک لەم فەرمانده و سەربازانە زەوییان بە شێوازێکی پەیڕەولێکراوی عوسمانی پێ بەخشراوە، ئەمەش دەری دەخات کە فەرمانده و سەربازانی خۆبەخشی عوسمانی پێگەی سەربازی و کۆمەڵایەتییان پارێزگاری لێکراوە.

## لیستی سەرچاوەکان:


یەکەم: بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان: لە سەرۆکایەتی فەرمانگەی ئەرشیڤی عوسمانی لە شاری ئیستانبوڵ

:Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı (BOA)

١-دەفتەری کارە گرنگەکان (مهمە دفتری- :(Mühimme Defteri

-(BOA):A.DVNS.MHM, Defter No:7, Hüküm No: 1904, 2264.

-(BOA):A.DVNS.MHM, Defter No:45, Hüküm No: 630, 1465, 1680, 1836, 3205-3206

3226, 3234, 3249, 3250, 3251, 3252.

٢- دەفتەری داراییە گوێزراوەکان: Maliyeden :((Müdevver Defter(MAD

-(MAD), Defter No: 17937.

**سێیەم: كتێب:**

- خليل علي مراد، العراق في العهد العثماني ١٦٣٨-١٧٥٠ دراسة في الإدارة العثمانية والحياة الإقتصادية، الرافدين للطباعة والنشروالتوزيع، لبنان - بيروت، ٢٠١٨.

- د. فاضل بيات، الدولة العثمانية في المجال العربي: دراسة تاريخية في الأوضاع الإدارية في ضوء الوثائق والمصادر العثمانية حصرا مطلع العهد العثماني - أواسط القرن التاسع عشر، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٧.

**چوارەم: فەرهەنگ:**

-Yusuf İhsan Genç ve Dr. Mustafa Küçük.. (Hazırlayanlar); Başbalanlık Osmanlı Arşivi Rehberi, Başbakanlık Basımevi, Devlet Arşivleri Genel Müdürlüğü Yayınlar, Üçüncü Baskı, İstanbul, 2010.

**ليستى پەراوێزەكان:**

(١) خليل علي مراد، العراق في العهد العثماني ١٦٣٨ - ١٧٥٠ دراسة في الإدارة العثمانية والحياة الإقتصادية، الرافدين للطباعة والنشروالتوزيع، لبنان - بيروت، ٢٠١٨، ص ١٢٤.

(٢) المصدر نفسة، ص ٥٣-٥٤.

(٣) د. فاضل بيات، الدولة العثمانية في المجال العربي: دراسة تاريخية في الأوضاع الإدارية في ضوء الوثائق والمصادر العثمانية حصرا مطلع العهد العثماني - أواسط القرن التاسع عشر، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٧، ص ٣٦٠ و ٣٧٥.

(4) Yusuf İhsan Genç ve Dr. Mustafa Küçük..(Hazırlayanlar); Başbalanlık Osmanlı Arşivi Rehberi, Başbakanlık Basımevi, Devlet Arşivleri Genel Müdürlüğü Yayınlar, Üçüncü Baskı, İstanbul, 2010, S 7-21.

(5) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM, Defter No:7, Hüküm No: 1904, S690.

(6) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM, Defter No:7, Hüküm No: 2264, S827.

(7) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):Maliyeden Müdevver Defter(-MAD), Defter No: 17937, S30.

(8) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM, Defter No 45.Hüküm No 1465, S125.

(9) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM, Defter No 45.Hüküm No 1680, S143.

(10) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM, Defter No 45.Hüküm No 1836, S157.

(11) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM, Defter No 45, Hüküm No 630, S 52.

(12) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM, Defter No 45.Hüküm No 3205-3206, S268.

(13) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM, Defter No: 45, Hüküm No: 3226, S270.

(14) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM.Defter No: 45, Hüküm No: 3234, S270.

(15) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM, Defter No: 45, Hüküm No: 3249, 3250, 3251, 3252, S271.

# فرەدەنگیی (پۆلیفۆنی) ئێپیسۆدەکان له دراماتورگی میرهولددا

د. فازڵ جاف

(١- ٢)

ڕەخنەگرانی شانۆی ڕووسی هەر لە سەرەتای قۆناغی بیۆمیکانیک و بیناگەرایی ئاماژەیان بەوە کرد کە میرهولد لە نمایشەکانیدا بە کردەوە تەکنیکێکی دراماتورگییانەی نوێ پیادە دەکات، مەبەستمان تەکنیکی پۆلیفۆنیکە، کە بە زۆری لە چیرۆک و ڕۆمان-دا بە کار دەبرا. دۆستۆیڤسکی پێشەنگی بەکارهێنانی شێوازی پۆلیفۆنیک لە ڕۆمان -دا، ڕەخنەگری گەورەی ڕووسیا (میخایل باختین) لە توێژینەوە بەناوبانگەکەیدا (دۆستۆیڤسکی) زۆر بە چڕی و بەقووڵی باس لە تەکنیکی پۆلیفۆنی لە ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی دەکا.

وا پێویست دەکا هەر لە سەرەتاوە تایبەتمەندێتی ئەم دەستەواژەیە لەلای میرهولد ڕوون بکەمەوە، چونکە میرهولد پۆلیفۆنێکی وەک ڕۆماننووسەکان بەکار نەهێناوە، ئەمە خاڵێکی گرنگە و پێویست دەکا هەر لە سەرەتاوە ئاماژەی پێ بکەم. پولیفۆنی لە ڕۆماندا فرەدەنگی لە گێڕانەوە و جیاوازی بۆچوون و دیدگای کەسایەتییەکاندا بەرجەستە دەکا، بەڵام لە بنیادی دراماتورگی لەلای میرهولد، مەبەست لە فرە ئێپیسۆدییە، فرە ڕووداو و فرە دیمەن و فرە تۆنییە، بۆیە دەکرێ بڵێین کە پۆلیفۆنی میرهولد شێوازێکی موزیکانەی هەیە. وەک چەند تۆنێکی جیاوازی ناو سیمفۆنیایەک کە هاوکات لە هارمۆنیا و بە هاوئاهەنگی خۆیان دەنوێنن. خۆ ئەگەر بڵێین پۆلیفۆنیی دۆستۆیڤسکی لە ئاخاوتن، لە دیالۆگدایە، لە بەرانبەردا، پۆلیفۆنی میرهولد لە فرەتۆنی یەکەکانی ناو دیمەکاندایە، سەرەتا لە پێکهاتی دەقەوە دەست پێ دەکات، ئەوجا پەلوپۆ بۆ ناو هەموو پێکهاتی نمایشەکە دەهاوێ. ئەم پرۆسەیەش کاری دراماتورگی بە ڕەگەزەکانی دیکەی دەرهێنانەوە دەبەستێتەوە. هەروەک پێشتر باسمان کرد، میرهولد بۆ یەکەم جار لە نمایشی (ساویلکەی شاخدار)ی نووسەری بەلچیکی (فیردیناند کرۆمینکۆ) و نمایشی (دارستان)ی (ئۆسترۆڤسکی) و نمایشی (پشکنەر)ی (گۆگۆل) دا، بە ڕای زۆربەی ڕەخنەگران، لە بەکارهێنانی تەکنیکی فرەدەنگیدا گەیشتە لووتکە.

هەروەک پێشتر باسمان کرد، میرهولد بۆ

یەکەم جار ساڵی ١٩٢٢ لە نمایشی (ساویلکەی شاخدارد)دا کە لە نووسینی نووسەری بەلجیکی (فیردیناند کرومگینکۆ) بوو، بەڵام لە نمایشی دارستان و پشکنەردا وەک پیشتریش ئاماژەم پێ کرد، لە بەکاربردنی شێوازی فرەدەنگی لە دەقدا، بە ڕای ڕەخنەگران گەیشتە لووتکە.

بەڵام بۆ تێگەیشتن لە جۆر و شێوازی تەکنیکی فرەدەنگی لەلای میرهولد، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دوو نمایشی سەردەمی کارکردنی لە سەر چەمکی شێوازگەرایی لە سەروبەندی کارکردنیدا لە شانۆ ئەلیکسەندەرینسکی: دۆن جوانی (مولێیر) و ماسکەراد (ئاهەنگی ماسکپۆشین)ی لێرمەنتۆف.

## نمایشی (دۆن جوان)

مامەڵەکردنی دراماتورگیانەی میرهولد لەگەڵ دەقی (دۆن جوان)، وەک ڕەخنەگرانی ئەو سەردەمە باسیان کردووە، پێوەندییەکی پتەوی بە ستیلی دەرهێنانی میرهولدەوە هەبووە، هەندێک جاریش، وەک پاشتر باسی دەکەم، پێوەندی بە نواندن و چارەسەرکردنی کێشەی ئەکتەرەوە هەبووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە: شانۆی ئەلێکسەندەرینسکی گەورەترین شانۆی قەیسەری ئەو سەردەمە بوو، سەرەتا بەرانبەر شێوازی کارکردنی میرهولد بوون، دوودڵ و تا ڕادەیەک دژ بوون، ئەکتەرە بە ناوبانگەکانی ئەو شانۆییە زۆربەیان لە سەر شێوازێکی کۆنەباو (تەقلیدی) ڕاهاتبوون، هیچ گۆڕانکارییەکیان لە دەرهێنەرێکی ئەزموونگەری گەنجی وەک میرهولد، بە ئاسانی قبووڵ نەدەکرد.

میرهولد بەر لەوەی کار لەسەر (پشکنەر) بکا، ئەم شێوازەی لە زۆربەی نمایشەکاندا بەکار هێنابوو، بەڵام لە (پشکنەر)ی (گۆگۆل) و (دارستان)ی (ئۆستروڤسکی) و (خاوەن مێشک بەشی مەینەتییە)ی (ئۆستروڤسکی) ئەم ستیلە دراماتورگییە نوێیەی بەتەواوەتی چەسپاند.

هەر لە نمایشەکانی سەرەتای قۆناغی سیمبولیزمەوە گۆڕانکارییەکانی لە چوارچێوە و بنیادی دەقەوە دەستی پێ کرد، ئەوەبوو لە (دۆن جوان)ی مۆلێیردا میرهولد گۆڕانکارییەکی بەرچاوی جێبەجێ کرد. ئەم گۆڕانارییە تەنیا تەختەی شانۆی نەگرتبووەوە کە لە سەر شانۆی ئەلیکسەندەرینسکی، گەورەترین شانۆی ڕووسیای قەیسەری کردی، بگرە گۆڕانکارییەکە سەرتاپا بینای شانۆنامەکەی گرتبووەوە، بەڵام بەبێ لابردنی هیچ بەش و دیمەنێک، دەرهێنەر تەنیا جێگۆڕکێی بە دیمەنەکان کردبوو، بەتایبەتی پاش و پێشخستنی مۆنۆلۆگەکان، ئەم هەنگاوەش بۆ ئەو کاتە، بە سیمایەکی هەرە زەقی ئەو دەستکارییە دراماتورگییە دادەنرا.

دراماتورگی میرهولد و دیدگەی ئەو بۆ دەقی نووسەر لە جیهانبینییەکی قووڵی ئیستێتیکیانەوە سەرچاوە دەگرێ، جیهانبینییەک کە پێوەندی نێوان جیهان، وەک ئەوەی هەیە لەگەڵ جیهان وەک ئەوەی لە هونەری شانۆدا و لە پانتایی نمایشەکەدایە، دەخاتە ڕوو. جوداکردنەوەی ئەم دوو جیهانە لە دراماتورگی میرهولددا بەردی بناغەی داهێنانیەتی. جیهانبینی لە دیدە ئیستێتیکییەوە هەر زۆر زوو و لە هەڕەتی لاوێتییەوە میرهولدی لە هەموو ڕێژیسۆرانی سەردەمی خۆی جیاکردەوە، بەتایبەتیش کە پاشتر لە شانۆی قەیسەریدا وەک دەرهێنەری شانۆ و ئۆپێرا و بالێ لە هەردوو شانۆی قەیسەری، شانۆی ئەلێکسەندەرینسکی (شانۆی

درامـی) و شـانۆی مارینسکی (شـانۆی ئۆپێـرا و بالـێ) دەسـت بـەکار بـوو.

لـەم قۆناغـەدا کـە دەکاتـە دە سـاڵ لـە کارکردنی چڕی بـەردەوام، مییرهولـد دژ بە بەرجەستەکردنی واقیـع و جیهـان لـە سـەر شـانۆدا، فۆتۆگرافییانـە کتومـت وەک خـۆی، ئـەو توانـی چەمکـی شـێوازگەرێتی بخاتــە ئـاراوە و داهێنەرانـە کاری لـە سـەر بکات.

مییرهولدناسـی گـەورەی ڕووسـیا کۆنسـتنتین ڕۆدنیتسکی لـە کتێبەکەیدا (مییرهولـد: دەرهێنـەر) دەڵێـت: مییرهولـد چەمکی شـێوازگەرێتی بەرانبـەر بـەو شێوازە داهێنا کـە شانۆی هونـەری مۆسکۆ لە بەرجەسـتەکردنی کلاسیکدا بـەکاری دەبـرد، ئەمەش بـەو مانایـە دێ کـە ستانیسلاڤسـکی، شانبەشـان لەگـەڵ هاوکارەکـەی (نۆمیرۆڤیـچ دانچێکـۆ) لـە کاری دراماتورگیـدا، لـە نمایشـکردنی (یۆلیـۆس سـیزەر)ی شەکسـپیر و (پشـکنەر)ی گۆگـۆل-دا ڕیچکەیەکیـان گرتەبـەر کـە مییرهولـد نـاوی لـێ نابـوو نمایشی موزەئاسا. ئـەم شـێوازە ناتوڕالیستە لـەو سـەردەمەدا بـۆ نـاو زۆربـەی شـانۆکانی مۆسکۆ تەشـەنەی کردبـوو. مەبەسـتی سـەرەکی مییرهولـد، وەک لـە وتارەکانـی پێشـوودا باسـم لێـوە کـردووە: بەرجەسـتەکردنی نـاوەڕۆک و جەوهـەری واقیـع بـوو لـە شـێوازی هونـەری و فۆرمـی شـانۆییدا، نـەک گواسـتنەوەی تـەواو و کتومـت وەک خـۆی بـۆ سـەر شـانۆ. بـەم چەشـنە چارەسـەری دراماتورگییانـەی مییرهولـد هـەر لـە سـەرەتاوە هـەردوو ڕەهەنـدی دەق و نمایـش دەگرێتــەوە و ئاوێزانـی یەکتریـان دەکا.

لـە ڕووی دەقـەوە خۆ دەربازکـردن لە پابەندبوون بـە ڕابـوردووەوە لـە پرۆسـەی دراماتورگیـدا بـە ئەرکـی سـەرەکی دەزانـی، وەک ئەوەی لە نمایشـی دۆن جـوان و پشـکنەر و دارسـتاندا ئەنجامـی دا. بـۆ نموونـە مییرهولـد، تـەواو بەپێچەوانـەی ستانیسلاڤسـکی، کات و زەمانـی شـانۆگەرییەکەی نەبـردەوە بـۆ سـەردەمی لویسـی چواردەیـەم، بـەو چەشـنەی کـە مۆلێیـر دایڕشـتووە، بگـرە کات و سـەردەم لـە نمایشـەکەی ئـەو ئێسـتایە، ئـەم ڕێسـایە پشـکنەر و دارسـتانیش دەگرێتـەوە، هەمـوو ئـەم نمایشـانە بـۆ بینـەر سـەردەمییانە بوون، بـە پێچەوانـەی نمایشـەکانی شـانۆی هونـەر لـە مۆسـکو، کـە مەبەسـتی سـەرەکی تێیانـدا ئەوەبـوو بینـەر بباتـەوە بـۆ سـەردەمی ڕابـوردوو، سـەردەمی ڕووداوەکان، ئـەو سـەردەمەی کـە نووسـەر باسـی لێـوە دەکات، زەقتریـن نموونـەش لـەم ڕووەوە شـانۆگەری یۆلیـۆس سـیزەرە کـە ستانیسلاڤسـکی کاری دەرهێنانـی بـۆ کـرد.

## دراماتورگی لە پرۆسەی نواندندا

کۆنسـتانتین ڤارمالـۆڤ کـە یەکێـک بـوو لـە ئەکتـەرە کلاسـیکییە بەناوبانگەکانـی شـانۆی ئەلێکسەندەرینسـکی و لـە دۆن جـوان-دا ڕۆڵێکـی گرنگـی نمایـش دەکـرد، ڤارمالـۆڤ دژ بـە هەمـوو سـتیل و گۆڕانکارییەکـی نـوێ بـوو، بۆیـە هەرگیـز نەیدەویسـت گوێڕایەڵـی مییرهولـد بـێ. ئـەو ئەکتەرێکـی بـە سـاڵاچوو بـوو، بەپێچەوانـەی مییرهولـد تاقەتـی هیـچ ئەزمـوون و تاقیکردنەوەیەکی نوێـی نەمابـوو، بۆیـە هـەر لـە سـەرەتاوە ئـاگاداری کردنـەوە کـە ئـەو خـۆی دەزانـێ چـی دەکا و چـۆن ڕۆڵەکـەی خـۆی نمایـش دەکا، وەک خـۆی دەیگـوت: تـەواو شـارەزای شـانۆنامەکە و ڕۆڵەکـەم. ڤارمالـۆڤ لـە بـەر تەمـەن نەیدەتوانـی لـە سـەر شـانۆ زۆر بجووڵـێ، بـەو شـێوەیەی کـە کارەکتەرەکانـی شـانۆگەرییەکە، بـە کەسـایەتی دۆن جـوان-یشـەوە بـەردەوام لـە جووڵـەدا بـوون، ئـەو تەنانـەت نـەی دەتوانـی بـۆ ماوەیەکـی زۆر لـە سـەر پـێ بوەسـتێ، بۆیـە مییرهولـد بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی

شانۆییانە کێشەکەی ڤارمالۆڤا بە شێوازی شانۆواندن (التمسرح)، شێوازێک کە یەکێک لە فێڵەکانی کۆمیدیا دێل ئارتێمان بیر دەخاتەوە، بەشێوەیەک کە لەگەڵ جیهانی مۆلێیریش باش دەگونجێ.

میرهولد بە هاوکاری گۆلۆڤین (سینۆگراف) دوو کورسی لەم لا و ئەولای شانۆکە بۆ ڤارمالۆڤ دانا، ئەمە هێشتا هەموو شتێک نەبوو، میرهولد پرۆسینیۆمی (پێشەوەی ستەیجەکە)ی هێنایە پێش بۆ ناو بینەران (ئەمە بیست ساڵ بەر لەوەی برێخت ئەم کارە بکا)، بەڵام ڤارلامۆڤ دیالۆگەکانی لەبەر نەکردبوو و نەشیدەتوانی بەبێ سفلۆر (ملقن) ڕۆڵەکەی خۆی نمایش بکا، ڕۆڵەکەشی حەوت مۆنۆلۆگی درێژی تێدا بوو. میرهولد دەیزانی کە ڤارمالۆڤ بەبێ سفلۆر ناتوانی ڕۆڵ ببینێ، بۆیە داوای لە گۆلۆڤین کرد کە دوو سکرینی جوانی، یەک لای ڕاست و یەک لای چەپ بۆ دروست بکات. لە پشت هەر یەکیان سفلۆرێکی بارۆکەلەسەر وەستاوە، هەردووکیان جلوبەرگی سەردەمی لویسی چواردەیان پۆشیوە، بە چەشنی کارەکتەرەکانی کۆمیدیا دێل ئارتی بارۆکەکانیان پڕ کرابوون لە پۆدرە، هەردوو سفلۆرەکان بوون بە بەشێکی چێژبەخش و پرۆژەی نمایشەکە.

جووڵەی ئەکتەرەکان و ئاماژەکانیان لە دەوری کەسایەتی ڤارمالۆڤ وەک تابلۆیەک خۆی دەنواند، کە هەمووی لە دەوری ئەودا دەسووڕانەوە و دەجووڵانەوە، بە ئەندازەیەک بینەران پێیان وابوو کە ڤارمالۆڤیش وەکوو ئەوان لە جووڵەدایە.

لە کۆتایی ئەم ئەزموونە گرنگەدا، بە قسەی گۆلۆڤین، ڤارمالۆڤ دەربارەی میرهولد گوتبووی: ئەمە دەرهێنەرێکی ڕاستەقینەیە، کە منی لە دوای دواوە هێنایە پێشی پێشەوە، بە ئەندازەیەک کە هەموو کەسێک دەمبینێ و هەموو کەسێکیشم لێوە دیارە. وا دیارە ڤارمالۆڤ بەر لە میرهولد لەبەر پەککەوتەیی و بێ هێزی بەزۆری لە بنەوەی شانۆ ڕۆڵی دەبینی.

دۆن جوان لە ٦ سەرماوەزی ساڵی ١٩١٠ نمایش کرا، هەر لەو ڕۆژەدا کە لێڤ تۆلستۆی کۆچی دوایی کرد، نمایشەکە تاکوو ساڵی ١٩٣٢ بەردەوام بوو.

### نمایشی (ماسکەراد) ئاهەنگی ماسکپۆشین

ئەرکی دراماتورگی میرهولد لە نمایشی ماسکەرادی نووسەری ڕووسی (لێرمۆنتۆڤ)، وەک میرهولدناس ڕودنیتسکی دەڵێت: لە دوو مۆتیڤدا چڕ بووبووەوە، یەکەمیان بەرجەستەکردنی ژینگەیەکی واهیمەیی کە کەسەکانی وەکوو تارمایی تێدا دەردەکەوتن، وەک ئەوەی خۆیان نەبن و کەسانی تر بن، هەموو وەک وەک ماسک و ئاماژە و هێما دەردەکەوتن، وەک ئەوەی کەسەکان لە ڕووی فیزیکییەوە هیچ ماسکێکیان نەپۆشیبێ، هەموویان لە دیوی ناوەوەیان لە واقیع و ژیانی ڕۆژانەیاندا دەمامکدار بن. ئەم ماسکە نادیارانە، تەنیا بۆ ئەوە نییە کە ڕوخساریان بشارێتەوە، بگرە بۆ ئەوەیە هەستی ڕاستەقینەیان بشارێتەوە و لەناویان ببات.

مۆتیڤی دووەم، کە بایەخی بە هیچ جۆرێک لە مۆتیڤی دووەم کەمتر نییە، کە وەک لە خودی شانۆنامەکەی لێرمێنتۆڤ -دا بەدی دەکرێ، ئەوەیە کە یاریکردن و خۆنواندن جێگەی ژیانی ڕاستەقینە دەگرێتەوە.

ڕاستییەکەی ئەرکی دراماتورگی بەپێی ئەو چەمکەی کە میرهولد کاری لە سەر کردووە،

دیسانەوە بە مەبەستی سەرەکی لێکدانەوەیەکی هاوچەرخانە و سەردەمیانەی شانۆنامەکە بووە، دیسانەوە بە مەبەستی ئەوەی جیهانی نووسەر بگوازێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی ئێستا و ئەم سەردەمە.

پیشاندانی ڕواڵەتی ساختە و دەستکرد لە ڕێگەی ماسک و دەمامک پۆشین و یاریکردن بە کارتی یاری و ڕەفتار و ئێتیکێتی درۆزنانە، هەموو ئەمانە لە پێناوی شاردنەوەی کێشە ڕاستەقینەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بوون کە مییرهولد لە ماسکەرادی لێرمێنتوف -دا خستینییە ڕوو.

لە ساڵی ١٩١١ و لە سەرەتای کارکردنی لە شانۆنامەکەدا، مییرهولد دەربارەی ناوەڕۆکی شانۆنامەکە دەنووسێ و دەڵێ: شانۆنامەکە تەژییە لە کەسانی (ئیبلیس) ئاسا، کەسانی ناو ئەو ژینگەیە لە ئەهریمەن دەچن. لەم بۆچوونەشدا، تا ڕادەیەکی زۆر لە جیهانی دۆستۆیڤسکی و لە جیهانی ناو ڕۆمانی (شەیتانەکان) نزیک دەبێتەوە، ئەمانە وەک خۆی دەڵێ: بە ڕادەیەکی ئەوتۆ لە دڕندەییدا بێباک و دڵڕەقن، کە دوای کوشتنی هەر مرۆڤێک بەوپەڕی ئاسوودەییەوە پێدەکەنن. هەر ئەم لێکترازان و ناکۆکی و دژایەتییەکانی ناو ئەو ژینگەیە (چ لەسەر ئاستی کەسایەتییەکان و ئارەزوو و ویستی نائینسانییانەیان) شەقڵێکی گروتێسکئامێزی قووڵی ئەوتۆی بە نمایشەکە بەخشیبوو کە بوو بە مایەی ئەوەی بە یەکێک لە وێستگە پرشنگدارەکانی مێژووی شانۆی ڕووسی هەژمار بکرێ. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە سەر وێنەی جلوبەرگی ئەکتەرەکان، کە سینۆگرافی گەورەی ڕووسیا (ئەلیکسەندەر گلۆڤین) دیزاینی کردبوون، مۆرکی گروتێسکانەی نمایشەکە لە ڕووی جلوبەرگ و بەکارهێنانی ماسکەوە بەڕوونی دەردەکەوێ.

هەر لە دیدگەی دراماتورگییەوە، مییرهولد بەر لەوەی بەکردەیی بچێتە ناو پرۆسەی دەرهێنانەوە، جیهانبینی خۆی وەک هزر و بیر ساغ دەکاتەوە و باسیان لێوە دەکا، بەو مەبەستەی کە ئەکتەرەکانی باش لە بیرۆکەی دەرهێنەر و نمایشەکە بگەن، ئەوەشیان بۆ دووپات دەکاتەوە، کە بۆچوون و بیرۆکەی ئەو سەبارەت بەو دەقە کلاسیکە، بۆچوونێکی سەردەمیانەیە و ئاوێنەی ئێستا و ئێرەی ڕووسیای ئێستایە، ڕووسیایەک کە لە لێواری گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی گەورە بوو، ڕووسیایەک کە لەسەر بۆمبێک بوو، کە ئەوەندی نەخایاند، هەر کە ئێوارەی نمایشکردنی ماسکەردا زرمەی گوللە تۆپەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەبیسترا، ئەو زرمەیەی کە مییرهولد لە ماسکەرددا پێشبینی دەکرد.

نمایشەکە کە لە ساڵی ١٩١٧ دەستی پێ کرد تاکوو ساڵی ١٩٤٤ بەردەوام بوو، ڕاگرتنەکەشی تەنیا لەبەر ئەوەبوو کە دیکۆرەکانی لە سەروبەندی دووەمین جەنگی جیهان بەر بۆمبابارانی فڕۆکەکانی ئەڵمان کەوت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نمایشی ماسکەردا هەر بەردەوام بوو، تەنانەت کە دەرهێنەرەکەی چوار ساڵ بوو بە دەست ڕژێمی ستالین کوژرابوو.

وەک ڕودنیتسکی دەڵێ: لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا، کە مییرهولد لە شانۆی قەیسەری (شانۆی مارینسکی و شانۆی ئەلێکسەندەرینسکی) دا کاری کرد، هەموو نمایشەکانی، بە شانۆی درامی و شانۆی باڵێ و ئۆپرالی پێشەنگ و ڕچکەشکێن و دژەباو بوون.

# ئاواز و گۆرانی هەورامان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە

دارا هەورامانی
(سلێمانی)

( ٢- ٢ )

یەکێکی تر لەو ژنە هونەرمەندە دەنگ خۆشانە: (سەرشین خۆرەند)ـە، بە سۆزی ئەوینەوە ئاوازی شیرین، ئاوازێکی شێخانەی چڕیوە، لە بەرنامەی هەوارگەی ژندا، زۆر جوان ئاوازەکەی وتووە: (سەرشین) خانم هەموو ئاوازێک بە جوانی دەڵێت، بۆ هونەرمەندی کۆچ کردوو (سەباح هەورامی) شینی گێڕاوە، دیارە ئاوازەکە دەچێتە خانەی چەمەرییەوە، ئەمەش چەمکی ئاوازەکەیە، کە (سەرشین) خانم چڕیویەتی:

هەرەسێ ئامێنە پووش بە دەمەوە
لاشەو (سەباح)یش کەرد بە چەمەوە
ئەدات کۆرە بۆ نەوینۆ دەرەت
کەردشا پەیت یانەی بێ بەرەت
یانێوت کەردەن سەرە ڕێی کانی
با بۆ بە یادگار هانە شارانی
یانێوت کەردەن جە وەراوەرم
ئانە چایەکەی سوبح و سەحەرم
قەوما و خوێشا گرد یانە و وێشان
منیچ مەنێنا خاتر پەرێشان
سەباحی ساڵحان توولەو بەیانی
تۆ کوچت کەردەن پەی خار گێلانی) (١٢)

هەمان سەرچاوە.

ئەم ژنە هونەرمەندە، هەم شاعیرە، هەم ئاوازدانەرە، هەم گۆرانی واچی فرە دەنگ خۆشە، هەم عیشقی عیرفانی ئارامی ژیانیەتی، ئەوە سیاچەمانەی (بەرزی هەواران)ی چڕیوە، شالوور، مەل و باڵندە، بە سەرسامی بۆ ئەم خانمە بلیمەتە بە دەوریا جریوە جریویانە، ئەمەش ئاوازێکی ترە بە شێوەی شێخانە:

(ئەڵڵا یا ئەڵڵا بەسەر زارەوە
سوارێو ئامان دەس بە (دەف)ـەوە
ڕێحانم کاڵان بە دەمەو دارێ
هەر وێم بە قوربان شێخ و بیارێ
ڕێحانم کاڵان بە دەمەو بێڵێ
هەر وێم بەقوربان شێخ و تەوێڵێ
خۆزگەم بەو ئاوەی ملۆنە سیروان
ملۆ زیارەت حاجی شێخ عوسمان) (١٣)

هەمـان سـەرچاوە.

(ئەمـڕۆ لەنـاو گشـت لـق و جۆرەکانـی ئـەدەب و هونـەردا، هیـچ کامیـان وەک موزیـک و گۆرانـی و سـروود (بـە مانـای بـەرزی ویژدانـی و ڕوحـی) کاریگـەر نییـە) (١٤) کۆ بەرهـەم بەرگـی پێنجەم، ل٢٠٥.

ئێمـە ئێسـتا باسـی موزیکـی هەورامـان و ژیـرلاو مـەرێ و ئەنجوومەنـی ژیانـی هەورامـان دەکەیـن، یەکێـک لـە ئەندامانـی ژیـرلاو مـەرێ سـەروکاری موزیکـی کـردووە، بـەڵام ئەنجوومەنـی (ژنـان)ی ئێسـتا نوێکـەرەوەی هەمـان ئەنجوومەنـی ژیرلایـە، ئـەم ئەنجوومەنـە بـە شـێوازێکی فراوانتـر بایـەخ بە هونـەری موزیـک دەدات، هـۆکاری گرنگیدانـی ئـەم ئەنجوومەنـە بـە ئـاواز و گۆرانی، ئەوەیە ڕاسـتەوخۆ ویـژدان و ڕوحـی مـرۆڤ، بـە دەنگـی ڕەسـەنیان دەهەژێنێـت، هەمـوو ئـاوازەکان سـازدەکەن. بـە شـیعری خۆماڵـی و واتـای شـیعرەکان، ئـاوازەکان لەگـەڵ هەمـوو ڕیتمـە جۆربەجـۆرەکان ئاوێـزان دەکـەن. دیـارە مـرۆڤ هێشـتا پێویسـتی بـە (بزوێنـەری دەروونـی) هەیـە، چونکـە ئامانجـی ئەو ژنانـە، کـە لەنـاو ئـەو ئەنجوومەنـەدا کار دەکـەن، بۆ ئەوەیـە مـرۆڤ لـە دۆخـی داماوی و نائومێدی و وەڕس بـوون، بـەرەو ئـاکاری بـڕوا بـە خۆبـوون، بـە ئومێـدەوە بـەرەو هیـوای گـەش بیگوێزێتـەوە. ئـەو ژنانـە کـە ئـاواز دەچـڕن مەبەسـتیان ئەوەیـە بـاری ژیـاری و شارسـتانی هەورامـان بـە بـڕوای بوونـی فەلسـەفەی هونـەر و مرۆڤایەتـی لـە هەورامـان بـە یەکسـانی نیشـان بـدەن. دەبێـت مـرۆڤ بـەر لـە هـەر هونەرێـک ئاشـنای ئـاواز و هونـەر و کولتـووری خـۆی بێـت، چونکـە هونـەر و ئـاواز و گۆرانـی سـەرچاوەی ئارامـی و هێمنیـی لـە سروشـتەوە وەرگرتـووە، بۆیـە ژنانـی هەورامـان بـەر لـە هەمـوو شـتێک، زیاتـر بیـر و هزریـان لـە پێشـکەوتنی هونەرەکەیـان کردووەتـەوە.

(ئەگـەر سـەرەتا موزیـک بووبێـت، دیـارە کۆتاییـش موزیـک دەبێـت، لـە فەلسـەفەی (فیسـاگۆرس)ی یۆنانیـدا هاتـووە: کـە گـەردوون موزیکـە ئاهەنگێکـە، تیـۆری (موزیـک بوونـی گـەردوون لـە زمانـی فیزیـک زانەکانـەوە تـازە بووەتـەوە، کەوابێـت مـرۆڤ بـەدوای واڵاتربوونـدا دەگەڕێـت، چونکـە سیسـتمە کۆمەڵایەتییـەکان لـە پاشـایەتی ڕەهـاوە، تـا سـەرمایەداری و سۆسیالیسـتی و لیبرالیسـتی و هیتـر، نەیانتوانیـوە مـرۆڤ بـە ڕزگاری بگەیەنـن و گرفتـە کوشـندەکانی بێ چارەسـەر ماونەتەوە) (١٥) هەمان سـەرچاوە، ل٢٠٦.

کەواتـە ژنـە هونەرمەنـدە ئاوازچڕەکان، لە جاران زیاتـر پێویسـتیان بـە بزوێنـەرە دەروونییـەکان هەیـە، بۆ ئـەوەی لـە ناخـەوە خۆیـان ڕزگار بکەن.

سـروەی مەنوچیهـری، دەنگێکـی زۆر نـاوازەی هەیـە، وەک: کچێـک، چەنـدان بەرهەمـی هونـەری پەخـش کردووەتـەوە، هـەم ئـاواز و گۆرانـی دەڵێـت؛ نـاوی هونـەری ئـەم کیـژە و نازنـاوی (سـایە)یە، ئەمـەش نموونەیەکـە لـە ئـاوازی خـاو بەناوونیشـانی (خاڵـۆی ڕێبـوار) بـەم شـێوەیە چڕیویەتـی:

**(ئەی خاڵۆی ڕێبوار ڕێگاکەم دوورە**
**سەفەر و ڕێما پەی لاوچنوورە**
**کێ بەرۆ تاقەت تا سەردی پاییز**
**کوردە ماڵ بێوە کۆچەکەی ئازیز**
**کێ بەر تاقەت نەبەرو نامت**
**کێ بدۆ تاریف باڵای نەمامت)** (١٦) بەرنامە و هەوارگـەو ژەنـی، کەناڵـی ژن تیڤـی.

هەروەهـا دەنـگ خۆشـی بەهرەیەکـی خواییـە، هونـەری گۆرانـی هونەرێکـی گەورەیـە، ئـەم کچـە وەک: خـۆی دەڵێـت: بـاوک و خانەوادەکـەی

هـاوكاری بـوون، هەروەهـا دەڵێـت: (خەڵكەكـەی هونـەر و هونەرمەنـد بـە ئـازاد ناودەبـەن، هەورامـان لانكـەی مرۆڤايەتـی و ئازادييـە)، ئـەم كچـە هونەرمەنـدە، دەنگـی خـۆی دۆزيوەتـەوە، هەروەهـا كاريگـەری (مەزهـەری خالقی) لەسـەرە. ئەلبوومێكی هونـەری زۆر جوانی بەرهـەم هێنـاوە.

يەكێكـی تـر لـەو ژنـە دەنـگ خۆشـانە، خاتـوو (شـەيدای مەعازی)يە كـە خەڵكـی شـاری پاوەيـە، هونـەر و ئـاواز و گۆرانـی، ئاوێزانـی ئـەم خاتوونـە بـووە، هـەر بـە منداڵـی بايەخـی بـە هەمـوو بوارەكانـی هونـەر داوە، بـە تايبەتـی هونـەری موزيـك، چونكـە موزيك سـەرچاوەی ڕوحە، يەكێك لـە ئاواتـە گەورەكانی ئەوەيـە ئـاواز و گۆرانـی بـە موزيكـەوە چڕيـوە، بـەم شـێوە دەڵێـت:

**كوەكاش ماچ كەروو گوزەرگاو پاری**
**ئيساڵ مزانو هەوارگە و ياری**
**هەوار مەنيشە وادەش نەمەنەن**
**كوێسان بييەن چۆڵ زموسانش ئاردەن**
**دەس و پا زەنجير ئەسير كريان دڵ**
**دايم ناڵەشەن پەی دوو ديدەی گوڵ)**

(١٧) بڕوانە هەمان سەرچاوە.

(ئەو كەرەسـتانەی هونەرمەند دەيانكاتە دەستەبەر بـۆ بابەتـی هونەرەكـەی ئـەو شـتە ناوەكيانـەی نـاو دەروونـی كـە لـە ئەزموونەكانيدا ڕەنگيـان داوەتەوە، لـە ناخـی دەروونييـەوە دەيانهێنـێ و هونەرەكـەی لەسـەريان بنيـاد دەنێت، لـە كاتێكدا كەرەسـتەكانی زانسـت، لـە دەرەوەی زاناكـەوە دێـن و دەبنـە بابەتـی سـەرەكی زانستەكەيان، كەواتـە هونەرمەنـد بـۆ بەرهەمهێنانـی هونەرەكـەی پەنـا بـۆ نـاوەوەی خـۆی دەبـات، زانـاش لـە لێكۆڵينـەوە زانينەكەيـدا دەڕوانێتـە دەرەوەی خـۆی، كەواتـە سـەرچاوەی لێكۆڵينەوەكـەی دەرەوەی خۆيەتـی) (١٨)، بڕوانـە، كتێبـی كردنـەوەی دەقـەكان، بەشـی يەكـەم، هەولێـر (٢٠٢١ز) ل٥١.

كەواتـە هونـەر و ئـاوازی گۆرانـی لـە ناخـی مرۆڤـی هونەرمەنـدەوە هەڵدەقوڵێـت، واتـە: هەمـوو كەسـێك نابێتـە هونەرمەنـد، بـەڵام هەمـوو كەسـێك دەتوانێـت ببێـت بـە زانـا، چونكـە كەرەسـتەی زانسـت لـە هـەر شـوێنێك دەربكەوێت، ئـەوە دەبێتـە موڵكـی گشـتی بـۆ هەمـووان، بـەڵام هونـەر بـە هەمـوو جۆرەكانييـەوە تێكـەڵاوی دڵ و بۆچوونەكانـی هونەرمەنـد و كولتـووری ئـەو شـوێنە دەبـێ، كـە بـۆ يەكـەم جار تێيدا بەرهـەم هاتـووە.

(هونـەر ئاوێنەيـە ناگۆڕێـت، ئـەوەی دەگۆڕێـت ئەوەيـە كـە لەناويـدا دەنوێنرێـت، شـيعر هـەر شـيعرە و پەخشـان هـەر پەخشـان، گۆرانيـش ئـاواز و مۆسـيقا و دەنگـە، ناگۆڕێـن و لـە قاڵبـی خۆيانـدا دەمێننـەوە، كەچـی مێـژوو لەسـەر بناغـەی واقيعـی قەومـاو دادەمـەزرێ) (١٩)، هەمـان سـەرچاوە، ل٥٢.

ئـەو ئافرەتانـەی كـە لـە هەورامـان هـەن و هەڵكەوتـوون، هەريەكەيـان جـۆرە ئاوازێكـی جـوان و هەسـت پێكـراو بەرهـەم دەهێنـن، لـە ڕووی پێشـكەوتنەوە، بـەڵام قاڵبـی هونـەری نـەك هونـەر خـۆی ناگۆڕێت، كەواتە بەهـای جوانكارييە هەسـت كـردن بـە جوانـی شـتێك نييـە تايبـەت بـێ بـە مـرۆڤ، گياندارانـی ديكـەش هەسـتی پـێ دەكـەن. هەمـوو ژنـە دەنـگ خۆشـەكان چـوون يـەك ئـاواز و گۆرانـی دەچڕن، بـەڵام لـە (ئـەدا) كردنـی گۆرانييەكانيانـدا، هەريەكەيـان سـتايلی خۆيـان هەيـە، هەروەهـا چۆنيەتـی هەڵبژاردنـی شيعر لـە لايـەن ئـەو خانمانـەوە، هەريەكەيان بـە ئـارەزووی خـۆی شيعر بـۆ ئاوازەكانيـان فەراهـەم دەهێنن، چونكـە شـيعر بڕبڕەی پشـتی گۆرانييـە.

هاتنـە مەيدانـی ئـەو هونەرمەنـدە ژنانـە، ئـەو

ڕێچکەیان شکاند، هەروەها ئەو ژنانە بوونە قەڵغان بۆ پاراستنی فەرهەنگ و زمان و مانەوەمان لە دەفتەری تۆماری مێژوودا، لە قۆناغە جیا جیاکانی ڕەوتی مێژووی وڵاتی (ئاریانڤاچەکان)، هونەری گۆرانی بوو، نەمری بە ئاواز و گۆرانی بەخشی، هونەرمەندانیش لەو بوارەدا گیانی هونەری بە تەبایی و دادوەرانە بۆ هەمووان ئاسوودەیی و هێمنی دێنێت، ئەوەتا هونەرمەند (خاتوو ئەقدەس هەورامی) و هاوسەرەکەی هونەرمەند (سەیفوڵڵا) پێکەوە گۆرانیی خاوی زۆر خۆش دەڵێنەوە، ئەویش گۆرانی (یاران، یاران)ـە، بەم شێوەیە چڕیویانە:

١- ئەی یاران یاران، توخوا یارا گرد بەیدێ
یانەکەو نازدارام نیشانە دەیدێ ئەقدەس
٢- یاران هاوسەران ڕەفیقان ئامان
زامانی سەختم، نیاشا دەرمان سەیفوڵڵا
خوا کا تۆ نەمری نەبی بە داخم ئەقدەس
جا ئەڵڵا بی بە گوڵ، سەرکیشی باخم
وەکوو بازووبەن بتکەم بە باڵم
جا هەڵای دوورەنی هاوار بە ماڵم سەیفوڵڵا
هەر وەختێ کەرو من تاسەو باڵاو تۆ ئەقدەس
جار جار قار کەروو جە هامناموو تۆ
جا نامە وەشەکێت ئۆکێ چڕوونە سەیفوڵڵا
جا جە باخچەو گوڵا ڕێحان بڕوونە
تەمەت مەبڕو سەدو سی ساڵێ ئەقدەس
جا سەر بنیە و نە خاک وێنە و گۆراڵێ
ماڵم پەی چێش کێ بەرۆش ڕاوە سەیفوڵڵا
جا تو وزو وەڵێ وێچم دماوە)

(٢٠) بەرنامە و هەوارگەو ژەنی، ژن تی ڤی.

ئەگەر سەرنجی ئاوازەکە بدەین، باسی یاران دەکات، کام یار؟ ئەو یارەی کە خۆشەویستی بۆ هاوسەرەکەی بە شێوازی ئەوینی فەراهەم دەهێنێ، هەروەها لە هەورامان، ژن و مێرد پێکەوە گۆرانی دەچڕن، ئەوە نیشانەی ئازادی و سەربەرزی و سەرفرازییە بۆ هەردوو لایان، کە بە شێوازێکی دادوەرانە ئەنجام دەدرێت، هەر بۆیە هەوارگەی دابینکردنی هێمنی و ئارامی، لە هەورامان خۆڕسکە نەک دروست کراو.

هەروەک وتمان مەیدانی گۆرانی هونەرێکی بەرفراوانە، بۆیە گۆرانی و ستران لەناو جغزی ئەو مەیدانەدان، هونەرمەندە ژنەکان لە وڵاتی ئاریانڤاچ، هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئاوازەوە، بەرەو پێش چوونی بەرفراوانی بەخۆوە دیوە. (لەو ڕۆژەوە مرۆڤ دەنگی خۆی خستە ناو قاڵبی وشەوە، لە وشەیش ڕستەی داهێنا، لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا بۆ دەربڕینی سۆزی، جۆرە ئاوازێکی بۆ ئەو وشە و ڕستانە سازاند، ئاوازەکە ناونرا (گۆرانی- ستران) ئەوانیش وەک: گوڵێک پشکووتن، شیلەی هونەر و بۆنی گوڵاوی جوانی ترانیان بەرهەم دا...) (٢١) کردنەوەی دەقەکان ل٥٨.

هەر نەتەوەیەک تۆ بیگری، بەو جۆرەی باسمان کرد ئاواز و گۆرانی تایبەتی خۆیان هەیە. گۆرانی ژنانی هەورامان وا سەری هەڵداوە، لە هەموو دەڤەرەکانی تری وڵات زیاتر پەرەی سەندووە، بەڵام بەداخەوە، تا ئێستا کەمتەرخەمی هەیە و توێژینەوەی زۆر کەم کراوە. کە لێرەدا من گلەیی لە میدیاکان دەکەم، چونکە ئەو کەناڵانە زیاتر بایەخ بە کرمانجی ژووروو و کرمانجی ناوەند دەدەن، ئیدی هەورامان، کە کە لە سەری سەرەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی وڵاتە، تا ئێستەشی لەگەڵدا بێ لەناو داوودەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بایەخی پێ نەدراوە.

ئەو هەوڵانەش کە دراون، لەناو هەورامانـدا، ئەوە گەورەیی ئەو بوارە دەگرێتەوە بۆ

هونەرمەندە سەربەرزەکانی، هەر لەسەردەمی میتراییەوە، تا ئەمڕۆ، کە هەزارەی سێیەمە، هەروەها هەوڵدانیان، لەسەر دیاریکردنی ئاوازەکان، ئەوەیە وەجاغی ئەو ئاوازانە ڕۆشنە، چونکە سیاچەمانە هەوێنی هەموو ئاوازەکانە. (بامشاد، ڕامتین، نەکیسا، برەبود، بەیزاخانم، ڕێحان خانمی لوڕستان، ئایشەخان و چەندانی تر لەو ئافرەتانە، بە سیاچەمانەچڕینیان توانیویانە، کەونەرای هەورامان بە زیندوویی ڕابگرن، بۆیە ئەو هەوڵدانەیان بۆ هێشتنەوەی ئەو فەرهەنگ و ئاواز و سیاچەمانانە جێگەی شایستەی هەمووانە، بە تایبەتی ئەو ژنانەی کە سیاچەمانەیان لەبەر قاپی ئاتەشگەدەی (زەردەشت)یدا بە زیندوویی هێشتووەتەوە.

یەکێکی دی لەو ئافرەتە گۆرانی واچانە، خانم (سەلمای عەباسی)یە، دەنگێکی زۆر خۆشی هەیەو هەموو جۆرە ئاوازەکان دەچڕێت، ئەمەش نموونەیەکە لە ئاوازەکانی، کە تایبەتە بە دەنگی خۆی، واتە: ئاوازەکە هی خۆیەتی، بەم شێوەیە ئاوازەکە دەچڕێت:

**(هەورامییە نا هەورامان ماڵم**
**قولەی پیر ڕۆستەم کەوتەن خەیاڵم**
**هەورامییە نا پەروەردەی چنوور**
**ئیسە گیرۆدەی خاکی شارەزوور**
**قاژە سیاوەکا ملاوە بیڵۆ**
**ئاخۆم ساڵێوتەر چەرخ چەنی گێڵۆ**
**ژەرەژ مەوانۆ پاینو دەربەنی**
**نمازا بلمێ سەیر و وەتەنی)**

(٢٢) بەرنامە و هەوارگە و ژەنی..

دەنگی ئەم خاتوونە، دەنگی تینۆڕە، ئاوازی لایەلایەشی بۆ کۆرپەکانی چڕیوە، کاتێک، منداڵەکانی پەروەردە کردووە، بە دەنگی ساز منداڵەکانی خەواندووە، دەتوانم بڵێم: ئاوازەکانی لەگەڵ موزیک گونجاندووە. بیرۆکەی ئەم ژنە ئەوەیە، کە هەموو منداڵەکانی فێری ئاواز و گۆرانی کردووە. منداڵەکانی موزیکژەنن. کە خوا ئاواز و مۆسیقای لەناو لەشی ئادەمدا دانا، (کە گیان دەنگی مۆسیقای بیست، کە لەناو لەشی ئادەمدا دێتە دەرێ خۆی پێ ڕانەگیرا، چوو لەناویدا قەراری گرت و نەهاتە دەرێ..)
(٢٣) کردنەوەی دەقەکان، بەشی یەکەم، ل١٠٤.

هونەرمەندە ئافرەتەکان کاتێک گۆرانی دەچڕن، ئاواز و شیعرەکە لە ناخ و گیانیانەوە، دێنە دەرێ، بیر و تواناییان بێ سنوورە، خۆیان بە بەهێز دەزانن، توانایی خۆیان فرە بە باشی دەخەنە گەڕ، بۆیە ژنانی هەورامان خۆیان بە ڕێگای هونەر و موزیکی میللی و زەماوەند و خۆپیشاندانیان بە سەرکەوتوویی و تێکۆشان دەرهێناوە. خانەوادەکانیان پاڵپشتی هونەرەکەیان دەکەن، ئەو هونەرمەندە ئافرەتانە، بە توانایی خۆیان، بە ئازادانە، برەویان بە هەموو بوارەکانی هونەر داوە، چونکە ڕێگرییان لێ نەکراوە، بۆیە دەڤەری هەورامان بە دەیان ژنی هونەرمەندی سەربەرزی تێدا هەڵکەوتووە. ئەوەش نیشانە و بەڵگەی هونەرە لەو دەڤەرەدا، هەروەها کەرەستەکانی هونەریش لە هەورامان بە فراوانی دابین کراون.

هەر کونوقوژبنێکی، یان هەر بن دەوەنێکی هەورامان بگەڕێین، لێوان لێوە لە هونەر و ئاواز و گۆرانی، لەو بوارەدا (گوندی هاوار) یش بێبەش نییە، بە تایبەتی لەبواری ئاواز و گۆرانیدا.

١- (ژینو کەیوان) مامۆستای پەیمانگەیە، لە بەشی شانۆدا کارامەیە، هەروەها ئامێری تەمبوور باش دەژەنێت و شارەزای ئاواز چڕینیشە.

٢- هونەرمەندێکی تری گوندی هاوار، خاتوو (دڵپاک محەمەدخان)ـە، زۆر بە وردی ئامێری تەمبوور دەژەنێت، هەروەها دەڵێت! هونەرمەندی سەرکەوتوو ئەوەیە ئامێرێکی موزیک شارەزابێ.

٣- (هەنار حوسەین) فۆتۆگرافەرە، کە وێنە و دیمەنی ڕەنگاوڕەنگ دەکێشێت، ئەم سێ هونەرمەندە بە سێ قۆڵی ئاواز دەچڕن، کە بەم شێوەیە بە کۆرس ئاوازەکان دەڵێنەوە:

**هاوار وەشا، شنروی هەر پاسە**
**یاخوا خێر بەینە چەمم هەناسە**
**کناچێ ملاوە سەیران وەزگێڵە**
**خێمەش دان هاوار سوورە هەراڵە**
**جە باخچەو هاواری نەمام منێونە**
**گۆراڵی کەشاش بووە کەروونە)**

(٢٤) هەوارگەو ژەنی، ژن تی ڤی، هەراڵە شەوکەت لهۆنی.

ئەمڕۆ لەناو گشت بەشەکانی هونەردا، موزیک دەوری باشی هەیە، کەواتە: موزیک، مافی ئاڵووالای مرۆڤەکانە، چونکە سۆز و ئارامی بە هەموو ڕوحەکان دەبەخشێت، هەر لەو ڕوانگەوە هەموو کولتوورەکانیش بایەخدارتر دەکات. هۆی کاریگەری هونەر، بە تایبەتی ئاوازگەل، لەگەڵ موزیک ئاوێزان دەبێت، چونکە گۆرانی و موزیک ڕاستەوخۆ ویژدانی ڕوحی مرۆڤ دەهەژێنن. ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژانی دی پر مرۆڤ پێویستی بە بزوێنەری دەروونی هەیە، بۆ ئەوەی لە دۆخی نائارامییەوە بەرەو دۆخێکی ئارام بچێت و زیاتر بڕوا بە خۆبوون بەدی بهێنێت. (دەبێ مرۆڤ بەر لە هەر هونەرێک ئاشنای ئاواز و ئاهەنگی سروشت بووبێت، کە لە هەر چرکەساتێکدا شنەڤیار دادەدرێت وشە و گۆرانی، (کە گۆرانی بە وشە دەردەبڕێت، دواتر چوونە جیهانی مرۆڤەوە) (٢٥) کۆ بەرهەم، بەرگی پێنجەم ل٢٠٦.

لە ئەنجامدا هونەر و ئاواز و گۆرانی، دەروونی مرۆڤەکان ئارامبەخش دەکات. ئەو گۆرانی واچانە، هەر لە (نەکیساوە)، بگرە پێشتریش (ڕامتین، بامشاد، گۆسانەکان، لەسەر زنوێرەکان ئاوازیان چڕیوە، بۆ ئەوە بووە کەشوهەوایەکی لەبار لە هونەر و ئاواز بەرهەم بهێنن، هەروەها دەروونی دەوروبەرەکەیان، لە دڵەڕاوکێ و تەنگژەکان دوور بخەنەوە، بۆیە ئاواز و گۆرانی ئامانجیەتی، کە بۆ مرۆڤ ژینگەیەکی لەبار و دروست بۆ هەمووان چون یەک دابین بکات.

لە هەورامان مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی ئازاد بووە، چونکە لە دێرزەمانەوە تا ئەمڕۆ لە وڵاتی خۆیدا جانیشتە بووە، هەروەها دەڵێم: پێویستە ئاوڕ لە ڕیشە و ڕەچەڵەکی خۆمان و فەرهەنگمان بدەینەوە. (ئاڤێستالۆجی و میترالۆجی) ڕێگەگەلێکن بۆ ئەو مەبەستە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو دیاردە مێژووییەمان بۆ ڕۆشن دەبێتەوە و سەرچاوەکانیش ئەو ڕاستییانە دەسەلمێنن. (پرۆفیسۆر کیسرا وەفاداری، کە مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی کۆمەڵەی زەردەشتییەکانی جیهان بوو لە پاریس، لە کۆنفراسەکەدا گوتی: زەردەشت کوردە و لە هەورامان هاتووەتە دنیاوە.

بێگومان هەورامان ئارامگای زەردەشتییەکانی هەموو وڵاتەو تا ئێستاش چەندان کۆنفراس گیراوە، ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە، بەڵام هەر هەموویان دەڵێن: ئایینی زەردەشتی ئایینی یەکتاپەرستی بووە) (٢٦) بڕوانە ئەو چیرۆکانەی ئەبێت بزانرێن، ل٢٠٢.

دیارە گوندی (بەڵخەی هەورامان) بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەر دەستتان و بە گوێرەی قەڵا و شوێنە کەلەپوورییەکان، وەک: (دەرەی

سەربەڵخ)، (دەره نەجات)، (وەیۆڵەکێ)، (کەمەر قاڵاو)، (دەرەو سۆڵێ) کۆنترین گوندی دەڤەری هەورامانە.. چەندان زانا و مێژووناس و پرۆفیسۆر ئامادەی کۆنفراسی ئاڤێستای ساڵی (٢٠٠١) لە (Haus der kulturen der welt)ی بەرلین بوون (ئەو کوردانەی بەشداربوون؛ بابان سەقزی و چەندان کەسی دیکە بە گوێرەی سرووتەکانی ئاڤێستا، (گاتاکان سەلماندیان، زەردەشت لە ناوچەی هەورامان ژیاوە، ئەو (بەڵخەیەی) کە دەڵێن: زەردەشتی لێ لە دایک بووە، ئەوە گوندی بەڵخەی هەورامانی لای خۆمانە، نەک بەڵخی ئەفغانستان) (٢٧) هەمان سەرچاوە، ل٢٠٢.

**سەرچاوەکان:**


١٢- هەمان سەرچاوە.

١٣- هەمان سەرچاوە.

١٤- فەلەکەددین کاکەیی، کۆ بەرهەم، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٥) زایینی، ل٢٠٥.

١٥- هەمان سەرچاوە، ل٢٠٦.

١٦- هەڵاڵە شەوکەت لهۆنی، بەرنامە و هەوارگە و ژەنی، ژن تی ڤی، ساڵی (٢٠١٨) زایینی.

١٧- هەمان سەرچاوە.

١٨- حەمەکەریم هەورامی، کردنەوەی دەقەکان، بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠٢١) زایینی، ل٥١.

١٩- هەمان سەرچاوە، ل٥٢.

٢٠- هەڵاڵە شەوکەت لهۆنی، بەرنامە و هەوارگەو ژەنی، ژن تی ڤی، ساڵی (٢٠١٨) زایینی.

٢١- حەمەکەریم هەورامی، کردنەوەی دەقەکان، بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠٢١) زایینی، ل٥٨.

٢٢- هەڵاڵە شەوکەت لهۆنی، بەرنامە و هەوارگەو ژەنی، ژن تی ڤی.

٢٣- حەمەکەریم هەورامی، کردنەوەی دەقەکان، بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠٢١) زایینی، ل١٠٤.

٢٤- هەڵاڵە شەوکەت لهۆنی، بەرنامە و هەوارگەو ژەنی، ژن تی ڤی.

٢٥- فەلەکەددین کاکەیی، کۆ بەرهەم، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٥) زایینی، ل٢٠٦.

٢٦- محەمەدئەمین پێنجوێنی، ئەو چیرۆکانەی ئەبێت، بزانرێن، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، تاران، ساڵی (٢٠٢١) زایینی، ل٢٠٢.

٢٧- هەمان سەرچاوە، ل٢٠٢.

# تیپی هونەرە میللییەکان
# خاوەن مێژوویەکی پڕشنگدارە

محەمەد سەعید کوردە

تیپی هونـەرە میللییـەکان خـاوەن مێژوویەکـی پڕشـنگدارە و گەلێـک دەسـتکەوتی هونـەری لـە مێـژووی پـڕ لـە سـەروەری خۆیدا تۆمـار کردووە، لـە سـەرەتاوە تـا ئێسـتا کارەکانی ماونەتـەوە، ئەو تیپـە بـە شـێوەیەکی فەرمـی لـە ڕۆژی ٥ی مانگـی شـوباتی سـاڵی ١٩٧٩ لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتـی ئـەو کاتـەی سـینەما و شـانۆی هەولێـر، لەسـەر دەسـتی چەنـد دڵسـۆزێک دامـەزرا، یەکەمیـن چالاکـی خـۆی لـە ڕۆژی ١٤ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٨٠ نمایـش کـرد.

### تابلۆ جوان و سەرنجڕاکێشەکان

تیپـی هونـەرە میللییەکانـی هەولێـر هـەر لـە سـەرەتای دامەزرانییـەوە تـا بـە ئەمـڕۆ دەگات خاوەنـی چەنـدان تابلـۆی جـوان و سەرنجڕاکێشـی شـایی و هەڵپەڕکێـی کوردەوارییـە وەک: تابلۆکانـی (دروونـە، نـەورۆز، لۆرکـێ، کوێسـتان، شـوان، بادینـی، شـێخانی، سـەیران، ئایشـۆکێ، گـەردوون، لەیلانـێ، کانـی، بێـری، سـاوار، زەمبیـل فـرۆش، مەریـوان، گەرمیـان، مەمـۆ، هەولێـر، گۆڤەنـد، مێرگـوڵان، پێشـمەرگە، پێکـەوە ژیـان، لەنجـە، سـنجانێ، خەنجـەر، کۆچـەرێ، سـۆرانی، ڕازیانـە، هەولێـر، شـۆخان، عەسـکەری، تەحریـر، ئۆپەرێتـی بابـل) و زۆرانـی دیکـە.

### ڕاهێنەرانی تابلۆ هونەرییەکان

هـەر بـۆ مێـژوو دەبێ نـاوی ئـەو ڕاهێنەرانە بهێنین کـە بەوپـەڕی جیددییـەت ڕاهێنانیـان بـە ئەندامانـی تیپەکـە کـردووە، تـا جوانتریـن و ڕازاوەتریـن تابلـۆی شـایی و هەڵپەڕکێـی کوردەواری پێشکەش بـە هەمـوان بکـەن کـە ئەمانیـش (ڕەشـیدیان، سـەلمان محەمەد، سـابیر عەبدولڕەحمـان، مەعرووف موحسـین، قـادر کـوردی، هیمـداد لەشـکری، سـەرکەوت محەمـەد، خالـد محەمـەد، ڕوونـاک محەمـەد، هاشـم عەبدوڵـڵا، ئـازاد ئیبراهیـم عـارف، جوزێـف خـوری)ن، هـەر بـۆ مێـژوو دەبێ بگوترێ ڕەشـیدیان بـە ئەسـڵ ئەرمەنـی و سـەلمان محەمـەد بـە ئەسـڵ فەڵەسـتینی بـوون.

### بەشدارییە نێو دەوڵەتییەکانی تیپەکە

ڕاسـتە تیپـی هونـەرە میللییەکانـی هەولێـر

لە شاری هەولێر چاوی هەڵهێناوە و گەورە بووە، وەک چەترێکیش چەندان ئەندامی کوڕ و کچی لاوی لە سێبەری خۆی کۆکردووەتەوە و پێگەیاندووە، بەڵام بێجگە لە چالاکییەکانی ناوخۆی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و شارەکانی دیکە، زۆربەی بەشدارییەکانیان لە دەرەوەی وڵات بووە بەو شێوەیەی لای خوارەوە:

- ساڵی ١٩٨٠ لە فیستیڤاڵی وڵاتانی وەک (ئەڵمانیا، نەمسا، یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو) بەشدارییان کرد.
- ساڵی ٢٠٠٦ لە فیستیڤاڵی دوبەی لە وڵاتی ئیمارات بەشدارییان کرد.
- ساڵی ٢٠١٠ لە فیستیڤاڵی وڵاتانی (پۆڵۆنیا، سلۆڤاکیا، هەنگاریا) بەشدارییان کرد.
- ساڵی ٢٠١٢ لە فیستیڤاڵی شاری غەرناتەی وڵاتی ئیسپانیا بەشدارییان کرد.
- ساڵی ٢٠١٣ لە فیستیڤاڵی هەردوو وڵاتی یۆنان و ئوردن بەشدارییان کرد.
- ساڵی ٢٠١٤ لە فیستیڤاڵی وڵاتی بولگاریا بەشدارییان کرد.
- ساڵی ٢٠١٥ لە فیستیڤاڵی وڵاتی جۆرجیا بەشدارییان کرد.

لە هەموو ئەو بەشداری کردنانەدا توانییان کولتوور و ڕەسەنایەتی میللەتی کورد بە دنیا بناسێنن و بە هۆی ئەو چالاکییانەوە پێیان بڵێن ئێمەی کوردیش خاوەنی دابونەریت و فۆلکلۆر و ڕەسەنایەتی خۆمانین.

## پێویستییەکانی ئەو تیپە


ئەگەرچی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە وەک سروشتی کارکردن چەندان بەڕێوەبەری بەڕێ کردووە، بەڵام ئێستا هیمداد لەشکری عەزیز وەک بەڕێوەبەری تیپەکە کار دەکات، سەبارەت بە پێویستییەکانی تیپەکەیان دەڵێ: بە گەواهی هەموو لایەک تیپی هونەرە میللییەکان خاوەن مێژوو و چەندان دەستکەوتە، بە تایبەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەڵام ئێمە لە ڕووی نەبوونی جلوبەرگەوە کەموکووڕیمان هەیە، ئەو جلوبەرگانەی ئێمە بۆ نمایشەکانمان هەمانە هی ساڵانی ڕابوردووە و پێویستە جارێکی دیکە جلی نوێمان بۆ دابین بکەن، هەروەها لە کاتی گەشت و سەفەرەکانی دەرەوەی وڵاتیش هاوکارمان بن، ئێمە کولتوور و ڕەسەنایەتی کورد پێشانی دنیا دەدەین.

## ڕۆڵی هونەرمەند جەلال سەعید

دیارە زۆر لە هونەرمەندان بەبێ جیاوازی خزمەتیان بەو تیپە هونەرییە کردووە، بەڵام نابێ ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هونەرمەندی گۆرانیبێژ جەلال سەعید لە یاد بکەین، بە تایبەتی کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە و کۆچی دوایی کردووە، کەچی دەبینین و دەبیستین هەمیشە دەنگە زوڵاڵەکەی تێکەڵ بە تابلۆ جوانەکانی وەک دروونە و لۆرکێ و کوێستان و شوان و ئەوانی دیکە بووە.

## موزیکی تابلۆکان

موزیکی سەرجەم تابلۆکان بە درێژایی مێژووی دامەزراندنی ئەو تیپە لەلایەن ژمارەیەک موزیکژەنی دیار و خاوەن ئەزموونی شاری هەولێرەوە دانراون وەک: (شێرزاد محەمەد حوسێن، ڕزگار خۆشناو، وریا ئەحمەد، جەمال جەلال، مستەفا ڕەنجەڕۆ، بەدرەددین بابەکر، شێروان سەعید)، هەریەک لەوانە کاریان بۆ پتر لە تابلۆیەک و دووان کردووە.




# (ژنێکی قژسوور) ئەفسانە، یان مەعریفە

**کارزان عەلی**
**(دەربەندیخان)**

ڕۆمانی ژنێکی قژسوور، ئۆرهان پامۆک لە ساڵی ٢٠١٦ دا بڵاوی دەکاتەوە. سەروەر عومەر لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە و دواتریش سامان کەریم بەناوی (ژنە قژسوورەکە) لە تورکییەوە وەریدەگێڕێت.

*** کورتەی ڕۆمانەکە**

ڕۆمانەکە بە دێڕێکی گرنگ دەست پێ دەکات «لە ڕاستیدا دەمەوێت ببمە نووسەر». لێرەوە ئێمە بە کوڕێک ئاشنا دەبین کە لە قۆناغی ئامادەییدا دەخوێنێت، باوکی بەهۆی چەپ و سیاسەتەوە، ماوەیەک دەگیرێت و دواتر ژنێکی تر دەهێنێت و بەدوای ژیانی خۆی دەکەوێت.

جیم هەر لەو تەمەنەوە بە بێ باوک گەورە دەبێت و دواتر بەهۆی سەختیی ژیانەوە لەگەڵ دایکیدا بۆ گوند کۆچ دەکەن. لە گوندەکە پیاوێکی بیر هەڵکەن بەناوی (وەستا مەحموودی بیرهەڵکەن) جیم دەبات و دەیکات بە شاگردی خۆی. لە ناوچەیەکی نزیک ئیستەنبوڵ لە زەوییەکی سەختدا خەریکی بیر هەڵکەندن دەبن و بە شەوانیش دادەبەزنە شارۆچکەیەک، لەو کاتەدا تیپێکی شانۆی گەڕۆک لە شارۆچکەکەدا نمایش دەکەن. جیم لە یەکێک لەو شەوانەدا ژنێکی قژسوور دەبینێت کە ئەکتەری نمایشەکەش دەبێت و عاشقی دەبێت.

لێرەوە چیرۆکی جیم بە سێ ئاراستەدا دەست پێ دەکات:

**ئاراستەی یەکەم:** بە ڕۆژ خەریکی بیر هەڵکەندن دەبێت.

**ئاراستەی دووەم:** هەوڵی دۆزینەوەی باوک لە وەستا مەحموودی بیرهەڵکەندا.

**ئاراستەی سێیەم:** بە شەو بەدوای عەشقی ژنە قژسوورەکەدا

دەگەڕێت.

لـە ئاراسـتەی یەکەمـدا، شـاگرد و وەسـتا، دواجـار لەیـەک نائومێد دەبـن، چونکـە بەدرێژایی نزیکـەی مانگێـک لـە زەوییەکـی ڕەقەنـدا بیـر هەڵدەکەنـن و بـە ئەنجـام ناگـەن، بەڵکـوو لـە دواییدا جیـم تووشـی نائومێدی دەبێت و شـەوێک بـە هەڵـە سـەتڵەکە لـە دەسـتی دەکەوێتـە خـوار و دەدا بەسـەری وەسـتاکەیدا، لـە ترسـی ئـەوەی وەسـتاکەی کوشـتبێت، جیـم هـەر ئـەو ڕۆژە زەوییەکـە بەجـێ دەهێڵێـت، بـەڵام ترسـی کوشـتنی (باوکـە مەجازییەکـە) بـە درێژایی سـێ سـاڵ دەبێتـە مۆتەکـەی.

لـە ئاراسـتەی دووەمـدا، پـاش ئـەوەی جیـم بـێ باوکـی تاقـی دەکاتـەوە، لە وەسـتا مەحمـوودی بیر هەڵکەنـدا بـەدوای باوکێکـی مەجازیـدا دەگەڕێـت، ئـەو باوکـەی کـە هەمیشـە ئامـۆژگاری چاکـەی دەکات، ڕێگـەی باشـی نیشـان دەدات و دواجـار پێکـەوە و پـاش پیاسـەی ڕۆیشـتن و گەڕانـەوە لـە شـارۆچکەکە، چیـرۆک دەگێڕنـەوە. هـەر لـە یەکێـک لـەو شـەوانەدا، جیـم چیرۆکـی ئۆدیپـی سـۆفۆکلیس بـۆ وەسـتا مەحمـوود دەگێڕێتـەوە و لـە کارەکتـەری وەسـتادا، وێنـەی ئـەو باوکـە ڕاسـتەقینە ونبـووەی خـۆی دەدۆزێتـەوە، کـە دواجـار لـە ئەنجامـی هەڵـەی کەوتنـە خـوارەوەی سـەتڵەکەدا، گومانی کوشـتنی لا تۆختر دەبێتەوە.

لـە ئاراسـتەی سـێیەمدا، پـاش ماوەیـەک ژنـە قژسـوورەکە، جیـم بانـگ دەکاتـە یەکێـک لـە شانۆییەکان و لـە نمایشـی (ڕۆسـتەم و سـۆهراب، یـان زۆراب) دا، زیاتـر لەیـەک نزیـک دەبنـەوە. تـا ئەوەنـدەی شـەوێک کـە (تـۆرگای) مێـردی ژنـە قژسـوورەکە لـە ماڵـەوە نابێـت، ژنـە قژسـوورەکە جیـم بانـگ دەکاتـە ماڵـەوە و سـەرجێی و سێکس دەکـەن. پـاش ئـەوە بـە چەنـد ڕۆژێـک، جیـم شـارەکە جـێ دەهێڵێـت لـە ترسـی ئـەوەی وەسـتاکەی خـۆی کوشـتووە بـە هەڵـە یـاری کـردن و گێڕانـەوە بـەم سـێ ئاراسـتەیەدا تـا کۆتایـی ڕۆمانەکـە بـەردەوام دەبێـت.

پـاش سـێ سـاڵ و تەواوکردنـی ئەندازیـاری زەویناسـی، جیـم دەبێتـە خاوەنـی کۆمپانیایەکـی گـەورەی وەبەرهێنانـی زەوی و فرۆشـتن و مامەڵـە پێوەکردنـی، لەگـەڵ خزمێکـی خۆیـدا بـە نـاوی (عایشـە) هاوسـەرگیری دەکـەن و پێکـەوە کۆمپانیایـەک دادەنێـن، لەبەر ئەوەی کە منداڵیشـیان نابێـت، کۆمپانیاکـە ناودەنێـن (کۆمپانیـای زۆراب، یـان سـۆهراب). پـاش بەناوبانـگ بوونـی کۆمپانیاکە و جیـم، کەسـێک پەیدا دەبێـت کـە خـۆی بـە کوڕی جیـم دەناسـێنێت، ئـەم کـوڕە نـاوی (ئەنـوەر) دەبێـت، پـاش تاقیکردنـەوەی خوێـن، دەردەکەوێـت کـە ئـەم کـوڕە هـەر بـە ڕاسـتی کـوڕی جیـم و لـە ئەنجامـی سێکسـی نێـوان جیـم و ژنـە قژسـوورەکەدا لەدایـک بـووە.

بـەڵام لەنـاکاو ڕووداوێـک ڕوو دەدات و گێڕانـەوە و خەیاڵـی خوێنـەر دەباتـەوە سـەرەتا، ئەویـش مردنـی باوکـی جیمـە. لەکاتـی ڕێوڕەسـمی بەخـاک سـپاردندا، هاوڕێیەکـی کۆنـی باوکـی لەگـەڵ جیمـدا پێکـەوە دادەنیشـن و ئـەو هاوڕێیـە هەندێـک لـە یادەوەرییـەکان دەگێڕێتـەوە. یەکێـک لـەو یادەوەرییانـە کـە قـووڵ بـە ژیانـی جیمـەوە پێوەنـدی هەیـە، نهێنـی پێوەنـدی ژنـە قژسـوورەکەیە لەگـەڵ باوکـی جیـم دا، لەبـەر ئـەوەی باوکـی جیـم لـە پارتێکـی سیاسـی چەپـدا ئەنـدام دەبێـت، ژنـە قژسـوورەکەش بەهەمـان شـێوە، پێوەنـدی خۆشەویسـتی لـە نێـوان ژنـە قژسـوورەکە و باوکـی جیـم دا دروسـت دەبێـت، بـەڵام دواجـار کەسـێکی تـر هاوسـەرگیری لەگـەڵ ژنـە قژسـوورەکەدا دەکات و بـەم هۆیـەوە باوکـی جیـم واز لـەو حزبـە دەهێنێـت.

ڕووداوێکـی گرنگـی تر، کە زۆرینـەی چاوەڕوانییەکان هەڵدەوەشـێنێتەوە، ئەویـش گەیشـتنی نامەیەکـی هەڕەشـەیە، هەڕەشـە لـە جیـم لـە لایـەن کەسـێکەوە

که بانگەشەی ئەوە دەکات کوڕی ڕاستەقینەی ئەوە، کوڕێک وەک بەکارهێنانەکانی تری ناو ڕۆمانەکە، کە بێ باوک گەورە دەبێت، کێ دەڵێ لە پەنای کەسێکی تردا بۆ ئەو بێ باوکی و بێ نازییەی پەنای نەبردووە. ئەم نامەیە کۆی چاوەڕوانییەکانی جیم ئاوەژوو دەکاتەوە، پەیدابوونی کوڕێک کە هەڕەشە دەکات، کوڕێک بە هەمان دۆخی باوکیدا تێپەڕ دەبێت، بەهەمان دۆخی ئەفسانە ئامێزی ڕۆستەم و زۆراب، ئۆدیب و باوکی، جیم و باوکی و زنجیرەکە لێرەوە تا ناکۆتا درێژ دەبێتەوە.

ئەم ڕووداوە بەرەو کۆتایی ڕۆمانەکە هەنگاو دەنێت، ئەو کاتەی پاش سێ ساڵ، کاتێک جیم بە مەبەستی پرۆژەیەکی وەبەرهێنان و کڕینی زەوی ڕوودەکاتەوە ئەو ناوچەیەی بیرەکەیان تێدا هەڵکەندووە، بەڵام بە نهێنی مەبەستی چاوپێکەوتن و دانیشتن و ناسینی کوڕەکەیەتی. دوای ئەوەی کوڕەکەی خۆی بە کەسێکی تر دەناسێنێت و جیم داوای لێ دەکات بیباتەوە سەر ئەو بیرەی سێ ساڵ لەوەوپێش هەڵیان کەندووە، بۆی دەردەکەوێت کە ئەمە کوڕە ڕاستەقینەکەی خۆیەتی، پاش گفتوگۆ و دەمەقاڵەیەکی زۆر، فیشەک لە دەمانچەکەی جیم دەردەچێت و جیم دەکوژرێت، کوڕەکەش جەستەی باوکی دەخاتە بیرەکەوە، واتە هەمان ئەو باوکەی کە پێش سێ ساڵ، جیم لاشەی وەستا مەحموودی تێدا جێ هێشت، هەرچەندە وەستا مەحموود نامرێت، بەڵکوو لە بیرەکە دەری دەهێنن.

ئەوەی لەم ڕۆمانەدا پامۆک زۆر لێزان و ئەفسووناوی کاری لەسەر کردووە، هەردوو ئەفسانەی ئێرانی و یۆنانییە، بە واتایەکی تر ئەفسانەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

*** ئاستەکانی گێڕانەوە**

ڕۆمانی (ژنێکی قژسوور) بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک و لە گۆشەنیگای (جیم)ـەوە دەست بە گێڕانەوە دەکات.

هەر لە بەشەکانی سەرەتاوە تا چەند بەشێک پێش کۆتایی، لەسەر هەمان ئاستی گێڕانەوە بەردەوام دەبێت. بەوەی فلاشباک و گەڕانەوە و پێشچوونی زۆری تێدایە کە هەندێک جار ئەم ئاستانەی گێڕانەوە تێک دەشکێنێت، لە هەندێ بەشیدا مەنەلۆگی قووڵی تێدایە، دەکرێت بە ڕۆمانێکی پۆست مۆدێرن ناوی ببەین.

بەڵام لەگەڵ بەشەکانی کۆتاییدا، بە تایبەتی دوو بەشی کۆتایی ڕۆمانەکە، منی خوێنەری بردەوە بۆ هەمان ئەو سەرسامییەی لە ڕۆمانی (پیدرۆ پارامۆی خوان ڕۆلفۆ)دا تووشی بووم، ئەوەش کتومت لەو جێگەیەی کە کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە و بگێڕەوەی پاژەکان، بەدەستی کوڕەکەی خۆی (واتە ئەنوەر) دەکوژرێت و دەخرێتە بیرەکەوە. لێرەوە کەسێکی تر، یان گێڕەوەیەکی تر جێگەی ڕاناوی کەسی یەکەم دەگرێتەوە و ئەو دوو پاژەی کۆتایی لە گۆشەنیگای (جیهان)، یان ژنە قژسوورەکەوە دەست پێ دەکات، وەک ئەوەی پامۆک بیەوێت بەهەمان تەکنیکی خوان ڕۆلفۆ، یان نووسەرانێکی تر، دوا ڕووداوەکانمان بۆ بگێڕێتەوە، لەمەشدا بەر ئاستێکی تری گێڕانەوە دەکەوین کە پێی دەوترێت فرەدەنگی (پۆلیفی) و دەنگی کەسێتییەکی تریش دێتە پاڵ دەنگی بگێڕەوەی سەرەکی کە جیم بووە.

هەروەها بە تەکنیکی ڕستەی کورت و بێ درێژدادڕی و وەسفی زۆر، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، تەکنیکی ئەوەی هەمیشە هەست دەکەیت لە چەقی ڕووداوەکان دایت..

*** بەکارهێنانی ئەفسانە**

(ژنێکی قژسوور) مامەڵەیە لەگەڵ ئەفسانەدا. ڕۆچوون بەناو پرسیارێکی ئەزەلیدا کە ئایا مرۆڤ دەتوانێت چارەنووس بگۆڕێت؟ تا چەند

مـرۆڤ بـاوەڕی بـەوە هەیـە هێزێکـی دەرەکـی شتەکان ڕێکوپێـک، یـان خـراپ دەکات؟ ئایـا لـە بنەڕەتـەوە مـرۆڤ شـتێک لـە چـارەی نووسـراوە و دەبـێ لـە ژیانـدا بـەو ڕەوتـەدا بـڕوات؟ لێـرەوە هـەم ئەفسـانەکان دروسـت دەبـن و مرۆڤیـش تـا هەتایـە ئـەو پرسـیارە دووبـارە دەکاتـەوە.

(ژنێکـی قژسـوور) جیـا لـەوەی سـوود لـە دوو ئەفسـانەی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا وەردەگرێـت، بـەڵام خـودی ڕۆمانەکـەش بـە شـێوەیەک ئەفسانە دەخولقێنێـت کـە هیچـی کەمتـر نییـە لـەو دوو ئەفسـانەیەی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا.

«جیهـان» کـە کارەکتـەری (ژنـە قژسـوورەکەیە) لـە سـەردەمێکدا خۆشەویسـت و دۆسـتی باوکـی (جیم)ـە، بـەڵام باوکـی جیـم دواجـار پێی نـاگات و هاوسـەرگیری لەگـەڵ کەسـێکی تـردا دەکات. دوای دەیـان سـاڵ، جیـم کـە کـوڕی ئـەو باوکەیـە حـەزی لـە ژنـە قژسـوورەکە کردبـوو، ژنـە قـژ سـوورەکەی خـۆش دەوێـت، بـە هەمـوو بوونییـەوە خۆشـی دەوێـت، شـەوان سـەیری پەنجەرەکەیـان دەکات، دەیـان شـەوی تـر دوای دەکەوێـت، لـە باڕەکانـدا سـەیری دەکات، لـە شـانۆییەکاندا سـەیری دەکات، دواجـار پێـی دەگات و لەگەڵیـدا دەخەوێـت، واتـە هەمـان ئـەو خەونـەی کە باوکـی پێیـەوە دەتلایەوە، (جیـم)ی کـوڕ بـەدی دەهێنێـت، بـێ ئـەوەی بزانێت ئـەم ژنـە قژسـوورە ڕۆژگارێـک خۆشەویسـتی باوکـی بـووە، بـەڵام جیهـان هـەر لەسـەرەتاوە دەزانێـت ئـەم ڕوخسـارە، لـەو پیـاوە دەکات کـە سـاڵانێک لـەوەو پێـش خۆشـی ویسـتبوو.

لێـرەوە دەگەڕێینـەوە سـەر بەکارهێنانـی هـەردوو ئەفسـانەی (ڕۆسـتەم و زۆراب) کـە ڕۆژهەڵاتییـە و فیردەوسـی لـە کتێبـی (شـانامەدا) باسـی دەکات. لەگـەڵ ئەفسـانەی (ئۆدیـب) کـە ڕۆژئاواییـە و سـۆفۆکلیس بەشـێوەی شـانۆ نووسـیویەتی.

لـە ئەفسـانە ڕۆژهەڵاتییەکـەدا چیرۆکـی (ڕۆسـتەم و زۆراب) هەیـە، کرۆکـی ئـەم چیرۆکـە کوشـتنی کـوڕە بـە دەسـتی بـاوک. لـە بەرانبـەردا چیرۆکـی ئۆدیـب کـە نماینـدەی ئەفسـانەی ڕۆژئاوایـە، چیرۆکـی (ئۆدیـب پاشـا)ی سـۆفۆکلیسە و پوختـەی ئـەم شـانۆییەش، کوشـتنی باوکـە بـە دەسـتی کـوڕ.

لـە کولتـووری ڕۆژئاواییـدا، ئێمـە بـەر کوشـتنی بـاوک دەکەویـن، لـە سۆفۆکلیسـەوە «ئۆدیـب» تـەوژم و ئاراسـتەیەکی نـوێ وەردەگرێـت. کوشـتنی بـاوک لـە ڕۆشـنبیریی ڕۆژئاواییـدا، تەنیـا بـەدی هێنانـی خەونـی نەوەکانـی داهاتـوو، چـاو لـە پاشـەڕۆژ بـوون نییـە، بەڵکـوو بـە دیوێکـی تـردا، قەناعـەت هێنـان و بـڕوا بوونـی تەواوەتییـە بـەوەی دەکرێـت نـەوەی داهاتـوو لـە ئێمـە باشـتر و کاریگەرتـر پـێ بـە نـاو مێـژوودا بچەقێنـن، تەنانـەت ئەگـەر خەونـی بـە پاشـابوونیش بێـت، هەرچەنـدە ئۆدیـب ئـەم خەونـەی نەبـووە، بەڵکـوو ئـەوە چارەنووسـی خودایـی (بەپێـی شـانۆنامەکە) بـووە ئۆدیـب دەکاتـەوە بـە پاشـا.

ئـەم ڕێکەوتـە لـە گێڕانەوەکـەی فیردەوسـیدا جیاوازتـر دەکەوێتـەوە، چونکـە بـە گێڕانـەوەی فیردەوسـی، (سـۆهراب) نـەک ناتوانێـت باوکـی بدۆزێتـەوە و بیخاتـە سـەر تەختـی پاشـایی، بەڵکـوو سـەری خـۆی و باوکیشـی لـە گـۆڕ دەنێت. لـەم ڕۆشـنبیرییە ڕۆژهەڵاتییـەدا و بـە نزیکـی لـە گێڕانـەوەی ڕۆسـتەم و زۆراب (یـان سـۆهراب)، بـاوک لەوانەیـە خەونێکـی نەبێـت، بـەڵام کوڕەکـەی سـوورە لەسـەر ئـەوەی خەونـی خـۆی بـکات بـە خەونـی باوکیشـی، حـەزی خـۆی بـکات بـە حـەزی باوکیشـی، کەڵکەڵـەی خـۆی لـە باوکیـدا بچێنێـت و دواجـار هەردووکیـان بـەرەو مـەرگ ئاراسـتە بـکات.

لێـرەدا لەوانەیـە بـاوک خەونـی نەبێـت، بـەڵام ئـەوەی بۆچـی کـوڕەکان دەیانەوێـت خەونـی خۆیـان بـە زۆر بسـەپێنن و بـاوک دەخەنـە سـەر کەڵکەڵـەی نـوێ، پرسـیارێکی ڕۆژهەڵاتییانەیـە و دەبـێ بـە دوای وەڵامەکەیـدا بگەڕێیـن؟

بەکارهێنانەکـەی پامـۆک لێـرەدا، یەکێکـە لـە

بلیمەتترین گەڕانەوە بۆ ئەفسانە لە نووسینی ڕۆماندا، جگە لەوەش سنووری تێکەڵکردنی ئەم دوو ئەفسانەیە لەگەڵ ڕوداوێکی ڕۆمانەکەدا کە ئەویش هەر لە ئەفسانە دەچێت، دواجار کوشتنی جیم بە دەستی ئەنوەری کوڕی، کە زیاتر لە ئەفسانەکەی ئۆدیپەوە نزیکترە

لێرەوە پامۆک جەخت لەسەر ئەو گریمانەیە دەکاتەوە، بەڵکوو لە گریمانەش بەهێزتر و دەیکات بە ئەگەرێک، ئەگەر ئەو خەونەی بۆ باوکمان بەدی نەهات، دەکرێ ئێمە بتوانین بەدی بهێنین، ئێمەش نەمانتوانی، کوڕان و نەوەی ئێمە دەکرێت بەدی بهێنن، تەنانەت ئەگەر بابەتێکی هەستیار و زۆر تایبەتی وەکوو خۆشەویستیش بێت.

خودی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و بەکارهێنانی ئەم دوو ئەفسانە بەناوبانگە لە تێکستەکەدا، جارێکی تر پرسیارە لە خودی چارەنووسی مرۆڤ، چارەنووسێک کە کەس نازانێت پێشوەختە دیاریکراوە، یان نا؟

*** کوشتنی باوک لە تیۆرەکەی فرۆیددا**

لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا، خوێنەر لەگەڵ کوڕێکدا سەروکاری هەیە کە باوکی بەجێی هێشتووە. لەگەڵ پیاوێکدا بەناوی وەستا مەحموودی بیر هەڵکەن کە کوڕی نییە و هەندێک جار (جیم)ی شاگرد، بە کوڕەکەم بانگ دەکات و جیم بەهەمان شێوە لەم وەستایەدا بەدوای وێنەی باوکدا دەگەڕێت. دواتر کێشە ئەفسانەییەکانی ناو ڕۆستەم و زۆراب و شا ئۆدیپ و پێوەندی کوڕەکان بە باوکیانەوە. پاش ئەوە هاوسەرگیری هەریەکە لە جیم و عایشە کە منداڵیان نابێ و لە جیاتیدا کۆمپانیاکە بە کوڕی خۆیان دادەنێن و ناوی دەنێن سۆهراب، یان زۆراب. دواتر خستنەوەی کوڕێک لە ژنە قژسوورەکە بەناوی ئەنوەر، کە بەهەمان شێوە کوڕێکە بە دوای باوکدا دەگەڕێت و ماوەیەکی زۆرە باوکی بەجێی هێشتووە و هەر نازانێت کوڕێکی هەیە، دوای ئەمانەش دووبارە کوشتنی جیم بە دەستی ئەنوەری کوڕی و کۆی ئەم ڕووداوانە تانوپۆی سەرەکی ڕۆمانەکە پێک دەهێنن.

بەڵام لە خاڵێکی زۆر بنەڕەتیدا کە کتومت دەکەوێتە بەشی (٢٨) ی ڕۆمانەکەوە، پامۆک یەکێک لە گرنگترین پرسیارەکان دەورووژێنێت. پرسیارێک کە کۆی سیستمی دەروونناسی فرۆید دەخاتە بەر گومان، پرسیارێک کە ئێستا زیاتر لە ناوەندە مەعریفییەکاندا قسەی لەسەر دەکرێت، ئەویش پرسیاری (ئایا ئۆدیپ دەیزانی ئەمە باوکێتی؟).

ئەم پرسیارە ئێستا یەکێکە لەو پرسیارانەی کە دووبارە دەکرێتەوە، ئایا ئەگەر ئۆدیپ بیزانیایە ئەمە باوکێتی دەیکوشت، یان وەک پامۆک نووسیویەتی: ئایا ئەگەر ڕۆستەم و زۆراب یەکیان بناسیایەتەوە، یەکتریان دەکوشت؟

لە ڕۆمانەکەدا پامۆک دەیەوێت سەرنجمان بۆ ئەو هێزە نادیارە ڕابکێشێت کە چارەنووس دەنووسێتەوە و یەکلایی دەکاتەوە، پامۆک لێرەوە گومانێکی قووڵ دەخاتە سەر تیۆری (کوشتنی باوک لای فرۆید) کە زۆرینەی ڕەخنەگران لەم تیۆرە ئارگیومێنتی ئەوە دەکەن «لەوانەیە فرۆید نەیزانیبێت کە ئۆدیپ باوکی خۆی نەناسیوەتەوە، ئەگینا نەیدەکوشت، دەڵێن فرۆید ئەم لایەنی نەناسینەوەیەی فەرامۆش کردووە، یان پێی نەزانیوە بۆ ئەوەی تیۆرەکەی خۆی دابڕێژێت، هەر شتێک کە ڕەگی لە (فەرامۆشی)، یان (نەزانین)دا بێت، تیۆرەیەکی تەواو نییە و بە هەڵەیەکی لۆژیکی وەردەگیرێت..».

# چەپکێک نامە

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەی یەکەم**

**بەغدا**

**١٩٦٢/٩/٢٤**


**مامۆستای خۆشەویست کاک تاهیر**

**ڕۆژباشێکی دڵسۆزانەی گەرم.**

**نامەکانتم پێگەیشت، (وە) هەروەها بە بەرقییە (٧٠) حەفتا دیناریشم وەرگرت. وا ئێستا کتێبەکە چووەتە ژێر چاپ و ئومێد وایە هەر حەفتەی مەلزەمەیەک، دوو مەلزەمەمان بۆ چاپ بکەن، (وە) ڕەنگبێ لە ماوەی دوو مانگدا تەواو بێت، (وە) هەر جارەی کە مەلزەمەیەک تەرتیب کرا، بۆتی ئەنێرم بۆ ئەوەی ڕەئی خۆتی دەربارەی نیشان بدەی، بەر لەوە (ی) چاپ بکرێ.**

**(وە) ئەمڕۆ کلێشەی نووسینی سەر بەرگەکەم بە خۆشنووس بەڕادان دا، (وە) وەکوو وتووتە نرخی ٢٥٠ فلس ئەبێ و سوپاسیش بۆ مامۆستا جەلال (١) ئەفەندی ئەنووسین. (وە) ئومێدەوارم زۆر جوان و ڕەنگین بێت، (وە) هەر لە ئێستاوە دیعایەی بۆ بڵاوبکەرەوە، بەڵکوو فرۆشتنی ژمارەیەکی باش تەئمین بکەین.**

**مامۆستا هەروەکوو خۆت وتووتە هیچ دەسکاری (ئیملا) و شێوەی نووسینم نەکردووە، ئەگەرچی نەختێک لە هەندێ شوێنا، بە تایبەتی لە جۆری نووسیندا پێویستی بە کەمێ دەسکاری هەیە، ئیتر هەر لەسەر بەڵێن و پەیمانی خۆم ماوم کە دەسکاریی نەکەم.. ئیتر شادیتان**



بغداد
١٩٦٢/٩/٢٤

ماموستای خوشەویستم کاک طاهر

ڕوژباشێکی دلسوزانەی گەرم ،

نامەکانتم پێگەیشت ، وە هەروەها بە برقیە (٧٠) حەفتا دینارێشم وەرگرت . وا ئێستا کتێبەکە چوەتە ژێر چاپ و امیدوایە هەر حەفتەی ملزمەیەک دوو ملزمەمان بو چاپ بکەن وە ڕەنگبێ لە ماوەی دو مانگدا تەواو بێت . وە هەر جارە کە ملزمەیەک ترتیب کرا بوتی ئەنێرم بو ئەوەی ڕەئی خوتی دەربارەی نیشان بدەی بەر لەوە چاپ بکرێ .

وە ئەمرو کلیشەی نوسینی سەربەرگەکەم بە خوشنوس بەراوەندا . وە وەکو وتوتە نرخی ٢٥٠ فلس ئەبێ و سوپاسیش بو ماموستا جلال افندی ئەنوسین . وە امیدەوارم زور جوان و ڕەنگین بێت . وە هەر لە ئێستاوە دعایەی بو بلاوبکەرەوە بەلکو فروشتنی ژمارەیەکی باش تأمین بکەین .

ماموستا هەروەکو خوت وتوتە هیچ دەسکاری (إملا) و شێوەی نوسینم نەکردوە ئەگەرچی نەختێک لە هەندێ شوێنا بەتایبەتی لە جوری نوسینا پێویستی بە کەمێ دەسکاری هەیە . ئیتر من هەر لەسەر بەلێن و پەیمانی خوم ماوم کە دەسکاری نەکەم ..

ئیتر شادبیتان

برای دلسوزتان

ئیمزا
برای دڵسۆزتان
عەبدولڕەزاق محەمەد (٢)

**(١) جەلال ئەفەندی: مەبەستی جەلال حەویزە.**

**(٢) عەبدولڕەزاق محەمەد: عەبدولڕەزاق محەمەد بیمار، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.**


*** نامەی دووەم**

بەغدا
١٩٦٣/٤/٢٤
مامۆستای خۆشەویست کاک تاهیر ئەفەندی
ڕۆژتان باش

پاش پێشکەشکردنی گەرمترین ڕۆژباشێکی دڵسۆزانە، لە هەواڵتان ئەپرسم و(ە) هیوادارم زۆر شاد و سەرکەوتوو بن.

مامۆستا گیان

وا دانەیەکم (بۆ نوخشە) لە کتێبە بەستەزمانە کڵۆڵەکەتان بۆ ناردن، ئومێد ئەکەم بە چاوی میهرەبانییەوە سەیرێکی بکەن و ئنجا نازانم گلەیی لە چەرخی کەچ ڕەفتار بکەین، یا گلەیی لە خۆمان، یا گلەیی لە (نۆبەرە) بەدبەختەکەت کە لە یەکەم ڕۆژی پێی نا دنیای (چاپ کردنەوە) تووشی هەزارەها دەرد و نەخۆشی بوو و هەموو دەم کەوتووتە ژێر فەرمانی چارەنووس، یا (قەدەر)ی زۆردار.



گیانەکەم، مامۆستام

بەڕاستی بەسەرهاتی (کۆرپەی نۆبەرە)مان سەرگوزەشتێکە ئەوە هەڵئەگرێ بکرێ بە چیرۆک و شەوانی زستان بۆ ڕۆڵەکانی دواڕۆژی بخوێنینەوە، بەڵام چ بکەین و چار چییە؟

ئەوا بۆ بەدبەختی، خاوەنی چاپخانەکە نەماوە و دەرگای چاپخانەش لۆک کراوە، ئیتر ئەبێ هەوڵ بدەین، عەریزە بدەین بە حاکم عەسکەری (١) کە کتێبەکانمان بۆ بەرەڵلا بکات، ئیتر چاوەڕوانی هیمەتین.

ئیمزا
بچووکت
عەبدولڕەزاق

**(١) حاکم عەسکەری:** بەهۆی کودەتای (٨)ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ی حەرەس قەومییەکانەوە، بارودۆخی عێراق بە تەواوی شێوابوو.

*** نامەی سێیەم**

مەسیف سەلاحەددین
١٩٦٨/٢/١٨
زۆر بەڕێز مامۆستا تاهیر

لەم دواییەدا پەیامێکی نالەبارم بیست، بەڕاستی زۆرم لە دڵ گران هات، جێگای پەرۆشی بوو کۆچکردنی خوا لێ خۆشبووی خاڵت (١)، بەڵام چار چییە، لە چەنگ وەیشوومەی مەرگ، وا بوویتە پەیڕەوی سروشت کە دەبێ هەموو ئەم تاڵاوە بچێژین و (ە) هەموو لایەک لەسەر ئەم زەمینە کۆنە هەوارە میوانین، جا

تەنیا دەتوانین بڵێین خوا لەو خۆش بێ و تەمەنی درێژ و ژیانی خۆشی بۆ ئێوە بێ، (وە) هیوادارم ئەم تەرزە کارەساتانە بە چاوی خۆتان نەبینن.

دڵسۆزتان

ئیمزا

عەبدولخالق عەلائەددین (١)

(٢) خوا لێ خۆشبووی خاڵت: کە حەمەسدیق عەبدوڵڵا شینەیە: (١٩٠٠ - ١٩٦٨) پیاوێکی سەنگین و بەڕێز بووە، یەکێکە لە باغەوانە بەناوبانگەکانی شاری کۆیە، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.

**(١) عەبدولخالق عەلائەددین: لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.**

*** نامەی چوارەم**

عوسمان حاجی عومەر مام یەحیا (١)

کۆیە


ژمارە: ف

(بەروار): ١٩٦٩/١٢/١٦

بۆ مامۆستای دڵسۆزم کاکە تاهیر ئەحمەد

بەڕێز

١- سڵاو.. سەلامەتی و سەرکەوتنتان هەردەم



مصطفى صلاح الدين
١٩٦٨/٢/١٨

زۆر بەڕێز مامۆستا طاهر

لەم دوایەدا پەیامێکی ناڵەبارم بیست - بەڕاستی زۆرم لە دڵ گران هات.. جێگای پەرۆشی بو کۆچکردنی خوا لێ خۆشبوی خاڵت
بەڵام چار چیە.. لە چەنگی ولیشوەی مەرگ..؟
وا بۆیە پەروەی سروشت کە دەبێ هەمو ئەم تاڵاوە بچێژین وە هەمو لایەک لەسەر ئەم زەمینە کۆنە هەوارە میوانین.. جا تەنیا دەتوانین بڵێین خوا لەو خۆش بێ و تەمەنی درێژو ژیانی خۆشی بۆ ئێوە بێ، وە هیوادارم ئەم تەرزە کارەساتانە بە چاوی خۆتان نەبینن

دڵسۆزتان
عبدالخالق علاءالدین

ئاواتمانە.

٢- وا ١ نوسخە (دیوان)م بۆ (م) هەناردی بە هەدیە.

٣- وا ٢٠ نوسخە بۆ نموونە هەناردم، ئومێدم هەیە بیدەیە مامۆستایەکان، ١٠٠ فلس مەتبەعە و ٢٥ فلس بۆ هەژاری مەکتەب.

٤- مامۆستا گیو موکریانی (٢) زۆر زۆر سڵاو و زۆر زۆر گلەیی هەبوو لە بابەت تەئخیری جوابەکەی، ئەوجا چی هەیە و(ە) نییە بۆم بنێرە من بەم ڕۆژانە دەگەڕێمەوە لەگەڵ خۆم بۆی دەبەم، هەرچی نییە قەیدی ناکات و سڵاو، بەخودات دەسپێرم.

دڵسۆزت


عوسمان حاجی عومەر

ئیمزا

١٢/١٦

**(١) عوسمان حاجی عومەر مام یەحیا (پشکۆ)**

**(٢) گیو مەکریانی: لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.**



بەناوی خوداوەندی گەورەو میهرەبان

عوسمان حاجی عومەر مام یەحیی
کۆیە
ت «٥٦»

ژمارە / ف
بەروار ١٦ / ١٢ / ١٩٦٩

بۆ مامۆستای دڵسۆزم کاکە طاهر احمد بەڕێز
١- سلاو.. بسلامەتیو.. بسەرکەوتنتان هەردەم ئاواتمانە
٢- وا ١ نسخە دیوان بوم هەناردی بە هەدیە
٣- وا ٢٠ نسخە بو نمونە هەناردم ئومێدم هەیە بیدەیە مامۆستایەکان.. ١٠٠ فلس بو مطبعە و ٢٥ فلس بو هەژاری مکتب
٤- مامۆستا گیو موکریانی زور زور سلاو و زور زور گلەیی هەبو لە بابەت تأخیری جوابەکەی اوجا چی هەیە و نیە بوم بنێرە من بەم ڕۆژانە دەگەڕێمەوە لەگەڵ خوم بوی دەبەم هەرچی نیە قەیدی ناکات وسلاو بەخودات دەسپێرم

دلسوزت
عوسمان حاجی عومەر
١٢/١٦

*** نامەی پێنجەم**

عوسمان حاجی عومەر مام یەحیا

کۆیە

١٩٧٠/١/١

بۆ مامۆستا تاهیر ئەفەندی بەڕێز

لەپاش هەواڵ پرسین ئەمەیە، مامۆستا گیان کارەکەی مامۆستا گیو موکریانی ئەگەر بەم ڕۆژانە (م) بۆی تەواو بکەی مومکینە بچم، بۆی دەبەم.

چونکە زۆر هەڵی پێچاوم و (٥) چەندی ئیمکانە ئەو(ە) بنووسە و منیش بەش بەحاڵی خۆم ئامادەم یاریدەت بدەم و سەلام، چاوەنوارم.

دڵسۆزت

عوسمان حاجی عومەر

ئیمزا

*** نامەی شەشەم**

بۆ مامۆستا تاهیر بەڕێز

لەپاش هەواڵ و سڵاو، ئومێدم هەیە تەندروستیت باش بێت، (وە) ئەو شتانەی دوایی ناردبووت، هەمووی بەدەست مامۆستا گیو گەیشت (ن).

وا ئەم دەفتەرەمان هەنارد، تکایە هیمەت بفەرمووی، وا بزانم زۆریان شاعیریش نین، دەڵێ دەبی مامۆستا تاهیر بنووسێ کە شاعیر نین.

ئیتر بە خودات دەسپێرم و سڵاوم بۆ کاک ڕۆستەم (١).

دڵسۆزت


عوسمان حاجی عومەر مام یەحیا

ئیمزا

هەولێر ٢/٢/٩٧٠ (١)

هەر خزمەتێکی هەتبێت تاکوو لێرە ماوم بۆم بنووسە ئامادەم

**(١) کاک ڕۆستەم (ڕۆستەم نافیع حەوێزی): لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.**


بەناوی خوداوەندی گەورەو میهرەبان


عوسمان حاجی عومەر مام یەحیی

کۆیە

ت «٥٦»

ژمارە / ف

بەروار ١ / ١ / ١٩٧٠



*** نامەی حەوتەم**

**مامۆستا تاهیر**

**ڕۆژتان باش**

**نامەکەتانم بە دەست گەیشت، زۆر سوپاستان ئەکەم.**

**وا لیجنەی یارمەتی (٧٠) دیناری بڕیار دا بۆ شەوچەرەکەتان، ئیتر ئەگەر ئارەزوو ئەکەی هەتا بۆت بنێرمەوە، (وە) یاخود ئەگەر لە بەغدا چاپی ئەکەیت و پارەی بۆ پەیدا بکەو نزیکەی ١٠٠ دینارت پێ ئەوێ.. ئیتر شادیتان و تکایە ئاگادارمان بکەوە لە بابەت شەرت و شروتت.**

**ئیمزا**

**عەبدولڕەزاق محەمەد بیمار**

**٩٧٠/١٠/٢٤ (١)**

**مديرية الدراسة الكردية العامة بەغدا**

*** نامەی هەشتەم**

**مامۆستا تاهیر ئەفەندی**

**ڕۆژتان باش**

**نامەکانتم پێگەیشت، زۆر سوپاست ئەکەم. وا پەنجا دیناری تریشم بەدەس گەیشت و ئەیدەم بە چاپخانە، (وە) ئومێد ئەکەم بە مانگێکی تر کتێبەکە تەواو بێ، دڵنیابە کاغەزی سپی و چاپی باش و هەموو سەرە فەسڵێکیش لای خۆشنووس نووسراوە، لەوانەیە کتێبەکە زۆر جوان بێت.**


**(عقد) هەر کۆنەکەم تەقدیم کردووە و وا دیارە پێویست بە گۆڕانی نەبوو، ئیتر هەر شتێک پێویست بوو، ئاگادارتان ئەکەمەوە، ئیتر شادیتان**


**ئیمزا**

**عەبدولڕەزاق محەمەد**

**مديرية الدراسة الكردية العامة**

**١٩٧١/١/٩**





*** نامەی نۆیەم**

فلس	دینار

٥٠	...

تەنیا پەنجا دینار

لـە کاک فەیسـەڵ تاهـر چەلەبـی (١) پەنجـا دینـارم وەرگـرت لـە بابـەت چاپـی کتێبـی شـەوچەرەی مامۆسـتا تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی.

ئیمزا

عەبدولڕەزاق محەمەد

مدیریة الدراسة الکردیة

١٩٧١/١/٩

(١) **فەیسـەڵ تاهـر چەلەبی:** نـاوی تـەواوی (حاجی فەیسـەڵ تاهیـر عەبدوڵـڵا چەلەبی)یـە، بازرگانـی کوتاڵفرۆشـتنی کـردووە. پیاوێکـی ئاییـنپـەروەر و لـە خـوا تـرس بـووە، هـەر لـە شـاری کۆیـە لـە دایـک بـووە و ژیـاوە و کۆچـی دوایـی کـردووە.

*** نامەی دەیەم**

**مامۆستا تایەر ئەفەندی**

رۆژتان باش

پـاش هـەواڵ پرسـینێکی گـەرم، لـە خـوا داوا ئەکـەم زۆر شـادمان و سـەرکەوتووبن. داخەکـەم، تـا ئێسـتا کتێبەکـە تـەواو نەبـووە، ئەگەرچـی وەعدەم وەرگرتـووە کـە نابـێ بگاتـە ١٥ی/٣ ئەبێ هەمـووی تـەواو بێـت، هیـوادارم لـە جوانـی چـاپ و ڕێکخسـتنی، تۆڵـەی دواکەوتنەکـەی بکەینـەوە.

ئیتر شادیتان


ئیمزا

عەبدولڕەزاق محەمەد ساڵح

عمارة انحصار التبغ

مدیریة الدراسة الکردیة العامة


١٩٧١/٢/٢


مامۆستا تایەر ئەفەندی

رۆژتان باش

پاش هەواڵ پرسینێکی گەرم ، لەخوا داوا ئەکەم زۆر شادمان و سەرکەوتووبن .
داخەکەم ، تا ئێستا کتێبەکە تەواو نەبووە
ئەگەرچی وەعدەم وەرگرتووە کە نابێ
بگاتە ١٥ ی ٣/ ئەبێ هەمووی تەواو بێت
هیوادارم لە جوانی چاپ و ڕێکخستنی
تۆڵەی دواکەوتنەکەی بکەینەوە .
ئیتر شادیتان

عبدالرزاق محمد صالح
عمارة انحصار التبغ
مدیریة الدراسة الکردیة العامة
٧١/٢/٢


فلس دینار
٥٠/ —

تەنیا پەنجا دینار .

لەکاک فیصل طاهرچلبی پەنجا دینارم وەرگرت
لەبابەت چاپی کتێبی شەوچەرەی مامۆستا
طاهر احمد حوێزی .

عبدالرزاق محمد
مدیریة الدراسة الکردیة
١٩٧١/١/٩

# نامەیەکی م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی بۆ قوتابیانی تەقتەق

ئا: مستەفا چاوشین
(تەقتەق)

سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٨٧- ١٩٨٨ ئێمە کۆمەڵێک خوێندکار بووین، لە پۆلی چوارەمی گشتی، بۆ پێنجەمی وێژەیی دەرچووبووین، وەک گرووپێکی شەیدای خوێندنەوە هەمیشە ڕۆمانەکانی (حەمەدۆک)ی یەشار کەمال و (هەرەس)ی محەمەد موکری و (گێلەپیاو)ی عەزیز نەسین و (بێ نەوایان)ی ڤیکتۆر هۆگۆ و (دایک)ی مەکسیم گۆرکی لەلامان ئەم دەست و ئەو دەستی دەکرد، لە پاڵ ئەوانە برادەرێک بەرگی یەکەمی کتێبی (شەوچەرە)ی م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی پەیدا کردبوو، زۆر خێرا ئەو کتێبەش سەرەی بۆ گیراو خوێندمانەوە، کتێبەکە پڕ بوو لە نوکتەی خۆش و قسەی نەستەق و پەندی جوان، بە تایبەت بەشێک لە نوکتەکان هی سنووری تەقتەق و گوندەکانی دەوروبەری بوون، بەڵام ئێمە درکمان بەوە کرد کە هێشتا زۆر لە نوکتە و قسەی خۆشی دانایان و ئەقڵمەندانی سنوورەکەمان تۆمار نەکراوە، بۆیە لە وانەی کوردی پێشنیارمان بۆ (م. نەرمین ئەحمەدبەگ) کرد، بەڵکوو نوکتە تۆمارنەکراوەکانی سنوورەکە کۆ بکەینەوە و بۆمانی بگەیەنێتە م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی بۆ ئەوەی لە بەرگی دووەم، یان لە چاپی دووەمی بەرگی یەکەم جێگەیان بکاتەوە. م. نەرمین ئەحمەد بەگ بە خۆشحاڵییەوە قبووڵی کردو بەڵێنی دا بیگەیەنێ، ئێمەش دەست بەکاربووین، هەریەکەمان نوکتە و قسەی خۆشی گوند و ناوچەکە و دەوروبەری خۆمان تۆمار کرد و هەمووی کۆکرانەوە و بەندە پاکنووسم کردن، کە سەرجەم زیاتر لە (١٥) لاپەڕەی ئەی فۆر بوو، دواتر بەناوی هەموو برادەرانەوە نامەیەکم بۆ م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی نووسی، پوختەی کارەکە و ئامانجمان لێی بۆ ڕوون کردبووەوە و نووسیبوو و بەناوی (نووسەری نەناسراو) نامەکەم واژۆ کرد.

ئەو بەڕێزانەی لە کۆکردنەوەی نوکتەکاندا بەشداربوون:

١- ڕەمەزان حەمەدئەمین حەمەد (ئێستا مقدەمی پۆلیسە).

٢- محەمەد ئەحمەد محەمەد (ئێستا لە قوتابخانەیەک یاریدەدەرە).

٣- جەوهەر حەمەدەمین (ئێستا لە نەرویجە).

٤- مستەفا محەمەد نەجم (ئێستا مامۆستای ئامادەییە).

٥- فەرهاد شەفیق (ئێستا لە بەریتانیایە).

٦- ئیسماعیل ئیبراهیم (ئێستا دادنووسە لە دادگای هەولێر).

٧- عەبدوڵڵا جەوهەر (ئێستا لە قوتابخانە یەک یاریدەدەرە).

**دەقی نامەکەی م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی**

**کۆیە**

**١٩٨٨/٣/١١، هەینی**

(بەنای خوای بەخشندەی میهرەبان)

خۆشەویستانم، ڕۆڵەکانم، قوتابیانی پۆلی پێنجەمی وێژەیی قوتابخانەی دواناوەندی (تەقتەق) و(ە) پیاوانی جێی ئومێدی دوا ڕۆژ.

هەموو کاتێکتان باش

ئومێد دەکەم لە ئەوپەڕی تەندروستی، سەربڵندی، ڕەوشت بەرزی و(ە) زیرەکیدا بن.

١- دەمێکە نامە ڕەنگینەکەتان و (نکتە)کانتانم بەهۆی خوشکی بەڕێز خاتوون (نەرمین) کاکە بەگ حاجی ئەحمەد کوڕی میرزا محەمەدئەمین کوڕی حاجی میرزا قادر بەدەست گەیشتییە. خەریک بووم دەستبەجێ و گەرماوگەرمی، وەڵامتان بدەمەوە، بەڵام لەبەر هەندێ هۆ- ڕاستییەکەی پتری نەساغی خۆم- پێم نەکرا وەڵامتان بدەمەوە (و)، زۆر زۆر سوپاستان دەکەم. ماوەیەکی تەواو چوومە (هەولێر)، (وە) ئێستا لە کۆیەم (وە)، دیسان بە تەمام بچمەوە هەولێر، دڵم لەلاتانە و(ە) خۆم بە قەرزدارتان زانیوە.

٢- خوا بەرخوردارتان بکا، زۆر جێی سوپاسن کە ئێوە بەم ئیشە گرنگە (هەڵساون )، ئومێد دەکەم لە دوارۆژ بە هەموو ئاواتی خۆتان بگەن و(ە) ئەو کەسەش کە ئێوەی بۆ ئەم ئیشە پێش خستووە، خوا سەرکەوتووی کا.

٣- ئومێد ئەکەم ئێوە- کە ناوتان نازانم، خۆتان کردۆتە نووسەری نەناسراو- بتوانن: مێژوو، جوغرافیە، ئەدەب... لە (تەقتەق) و هەموو ناوچەکە بژیەننەوە و(ە) دڵمان پێتان شادمان بێ.

٤- (نکتە)کانتان زۆر خۆش و بەتامن، دەست و خامەتان خۆش بێ، زۆریانم نەبیستبوو.

خۆتان دەزانن دوو برای بەڕێزی (تەقتەقی): (حاجی عەبد جاسم) و(ە) (حاجی مەلا تەڵوب) یەک لە ئێکی شارەزاتر و بەلەدتر و دنیادیتەترن، لەگەڵ هەردووکیان- بە تایبەتی (حاجی عەبد) دانیشتووم، زۆر ڕێزم بۆیان هەیە، زۆر (نکتە)م لێ وەرگرتوون، لەوان نکتەکانتان، هەندێ لەمانەی ئێوەشم لێ وەرگرتوون. (وە) دەشێ لە تەقتەق و گوندەکانی زۆر قسەی خۆش هەبن، ئومێد ئەکەم ئێوە پێیان ڕابگەن.


٥- لە ساڵی (١٩٨٣) بەرگی دووەمی (شەوچەرە) م ئامادە کردووە نەتواندرایە بە چاپ بگا، ڕووی بێ دەرامەتی ڕەش بێ، هەرچەند لە شەوچەرەی بەرگی یەکەم و مێژووی کۆیە، هەردوو بەرگی چ خێرم نەدی، بەڵام لەخۆش(ی) ئێوە ئومێدم وایە بەرگی دووەمیش ڕۆژێ بێ چاوی بە دنیا بکەوێ.

ئیدی با ئەوەندە بەس بێ و(ە) خواتان لەگەڵ.

**خۆشەویستتان**

**تاهیر ئەحمەد حەوێزی**

**مامۆستای خانەنشین**


کۆیە
١١/٣/١٩٨٨ هەینی
(بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان)

به بۆنەی بیست و حەوتەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# ڕامان .. وەک سەرچاوەی هۆشیاریی کولتووری

**حەمە هاشم**

لەوەتـەی ڕامـان دەردەچێـت لـە هـزر و ڕوانینماندا هەستێکی پتەو هەیە بۆ متمانە بە کولتوور و ڕۆشنبیریمان، ئەو متمانەیە بەشێکە لەو پانتاییە فراوانەی کە گۆڤارەکە بۆ هونەر و ئەدەب و ڕۆشنبیری ئاست بەرز دەیڕەخسێنێت، چنینەوەی توانایی باش و هزری باڵا و ئەدەب و هونەری جیددی، خەسڵەتێکی دیکەی گۆڤاری (ڕامان)ـە، کە هێندەی دیکە ڕووناکی بەسەر متمانەیەکی ڕەهادا پەخش دەکات.

هەمیشە ئەگەر ویستبێتم بابەتێکی باش و لێکۆڵینەوە و نووسینێکی جیددیم هەبێت، بۆ بڵاوکردنەوە، بیرم لە ڕامان کردووەتەوە، چونکە هەم فۆرمی تەواو بە بابەتەکە دەبەخشێت، هەم جۆرێک لە سەرنجی خوێنەریش زیاتر پەلکێش دەکات، ئەمەش بۆخۆی گەواهی ئەوە دەدات کە خوێنەری جیددیش لە دەوری ڕامان کۆبوونەتەوە.

ڕووپەڕەکانی ڕامان کە تژین لە هزری باڵا و ڕەخنەی ئەدەبی، چیرۆک، شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، بابەتە هەمەچەشنەکانی هونەری شێوەکاری، میوزیک، سینەما و شانۆ، ئەوەمان پێ دەڵێن کە ستاف و بەڕێوەبەرانی جیاوازتر دەتوانن باخێکی ڕەنگاوڕەنگی هۆشیاری بەرهەم بێنن بەبێ کەموکووڕی، ئەم فۆرمەش خەسڵەتی گۆڤارێکە کە بۆ گەشەپێدانی کولتوور، پەخشکردنی ڕووناکی هزری و بەرزکردنەوەی ئەزموونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی پەرۆشە.

بۆ من وەک شێوەکارێک ئەوەی گرنگە هەمیشە لە (ڕامان)دا بینیومە بابەتی شێوەکاری و هزری و لێکۆڵینەوە و دیداری گرنگی هونەرمەندان ئەنجام دراوە، ئەمەش دەروازەیەکی پڕ بایەخە بۆ بەرزکردنەوەی هزری ئیستێتیکی خوێنەر و شارەزایی و زانیاری نایاب لەسەر دنیای شێوەکاری کوردی، کە دەشێت لە ئاییندەدا پانتایی زۆرتریشی بەر بکەوێت، بەڵام بە تەنیشت ئەو تێبینییەوە کە باشتر دەبێت

هەندێک لەو لاپەڕانەی کە باسی هونەر دەکەن ڕەنگاوڕەنگ چاپ بکرێن، چونکە بەهای جوانی و ڕەنگ و درەوشانەوەی ئیستێتیکییان تێدایە، بەمەش ڕووگەی بابەتەکان ئاسانتر دەگەنە خوێنەر و بەهای بابەتەکەش بەرزتر دەبێت، بەتایبەتی بابەتگەلێک کە شیکاری تابلۆ و دووانە لەسەر ڕەنگ و فۆرمی هونەری تایبەت.

بێگومان هەموو ئەو بابەتانەی ڕامان بڵاویان دەکاتەوە، لە چوارچێوەی کولتووردان، کولتووریش وەک ناسنامەی نەتەوایەتی، وەک زمانی دایک گرنگە، گەلێک بایەخ بە زمانی دایک نەدات، بێ ناسنامەیە، هەروەک چۆن کولتووریش بەشێکی ئەو ناسنامەیە پێک دەهێنێت، کولتوور بایەخەکانی لە مێژوو، شوێنەوار، ئەدەب و فۆلکلۆر و هونەر، چڕ دەکاتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین (ڕامان)یش بەشێکە لە پێکهێنەری ناسنامەی کولتووریمان، بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی وەها گرنگ بۆ ڕامان، چەندە دەسکەوتێکی ڕۆشنبیرییە، زۆرتر لەوە بەرپرسیارێتی هۆشیاری و ئاکاری و ژیارییە، بۆیە دەبێت گۆڤاری ڕامان، لە درککردنی بەو بەرپرسیارێتیە بەئاگابێت و ئەو متمانە ڕەهایە توندتر بکات کە هەیەتی.

بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی من دەیبینم ڕامان وەک چرایەکی ڕووناکە لە تاریکە شەوی هۆشیاریدا، هەر لاپەڕەیەکی تژییە لە هزر و بیری جوان، بۆ من بەشێکە لە مێژووی نووسینی خۆم، شانازی دەکەم لە یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارەدا بابەتم هەبووە، بابەتی ڕۆژنامەگەری، یان نووسینی ڕەخنەی هونەری و دیدارەکانم لەم گۆڤارەدا چنینەوەی ئەو شانازیانەمن.

گرنگیدان بە نووسین و بیرکردنەوەی ڕۆشنبیریی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بایەخێکی زۆری هەیە بۆ ئاشنابوونی خوێنەر بە بیر و ڕوانینی هاونەتەوەکانی لە هەرکوێیەکی کوردستان بێت، بایەخەکەی لەوەدایە کە بۆت دەردەکەوێت ئاست و جۆری تێڕامانی کورد بەگشتی لە بواری کولتووردا چۆنە، ئەدەب و ڕووناکبیری لە چ ئاستدایە، زۆر لەو ئەدیبە پایەبەرز و هونەرمەندە ناوازانەی پارچەکانی دیکەی کوردستانمان لە ڕێگای ئەم گۆڤارەوە ناسیوە، ئەمە بۆخۆی بایەخە ناوازەکەیە و بەرپرسیارێتییە گشتییەکەیە، ئەگەرچی من هەستێکی وام هەیە کە ڕامان گرنگی زۆرتر بە دنیای هونەر و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدات و کەمتر بابەتی کوردانی باکوور و ڕۆژئاوای تێدا دەبینرێت، بەڵام پێم وایە ئەوە پێوەندی بە جۆری زاراوەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە هەیە، چونکە گۆڤارەکە بە شێوەزاری (سۆرانی)یە، هەر بۆیەشە پانتایی بڵاوبوونەوەشی هەر لەو شوێنانەیە، بۆیە دەکرێت شێوەزاری کرمانجی زیاد بکرێت، یان زۆرتر تیشک بە بەرهەمی ئەدەبی و بابەتی هونەری کرمانجیش بدرێت، خۆ ئەگەر بە شێوە زاری سۆرانیش بێت هیچ ئاریشەیەک دروست ناکات.

پرسی زمان یەکێکی دیکەیە لەو بایەخانەی کە ڕامان وەک کۆڵەگەیەکی پتەو و کاریگەر کاری بۆکردووە، چەندە زمان گەشە بکات و ڕێڕەوەکانی زمانمان بۆ شیتەڵ بێتەوە، هێندەش هزر و بیرکردنەوەمان لە ئاست نووسین و زماندا گەشەدەکات، سەردەمانێک لە گۆڤاری ڕاماندا نووسەر و ئەکادیمیستی کورد د. شێرکۆ بابان بابەتی ڕێزمان و زمانەوانی گشتی دەنووسی، گرنگییەکەی هێندە زۆربوو وەک بەردەباز بۆ نەوەی تازە و نەوەی ڕابوردوو وابەستەیی دەدا، ئێستاش نووسەرانی بواری زمانەوانی حەقە زیاتر بنووسن و ڕاڤە بکەن و

ڕێـکاری ڕاسـتی زمانەوانیمـان بـۆ دەربخـەن، بـۆ ئـەوەی لـە نێـو ئـەو تەمتوومانـی هاتنـی زمانانـی بێگانـە بـۆ کوردسـتان و ئـەو ئاڵۆزییـەی زمانـدا نـەوەی تازەمـان دەسـتگیرۆیی بکرێـن، ئەمـەش ئەرکێکـی گرنـگ و بەرپرسـیارێتی ڕۆشـنبیریی گۆڤـاری ڕامانـە .


دیزایـن و نەخشەسـازی ڕامـان، بـەلای منـەوە یەکێکـە لـە پێگـە گرنگەکانـی سەرنجڕاکێشـانی خوێنـەر، نـەرم و هێمـن و سـادەییەکەی زۆر نایابـە ، بەتایبەتـی دیزاینـی نـاوەوەی، چونکـە سپەیسـی زۆر دەدرێـت بـە مانشـێت و وێنـە و دانانـی نووسـین لەسـەر پانتایـی ڕووپەڕەکانـی، بـەڵام هێشـتاش هـەر پێویسـتی بـەوە هەیـە کـە ئەبدەیت بکرێتـەوە و زیاتـر پێش بخرێت، هەندێک جـار بەرگـی پێشـەوەی ڕامـان بـە بۆچوونـی مـن کەمێـک خنـکاو دیـارە، سپەیسـی کـەم دەبێتـەوە و هەندێـک ڕەنگـی زەق دەبینـم، کـە بـڕوام وایـە بـۆ بەرگـی گۆڤارێکـی ئەنتەرتەیمەنـت زیاتـر گونجـاوە، جگـە لـەوەی کـە تایتـڵ و نووسـینی نـاوی گۆڤـاری ڕامانیـش هەندێـک خۆشـحاڵم نـاکات، لـە ڕووی ئیسـتێتیکییەوە، ڕاسـتە بـە جۆرێـک خۆشنووسـی ئـازاد نووسـراوە، بـەڵام مـن واهەسـت دەکـەم کەمێـک لـە پرەنسـیپەکانی جوانبینـی ون کـردووە، بۆیـە وای بـۆ دەچـم ئـەم نووسـینەش گۆڕانـکاری تێـدا بکرێـت بـۆ چێـژی بینینـی خوێنـەر سەرنجڕاکێشـتر دەبێـت.

سـکێچی ئـەو پۆرترەیتانـەی کـە هونەرمەنـد (قەرەنـی جەمیـل) بـۆ نووسـەر و ئەدیـب و هونەرمەنـدان دروسـتی دەکات، ڕووگـەی لاپـەڕەکان جوانتـر نیشـان دەدات، چونکـە هـەم ئاسـتی وێنەکێشـانەکە بـاڵا و سـادە و پـڕ سپەیسـە، هـەم بایـەخ بـە شـکۆی کەسایەتییەکە دەبەخشێت، ئەمـە جگـە لـەوەی بـۆ گۆڤارێکـی وەها کولتووری پێویسـتە لـەو جـۆرە هێڵکارییـە سـادە و سەرنجڕاکێشـانەی تێـدا بێـت.

ڕووی نـاوەوەی بەرگـی ڕامـان، کـە ڕەنگاورەنـگ و کوالێتـی باشـە، بیرکردنەوەیەکـی زۆر تایبەتـە کـە لەوێـدا تابلـۆ، یـان فۆتـۆی یەکێـک لـە شـێوەکار، یـان فۆتۆگرافـەرەکان دادەنرێـت، ئـەم گرنگیدانـەش بۆخـۆی بەشـێکە لـە نمایشـێکی بایەخدار بـۆ بەرهەمـی هونەرمەندانـی کوردسـتان.

ڕامـان وەک ماڵێکـە کـە بـۆ مـن ئارامـی و ئاسـودەییەکی کولتووریـم بـۆ مەیسـەر دەکات، پێویسـتە دەست لەنـاو دەسـت، هەموومـان پێکەوە هەوڵـی بـۆ بدەیـن جوانتـر و باڵاتـری بکەیـن.



# نەتەوەیەکی ئەنفالکراو، ڕۆڵەکانیان لە خزمەتی زمانی کوردیدا بێ مەیلن

زریان کاکەیی
(زانکۆی سەلاحەددین — کۆلێژی ئاداب)

زمان ناسنامەی نەتەوەیە، زمانی هەر نەتەوەیەکیش خاوەندارییی لە کولتوورەکەی دەکات، چونکە هەموو کولتوورێک دەبێت بە زمانێک دەربب‌ڕدرێت، هەر بۆیە ئەگەرچی زمان بەشێکە لە کولتوور، بەڵام وەکوو توخمێکی گەوهەریی کاریگەر و کارا بوونی سەربەخۆی خۆی هەیە.

زمان توخمێکی گرنگ و داینەمۆی گەشەپێدانی هزر و کولتووری کۆمەڵگەیە. زمانی کوردی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی گەورەتریشی لە ئەستۆدایە، چونکە تا ئەمڕۆش نەتەوەی کورد بە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەگەیشتووە و زمانی ستانداردی یەکگرتووی نییە.

هەڵبەتە تێگەیشتن و گرنگیدان بە زمانی نەتەوە، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و ئاستی هۆشمەندی دەستەجەمعی کۆمەڵگەکە، ئەگەرچی لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا وڵاتێکی بچووکی چەند ملیۆنیش بن، لە ڕێگەی یاساوە خزمەتکردن و پاراستنی زمانەکەیان مسۆگەرکردووە، بەتایبەتی لە بواری ستانداردی نووسین و زمانی ڕاگەیاندن و سەرچاوەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەدا. ئەگەر سەیری وڵاتێکی بچووکی پێنج ملیۆنی وەکوو دانیمارک بکەین، دەبینین مەرجی وەرگێڕانی کتێب و سەرچاوە بیانییەکان بە ستانداردێکی ئەکادیمی سەپێنراوە، بەرلەوەی سەرچاوەکان بخرێنە بەرنامەی خوێندنەوە، لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دەکرێنە دانیمارکی، هەرچەندە سەرچاوەکە بەرهەمی پرۆفیسۆرێکی ناوداری زانکۆیەکی ئەمریکی، یان ئەڵمانیش بێت. ئەمڕۆ هەرێمی کوردستاندا بە قۆناغێکی کوردینەزانیی بێسەروبەردا گوزەر دەکەین، بەتایبەتی لە بواری بەکارهێنانی سەرچاوە و نووسینی کتێب و توێژینەوەی زانستی، لە بوارەکانی خوێندنی باڵا کە من لە نزیکەوە ئاگاداری هەندێکیانم، وەک سەرچاوە و توێژینەوەکانی بەشی کۆمەڵناسی، یاسا، مێژوو، شوێنەوار، لە بژاردەی زمان و چۆنیەتی نووسین و ڕێنووسی زماندا پاشاگەردانییەکی تەواو دەبینرێت.

ئەگەر بە زمانێکی سادە و ڕوون پرسیار بکەین:

لە ماوەی سی ساڵی حوکمڕانی خۆماڵی ئەکادیمیست و پسپۆڕ و مامۆستایان، لە بوارە مرۆییەکانی خوێندنی باڵادا، بۆ زمانێکی ستانداردی نووسین پەیڕەو ناکەن، بۆ توێژینەوە و کتێبەکانیان بە زمانی کوردی بڵاوناکەنەوە؟ زۆرجار گفتوگۆی تێزی ماستەر و دوکتۆراکانیش لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی بەڕێوە ناچن (کە بە پێی یاسا زمانی کوردی دووەمین زمانی ڕەسمی سەرتاسەری عیراقە)، ئەم دیاردەیە هانمان دەدا چەند پرسیارێک بکەین:

ئەو مامۆستا و پرۆفیسۆرە بەڕێزانە لە خۆیان ناگرن بەزمانی کوردی توێژینەوە و تێزەکانیان بنووسن، یان پێیان وایە زمانی کوردی تا ئەمڕۆش شایەنی ئەوە نییە تێکستی ئەکادیمی پێ بنووسرێت؟

ئەو پسپۆڕ و مامۆستا ئەکادیمیستانە، سەرەڕای ئەوەی لە کوردستان ژیاون و بە کوردی خوێندنیان تەواو کردووە، بەڵام زمانی نووسینی کوردییان لە ئاستێکی ئەکادیمی پێ نەگەیشتووە؟

ئەو شارەزا و پرۆفیسۆر و دوکتۆرانە لە بەرژەوەندیاندا نییە بە زمانی کوردی بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە، بە زمانی دی گرنگی زیاتری پێ دەدرێت؟ یان بەهەر هۆکارێکی نادیاری تر زمانی کوردی لەلایان پەراوێز خراوە!

ئەوەی جێگای تێڕامان و سەرسوڕمانی منە، نەتەوەیەکی ئەنفال کراوی بێ دەوڵەت، ڕۆڵەکانی بێ مەیل بن لە بەکارهێنان و خزمەتکردنی زمانی کوردی، کە شوناسی نەتەوەی کوردە!